زنجیرەی لەگەڵ پایەداران ٣

# مەولانای ڕۆمی

## گەشتێك بەنێو ژیان و مەسنەوی و هەندێ لە بۆچونە ڕۆحیەکانی



ئامادەکردنی
مامۆستاحسین پێنجوێنی

گەشە

Scanned by CamScanner

# گوڵستانی کتێب

ژياننامەی

مەولانای ڕۆمی

Scanned by CamScanner

ناوی کتێب: ژیاننامەی مەولانای ڕۆمی

ناوی نووسەر: م. حسین مەلا قادر

نەخشەسازی نوسین: مەریوان ئەحمەد

نەخشەسازی بەرگ: شادیەو ڤینۆس

نۆبەی چاپ: یەکەم، ٢٠١٦

تیراژ: ١٠٠٠دانە

چاپخانە: تاران

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان ژمارە سپاردنی (١١٨٩)ی ساڵی (٢٠١٦)ی پێدراوە..

پرۆژەی گەشە بۆچاپ و بڵاو کردنەوەی کتێب

هەوڵێک بۆ گەشە پێدان و تێگەیشتن

بۆ پەیوەندی: ٠٧٥٠١٢١٤٧٧٣-٠٧٥٠١٣٦٥٢١٥

ماڤی لەچاپدانەوەی پارێزراوە بۆ پرۆژەی گەشە.



Scanned by CamScanner

# ژیانی مەولانا جەلالەدینی ڕۆمی

گەشتێک بەنێو ژیان و مەسنەوی و

هەندێ لەبۆچونە ڕۆحیەکانی

ئامادەکردنی

م.حسێن قادر پێنجوێنی



Scanned by CamScanner

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿ وَيَرَى ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْعِلْمَ ٱلَّذِىٓ أُنزِلَ إِلَيْكَ مِن رَّبِّكَ

هُوَ ٱلْحَقَّ وَيَهْدِىٓ إِلَىٰ صِرَٰطِ ٱلْعَزِيزِ ٱلْحَمِيدِ ٦ ﴾

(سورە سبأ: ٦)



Scanned by CamScanner

# پێشەکی

## تەنها بەناوی خودای دلۆڤان

لە ساڵەکانی شەست دا بوو ڕۆژێکیان لە خزمەتی چەند زانابەکی دەڤەری پێنجوێن و مەریوان دا بووم لە ماڵی خۆمان، کە جەنابیان میوانی باوکی ڕەحمەتیم بوون، گوێبیستی چەند بەیتە شعرێکی مەثنەوی مەولانا جەلالەدینی ڕۆمی بووم بە زمانی فارسی لەلایەن یەکێك لەو زانایانەوە، کە لە پاش خوێندنەوەی بە کوردی واتاو مەبەستەکەی بۆ کۆڕەکە لێکدایەوە، هەر بە بیستنی بوویە جێی ڕامان و سەرسوڕمانم و ئاواتە خواز بووم ڕۆژێك من شارەزای زمانی فارسی ببم، مەثنەوی مەولانا جەلالەدینی ڕۆمی بە تێگەیشتنەوە بخوێنمەوە.

بەڵێ ڕۆژگار هات و تێپەڕی تا لە پایزی تەمەندا خودای دلۆڤان ڕێی لە کتێبێك خستم دەربارەی مەولانا جەلالەدینی ڕۆمی لە نووسینی: مامۆستا دکتۆر جیهان ئوقویوجو و وەرگێڕراو بۆ سەر زمانی عەرەبی لەلایەن مامۆستا ئورخان محمد عەلییەوە بەوە ئاواتەکەم تا ئاستێکی باش هاتەدی، چونکە ئەگەر بە زمانی فارسی بووایە لەبەرئەوەی من شارەزای زمانی فارسی نیم ئاواتەکەم هەر نەئەهاتەدی.

بەڵێ دەست لە دەست و پشت بە خودای خاوەن دەسەڵات چەند جارێك کتێبەکەم خوێندەوە، پاشان بڕیارم دا بە زمانی شیرینی کوردی ئەم نامیلکەیەی لێ ئامادە بکەم دەربارەی کورتەیەك لە ژیانی مەولانا جەلالەدینی ڕۆمی و هەندێك لە بۆچوونە ڕۆحییەکانی، تا خوێنەری کوردی ئازیزم لەو کەڵە پیاوە بێ ئاگا نەبن و لە خەرمانی پڕ لە خێرو بەرەکەت و ئامۆژگاری و ڕێنماییەکانی بێ بەش نەبن و لێی سوودمەند بن، هەروەها کەلێنێکیش لە پەڕاوخانەی کوردی پێ پڕ بکەمەوە.

حەز ئەکەم ئەوەش بڵێم هەروەك لە پێشەکی ئەو کتێبەدا هاتووە جەلالەدینی ڕۆمی پێش (٨٠٠) ساڵ لەدایکبووەو، پێش (٧٣٤) ساڵ لە نیمەی مرۆڤ



Scanned by CamScanner

جیابووەتەوەو وەفاتی کردووە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو گەشتۆتە نهێنی لەدایکبوونێك مەرگ نزیکی نابێتەوە، چونکە لەگەڵ تێپەڕبوونی چەند سەدەیەك بەسەر وەفاتیدا. بەڕاستی ئەم مرۆڤە خاوەن بەختە بەردەوام تا ئێستاش لەنێوانماندایە بەوپەڕی زیندوییەتیەوە، بەهۆی ئەو پەیامەوەی کە نەدەمرێت و نە لەناودەچێت، هەر ئەو وەختو زەمانەی لاپەڕەکانی ژیانی زۆرێك لە گەورە پیاوانی پێچایەوەو لەبیرو هۆشی مرۆڤایەتی بردەوە.. ناوی جوانی ڕۆمی لەسەر زمانی خەڵك بەردەوام دووپات دەکردەوەو، خۆشەویستی ئەوی لە دڵەکاندا ڕواند. جا بە تێپەڕبوونی هەموو ڕۆژێك بازنەی خۆشەویستی فراوانتر دەبێت دەربارەی پەیامە بەرزەکەی و گەشە دەسێنێت. ڕووباری ئەو خۆشەویستییە نزیکەی هەشت سەدەیە بەردەوام زیاتر هاژە دەکات، بەو ڕۆحی تامەزرۆیان و عاشقان تێر دەکات!

لێوە تینوەکان تێر ئاو دەکاتو، ناخە مردووەکان زیندو دەکاتەوە، تا گەشتۆتە ئەو ئاستەی کە ڕێکخراوی (یونسکو) دانبنێت بە پێویستی مرۆڤایەتی بۆ جەلالەدینی ڕۆمی و، ساڵی (٢٠٠٧) دابنێت بە ساڵی ئەو زاتە خوداپەرست و داناو زانایە.

لێرەشەوە دەمەوێت زۆر سوپاسی کاك (مەریوان ئەحمەد قەرەداغی) بکەم کە هەستان بە کاری هەڵەچنیو ئەخشاندنی نوسینو داڕشتنەوەی هەندێ لە ناونیشانو بەشەکانی کتێبەکە، لەگەڵ چاپکردنو بڵاوکردنەوەیان.. خودا بەرەکەت بخاتە کارەکانیو سەرکەوتوو بێت..

ئیتر هاوکاری هەر لە خوداوەیە لە خودا دەخوازم کارەکەم بۆ خۆی لێ وەربگرێت، لە ئێوەی خوێنەری بەڕێزیش دەخوازم لە کەم و کورییەکان ئاگادارم بکەنەوەو لە نزای خێریشتان بێ بەشم مەکەن.

ئامادەکار

م.حسێن ملا قادر پێنجوێنی



Scanned by CamScanner

## دەستپێک:

### ❖ سەرچاوە سەرەکییەکان دەربارەی جەلالەدینی ڕۆمی:

زۆرێك هەن لە بەناوبانگان لە مێژووی ئیسلامیدا، كە زانیاری تەواومان دەربارەیان نییە، بەڵام ڕۆمی بەدەر دژمێرێت لەوانە، چونكە سەرچاوە گەلێكی زۆر و دەوڵەمەندمان هەیە دەربارەی ژیانی، بێگومان لەبەرئەوەی خانەوادەكەی خانەوادەیەكی ناسراو بووە، خۆشی بەڕاستی توانیویەتی لەنێو خانەوادەو ژینگەكەیدا كاریگەرییەكی دیارو باش بەجێ بهێڵێت، لەبەرئەوە ژیانی بە یادەوەرییەكانیەوەو كاروبارو حاڵەتە جۆراوجۆرەكانیەوە بوونەتە خولگەی زۆرێك لە دانراوەكان كە نوسراونەتەوە دەربارەی، لەوانەش:

یەكەم: وەلەد نامە (ولدنامە) یان ئیبتەدانامە (إبتدانامە)- نوسینی سلطان ولد:

كوڕەكەی و جێنشینەكەی لەدوای خۆی (سلطان ولد) هەستا بە نوسینەوەی هەندێك زانیاری سنوردار دەربارەی باوكی لە هەندێك لە دانراوەكانیدا، لە گرنگترینیاندا (ئیبتیدانامە) كە لە دواییدا بەناوی (وەلەدنامە) ناسرا، لەم پەڕاوەدا زانیارییەكان دەربارەی ڕۆمی بە پلەی دووەم هاتووە، چونكە لە بنەمادا پەڕاوەكە كتێبێكی فێركاری و ئامۆژگارییە.

دووەم: سوپاسالار (پەیامی سوپا سالار)- نوسینی فەرەیدون أحمد:

ئەم نووسەرە لەتەمەنی لاوییەوەی چل ساڵ لە خزمەی ڕۆمیدا بووە، پاش وەفاتی هەستاوە بە دانان و نوسینەوەی ئەم پەڕاوە دەربارەی ڕۆمی و ئەوەی هاودەمی كردووە، بەڵام پێش تەواوكردنی خۆی وەفاتی كردووەو كوڕەكەی لە دوای خۆی لە (١٣١٢م) دا تەواوی كردووە.



Scanned by CamScanner

سێیەم: مناقب العارفین– نوسینی أفلاکی:

ئەم پەڕاوە بەناوبانگترینی ئەو دانراوانەیە کە دەربارەی جەلالەدینی ڕۆمی و هاوەڵەکانی نوسراوەو بڵاوە، ئەفلاکی دەستی بە نووسینی پەڕاوەکەی کردووە لە ساڵی (١٣١٨)ی لەدایکبووندا و پاش چەند ساڵانێکی دوورو درێژ لە ساڵی (١٣٥٣)ی لەدایکبووندا تەواوی کردووە، لە نوسینەوەی کتێبەکەیدا سودی لە کتێبی (ئیبتیدانامە)و هەندێ دانراوی تری (سوڵتان وەلد) وەرگرتووە. هەروەك بە شێوەیەکی فراوان لە پەڕاوی (پەیامی سوپاسالار) سوودمەند بووە، هەروەها ئەوانەشی بۆ زیادکردووە کە لە هاوەڵانی متمانە پێکراوی جەلالەدینی ڕۆمی گوێ بیست بووە.

## ❖ ئەوەی وتراوە دەربارەی جەلالەدینی ڕۆمی:

مێژوونوسی بەناوبانگ (هەممەر–همّر) پێش دوو سەدە وتوویەتی:

"بەڕاستی ڕۆمی سەرچاوەی سەرەکییە بۆ هەموو خاوەنانی سۆفیگەرایەتی و (التصوف) لە ڕووباری کانجەوە بۆ لێوارەکانی بسفۆر" ئەم پێناسەیە دروستە بەڵام لە ڕاستیدا ناتەواوە، چونکە ئێمە ئەمڕۆ لە تواناماندایە ئەوانە ببینین کە لە پشت دەریا لوشەکانەوە مەسنەوی (مەثنەوی) ڕۆمیان خۆش دەوێت و شوێنی کەوتوون.

ڕۆژهەڵاتناس (المستشرف) بەناوبانگ (ئاربری) دەڵێت:

"بەڕاستی ڕۆمی ئەو پزیشکە مەعنەویەیە کە مرۆڤی بەندکراو لەم سەردەمی ئێمەدا لە قەفەزی ڕق و قین و، کەمتەرخەمی و لێکهەڵوەشاندا بەدوایدا دەگەڕێت، هەروەها دەڵێت: بەڕاستی ڕۆمی پێش حەوت سەد ساڵ زیاتر لەمەو پێش جیهانی لە دوودڵی و دڵەڕاوکێ و شپرزەیی (الاضطراب) ڕزگارکردووە، ئەورووپای ئەمڕۆش



Scanned by CamScanner

مەگەر لە ڕێگای وەرگێڕانی پەڕاوەکانی ئەوەوە بتوانێت کە ڕزگاری ببێت لە کێشمەکێشی نەخۆشی یە دەروونییەکانی".

مێژوونووس و زاناو ڕۆشنبیر (ئیرانا مالیکۆف) دەربارەی ڕۆمی دەڵێت: "ئەگەر هەموو نەتەوەکانی جیهان پەڕاوەکانی جەلالەدینی ڕۆمیان وەریگێڕایەتە سەر زمانەکانی خۆیان، بە تێگەیشتنەوە بیان خوێندایەتەوە بێگومان جەنگەکان کۆتاییت پێدەهاتو خەشم و کینەکان نەدەمان و گروگاڵپەی ڕق و کین لەنێوان مرۆڤایەتیدا دەکوژایەوە، خۆشەویستی و ئاشتی باڵی بەسەر هەموو بەشەکانی دونیادا دەگرت و بڵاودەبوویەوە".

**کۆمەڵێک لە خاوەن بیران و ڕۆشنبیرانیش دەڵێن:**

بەڕاستی جەلالەدینی ڕۆمی هیوای مرۆڤایەتیە بۆ دامەزراندن و دابین کردنی ئاشتی جیهانی کە هەموو مرۆڤایەتی بگرێتەوە، لەبەرئەوەی لە ڕاستیدا هەرچەند ئەو لە شاری (بلخ) لەدایک بووەو لە شاری (قونیە) وەفاتی کردووەو نێژراوە، بەڵام خۆشەویستی ئەو لە ڕووبەرێکی فراوانتردا لەوەی لەنێوان بەلخ قونیەدایە بڵاوبووەتەوە، دڵەکەی ئەو شوێن و کاتی تێپەڕاندووەو هەموو بوونەوەری لە ئامێز گرتووە، چەند مرۆڤ لە مێژووی مرڤایەتیدا هەیە کە بتوانێت بڵێت: (سەرزەوی هەمووی ماڵی منەو مرۆڤایەتیش هەمووی خانەوادەو خێزانی منە).

عەبدوڵلا دەهلەوی وتوویەتی: "سێ پەڕاو نموونەیان نییە، قورئانی پیرۆز، دروستی (صحیح)ی بوخاری و مەسنەوی (مەثنەوی) جەلالەدینی ڕۆمی".

هامر وتوویەتی: "بەڕاستی ڕۆمی بە باڵ گەلێکی تامەزرۆیی و جەزبەیەکی (الوجد) خودایی بڵندبووەتەوە بۆ پایە گەلێك (مقامات)، نە حافظی شیرازیو نە کەسی تریش جگە لەو لە شاعیران نەیگەشتوونەتێ".



Scanned by CamScanner

ئاماریا شیمل دەڵێت:

"هەندێك چركەسات لە ژیانی مرۆڤدا لەبیر ناچێت و هەموو ڕەوڕەوەی ژیانی دەگۆڕێت، لەو چركە ساتانەدا مرۆڤ هەست دەكات بە نزیك بوونەوەی خودایی‌و، بە لەرزین و موچڕكەوە نوقم دەبێت لە دەریایەك لە جەزبەی ئاسمانی دا، بۆ یەكەم جار لە ژیانمدا ئەو چركەساتانەم بەسەر هات كە قوتابیەكی گەورە كچ بووم لە ئەڵمانیا، كاتێك چەند دێڕێك لە مەسنەوی (المثنوی) ڕۆمی گوێبیست بووم لە مامۆستاكەم، لە ئا ئەو چركەساتەوە من بە هیچ جۆرێك لە پەڕلوەكانی ڕۆمی جیانەبوومەتەوەو دەست هەڵگیریان نەبووم، هەتا لە ناوەندی گێژەڵۆكەو زریانی گڕو ئاگری جەنگیشدا، دێڕەكانی ڕۆمی دەیان دواندم دەربارەی خۆشەویستی خودایی! هەروەها لەو ساڵانەی دوای جەنگدا كە بەسەرم بردن و لێوان ڕێژبوون لە ئێش و ئازارو سزا، بەیتەكانی مەسنەوی (المثنوي) فێریان كردم كە بەڕاستی مرۆڤ بەهۆی گڕو كڵپەی ئازارەكانەوە نەبێت پێی ناگات".

# بەشی یەکەم:

# ژیانی مەولانا جەلالەدینی ڕۆمی



Scanned by CamScanner

# ڕەچەڵەکی جەلالەدینی ڕۆمی:

جەلالەدینی ڕۆمی لە خانەوادەیەکی خاوەن زانست و دانابیە، بەڕاستی (بەهائەدین وەلەد)ی باوکی لە بەناوبانگترینی زانایانی شارەکەی (بلخ) بووە، هەروەها لە زانستی سۆفیگەرایەتیدا (التصوف) ناسراو و بەناوبانگ بووە، نازناوی (سوڵتانی زانایانی) لێنراوە. سوپاسالار (فەرەیدون أحمد) کە یەکەم کەس بووە ژیاننامەی ئەو خێزانەی نوسیوەتەوە، وتوویەتی: بەهائەدین وەلەد لە گرتنەبەری ڕێچکەی سۆفیەتیدا (الطریقة الصوفیة) دەگاتەوە بە (ئەحمەدی غەزالی)، کە لە موریدەکانی نەجمەدینی کوبرا بووە، ئەحمەدی غەزالی ئەو کەسە بووە لە کاتی داگیرکردنی شاری بەڵخ دا لەلایەن مەغۆلە داگیرکەرەکانەوە شارەکەی بەجێ نەهێشتووە، بەڵکو بەوپەڕی جەربەزییەوە لەگەڵ موریدەکانیدا جەنگی داگیرکەرانی کردووە تا شەهید بوون.

هەروەها وتوویەتی: بەهائەدین وەلەد زانایەکی بەرزو خاوەن کەسایەتی بووەو جێگای ڕێزی هەموان بووە لە دەبەرەکەیدا، لە ناوەڕاستی تەمەنیدا هاوسەرگیری ئەنجامداوە لەگەڵ (موئمینە خاتوونی)ی کچی (ڕوکنەدینی) ئەمیری بەڵخ دا، لە ئەنجامی ئەو هاوسەرگیریە خودا دوو کوڕی پێ بەخشی، یەکەمیان: (عەلائەدین موحەممەد) بوو، دووەمیشیان: (موحەممەد جەلالەدین) بوو، کە لەوەو دوا ناسرا بە (جەلالەدینی ڕۆمی)، هەروەها بە هەندێ نازناو (لقب) ناسراوە لەوانە: (مەولانا) یانی (گەورەمان)، (خُداوندکار) یانی (سوڵتان)، (بەڵخی) یان خەڵکی بەڵخ، ڕۆمی لێرەدا دراوەتە پاڵ سەرزەوی (ئەناضول) کە تەمەنی تێیدا بەسەر بردووە، هەروەها بە (مەلا هونکار)و (مەلا ڕۆمی) ناسراوەو بانگ کراوە، لێرەدا دراوەتە پاڵ ئەرکەکەی وەك مامۆستاو وانەبێژ.



Scanned by CamScanner

## شوێن و کاتی لەدایکبوونی:

**شوێنی لەدایکبوونی:** ڕۆمی لە شاری بەڵخ (بلخ) لەدایك بووە کە شارێك بووە لە چاخەکانی کۆنداو چاخەکانی ناوەڕاستدا ناوو شکۆمەندی بووە، بەڵام ئەمڕۆ گوندێکی بچووکە لە ئەفغانستان، کاتی خۆی مەغۆلەکان بە سەرکردایەتی (جەنگیزخان) داگیریان کردو کاولیان کرد، جا ئەمڕۆ ئەگەر کەسێك بیەوێت سەردانی شارەکەی لەدایکبوونی ڕۆمی بکات ڕوو لە باکوری ئەفغانسات بکات تووشی بێ هیواییەکی گەورە دەبێت، چونکە شاری (بلخ) دەبینێت بووەتە گوندێك یان شارۆچکەیەکی زۆر وێرانی بچووك، کە جگە لە چەند ماڵێکی دروست کراو لە خشتو، چەند کۆڵانێکی تەسك هیچی دیکە نییە! لەگەڵ ئەوەدا کە ئەو شارە لە ڕابردوودا لە جوانترین و بەناوبانگترینی شارەکانی خۆراسان بووە!

جا ئەمڕۆ دیدەنیکاری (الزائر) ئەو شارە سەری سوڕدەمێنێ کاتێك جگە لەو چەند ماڵ و کۆڵانە تەسکانەو پاشماوەی ڕوخاوی قوتابخانە ئاینییەکان‌و پاشماوەی گۆڕەکان هیچی دیکە نابینێت، لەبەر خۆیەوە دەڵێت ئایا ئەمە ئەو شارەیە کە پیاوانی گەورەی وەك (بەهائەدین وەلەد)و (جەلالەدینی ڕۆمی) تیا هەلکەوتووە؟! ئایا ئەمە ئەو شارەیە کە ڕۆژگارانێك مەڵبەندی زانست و عیرفان بووە؟!

**مێژووی لەدایك بوونی:** ڕاوبۆچوونێکی بەربلاو هەیە دەڵێت: کە ڕۆمی لە شەشی (٦) ڕەبیعی یەکەمی ساڵی (٦٠٤) شەش سەدو چواری کۆچی، بەرامبەر بە ٣٠/ئەیلول/١٢٠٧ی ز لەدایك بووە. بەڵام ئەبێ ئەوە بزانین کە ڕاوبۆچوونێکی دوورو درێژ دەربارەی ئەو مێژووە هەیە، ئەو مێژووە لەبەرگی دێرینی دیوانی (سوڵتان وەلەد)دا تۆمار کراوە کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٢٩٥) ز، هەروەها تۆمارکراوە لە دێرینترین دوو سەرچاوەدا کە دەگەڕێنەوە بۆ (فەرەیدون أحمد سوپا سالار)و (ئەفلاکی)، لەبەرئەوە ئەتوانرێت متمانەی پێ بکرێت و جێگەی متمانەو



Scanned by CamScanner

لەسەر راوەستان بێت. ڕێکخراوی یۆنسکۆش ساڵی (١٢٠٧)ز، پشت ڕاست کردنەوەو دایناوە بە مێژووی لەدایکبوونی ڕۆمی، وە ساڵی (٢٠٠٧)ز، ڕاگەیاند بەو ساڵەی یادی تێپەڕبوونی (٨٠٠) ساڵی تیا بکرێتەوە کە بەسەر لەدایکبوونی ڕۆمی دا تێپەڕیوە.

تێبینی:

جەلالەدینی ڕۆمی لە خانەوادەیەکی شکۆمەند لەدایکبووەو، لە ژینگەیەکی پاک و خاوێن و ڕۆشنبیردا گەشەی کردووە، سەرەتای فێربوونی لە خزمەتی باوکیدا بووە، ڕووناکی زانستی عیرفانی لەو وەرگرتووە.. پاشان لە پاش ئەو لە خزمەتی هەندێك لە موریدەکانی باوکیدا کە ناوداربوون بە زانست و زانیارییەوە بووەتە فێرخواز، لە پاشان بەپێی دام و نەریتی ئەو کاتە دوو موریدی باوکی بۆ دیاری دەکرێت بۆ فێرکردن و پەروەردە کردنی، یەکێکیان (شەرەفەدین لالە سەمەرقەندی) کە لە دواییدا بووەتە خەزوری، ئەوی دیکەشیان (سەید بورهانەدین) بووە، ئەو کەسەی لە پاش وەفاتی باوکی بووەتە ڕێنماکاری یەکەمی. بەو شێوەیە ڕۆمی لەسەر دەستی ئەو دوو زاناو کەڵە پیاوانەدا فێری زانست و زانیاری و عیرفان دەبێت و لە ڕووی ڕۆحیەوە گەشە دەکات.

❁❁❁



Scanned by CamScanner

## نیشتەجێ بوونی ڕۆمی لە شاری قونیە:

(نیکلسون) و (هلمون ریتر) ڕایان وایە بەپێی چەند سەرچاوەیەکی سەلمێنەر، پاش ئەوەی مەغۆلەکان هێرشیان هێنا بۆ سەر شاری بەلخ و دەوروبەری زۆرێک لە خانەوادەو ناودارو ڕەسەنەکان بەرەو ڕۆژئاوا کۆچیان کرد، جا لەوانە خانەوادەی (بەهائەدین وەلەد) کە بنەماڵەو خانەوادەی ڕۆمی بوو.

بەهائەدین وەلەد بە خۆی و ئەندامانی خانەوادەکەی‌و موریدەکانەوە کۆچی کرد، لە پاش دەرچوونی چووە شاری (نەیساپور)، لەوێوە بەرەو بەغداد کە تەنها سێ ڕۆژ لە بەغدا مایەوە، دوای ئەو سێ ڕۆژە بەرەو مەککەی پیرۆز بەڕێکەوت، پاش ئەنجامدانی حەج گەڕایەوە شام (سوریای ئێستا- دیمەشق)، لەوێش زۆر نەمایەوە. بەپێی گێڕانەوەی ئەفلاکی ڕووی کردە شاری (ئەرزنجان- ئەرزن) لە تورکیا، ئەو سەردەمە لەژێر قەڵەمڕەوی ئەمیر (مەنکوجەک فەخرەدین بەهرام شاهد) بووە کە لەساڵی (١٢٢٥ز)یدا وەفاتی کردووە.

مێژوونووس (ئیبن بیبی) باسی گەورەیی‌و دادپەروەری‌و، بەخشندەیی‌و میهرەبانی بەهرام شا دەکات و ستایشی دەکات، دەڵێت: "شایەکی زۆر ڕەوشت بەرزبووەو زۆر بە خەمی ژێر دەستانیەوە بووە، هەتا لە زستاندا ئاژەڵانی کێویشی لەبیر نەکردووەو لەسەر چیاکاندا لە مانگەکانی زستاندا لەوەڕی بۆ داناون".

نازانرێت (بەهائەدین) بە تەواوی چەند ساڵ لە وڵاتی ئەو پادشا دادپەروەرەدا ماوەتەوە، ئەوەندە هەیە دوای ئەوێ گواستویەتیەوە بۆ (مەلاطیا) پاشان بۆ شاری (لارەندە)[1] ناسراوە بە (قرمان یان قارامان)ی سەلجوقی، لەوێ والی ئەو شارە (ئەمیر موسا) زۆر بە گەرمی پێشوازی لێ کردو ژیانی بۆ ڕێکخست و خوێندنگایەکی

---

[1] شارێکە لە ناوەڕاستی بەشە ئاسیاییەکەی تورکیادا.



Scanned by CamScanner

شایستەی بۆ دروست کرد، پاش ئەوەی هەستی کرد کە بەهۆی بوونی خوێندنگاوە ماوەیەکی دوورو درێژ لایان دەمێنێتەوە.

بەپێی گێڕانەوەی ئەفلاکی (بەهائەدین ولد) حەوت ساڵ لەو شارەدا مایەوە. ئەوەمان لەبیر نەچێت ئەو مانەوەیەی (بەهائەدین ولد) لەو شارەدا کاریگەریەکی گرنگی هەبوو لە ژیانی (جەلالەدینی ڕۆمی)دا، لەو شارەدا هاوسەرگیری ئەنجامدا لەگەڵ (جەوهەرە خاتوون) دا لە ساڵی (١٢٢٥ز)، کە کچی (شەرفەدینی) مامۆستاو پەروەردەکاری بوو. هەر لەوێ لە یەك ساڵدا بە وەفاتی (مونمینە خاتوون)ی دایکیو (موحەممەد عەلائەدین)ی برا گەورەی تووشی دڵتەنگی بوو، بەڵام پاش ئەو دوو ڕووداوە دڵتەزێنە خودای دلۆڤان دوو دڵخۆشی بۆ نارد، ئەوەش بەوەی لە دوای ساڵێك لە هاوسەرگیرییەکەی کوڕێکی پێ بەخشی بەناوی (محمد بها الدین) کە لە دواییدا ناسرا بە (سوڵتان وەلەد)، ساڵێك دوای ئەو کوڕێکی دیکەی پێ بەخشی بەناوی (عەلائەدین موحەممەد).

ڕۆمی چەند ساڵانێکی دوورو درێژی لەگەڵ (جەوهەرە خاتوون)ی بەسەر برد، پاش ئەوەی وەفاتی کرد لە شاری (قونیە) پاش ئەوەی لەوێ نیشتەجێ بوو، هاوسەرگیری دووەمی لەگەڵ (کەڕا خاتوون- یان کیرا خاتوون) ئەنجام داو لەویش خودای بەسۆز کوڕو کچێکی پێ بەخشی، کوڕەکە بە ناوی (موظەفەرەدین أمیر- کە ناسرا بە عالیم چەلەبی)، کچەکەشی بەناوی (مەلیکە خاتوون).

ناوبانگی (بەهائەدین وەلەد) لە شاری (لارەندە- یان قارامان)ەوە دنیای گرتەوە، تا گەیشتە شاری (قونیە)ی پایتەختی دەوڵەتی سەلجوقی، کە ئەو دەمە ئەو دەوڵەتە لە لوتکەی گەشەو پێشکەوتنیدا بوو، بە فەرمانڕەوایەتی (عەلائەدین کەی قوباد- یان کەیکوبات)، ئەم فەرمانڕەوایە جگە لە توانای سەربازیو کارگێڕیو ڕامیارییەوە، زۆر گرنگی دەدا بە زانایانو ئەدیبانو هونەرمەندانو ڕێزی لێ دەنان، لەبەرئەوە زۆرێك لە زانایان و ئەدیبان و شێخانی بەناوبانگی بانگهێشت



Scanned by CamScanner

کردبووە شاری (قونیە)، جا کاتێك ناوبانگی زاناو دانایەکی وەك (بەهائەدین وەلد)ی بیست لە شاری (لارەندە– قارامان) بانگهێشت نامەیەی بۆ نارد و داوای لێ کرد تا بێتە (قونیە)، ئەویش داواکەی پەسەند کردو خۆی و خانەوادەو موریدەکانی هاتنە شاری (قونیە)، پاش پێشوازییەکی بێ وێنە وە لەلایەن فەرمانڕەوا (عەلائەدین کەیقوباد– کەیکوبات)وە لە شاری (قونیە) نیشتەجێ بوو.

(بەهائەدین وەلد) دوو ساڵی کۆتایی تەمەنی پڕ لە بەرەکەتی لە شاری (قونیە) بە ئامۆژگاری و ڕێنمایی بەسەر برد، بەو ئامۆژگارییانەی چووە نێو دڵی هەموو خەڵکی (قونیە) و فەرمانڕەواکەیەوە. زاناو ئامۆژگاریکار (بەهائەدین وەلد) لە تەمەنی (٨٥) ساڵیدا لە شاری (قونیە) وەفاتی کردو بەرەو بارەگای پەروەردگاری گەڕایەوە، لەدوای خۆی دوو ئاکارو شتی نایابی بەجێ هێشت: یەکەمیان ئامۆژگاریو وانەکانی بوو کە لەژێر ناوی زانستەکاندا (معارف) کۆکرایەوە. دووەمیان کوڕە زاناو داناو پەروەردەکراوەکەی بوو (جەلالەدینی ڕۆمی).

بەم شێوەیە ڕۆمی لە شاری (قونیە)دا جێنشین بوو. کاتێك باوکی وەفاتی کرد، ڕۆمی زۆر بە باشی جێگەی باوکی گرتەوە لە وانە وتنەوەو ئامۆژگاری کردن و ڕێنماییکردنی موسڵماناندا، ژیانی تەرخان کرد بۆ خزمەتی زانست و مرۆڤایەتی بە گشتی، نابێت ئەوەشمان لەبیر بچێت کە زانستەکانی (المعارف) باوکی زۆر کاریگەری هەبووە لەسەری و، ئەو کاریگەرییەش لە پەڕاوی (مثنوي)داو لە پەندو ئامۆژگارییەکانیدا بەڕوونی دیارە.

ئەوەی شایانی باسە لێرەدا ئەوەیە پاش نیشتەجێ بوونی ڕۆمی لە خزمەتی باوکیدا لە شاری (قونیە)، مامۆستا و ڕێنماکاری یەکەمی کە (سەید بورهانەدینی)ی موریدی باوکی بووە، هات بۆ (قونیە) بۆ سەردانی مامۆستاو شێخەکەی (بەهائەدین وەلەد)، بەڵام کاتێك گەیشت بیستی (بەهائەدین وەلەد) وەفاتی کردووە، کە ئەوەی زانی نەگەڕایەوە بەڵکو بڕیاری دا بە مانەوە لە (قونیە) تا ڕێنمایی (ڕۆمی) قوتابی



Scanned by CamScanner

دێرینی و کوڕی مامۆستاو شێخەکەی بکات بۆ ئەوەی ببێتە مرۆڤێکی تەواو لە سەرجەم زانستەکانداو، توانای ڕێنمایی و ئامۆژگاری موسڵمانانی ببێت و جێگای باوکی بگرێتەوە.

بۆ ئەو مەبەستە ڕۆمی ڕەوانە کرد بۆ (حەلەب) و (شام) لە ساڵی (٦٣٠) کۆچیدا بۆ زیاتر فێربوونی زانستەکان، ڕۆمی ماوەیەکی زۆر لە حەلەب درێژەی بە فێربوونی زانستەکان دا لە سەر دەستی زانای بەناوبانگدا (کمال الدین بن العادم) لە قوتابخانەی (حەلاوی)دا، پاشان چووەتە شاری (دیمەشق) کە ئەو سەردەمە مەڵبەندێکی ڕۆشنبیری و زانستی زۆر دیاربووە، لەوێ چوار ساڵ ماوەتەوەو تیایدا بە باشی فێری زانستی زۆر دیار بووە، وەك: زمانی عەرەبی و ئادابەکانی و، فیقه و لێکدانەوەی (تفسیر)ی قورئان و فەرموودە بووەو، بڕوانامەی زانستەکانی وەرگرتووە.

لەدوای وەرگرتنی بڕوانامەکەی سەردانێکی (شێخ بورهانەدین)ی مامۆستاو ڕێنماکاری یەکەمی کردوە لە شاری (قیصریة) تا ڕێنمایی کۆتایی لێ وەربگرێت، پاش ئەوە ئیتر هاتۆتە شاری (قونیە)و وەك زانایەکی خاوەن زانست و ڕێز دەستی کردووە بە وانە وتنەوەو ڕێنمایی کردنی موسڵمانان، ئەو دەمە لە ناوەندەکانی تەمەنیدا بووە بە پۆشاکی زانایانەوە دەرکەوتووەو ژمارەی قوتابیەکانی ڕۆژ بە ڕۆژ لە زیادبووندا بوون. ڕۆمی لە (قونیە) تا ساڵی (١٢٤٤ز)، ئەو ساڵەی پەیوەندی بە (شەمسی تەبریزی)یەوە کرد ژیانێکی هێمن و هێدی بەڕێ کرد، لە وانە وتنەوەو ئامۆژگاریدا وەك زانایەك.



Scanned by CamScanner

# شەمسی تەبریزی و
# بەیەکگەیشتنی لەگەڵ جەلالەدینی ڕۆمی دا

شەمسی تەبریزی بە (بەرەندا) یانی باڵندە بەناوبانگ بووە، لەبەرئەوەی زۆر گەڕۆك بووە، زۆربەی تەمەنی لە گەڕاندا بەسەر بردووە، شارو ناوچە دوورو جۆراوجۆرەکان دەگەڕا، (شەمس) لە ڕاستیدا زۆری دەخوێندەوەو دەنووسی، پەڕاوی (مەقالاتی) کە ئامۆژگاری وتارەکانی لەخۆگرتووە، ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە چەند ڕۆچووە و شارەزا بووە لە زانستەکانی لێکدانەوەی قورئان و لە فەرموودەدا.

(شەمس) سۆفیەکی زانای خوداناس بووە هیچ کارێکی نەکردووەو پەسەند نەکردووە، ئەگەر پوختە لەبەر خاتری خودای باڵادەست نەبوبێت، پاداشتیشی جگە لە خودای تاك و تەنها لە کەس نەویستووە، تەنها مەبەستی خودای باڵادەست بووە، هەمیشە حەق و ڕاستی وتووەو لەبەندەکان نەترساوە، بە ئاسانی بە کەس ڕانەماوە.. بۆیە زۆر تینویی گەڕان بووە بە دوای خوداناسی ڕاستەقینەدا. بەهەر حاڵ لە ئەنجامی ئەو گەڕانەی لە شاری (قونیە)دا بە (جەلالەدینی ڕۆمی) دەگات، پاش هەندێ پرسیارو وەڵام دەبنە دوو عاشقی یەکدی، بەتایبەتی تر (شەمس) لەلای ڕۆمی دەبێتە هەموو شت[1] بۆیە لە بەخزمەت گەیشتنیدا دەڵێت:

مانگ لە جەرگەی ئاسماندا لە بەرەبەیاندا دەرکەوت
لە ئاسمانەوە هاتە خوارەوە خۆی نواند بۆمان..
هەروەك چۆن باز چۆلەکە ڕاو دەکات
بەڕاستی ئا ئەو مانگە لە خۆی گرتم و بەرزی کردمەوە بۆ ئاسمان!

---

[1] بەڕاستی پێشینانمان ڕاستیان فەرمووە: نرخی زێڕ لای زەڕەنگەرە.



Scanned by CamScanner

(سوڵتان وەلد)ی کوڕی ڕۆمی دۆستایەتی وهاوڕێیەتی باوکی لەگەڵ (شەمس)دا نواندووە بە هاوڕێیەتی نێوان موسا ﷺ و خضر ﷺ، دەڵێت: لەگەڵ ئەوەدا کە موسا ﷺ پێغەمبەر بوو کەچی بە دووی خضردا ﷺ دەگەڕاو داوا لە خودا (جلَّ جلاله) دەکرد بە یەکیان بگەیەنێت، هەر بەو شێوە لەگەڵ ئەوەشدا کە (جلال الدین)ی ڕۆمی زاناو داناو ڕێنماکارێکی گەورە بوو لە سەردەمی خۆیدا کەچی هەر لە (شمس) دەگەڕاو ئامەزرۆی بەخزمەت گەشتنی بوو، جا هەرچۆن خضر هەستا بە تاقیکردنەوەی موسا ﷺ، (شمس)یش ئاوەها هەستا بە تاقیکردنەوەی ڕۆمی، جا کاتێك ڕۆمی لە تاقیکردنەوەکەدا دەرچوو، (شمس) بڕیاری دۆستایەتی هاوڕێیەتی ڕۆمیدا، ڕۆمیش بە هەموو شێوەیەك خۆی ڕادەستی ئەو دۆستایەتی و هاوڕێیەتیە کرد.

دەبا بزانین سەرئەنجامی ئەو دۆستایەتی و هاوڕێیەتیەی کە تەنها لەبەر خاتری خودا بوو، چی بوو بۆ ڕۆمی و (شمس):

(کوول بینارلی) لەو بارەوە دەڵێت: "ئەگەر (شمس) نەهاتایەت ڕووناکی (جەلالەدینی ڕۆمی) دەرنەدەکەوت و پەخش نەدەبوو، هەروەك لە دوای ئەنجامدانی ئەو دۆستایەتیە زانیمان، هەروەها بێگومان ئەگەر (ڕۆمیش) بە خزمەتی (شمس) نەگەیشتایەو ئەو دۆستایەتیە ئەنجام نەدرایە کەس ناوی (شەمسی تەبریزی) نەدەبیست و ناوی نەدەبرا".

ئەم دۆستایەتی و هاوڕێیەتیەی ڕۆمی لەگەڵ (شەمس) دا گەیشتە ئەو ئاستەی بۆ ماوەیەك (شەمس) خۆی لێ بزر کرد هاواری لێ بەرز بوویەوە ! لە نامەیەکیدا بۆی ڕەوانە کردبوو لێی پاڕابووەوە کە بگەڕێتەوە بۆ شاری (قونیە) وتبووی:

ئەی ڕووناکی دڵەکانمان، ئەی هیوای ئاواتەکانمان

ئەی ئەو کەسەی ژیانمان ڕادەستی ئەو کرد

سوێندت دەدەم بە خوا بزربوونت درێژە پێمەدەو بگەڕێرەوە بۆ لامان..



Scanned by CamScanner

کاتێك (شەمس) پاڕانەوەکەی قبوڵ کرد بڕیاری گەڕانەوەی دا بۆ لای ڕۆمی، ڕۆمی پێش ئەوەی (شەمس) بگات ئەم چەند دێڕە شیعرەی نووسی:

ئاو پرژێنی سەر ڕێگاکان بکەن

مزگێنی بدەن بە باخچەکانی گوڵان

بۆنی بەهار هات!

ئا ئەوە هات، بەڕاستی ئا ئەوە ئەوە..

مانگی چواردەمان هات، گیانمان هات، خۆشەویستمان هات!

ڕێگا بکەنەوە، ڕێك بوەستن، ڕێگە بدەن

لەلایەکەوە بوەستن بەخێر هاتن بکەن

خاوەنی ڕووی ڕووناك کەرەوەو، ڕووی ڕووناك و ڕووناك بەخش هات

کاتێك (شەمس) گەیشت، ڕۆمی لە خۆشیدا ڕووبەڕووی خۆشەویستانی وتی:

ئەی خۆشەویستان، بەڕاستی هات

خۆر و مانگم هات!

ئەو کەسە هات کە لەشێکی زیوی هەیە

هەروەها پێستێکی ئاڵتونی

چاوەکانم و گوێم و ڕۆحم هات!

ئەم دۆستایەتیەی نێوان ڕۆمی‌و (شەمس) لەبەر خاتری خودا گەشتە ئاستێك ڕۆمی ڕوو بە (شەمس) دەڵێت: (تۆم کرد بە گیانم، لەبەر خاتری تۆ نادیار (غریب) بووم لە هەموو خزمانم).

شەمسیش لە پەڕاوی (مەقالاتی)دا بەم شێوەیە ئاستی خۆشەویستی خۆی بۆ ڕۆمی دەردەبڕێت:

(من داواکراو بووم لای ڕۆمییەوە، بەڵام لە ڕاستیدا ڕۆمی بوویە داوای داواکراو).



Scanned by CamScanner

دەبینیت ئەو دوو ناخ و دڵە بە شێوەیەك تێكەڵی یەكدی بوو بوون كە هیچ كەسێك نەیدەزانی كامیان عاشقەو كامیان مەعشوقە[1]..

ڕۆمی بۆ ئەوەی وابكات (شەمس) جارێكی دیكە شاری (قونیە) بەجێ نەهێڵێت و لێی بزر نەبێتەوە، (كیمیای خاتوون)ی كچی كە بە ڕۆڵە كردن (التَّبنی) كچی بوو لێی مارە كرد، ئەوە زۆری نەخایاند و (كیمیا خاتوون) هەر زوو وەفاتی كردو، (شەمسیش) بۆ هەمیشەیی شاری (قونیە)ی بەجێهێشت و لە ڕۆمی نادیار بوو.

ڕۆمی بەوە زۆر دلگران بوو، فەرمانیدا بە گەڕان بە شوێنیدا و خۆشی چووە شام لەگەڕان بە شوێنیدا بەڵام سوودی نەبوو، ئیتر دوای ئەوەی بێ ئومێد بوو لە بینینەوەی بۆ دەربڕینی ئێش و ئازاری جیابوونەوەی ئەم چەند بەیتەی وتووە:

تا كەی بەردەوام بم لە گەڕان بەدواتا

لە هەمووماڵێكدا بۆت گەرام لە دوای هەر دەرگایەكەوە

دەی تا كەی بەردەوام لێم ڕادەكەی؟

كۆڵانێكم واز لێنەهێناو بە سوچێكدا تێنەپەڕیم پرسیاری تۆی تیا نەكەم!!

لەدوای ئەوە پاش دوو ساڵ گەڕان و پرسیار كردن بە ناچاری ڕۆمی بە داخ و كەسەرەوە بۆ هەمیشەیی جیابوونەوەی لە (شەمس) پەسەند كرد، وە خۆی ڕادەستی ئەوە كرد كە ڕوویدا.

❀❀❀

---

[1]) بەڵێ خۆشەویستی ڕاستەقینە لەبەر خودا لەنێوان دوو كەسدا دەبێت وابێت.



Scanned by CamScanner

# ڕۆمی لە دوای شەمس

ئەتوانرێت بوترێت بەڕاستی جیابوونەوەو دیارنەمانی (شەمس) ڕەویەی ڕۆمی بەرەو تەواوی (کمال) برد، چونکە ڕۆمی بۆی دەرکەوت (شەمس) بنەما (أصل) نەبووە، بەڵکو ئەسڵ ئەو ڕووناکییە خوداییە بووە کە لەودا بینیویەتی، ئەوەی لە ڕووی (شەمس)دا کە لەبەر خودا خۆشی ویستووەو درەوشاوەتەوەو سەرنجی چاوی ڕۆمی ڕاکێشاوەو پێی ڕاماوە. لەبەرئەوە پێویست بوو ئەو ڕووە دیارنەمێنێت تا ڕۆمی بزانێت ئەو ڕووناکییە سەرچاوەکەی ئەو ڕووە نەبووە، تا ڕوو وەربگێرێت بۆ سەرچاوەی ئەو ڕووناکیە، جا ڕۆمی لە پەڕاوی مەسنەویدای (مثنوي) لە داستانی (مەجنون و لەیلا)دا لەو بارەوە ئاوا دەدوێت:

"ئامانج شەرابەکەیە نەك پەرداخەکە، جوانی ڕەهاش هی (لەیلا) نییە، (لەیلا) لەم داستانەدا تەنها ڕۆڵی پەرداخی شەرابی عشق دەگێرێت کە پێشکەشی (مەجنون) دەکرێت".

لەبەرئەوە ڕۆمی بە باشی ئەزانی بۆ هەمیشەیی بمێنێتەوە هەر ڕووی ئا لەو ڕووە بێت (ڕووی شەمس)، کە دیار نەما، چونکە ئەوە دەکەوێتە نێوان ئەوو مەبەستی کۆتایی و ئامانجەکەی و، ئەوە دەبێتە بتێك ڕێگای لێ دەبڕێت بۆ گەیشتن بە ڕووناکی خودایی (التجلی الاهی).

ڕۆمی لە دوای دیارنەمانی (شەمس)و بێ ئومێد بوون لێی، خۆی یەکلایی کردەوە بۆ وانە وتنەوەو گرنگیدان بە موریدو قوتابیو هاوڕێ نزیکەکانی لە پێشەوەی هەموویان (صلاح الدین)ی زەڕەنگەرو (حسام الدین چلبی).

(صلاح الدین) لە شاری (قونیە) دا کاری زەڕەنگەری دەکرد، لە هیچ قوتابخانەیەك خوێندنی تەواو نەکردبوو، ڕۆژێك لە ڕۆژان گوێبیستی ئامۆژگارییەکی ڕۆمی دەبێت، ئەو ئامۆژگارییە بە شێوەیەك کاری تێدەکات، هەر لەوێدا دەست بە



Scanned by CamScanner

گریان دەکات، پاشان هەڵدەسێت خۆی ئاوێزانی باوەشی ڕۆمی دەکات و بە شێوەیەک خۆشی دەوێت کە دەبێتە یەکێك لە هەرە نزیکەکانی، (ڕۆمیش) بەهەرە خۆشەویست نزیکی خۆی پەسەندی دەکات، ئیتر ئەو خۆشەویستی و نزیکیە لەبەر خودا (جلّ جلاله) بەردەوام دەبێت تا مردنی (صلاح الدین).

دینداری (صلاح الدین) لە ئاستێکدا بووە وەك لە گێڕانەوەیەکدا هاتووە، ڕۆژێکی هەینی لە وەرزی زستانێکی زۆر سارددا، غوسڵی هەینی دەکات بەرەو نوێژی هەینی دەچێت، دۆستانی دەبینن بەرگەکەی تەڕەو وشك نەبووەتەوە! پێی دەڵێن: چۆن وات کردووە ئەوە مەترسیدارە بۆ تەندروستیت، ئەویش لە وەڵامیاندا دەڵێت: فەرمانی خودا (جل جلاله) لە تەندروستی لەشم گرنگترە!! . هەروەها وەك ڕۆمی مامۆستای مردنی بە شەوی زاوایەتی سەیر دەکرد.

(حسام الدین چلبی) لە شاری (قونیە) لە بنەماڵەیەکی ڕەسەن و خاوەن کەسایەتی لە ساڵی (١٢٢٥ز)ی لەدایك بووە، لە دوای وەفاتی باوکی کاتێك لاوێکی دامەزراو بوو، هەڵبژێررا بە سەرۆکی ڕێکخراوی یەکگرتووی برایەتی (ئاهی[1]) کە باوکی پێش وەفاتی سەرۆکی بوو.

(حسام الدین) خۆی و هەموو لایەنگران و ئەندامانی ڕێکخراوەکەیان چوونە خزمەتی ڕۆمی‌و بوونە قوتابی و مورید لە خزمەتیا، (چەلەبی) خۆشەویستی ڕۆمی بەدەست خست‌و بەردەوام وابەست بوو پێوەی و لە خزمەتیان بوو، لای(ڕۆمیش) (چەلەبی) بووە یەکێك لە هەرە خۆشەویستانی.

---

[1] یەکگرتووی برایەتی (اهي-تاخي) ڕێکخراوێکی پیشەیی بوو لە ئەنازۆڵدا دروست بوو بوو لەسەر بنەمای هاریکاری، ئەو ڕێکخراوە بنەما ڕەوشتییە ئیسلامیەکانی لەبەرچاو گرتبوو لە هاریکاری پیشەییدا بۆ جوتیاران و وەرزێران و خاوەن پیشەکانی دیکە، هەروەها پەیوەندیەکانیان لەگەڵ کۆمەڵگادا لەسەر بنەما ڕەوشتیەکان و هاریکاری هەژاران و دەست کورتان و بێ ئەوایان و نادیاران ڕێکخستبوو.



Scanned by CamScanner

(چەلەبی) بەهۆی دڵسۆزی و ئەو خزمەتانەی کە پێشکەشی کردبوو بۆ ڕۆمی مامۆستای، لایەنو ڕێزی بەسەر هەموو ئەوانەی پێش ئەودا هەبوو. یەکێك لە هەرە ئەو خزمەتە گەورانەی پێشکەشی ڕۆمی مامۆستای کرد ئەوە بوو هانی دا بۆ دەرکەوتنی پەڕاوی مەسنەوی (مثنوي)[1]، تا زۆربەی پەندو ئامۆژگاری بۆچوونەکانی لەخۆبگرێت و لە فەوتان بیانپارێزێت.

(چەلەبی) بۆ ئەو مەبەستە شەوێك کە بەتەنها لە خزمەتی ڕۆمیدا بوو، داوای لێ کرد پەڕاوێك دابنێت سەرجەم ئامۆژگاری و پەندو بۆچوونە ڕۆحییەکانی لەخۆبگرێت بۆ قوتابی و موریدەکانی و دوای ئەوانیش بۆ مرۆڤایەتی، هەر لەوێدا دەست بە جێ ڕۆمی هەژدە دێڕ هەڵبەستی ڕادەستی (چەلەبی) کرد! ئیتر ئەوە بووە سەرەتای پەڕاوی (مثنوي)، هەر ئەو هەژدە دێڕە هەڵبەستە بووە سەرەتایەك بۆ قۆناغێکی تازە لە پەخشان و هەڵبەست و تۆمارکردندا (التدوین)، قۆناغێکی تازەی وەها پێشینەی نەبوو!!

ڕۆمی لەو بارەوە دەڵێت: (بەڕاستی بەرەکەتی شیر لە گوانی ئاژەڵەکەدا نییە، بەڵکو لەو دەستەدایە کە دەیدۆشێت)، لەبەرئەوە دەبینین داواکەی (حیسامەدین چەلەبی) لە ڕۆمی سەرچاوەیەکی تەقاندەوە هەرگیز ئاوی لێ نابڕێت و بەردەوام هەڵدەقوڵێت تا ئاو لە ژیاندا بێت.

ڕاستە هەڵبەستەکان و بۆچوونەکانی لە دیوانێکدا تۆمارکراوەو لەلایەن کەسانی دیکەشەوە نوسراوەتەوە، بەڵام لە ڕاستیدا پەڕاوی (مثنوي) بەرهەمی کۆششی (چەلەبی) بوو، هەر جارێك هەرچییەکی بنووسیایە بە خێرایی دەی خوێندەوە بۆ ڕۆمی مامۆستای تا ئەگەر هەڵەو ناتەواویەك هەبێت ڕاستی بکاتەوە، ڕۆمیش

---

[1] مثنوي: ناوێکی بۆ هونەرێك لە هونەرەکانی هەڵبەست دانان (شعر)، ئەویش ئەوەیە دوو بەیت لەسەر یەك قافیەیە کە (مەپنەوی) (جلال الدینی ڕۆمی) بەو ناوەوە بەناوبانگە کە هەموو ئامۆژگاری و پەندو بۆچوونە ڕۆحییەکانی لەخۆگرتووە.



Scanned by CamScanner

هەوڵو کۆششی ئەو قوتابیە دڵسۆزەی لەبیر نەدەکردو هەمیشە لەبەرچاوی بوو، بۆیە لە زۆر شوێنی (مثنوي)دا، بە تایبەتی لە وتە پەخشانەکانیدا بە گەرمی ستایشی (چەلەبی) دەکات و دەڵێت: بەڕاستی ئەگەر داواو هەوڵ و کۆششی ئەو (چەلەبی) نەبووایە پەڕاوی (مەسنەوی) بەدەرنەدەکەوت.

❀❀❀





Scanned by CamScanner

## ژینگەی کۆمەڵایەتی و رامیاری:

ئێستا وا باشە سەرنجێکی خێرا بخەینە سەر ئەو ڕوانگا رامیاری و کۆمەڵایەتیەی کە (جەلالەدینی ڕۆمی) تیایدا ژیاوە، هەروەها بزانین ئەو پیاوانەی دەوڵەت کێ بوون کە ناسیونی؟ ئەو هاوەڵانەی کێ بوون کە هاوڕێیەتی کردوون؟

(بەهائەدین وەلەد)ی باوکی ڕۆمی لە سەردەمی فەرمانڕەوای سەلجوقی گەورەدا (عەلائەدین کەیکوبات یان قەیقوباد) هات بۆ شاری (قونیە)، بەلام لە ڕاستیدا بەشێکی زۆر لە ژیانی ڕۆمی ڕێکەوتبوو لەگەڵ تێکچوون و شپرزەبوونی دەوڵەتی سەلجوقی، ئەوەش پاش وەفاتی (عەلائەدین کەیکوبات) و هاتنی (غیائەدین کەیخوسرەوی دووەم) بۆ سەر کورسی دەسەلات، کە وەك (عەلائەدین کەیکوبات) بە توانا نەبوو لە بەڕێوەبردن و حوکمی ولاتدا، هەروەها هێرشی مەغۆلەکان بۆ سەر ولات و جێگیربوونیان لە نزیکی شاری (قونیە) و کاریگەریان لەسەر دەستاو دەست کردنی دەسەلاتدا لەو ولاتەدا.

ئا لەو بارودۆخە ناجێگیرو شپرزەدا بیربۆچوونەکانی (جەلالەدینی ڕۆمی) و پەراوەکانی بوو بوونە سەرچاوەی هیواو وزە بۆ ئەو کۆمەلگایەی تیایدا دەژیا، ئەوەش لەبەرئەوەی ڕۆمی هەمووانی بەخێر ئەهێناو لە ئامێزی دەگرتن لە قوتابخانەو تەکیەکەیدا، بەو هۆیەوە خەڵکانێکی زۆر لە هەموو چین و توێژەکانی لەگەڵ سەردانی ڕۆمیان دەکرد، هەر لە خەڵکانی ئاساییەوە تا پیاوانی کاخی فەرمانڕەوایەتی و خودی فەرمانڕەوایان، چونکە وایان دەبینی کە بەڕاستی ڕۆمی پەناو پشتیوانێکی ڕۆحی و مەعنەویە بۆ ئەوان، جا هەروەك ڕۆمی ڕێزی ئەوانی دەگرت، ئەوانیش زۆر ڕێزیان لەو دەگرت کە بەڕاستی شایانی ئەوە بوو.

هەڵوێستی ڕۆمی دوور لە سیاسەت بوو لەبەرئەوە پەیوەندیەکانی بە فەرمانڕەوایان و، بەڕێوەبەرانی ولاتەوە لە چوارچێوەی ئامۆژگاری کردندا بووە



Scanned by CamScanner

بۆیـان، وە هەمیشـە گرنگـی داوە بـەوەی لـە دەرەوەی ململانـێ ڕامیاریـەکانی نێوانیاندا بمێنێتەوە، تا ئامۆژگارییەکانی بەهەند وەربگرن.

ئەوانەی لە فەرمانڕەوایان و گەورە پیاوانی دەوڵەتی سەلجوقی کە لە دەوری ڕۆمی بوون و پەیوەندی باشیان هەبوو لەگەڵی و ئامۆژگاریان لێ وەردەگرت ئەمانە بوون: فـەرمانڕەوایان (عزالـدین کیقاوسـی دووەم) (١٢٤٥–١٢٥٧)ی زایینی، (رکن الدین کیلیج أرسلان)ی چوارەم (١٢٥٧–١٢٦٦)ی زایینی، گەورە پیاوان: (الصاحب شمس الدین)، (جلال الدین قاراتای)، (تاج الدین معتز)، (معین الدین بروانه).

هەمیشە ڕۆمـی جگـە لـە بۆنـە ناچـاریو پێویستەکان لەگـەڵ فـەرمانڕەوایانو پیاوانی دەوڵەتدا، فەزڵی دانیشتن و کۆڕبەستنی لەگەڵ ڕۆڵەکانی گـەل بـە گشتی و هەژاران بە تایبەتی داوە بەسەر دانیشتن لەگەڵ فەرمانڕەوایان و پیاوانی دەوڵەتدا.

ڕۆمی لەسەردەمی خۆیدا جگە لەو پەیوەندییە گیشتییەی کە هـەیبووە لەگـەڵ پیاوانی دەوڵەت و ڕۆڵەکانی گـەل و هەژاراندا، پەیوەندییـەکی تایبـەتی تونـدوتۆڵی هەبووە لەگەڵ زۆرێك لە زانایانی بەناوبانگی ئەو سەردەمەدا لەوانە:

**محی الدین بن عربی (١٢٤١ز):**

(ئیبن عەرەبی) خاوەنی بنەمایـەکی ژیرگـەرایی ڕێکوپێکی بەرنامـە بـۆ دارێـژراو بووە، زۆر میانەڕەوو گونجاو بووە لەگەڵ فەیلەسوفاندا، لەبەرئەوە بەناوبانگ بـووە بە زمانی ژیری، (ڕۆمیش) بەناوبانگ بووە بە زمانی عیشق و خۆشەویستی خودایی، بۆیە بەهۆی پەیوەندیانەوە هەریەکەیان بووەتە ڕووبارێکی هـاژەدەری سازگار، کە بەهۆی قوتابیانی و ئەوانـەی کـە هەریەکـە لـەو دوو ڕووبـارەی خۆشویستوەو پێی سوڕماوە، کاریگەریەکی گەورەی لەسەر جیهانی ئیسلامی بەجێهێشتووە.

**صەدرەدینی قەنوی (١٢٧٤ز):**



Scanned by CamScanner

(صەدرەدین) جێنشینی (ئیبنو عەرەبی) بووەو بە ڕۆڵەکاری (التبني) کوڕیشی بووە، دادەنرێت بە دیارترینی زانایانی سەردەمی خۆی لە زانستی فەرموودەدا (علم حدیث).

**قوطبالدین مەحمودی شیرازی (١٣٢٠ز):**

ئەم زانایە لە دایکبووی شاری (قازرون)ە، لە دیارترین زانایانی پزیشکی بووە، هەروەها زۆر شارەزا بووە لە زانستی بیرکاری و فەلەک (ئەستێرە) ناسیدا.

**فەخرەدینی عێراقی (١٢٨٩ز):**

ئەم زانایە لە (هەمەدانەوە هاتۆتە شاری (قونیە) و زۆر وابەست بووە بە ڕۆمییەوە، خاوەنی پەڕاوی (اللمعات) بووە، بەهۆی تێکچوونی باری ڕامیاری دەوڵەتی سەلجوقیەوە کۆچی کردووە بۆ میسر لەوێشەوە بۆ شام، ئیتر لەوێ وەفاتی کردووە.

**نەجمەدینی ڕازی (١٢٥٦ز):**

زانایەکی سەردەمی خۆی بووەو لە ناوچەی (ڕەیە)وە هاتۆتە ژێر دەسەڵاتی فەرمانڕەوای سەلجوقی و بووەتە یەکێك لە هاودەمانی ڕۆمی.

**بەهائەدین طوسی قانعی:**

زانایەکی بەناوبانگ بوو لە دەستی مەغۆل لە طوسەوە هەڵهاتووە بۆ (قونیە)، بەناوبانگ بووە بە پەڕاوی (سەلجوق نامە)وە، کە تیایدا مێژووی سەلجوقیەکانی تیا تۆمارکردووە، هەروەها بە وەرگێڕانی پەڕاوی (کەلیل و دیمەنە بە شعر).

**سیراجەدینی ئەرمەوی (١٢٨٣ز):**

لە دەرکەوتووترینی زانایانی سەردەمی خۆی بووە، بەناوبانگ بووە بە پەڕاوێکیەوە کە لە زانستی ژیاری (المنطق) نوسیویەتی بەناوی (مطالع الأنوار)، ئەم زانایە لەسەرەتادا نەیار بووە لەگەڵ ڕۆمی دا، بەڵام پاشان بووەتە کەسێك لەوانەی کە زۆری خۆشویستووەو سەری پێی سوڕماوە.



Scanned by CamScanner

**سەفیەدینی هیندی (١٣١٥ز):**

ئەم زانایە لە هیندستانەوە هاتۆتە (قونیە)، پاشان بووەتە قاضي شام.

**شێخ سەعیدی شیرازی (١٢٩٢ز):**

ئەم زانایە لە بەناوبانگترینی شاعیران بووەو یەکێك بووە لە ئەستێرە گەشەکان لە ئاسمانی ئەدەبی ئیسلامی دا، خاوەنی بەراوی (گُلستان) و (بُستان)ی بەناوبانگ کە وەرگێڕاونەتە سەر زۆر زوبان لەوانە زوبانی کوردی.

## شێوەو ڕواڵەتی ڕۆمی:

بەپێی زۆرێك لە سەرچاوەکان، بەتایبەتی زانیاریەکانی (بەدیع زەمان فەیروز ئەنفەر)، ڕۆمی کەسێکی باڵابەرزی لاواز بووە، ڕەنگی زەرد بووەو، ڕیشی تاڵی سپی تێدا بووەو، برۆکانی ڕەش و چاوەکانی قاوەیی تێر بووە، لاوازی لەشی لە ئەنجامی ئەو ڕۆژە زۆرو دوورو درێژانە بووە کە لە تەمەنی لاوییدا بەڕۆژوو بووە، لەگەڵ ئەو خوداناسیە دوورو درێژانەی کە لە شەوو ڕۆژەکانیدا ئەنجامی داوە.

(ئەفلاکی) دەڵێت: "ڕۆمی جاری وا بوو سێ ڕۆژ یان حەوت ڕۆژ لەسەر یەك بەڕۆژوو دەبوو! هەروەها زۆریش لە مزگەوتدا دەمایەوە (ئیعتیکافي) دەکرد، زیاتر ئەوەی بوو بووە هۆی ئەو لاوازییەی ئەو وەرزشە ڕۆحییە بوو کە (شێخ بورهانەدینی) مامۆستای فێری کردبوو وە ناچاری کرد بوو بە ئەنجامدانی، ئەویش بە گۆشەگیری (ئیعتیکاف) سێ جار، هەر جارەی چل ڕۆژی بەردەوام خوداپەرستی بە خۆراکێکی کەمەوە ئەنجام دەدا"!

ڕۆمی پاش ئەوەی خۆی بوویە زاناو پێگەیشت و تێگەیشت وازی لەو جۆرە خوداپەرستیە هێناو ئامۆژگاری قوتابی و مورییدەکانیشی کرد بە نەکردنی.



Scanned by CamScanner

کاتێك یەکێك لە کوڕەکانی کە تەمەنی بیست ساڵ بوو، داوای لە باوکی کرد ڕێگای پێ بدات بۆ ئەنجامدانی (ئیعتیکاف) گۆشەگیری بۆ ماوەی چل ڕۆژ ڕۆمی پێی وت:

(ئەم جۆرە خوداپەرستییە لە دینی ئێمەدا نییە.. لە ڕاستیدا ئەوە تەنها لە شەریعەتی موساو عیسادا بووە)، ئیتر بە هەموو شێوەیەك ڕۆمی قوتابی و موریدەکانی لەو جۆرە خوداپەرستییە قەدەغە کرد تا بچن بەلای ئیشوکارو کاروباری دونیابیانەوە، بەبێ ئەوەی بە تەواوی پاڵ بدەن بە دونیاوەو واز لە خوداپەرستی بهێنن.

بەم بەیتە شیعرەی ئەو هەڵوێستەی دەردەبڕێت:

دونیای قیزەون ئەوە نییە ماڵ و منداڵت هەبێ،

بەڵکو دونیای قیزەون ئەوەیە:

کە پاڵ بدەیت بە دونیاوەو خودات لەبیر بچێت..

ڕۆمی خاوەنی ڕواڵەتێکی دڵڕفێن و سەرنج و سەیرکردنێکی سەرسوڕهێنەر بووە کە تەعبیری لە جیهانی ڕۆحی ئەو کردووە، کەم کەس توانیویەتی بۆ ماوەیەکی درێژخایەن سەیری چاوەکانی بکات.

ڕۆمی لە سەرەتادا جلوبەرگی زانایانی لەبەرکردووە کە مێزەرو جبە بووە، بەڵام پاش هاودەمی کردنی (شەمسی تەبریزی) جلوبەرگەکەی گۆڕیوە، مێزەری خۆڵەمێشی لەسەر ناوەو عەبای فراوانی لەسەر شان ناوە.



Scanned by CamScanner

## ڕەوشتی ڕۆمی و جیهانی ناخی ناوەوەی:

ڕوون و ئاشکراو دیارە کە پێغەمبەر ﷺ ڕەوشتی قورئان بووە، هەر بەو شێوەیە ئەوەی کە گومانی تێدا نییە ئەوەیە کە قورئان و سوننەتی دروستی پێغەمبەر ﷺ دوو ڕووناک کەرەوە (چرا) بوون بۆ (جەلالەدینی ڕۆمی) لە ڕەوشت و هەڵسوکەوتیدا، بەڕاستی ڕۆمی پێغەمبەری ﷺ کردوتە پێشەنگ و شوێن پێهەلگری: (قدوە وأسوە حسنە) چاکی خۆی لە هەموو هەڵس وکەوتێکیدا. بەڵام لە ڕاستیدا لە سەردەمی خۆیدا زۆرێك هەبوون هەروەك ئەمڕۆش هەن دەیانویست ڕۆمی وا پیشان بدەن کە گوایە ئەو لە سەرووی دینەکانەوەیەو بڕواشیان بەوە وابووە، ڕۆمی لە وەڵامی ئەو نەفامانەدا ئاوا پەیوەندی توندوتۆڵی خۆی بە پێغەمبەرەوە ﷺ دەردەبڕێت و، کەسەرو غەم و پەژارەی خۆی دەخاتە ڕوو لە پاڵدانی ئەو قسەو قسەڵۆکە بێ بنەماو دوور لە هەموو ڕاستیەکەوە بۆ لای ئەو، ئەوەتا دەیبینین دەڵێت:

(من خزمەتکارم بۆ قورئان تا ئەو کاتەی دڵم لێ بدات لە لەشم دا
هەروەها من خۆڵم لە ڕێگای پێغەمبەری هەڵبژێرراو موحەممەددا
جا ئەگەر هەرکەسێك جگە لەوە شتێکی دیکە بداتە پاڵم،
ئەوە من سکاڵای خۆم بۆ لای خودا دەبەم دەربارەی و دەربارەی وتەکەی)

گومان لەوەدا نییە کە ڕۆمی کەسێکی سنگ فراوان بووەو هەمووانی لە ئامێز گرتووە، زیاتر لە زانایان و ڕێنماکارانی دیکە لێبوردە بووە، جا ئەو پەسەندکردن و لێبوردەییەی بەم چەند دێڕە شیعرە جوانە ئاوازەیە دەردەبڕێت و دیاری دەکات:

من وەك فەرگاڵ وام
لەلایەك لەسەر قاچێکم ڕادەوەستم
جێگیر لەسەر شەریعەت،
بە قاچەکەی دیکەشم خول دەدەم و دەگەڕێم



Scanned by CamScanner

بەسەر حەفتاو دوو میللەت دا!

ئاوەها ڕۆمی ئاماژە دەکات بۆ سەرچاوەی ئەو ڕەوشتەی لێی خواردۆتەوەو لێوەی فێربووە، وە ئەوەی وای لە هەموان کردووە سەریان پێی سوڕ بمێنێ و ڕمزی بن، لە پەڕاوی (تیایەتی ئەوەی تیایەتی- فیە ما فیە) دای، کاتێك دەدوێت دەربارەی پێغەمبەری خودا ﷺ دەیشوبێنێت بە خۆر (الشمس)، پاش هەرچی ڕووناکی و جوانی هەیە لە بوونەوەردا دەیگێڕێتەوە بۆ سەرچاوەی یەکەمی ڕووناکییەکە کە پێغەمبەرە ﷺ.

ڕۆمی لە ڕاستیدا گەشەی کردو پەروەردە بوو لەژێر چاودێری باوکیدا زۆر سوودمەند بوو لە زانست و زانیاریەکانی، پاش ئەویش هاودەمی کردنی (شەمسی تەبریزی)، لەبەرئەوە یەك گەردیلە ئەنانیەت و خۆویستی لەلا نەما بوو، بەهۆی ئەوەوە کاتێك سەرنجی بوونەوەری دەدا جگە لە جوانی و ڕێکوپێکی لەو جوانیەدا هیچی دیکەی نەدەبینی، ئەم بەیتە شیعرانە پوختەی سەرنج و سەیرکردنی پەتی بۆ بوونەوەر:

بەڕاستی گەورەترین عەیب

ئەوەیە کە تۆ لەم دونیایەدا هیچی تر نەبینیت

جگە لە عەیبەکان!

ڕۆمی بە چاوتیژی و سەرنجی وردی توانیویەتی کە بوونەوەر بخوێنێتەوەو بڕوانێت بۆ پشتەوەی شێوەکەی، تا هاوسەنگی و جوانی و تەواوکاری و بەدەمەوە یەکبوون و ڕێکوپێکی لە بوونەوەرو دروست کراوەکاندا ببینێت، بۆیە بوونەوەر (الکون) لە ڕوانگای ئەوەوە مالّی خودای باڵادەستەو (جلَّ جلالە)، هەموو دروستکراوەکانیش ئەوە خانەوادەو خێزانی ئەو ماڵەن، لەبەرئەوە هەموویان شایستەو شایانی ڕێزو خۆشەویستین. لێرەوە تێدەگەین کە ڕۆمی بۆچوونێکی هەمە لایەنەو گشتگیری بووە بەرامبەر دروست کراوەکانی خودای باڵادەست -جلَّ



Scanned by CamScanner

جلاله- پەیوەندی ئەو وابەست نەبووە بە ڕەنگێك یان زمانێك یان ناوچەیەكی جوغرافی تایبەتیەوە، جا ئەوە وای لێ كردووە هەمووان و هەموو زمانەكان لەخۆبگرێت و لە ئامێزیان بگرێت، لەبەرئەوە دەتوانین كە بڵێین:

بەڕاستی ڕۆمی هەمان ئەو پیاوە نادیارە ڕێبوارەیە (الغريب المُسافر) كە باسكراوە لە داستانی بەناوبانگی ترێ (العنب)دا لە پەڕاوی (مەسنەوی)دا، ئەوەی كە بۆچوونی وا بووە كە زمانی دڵ[1] لەلای توركیەك و عەرەبیەك و عەجەمیەك و ڕۆمییەك هەریەكە هەرچەند لە زمانی قسەكردنیشدا جیاوازین، لە ڕاستیدا ڕۆمی بەو دڵە فراوانەوەی كە دەوری دابوو بە دەوری دروستكراوداو هەموو مرۆڤایەتی گرتبووەوە لەسەر ڕێگای خۆشەویستی و بەزەیی و سۆز بەو دڵەیەوە ڕێگای بەڕێ كردبوو، لەبەر ئا ئەوە پێمان خۆشەو حەز دەكەین دەربارەی ئەو خۆشەویستییەی چەند نموونەیەكی ئاڵتونی پێشكەش بكەین.

لە پەڕاوی (نفحات الأُنس)ی (مەلا جامی)دا هاتووە (سراجەدینی قونیەوی) كاتێك ئەم قسەیەی ڕۆمی بیستووە: (بەڕاستی من لەگەڵ حەفتاو سێ میللەتم) تورە دەبێت و هەڵدەستێت بە ناردنی یەكێك لە نزیكانی خۆی بۆ لای ڕۆمی، ئەوەش بۆ ئەوەی ڕۆمی لەبەرچاوی ئامادەبووانیدا بخاتە هەڵوێستێكی نەخوازراوو ناخۆش..

جا ئەو پیاوە كاتێك دەچێتە لای پێی دەڵێت: ئایا قسەیەكی وەهات لە دەم دەرچووەو وتووتە؟ ئەویش لە وەڵامیدا وتوویەتی: بەڵێ، كابرا هەر ئەوەندەی وەڵامەكە دەبیسێت دەست دەكاتە جنێوپێدان و تۆمەتباركردنی بە كوفر.. ڕۆمی لەو كاتەدا زەردەخەنەیەك دەكات و بە نەرمی و لەسەرخۆ پێی دەڵێت: (لەگەڵ ئەو هەموو سوكایەتی كردنەتدا پێم من هەر لەگەڵ تۆم!).

---

[1] - واتە كە دڵەكان ئاوێزانی یەكەی بوون و لەبەرخودا یەكتریان خۆش ویست.



Scanned by CamScanner

ڕۆمی هەمیشە نەیاری دەمە قاڵەو ناکۆکی و دوژمنایەتی بووە لەنێوان مرۆڤەکاندا، لەو بارەوە دەڵێت: (لە ڕاستیدا ئێمە بۆیە بەدیهێنراوین تا تەبایی و یەکێتی لەنێوان مرۆڤەکاندا دابین و دەستەبەر بکەین، نەک بۆ ئەوەی ناکۆکی بنێینەوە).

***

ڕۆژێکیان ڕۆمی ڕێی لە دوو پیاو دەکەوێت دەمەقاڵەیان دەبێت، یەکێکیان هەڕەشە لەوی دیکەیان دەکات و پێی دەڵێت: (ئەگەر یەک وشەی ناشرینم پێ بڵێیت هەزار وشەی ناشرینم لێ دەبیستیت). ڕۆمی کە گوێبیستی ئەوە دەبێت پێی دەڵێت: (ئەگەر تۆ دەتەوێت شتێک بڵێیت بە منی بڵێ، چونکە ئەگەر هەزار وشەی ناشرینیش بە من بڵێیت هیچ شتێک لە من نابیستی!).

بەڕاستی ڕۆمی زانیویەتی ناتوانرێت ئاگر بە ئاگر بکوژێنرێتەوە، کەوایە ئاگرو کلپەی ڕق و کین بەئاوی سۆزو بەزەیی نەبێت ناکوژێتەوە.

ڕۆمی جارێکیان بەم ئامۆژگارییە ئاڵتونیە دەربارەی دۆستایەتی ئامۆژگاری (سوڵتان وەلەد)ی کوڕی دەکات:

"دوای ئەوە دەبینیت ئەو دوژمن و نەیارتە بەبێ گومان دەبێتە یەکێک لە نزیکترینی دۆستەکانت، چونکە لەوێدا ڕێگایەک هەیە لە دڵەوە بۆ دڵ".

ڕۆمی خۆبەزل زانین و خۆویستی (أنانیە) وەلاناوەو هەرگیز بیری لێ نەکردۆتەوە، بەپێچەوانەی ئەوەوە بێ هەوای و بێ فیزیەکی بێ وێنەی نواندووە، ڕێزی خەڵکی گرتووەو وەک یەک هەڵسوکەوتی لەگەڵدا کردوون بەبێ گوێدان لە جیاوازیەکاندا لە دینیاندا، یان لە زمانیاندا، هەروەها لە پلەو پایەو کاریاندا. هەموو ئەوەی لە ڕوانگەی سەرنجدانیەوە بۆ دەرکەوتەوەو ئاسارەکانی ڕەحمەت و سۆزو بەزەیی پەروەردگاریەوە (جل جلالە) سەرچاوەی گرتبوو.



Scanned by CamScanner

هەر لەو ڕوانگەوە کاتێك گوێبیستی (مەلیکە خاتوون)ی کچی دەبێت بە گژی خزمەتکارەکەیدا دێت دڵتەنگ دەبێت و، ئامۆژگاریەکی دەکات کە شایستەی ئەوەیە بە ئاوی زێڕ بنوسرێتەوە: (ئەی کچی خۆم بۆ بەگژیدا دێیت و دەی شکێنیت؟ ئەی ئەگەر ئەو خانم بووایەو تۆ خزمەتکار ئەوجا تۆ چیت دەکرد؟ چاك بزانە بەندایەتی تەنهاو تەنها بۆ خودای تاك و تەنهایە، بەڵام لە ڕاستیدا ئێمە هەموومان براو هاوەڵین!!).

دەربارەی خۆنەویستی و بێ فیزی ڕۆمی، (ئەفلاکی) دەگێڕێتەوە:

یەکێك لە ڕاهیبەکانی مەسیحی لەوانەی ناوبانگی ڕۆمیان بیستبوو لە ئەستەنبوڵەوە دەچێتە شاری (قونیە) بۆ سەردان و بەخزمەت گەیشتنی ڕۆمی، پاش گەشتنی بۆ بارەگای نیشتەجێ بوونی، دەچێتە نێو قوتابیەکانیەوە، تا لە کاتی وانەوتنەوەو ئامۆژگاریەکانیدا بۆ قوتابیەکانی باش سەرنجی بدات هەڵی سەنگێنێ و بیپشکنێ تا بۆی دەربکەوێت چ کەسایەتیەکە، بەڵام فریای ئەوە ناکەوێت هەر لە هەستانیداو دانیشتنی لەنێو قوتابیەکانیدا، لەگەڵ ئەو ڕێزو شکۆمەندییەی لە ڕۆشتنیدا لێی دەبینێ، هەروەها سەرنجە کاریگەرەکانی بەسە بۆ ئەوەی کار بکاتە سەری و بە پەلە ڕاپەڕێ بۆ دەست ماچکردنی، بەڵام ڕۆمی هەست بەوە دەکات لەبەرئەوە خێراتر لەو ڕادەپەڕێت دەستی ئەو ماچ دەکات!

ڕاهیبەکە کە ئەوە دەبینێت خۆی پێ ناگیرێ هەوڵی ماچکردنی قاچەکانی ڕۆمی دەدات و دەڵێت: (بەڕاستی دینەکەی تۆ حەق و ڕاستە)!

جا کاتێك ڕۆمی گەڕایەوە ماڵەکەی خۆی وتی بە (سوڵتان وەلەد)ی کوڕی، بینیت ئەو پیاوە چۆن هەوڵ دەدات کە لە خۆبەکەمزانین و بێ فیزیدا پێشم بکەوێت، بەڵام ئایا ئەکرێت من وازبهێنم لەو خۆبەکەمزانین و بێ فیزیە بۆ کەسێکی تر جگە لە خۆم کە مانای ڕاستەقینەی لە دینەکەمدایە؟



Scanned by CamScanner

ڕۆمی هەرچەند زیاتر فەرمانڕەوایان و کاربەدەستان ڕێزیان لێ بگرتایەو گەورەییان بۆ بڕیار بدایە، ئەو شەرم و خۆبەکەم زانینی بەرامبەر هەژاران و دەست کورتان گەشەی دەکردو زیاتر دەبوو، هەروەها زیاتر وابەست دەبوو بە دانیشتن لەگەڵیاندا، (ئەفلاکی) باس دەکات ڕۆژێک لە ڕۆژان سوڵتان (عزالدین)و گەورە فەرمانبەرانی هەستابوون بەسەردانی قوتابخانەکەی ڕۆمی، ئەویش کاتێک ئاگادار کرا بوو لە هاتنیان چوو بووە ژوورەکەی خۆی دەرگاکەی لەسەر خۆی داخست بوو وتبووی: (تکام وایە لێیان نارەحەتم نەکەن)، ئەویش ئیتر بە ناچاری گەڕابوونەوە بۆ ئەو شوێنەی لێوەی هاتبوون.

هەندێك لەوانە سوکایەتیان بە قوتابیانی و موریدەکانی ڕۆمی دەکردو دەیان وت:

(ئێمە ڕێز لە ڕۆمی دەگرین و شکۆی بۆ ڕەوا دەبینین، چونکە خۆمان خاوەنی ڕێزو شکۆین، بەڵام بڕوانە بۆ قوتابی و موریدەکانی، هەموویان یان میوەفرۆشن، یان قەسابو کرێکارو خەیاتو کەسانی سادەن، هیچ کەسێکیان تێدا نییە خاوەن شان و شکوو ڕێز. هەروەها لەنێویاندا کەسێکی پێگەیشتوو نابینرێت، یان کەسێك پێشینەیەکی خێرو باشی هەبووبێت).

ڕۆمی بەم وتەیەی وەڵامی ئەوانە دەداتەوە: (ئەی ئەگەر ئەوانە پێگەیشتوو و شارەزای تەواو بوونایەت ئەوە من قوتابی و موریدی ئەوان دەبووم، لە ڕاستیدا لەبەرئەوە ئەوان وانین بۆیە بە قوتابی و مورید وەرمگرتوون).

ڕۆمی هەرگیز تەمەڵی و بێ کاری خۆشنەویستووە، لەبەرئەوە بەردەوام هانی ئەوانەی داوە کە لە خزمەتیدا بوون و پەیوەندیان بووە لەگەڵیدا لەسەر کارکردن و هەوڵدان و دەیوت: (بەڕاستی ئێمە دەرگای دەست پانکردنەوەو داواکردنمان داخستووە لەسەر قوتابی و موریدەکانمان).



Scanned by CamScanner

جا بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییە، ڕۆمی پێشی هەموو کەس ئەو بنەمایەی لەسەر خۆی جێ بەجێ کردبوو، هەرگیز زەکات و خێراتی لە کەس وەرنەدەگرت، بەپێی ئەوەی لە پەڕاوی (نفحات الانس)دا هاتووە: (هەمیشە ڕۆمی خۆشی دەردەبڕی لەبەرئەوەی هیچ شتێکی وا لە کەلوپەلی ناومالّ لە مالّەکەیدا نەبوو، وە بەردەوام دەیوت: (سوپاس بۆ خودای بالاّدەست (جل جلاله) بەڕاستی ئەمڕۆ مالّەکەمان لە مالّی پێغەمبەران دەچێت).

***

ڕۆمی هەرگیز حەزی نەکردووە منەتباری هیچ کەسێك بێت، هەروەها هەولّی ئەوەشی نەداوە هیچ کەسێك منەتبار بکات و بیخاتە ژێر منەتی خۆی، لەبەرئەوە هەتا ئەو دەستە دیاریانەش کە بۆی دەهات دەیبەخشیەوە، لە هەمان کاتیشدا زۆر هەولّی دەدا هیچ کەسێك بەو خێرو یان بەخشینانەی نەزانێت کە ئەنجامی دەدا، بۆ نموونە جار بە جار بە پەنهانی دەیان بیست یان سی پارچە پارەی لەژێر سەرینی (پشتی) قوتابیەکانیدا دادەنا.

جارێکیان زانی کە یەکێك لە مریدەکانی بەناوی (عثمان کویاندا) زۆر دەست کورتەو هەژارە، کە ئەوەی زانی ویستی یارمەتیەکی بدات بەبێ ئەوەی بهێلّێت کەس بزانێت بۆیە پێی وت:

(ئەی (عثمان) بەڕاستی جاران نەریت و عادەتێکی زۆر جوان و باشت هەبوو، ئەویش ئەوە بوو زۆر تەوقەت لەگەلّ دەکردین، ئەوە بۆچی ئەو نەریت و عادەتە جوان و باشەت واز لێهێناوە؟).

کاتێك (عثمان) گوێبیستی ئەوە بوو لە ڕۆمی لێی چووە پێش بۆ تەوقەکردن لەگەلّیدا، هەر لەگەلّ تەوقەی لەگەلّ کرد ڕۆمی ئەندازەیەك پارەی خستە



Scanned by CamScanner

دەستیەوەو وتی: (ئەی (عثمان) لەمەودوا لەو تەوقەکردنە جوان و باشە بێ بەشمان مەکە!).

ڕۆمی هەرگیز ڕێگەی نەداوەو حەزی نەکردووە خەڵکی فەزڵی بدەن بەسەر کەسانی دیکەدا، لە نموونەی ئەوەی: جارێکیان چووەتە گەرماوی گشتی (حمام عام) لەوێ هەندێك لە توشبووانی نەخۆشی گوڵی لێ دەبێت، خاوەنی گەرماوەکە بە هاتنی ڕۆمی خێرا داوا دەکات لەو نەخۆشانە گەرماوەکە چۆڵ کەن و بڕۆن، ڕۆمی بە هیچ جۆرێك بەوە ڕازی نابێت، بەڵکو لەگەڵیاندا چووەتە نێو حەوزەکەو، لەو ئاوەی کردووە بەسەریدا کە ئەوان بەکاریان هێنا بوو.

نموونەیەکی تر: هەرگیز ڕۆمی ڕێگەی نەداوە کەسێك لەبەری هەستێت لە جێگەی خۆیدا لە کۆڕو دانیشتنەکاندا، جا بۆ ئەوەی خەڵکی لەو کردارە قەدەغەکات خێرا ئەو کۆڕو دانیشتنەی بەجێ هێشتووە.

ڕۆمی هاوسەرێکی خۆشەویست و باوکێکی میهرەبان بووە لەماڵەکەیدا، هەروەها باپیرەو بابە گەورەیەکی بەسۆزو خۆشەویست بووە، منداڵەکانی زۆر خۆشویستووە بەتایبەتی (سوڵتان وەلد)ی کوڕی، پێی دەوت: (تۆ نزیکترین کوڕی منی لە منەوە لە ڕووی ڕواڵەت و ڕەوشتەوە، وە من بەدی نەهێنراوم بۆ ئەوە نەبێت کە تۆ بەدی بهێنرێیت).

ڕۆمی بە لەدایك بوونی منداڵەکانی زۆر خۆشحاڵ دەبوو، سوپاسی خودای دەکرد لەسەر لەدایکبوونیان خۆشی دەردەبڕی، نموونەی ئەوەی: کاتێك (ئەمیر عارف چەلەبی) کوڕەزای لە ساڵی (١٢٧٢ز)ی لەدایك بوو، زۆر دڵشاد بوو لە خۆشیدا دونیای بە ڕوودا کرابووەوەو بەدەوری خۆیدا دەخولایەوە هەر سوپاسی خودای دەکرد.



Scanned by CamScanner

ڕۆمی بڕوای بە بیروباوەڕی پڕوپوچ و بەتاڵ نەبووە، ئەم نوکتەیە هەڵویستی لەو بارەوە ڕوون دەکاتەوە، هەروەها ئەوەش دەردەخات کە ڕۆمی کەسێکی قسە خۆش و سوعبەتچی شەرعی بووە، نوکتەکە:

ڕۆژێکیان خێزانەکەی ویستی کە دڕاویەک لە دڕاویەکانی کراسەکەی بۆ بدورێتەوە، بەپێی بیروباوەڕی پڕوپوچ لەو سەردەمەدا وا باو بووە کە دورینەوەی دڕاوی پۆشاک لەبەردا سەرو نەشمەی خراپە، لەبەرئەوە داوای لە ڕۆمی کرد دەنکە گەنمێك بخاتە نێو دەمیەوە، ڕۆمی بەوە پێدەکەنی و دەیوت: مەترسە و بێ خەم بە لەنێو دەممدا سورەتی (الإخلاص– قُل هُو الله أحد) هەیە، بێگومان بە توندی لە دەممدا دانی لێ دادەگرم، لەبەرئەوە زۆر دوورە کە هیچ خراپەیەك ڕوو بدات.

سۆزو میهرەبانی ڕۆمی وەك شوێن پێهەڵگرێکی پێغەمبەر ﷺ هەتا گیانلەبەرانیشی گرتبووەوە، بۆ نموونە: چەند ڕۆژێك خۆراکی دەدایە دەرخواردی توتکە سەگێکی تازە لەدایکبوو لەنێو کولانەکەیدا کە نەیدەتوانی بچێتە دەرەوە.

ڕۆمی تاقانەی سەردەمی خۆی بووە لە زانست و زانیاریدا، بەڵام ئەو زانایەی هەرگیز بەرەو لەخۆڕازی بوون و لەخۆبایی بوونی نەبردووە، بەڵکو بە پێچەوانەی ئەوەوە، هەتا لە تەمەنی لاویەتیشیدا کاتێك لە دەمەقالییەکی زانستیدا کە سەردەکەوێت بەسەر کەسێکی دیکەدا خۆی وا پیشان دەدات کە ئەو دۆڕاوە، هەروەها لە دۆستایەتیدا زۆر حەزی لە دڵسۆزی بوو.

پوختەی قسە ئەوەیە: (جەلالەدینی ڕۆمی) گەورەترین و بەڕێزترین نموونە بووە لەسەردەمی خۆیدا بۆ پەیڕەوی کردنی ڕەوشتەکانی پێغەمبەر ﷺ و، بە تەواوی پەیڕەوکاری ڕەوشتەکانی ﷺ کردووەو، بەو هۆیەوە بووەتە پێشەنگی چاکەو چاکەکاری، هەروەها ڕۆمی پێشەنگی خێرو چاکەو جوانی و خاوێنی و تەواوی ڕەوشت بەرزی بووە، بەردەوامیش پێشەنگە لەو بوارەدا هەتا ئەمڕۆی ئێمەش.



Scanned by CamScanner

## مەولەوی لە دوای ڕۆمی

ڕێبازی مەولەوی لەلایەن (سولتان وەلد)ی کوڕی ڕۆمیەوە دامەزرا بۆ پاریزگاری لە بیروبۆچوونی ڕۆمی، ئەم کوڕەی خاوەنی توانایەکی بێ وێنە بوو لە ڕێکخستن و دامەزراندندا، توانی لە دوای وەفاتی باوکی ڕێبازی مەولەوی دابمەزرێنێت و، لەزۆربەی شارەکانی ئەنازۆڵدا قوتابخانەو تەکیە بکاتەوە بۆ بڵاوە پێکردنی ڕێبازەکەی. کار گەیشتە ئەوەی شاری گرنگ نەما لە ئەنازۆڵ و ناوچە عەرەبیەکاندا کە قوتابخانەو تەکیەی مەولەوی تێدا نەبێت، بە تایبەتی ئەو بڵاوبوونەوەیە لە سەردەمی عوسمانیدا بە شێوەیەك فراوان بوو کە ژمارەی قوتابخانەو تەکیەکان گەیشتنە (١١٤) قوتابخانەو تەکیە، کە لە زۆربەی شارە گەورەکاندا هەبوون وەك: قونیە، ئورفە، ئەنقەرە، ئەستەنبوڵ، بەلغراو، بۆ سنە، قاهیرە، مەککەی موکەڕەمە، مەدینەی مونەوەرە، دیمەشق، تەرابولس، تەبریز. ئەم قوتابخانەو تەکێیانە وەك خوێندنگایەك بوون بۆ قوتابیان و، بۆ موریدانیش جگە لە شوێنی ئەنجامدانی خوداپەرستییەکان و مەراسیمی تایبەت بە خۆیان، فێرگەیەك بوون، قوتابیان و موریدان تیایاندا فێری پیشەی زۆرو هەمە جۆر دەبوون وەك: دروست کردنی شەربەتی هەمەجۆرو ئاوی میوە، دروست کردنی کسکی هەمەجۆر، هونەری فرۆشیاری لە بازاڕەکاندا، دروست کردنی چرای هەمەجۆر و گوڵدان، هونەری ئامادەکردنی خۆراك..

کۆی ئەو پیشانەی لە تەکیەکاندا فێر دەکران دەگەشتە (١٨) پیشەی جۆراوجۆر، بۆ فێربوونی ئەو پیشانە بۆ ئەوەی ببێتە سەرچاوەی بژێوی قوتابیان و موریدان، بەوە لە تەمەڵی بێ کاری دوور بن ئەبوا هەر موریدو قوتابیەك ماوەی (١٠١) سەدو یەك ڕۆژ لەو تەکیەو قوتابخانانەدا بمایەتەوە، جگە لە فێربوونی ئەو پیشانە، هەر موریدو قوتابیەك بەپێی تواناو لێهاتوویی خۆی لە هەمان کاتدا فێری



Scanned by CamScanner

هەندێ هونەری جوانیش دەبوو، وەك: هەڵکەندن لە دار، خۆش نووسی و چنین و جۆلای و، مۆسیقاو، هەورگەری و...هتد.

نابێت ئەوەش لەبیربکەین کە خوێندنەوەی مەسنەوی (المثنوي)، ڕۆمی بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار یەکێك بووە لە بنەماو بەرنامەکاری قوتابخانەو تەکیەکانی مەولەوی، وە بۆ ئەو خوێندنەوەیە کەسانی شارەزا ئامادەکراوە بە ناوی (مثنوي خان)، واتە خوێنەرەوەی مەسنەوی.

## دانراوەکانی ڕۆمی:

### ١- مەسنەوی (المثنوي):

مەسنەوی (المثنوي) دادەنرێت بە گرنگترین پەراوێك کە ڕۆمی دایناوە، هەروەها دادەنرێت بە گرنگترینی ئەو پەراوانەی نووسراونەتەوە دەربارەی بیروبۆچوونەکان، ئەوەی کە کاریگەری هەبووە لەسەردەمی خۆی داو ئەو سەردەمانەی دوای خۆی هاتوون، ئەم دانراوە پێکهاتووە لە شەش بەرگ (مجلد)، بەپێی نوسخەی (سوڵتان وەلد)ی کوڕی (٢٥٦٦٨) دێڕ شیعری لەخۆگرتووە.

### ٢- دیوانی گەورە (دیوانی شەمسی تەبرێزی):

ئەم دیوانە بۆیە بە گەورە ناوبراوە چونکە قەبارەکەی هەشت تا دە ئەوەندەی قەبارەی هەر دیوانێکی ئاسایی بووە، هەروەها لەبەرئەوەی زۆر وابەست بووە بە شەمسی تەبرێزیەوەو ئەو وابەست بوونەی بووەتە هۆی بۆهاتن و وتنی ئەو شیعرانەی، لەبەرئەوە ناوی (دیوانی شەمسی تەبرێزی)ی لێنراوە. ئەم دیوانە هۆزی (خەیاڵ) دەوڵەمەندو بۆ هاتنەکانی ڕۆمی بووە، کە بەشێوەی شیعر دەری بڕیون و لەلایەن قوتابی و موریدەکانیەوە نووسراونەتەوە.



Scanned by CamScanner

**٣- پەڕاوی (فیه ما فیه)[1]:**

ئەم پەڕاوە پێکهاتووە لە وتەو گفتوگۆکانی ڕۆمی لە کۆڕو دانیشتنەکانیدا لەگەڵ هاوڕێو مورید و قوتابیەکانیدا، (سوڵتان وەلەد)و هەندێك لە موریدو قوتابیەکانی لە دوای وەفاتی خۆی کۆیان کردۆتەوە.

**٤- پەڕاوی (المکتوبات):**

ئەم پەڕاوە عیبارەتە لە کۆمەڵێك لەو نامانەی ڕۆمی ڕەوانەی کردووە بۆ هەندێك کەس لە بۆنەکاندا و هەندێ هۆکاری جۆراوجۆردا، لەوانە ئەو نامانەی ناردویەتی بۆ خزمان و جگەرگۆشە و موریدەکانی، هەروەها بەشێکی زۆریش لەو نامانە ئەوانە بوون کە دەربارەی داواو پێویستی هەژاران و ئاتاجەکانی ناردبووی بۆ فەرمانڕەوایان و ئەمیرو کاربەدەستان.

❁❁❁

[1] (فیه ما فیه) یانی تیایەتی ئەوە تیایەتی



Scanned by CamScanner

# بەشی دووەم

# گوزەرێکی کورت لەجیهانی بیری ڕۆمی



Scanned by CamScanner

Scanned by CamScanner

# گوزەرێکی کورت لە جیهانی بیری ڕۆمیدا

ئەی خوێنەری ئازیز:

هەندێ پرسیاری بنەڕەتی هەیە کە وابەستە بە خودی مرۆڤ خۆیەوە، نەک بەو سەردەمەی کە تیایدا دەژی، چونکە لە ڕاستیدا ئەوانە کۆمەڵە پرسیارێکی نەمرن، وەک: من کێم؟.. لەکوێوە هاتووم و من بۆ کوێ گوزەردەکەم؟.. کێیە ئەوەی منی ڕەوانە کردووە بۆ ئەم گێتیە؟ وە داوای چی لە من دەکات؟

ئەم پرسیارانەیە ڕۆمی شەکەت کردووە بۆ ئەوەی بگاتە وەڵامدانەوەیان بە دانراوەکانی، لەنێو پانۆڕامایەکی مرۆڤایەتی فراوان و گشتگیردا. ئەو بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە بانگهێشتمان دەکات بۆ گوزەرو سەفەرێکی دوورو درێژ، جارێك بۆ نێو جیهانی ناوەکی (داخلي) خۆمان، جارێکی دیکە بۆ نێو جیهانی دەرەکیمان (خارجي).

کەوابوو با گوێبیستی ئەو دەنگە ببین و گوێی بۆ ڕابگرین، هەروەها بگەڕێین بە شوێن شوێنەوارو ڕچەو ڕێبازەکانی ئەو گوزەرو سەفەرەدا، دەی بۆ ئەوە با جارێك سەردانی باخچەکانی مەسنەوی (مثنوي) بکەین، جارێکی دیکەش تینوێیەتیمان لەسەرچاوەی (فیه ما فیه) بشکێنین، هەروەها با گوێ ڕاگرین بۆ پەڕاوی (دیوانی گەورە) یان بۆ (المجالس السبعة– حەوت کۆڕەکە)، بۆ ئەوەی جارێك ئێمە پرسیار لەو بکەین و ئەویش وەڵاممان بداتەوە، جارێکی دیکەش ئەگەر ئەو ڕێگای پێداین ئێمەش هەستین بە قسەکردن لە بارەیەوە، دەی باوەرگرتن و هەڵێنجانی یەکەممان لەو بارەیەوە ئەم نوکتە بچووکە بێت کە بەڕاستی لەوەیە وەڵامێك بێت بۆ پرسیارەکانمان:

لێرەدا تەنها شتێك هەیە پێویستە لەبیری نەکەین:



Scanned by CamScanner

لێرەدا لەسەر ڕووی زەویدا تەنها شتێك هەیە نابێت لەبیر بكرێت، جا ئەگەر ئەو شتەت لەیادبوو ئەوە دڵتەنگ مەبە بۆ هەموو ئەو شتانەی دیكەی لەیادت كردووە جگە لەوە، بەڵام بەڕاستی ئەگەر هەموو شتێكت یادكردەوەو ئا ئەوەت لەبیركرد، ئەوە هیچت بەدەست نەخستووەو ئەنجام نەداوە، ئەوەش لەمە دەچێت:

ئەگەر خاوەن دەسەڵاتێك ڕەوانەی كردیت بۆ وڵاتێكی دیاریكراو، بۆ ئەنجامدانی كارێكی گرنگ، تۆش ڕۆشتیت بۆ ئەو وڵاتە، بەڵام لەجیاتی هەستان بە تەواوكردن و ئەنجامدانی ئەو كارەی بۆی ڕەوانە كرابووی، بە چەند كاروبارێكی زۆری دیكەوە خۆت خەریك كردو تەواوت كردن، ئەنجامت دان و داواكەی ئەوت پشت گوێ خست، دەی ئا لێرەدا تۆ بڕوات وایە كە شت گەلێكی زۆرت ئەنجام داوە ! ؟

هەرئاوەها، بێگومان ئەی مرۆڤ تۆ بۆ كارێكی گرنگی دیاریكراو بۆ ئەم دونیایە ڕەوانەكراوی، جا ئەگەر تۆ وتت: بەڕاستی من ناتوانم ئەم كارە گرنگە جێبەجێ بكەم و ئەنجامی بدەم، بەڵام هەڵدەستم بە تەواوكردن و ئەنجامدانی كارگەلێكی دیكە، ئەوجا پێت دەوترێت (هاوار بۆ تۆ) تۆ جگە لەوەی بۆ ئەنجامدان و تەواوكردنی ئەو كارە بۆ هیچی دیكە بەدینەهێنراویت.

**من كێم؟!**

ئێستا كەمێك ئەوە ڕوون دەكەینەوە كە لەپێشەوە باسمان كرد، دەی با لە وەڵامی ئەو پرسیارانە بگەڕێین كە لەسەرئاوە خستمانەڕوو، دیارە وەڵامی هەندێك پرسیار ڕوونە، سوڵتان (دەسەڵاتدار) لە نموونەی پێشوودا ئەوە خودای باڵادەستە (جلَّ جلاله)، كەسی فەرمان پێكراویش بە ئەنجامدانی كارە گرنگەكە ئەوە مرۆڤە، ئەو شوێنەش مرۆڤەكەی بۆ ڕەوانە كراوە ئەوە ئەم دونیایە، بەڵام ئەی كارو ئەركە گرنگەكە كامەیە؟ نوكتەكەی پێشەوە بە ڕوونی و ئاشكرا وەڵامی ئەو پرسیارە نەداوەتەوە، ئەو وەڵامە لە هەموو پەڕاوەكانی ڕۆمی دا هەیە بەتایبەتی لە مەسنەوی (المثنوي)دا. جا ئەوەی ئێمە لەم پەڕاوەدا دەمانەوێت گەڕانە دەربارەی



Scanned by CamScanner

وەڵامی ئەو پرسیارە و ڕوون کردنەوەی، دەتوانین وەك وەڵامێکی سەرەتایی و خێرا، بڵێین بەڕاستی ئێمە وەك پاڵێوراوگەلێك ڕەوانە کراوین بۆ ئەم دونیایە بۆ گەیشتن بە ئاستی مرۆڤایەتی بە هەموو شێوەیەك، ئا ئەمە ئەو ئەرکە گرنگو سەرەکییە کە سوڵتان (دەسەڵاتدار) لە ئێمە چاوەڕێی دەکات، لە ئەنجامی ڕەوانە کردنمان بۆ ئەم دونیایە.

کاتێك پرسیار کرا لە بەهائ وەلەدی باوکی ڕۆمی کە گەیشتە بەغداد: (لە کوێوە هاتوویت؟ وە بۆ کوێ دەڕۆیت؟)، وتی: (لەلای خوداوە -جلّ جلاله- هاتووین، بۆ لای ئەویش دەڕۆین!) بەڕاستی ئەمەیە سەفەری ڕاستەقینەی ناوازەو یەکەم، هەموو سەفەرو گوزەرەکانی دیکە بە پلەی دووەم دێن، سەرئەنجام هەموویان لەم سەفەرو گوزەرە ناوازە گەورەیەدا یەکدەگرنەوە.

لەم سەفەرو گوزەرەدا ڕۆمی نەخشە ڕێگایەك دەداتە دەستمان تا بەکاری بهێنین و ڕێگای پێ هەڵبگرین، ئەو لەم نەخشەیەدا ئەو ڕێگایانەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە دەمانگەیەنێت بۆ مرۆڤایەتی ڕاستەقینە، هەروەها بەربەست و مەترسیەکانیشمان بۆ ڕوون دەکاتەوەو، دەمانناسێنێت بەو ڕێنماکارانەی کە دەتوانن لەو مەترسی و بەربەستانە ڕزگارمان بکەن، خۆیشی هەڵدەستێت بە هەڵگرتنی ئاوێنەیەك لە بەردەممانەوە تا ناخی خۆمان لەسەر ڕاستەقینەیی خۆی ببینین. کەوایە، با یەکەم جار دەست بکەین بە ناسینی ناخی خۆمان و خۆمان بۆ ئەوەش پرسیار لە مەسنەوی (المثنوي) بکەین:

من کێم!

ئەی مرۆڤ تۆ لە هەمان کاتدا گیانلەبەر (حیوان)و خاوەنیت (ملاَك).

(لەڕاستیدا گیانلەبەریەتی "لەش و لارت" یەکی گرتووە لەگەڵ خاوەنیەتی "گیان"تدا لەبەر ئا ئەوە تۆ لەیەك کاتدا سەر بە ئاسمانو سەرزەویت).



Scanned by CamScanner

(خودای باڵادەست –جلّ جلالە– فریشتەی دروست کردو ژیری (العقل) پێ بەخشی، گیانلەبەریشی دروست کردو نیازو (الغریزة) ئارەزووبازی (الشهوة) پێ بەخشی.. پاشان مرۆڤی دروست کرد و هەریەکە لە ژیری (العقل) و ئارەزوباز (الشهوة)ی پێ بەخشی.. جا بەڕاستی ئەی مرۆڤ ئەگەر ژیریت زاڵ بوو بەسەر ئارەزووبازیندا ئەوە تۆ بەرزتریت لە فریشتە، بەڵام ئەگەر ئارەزوبازیت زاڵ بوو بەسەر ژیریندا ئەوە تۆ نزمترو بێ بەهاتریت لە گیانلەبەر (حیوان)!

کەوایە من خاوەنی دوو شتم لەشولار (الجسد)و گیان (الروح)، بەڵام بەهای هەریەکەیان بە نیسبەت ئەوی دیکەیانەوە چییە؟ بە کامیان شایانی ئەوە دەبم لەناوزەد بکرێم بە مرۆڤ؟

بەهای لەشولار بە نیسبەت گیانەوە (الروح)، وەک بەهای کیسەیە بە نیسبەت زێڕەوە:

هەروەک چۆن لە ڕاستیدا بەهای کیسە بەپێی بەهای ئەو، ئەو زێڕەیە کە تیایدایە ئاوەهاش بەهای لەشولار (الجسد) بەپێی بەهای ئەو گیانەیە (الروح) کە تیایدایە، کەوایە ئەگەر کیس زێڕی تێدا نەبێت ئەوە بێ بەهایە، هەروەها لەشولاریش ئەگەر گیانی تێدا نەبوو ئەوە بێ بەهایە.

بزانە بەهای گیان (الروح) بەپێی بەهای ڕووناکی خۆشەویستە (جلّ جلالە) کە لەسەری ڕەنگ دەداتەوە.

هەروەها چاک بزانە کە تۆ وەک (دیکارت)ی فەیلەسووف و بیرناسی فەرەنسی بەناوبانگ، پاش چەند سەدەیەک وتوویەتی: "بە ژیری و بیرت مرۆڤیت".

(ئەی برا! بێگومانبە ئەوە ژیری و بیرتە دەتکەنە مرۆڤ، ئەگینا بەهای پێست و ڕەگ و ژێ و ئێسکەکانت چییە ئەگەر ئەو دووانە نەبن!).



Scanned by CamScanner

(هەی هو، هەی هو لەنێوان وێنەی مرۆڤو واتاو مانای دا! ئەی نابینیت کە مردو لە ماڵەکەیدا بۆ چەند کاتژمێرو چرکە ساتێکیش وازی لێ ناهێنرێت بەڵکو ڕاستەوخۆو خێرا دەنێژرێت).

(یاخود بە نواندنێکی دیکە، بەڕاستی کاری تۆ وەك قۆزاخەو (الصدف) لوئلوئە، یان گۆزەو ئاو.. وایە، مەرجیش نییە لە هەموو قۆزاخەیەکدا لوئلوئێك هەبێت.

کەوایە، لەسەر تۆ پێویستە گرنگی بە لوئلو بدەیت نەك بە قۆزاخە، وە نەکەی بە شکڵ و شێوە هەڵبەخەڵەتێیت، دەی تا کەی بەردەوام دەمێنیتەوە هەڵدەدەیت بە جوانی گۆزەداو خۆشی دەردەبڕێت، واز لە جوانیو ڕازاوەیی گۆزە بهێنەو بگەڕێ بەدوای ئاودا!

بێگومان مرۆڤ هەروەك ئادەم ﷺ لە گڵە یانی، لە ئاو و گڵ، ئایا ئاوا نییە؟

بەڵێ، مرۆڤ لە ئاو و گڵە، بەڵام مرۆڤی پێگەیشتوو لە ئاوی سازگاری پاڵێوراو دەچێت.. ئاوی سازگارو ڕوون لە بنیدا چەوو بەردەکان هەروەك خۆیان دەردەکەون، هەر ئەو ئاوە ئەگەر گڵی تێکەڵاو بوو، ئەوە لێڵ دەبێتو ڕوونیو سازگاریەکەی لەدەست دەدات.

لەڕاستیدا پێغەمبەران و (علیهم السلام) دۆستانی خودا (أولیاو الله) لەو ئاوە سازگارە ڕوونە زۆر قوڵە دەچن، جا کاتێك ئاوێکی کەمی لێڵ ئەو ئاوە زۆر سازگارو ڕوونە سەیر دەکات هەست بە کارەکە دەکات و دەڵێت: (کەوایە دیارە لێڵ بوونی من شتێکی دەرەکیەو تووشم بووە، دەتوانرێت ڕزگارم ببێت لێی و لابرێت، دیارە لە ڕاستیدا منیش کاتێك بووە هەروەك ئەوە سازگارو ڕوون بووم). ئەمجا ئارەزووی ئەوە دەکات پاڵبدات بە ئاوی سازگارو ڕوونەوە. دیارە ئەو ئاوە کەمەی کە لێڵ بووە ئەگەر خۆی بگەیەنێتە ئاوی دەریایەکی ڕوونی سازگارو بڕژێتە ناوی بێگومان ئەویش ڕوونو خاوێن دەبێتەوە، بەڵام بێگومان ئەو ئاوە کەمە لێڵەی بە خۆی



Scanned by CamScanner

رادەمێنێ و خۆی جیادەکاتەوەو ئارەزوو ناکات و نایەوێت بڕژێتە ناو دەریایەکی سازگاری ڕوون ئەوە هەر بە لێڵی دەمێنێتەوە[1]. لێرەدا ئەبێ ئەوە بزانین مادام ئاوەکە ئەسڵەو لە بنەمادا ڕوونە، دیارە شتێک لێرەدا هەیە کە نایەڵێت ئاوە کەمەکە تێکەڵی ئاوێکی زۆری ڕوونی سازگار ببێت و ئەویش ڕوون دەربکەوێت، واتە لێرەدا هاودەمێکی خراپ هەیە، دیارە ئەوەش گڵەکەیە.

گڵو ئاو.. قۆزاخە (الصدف) و لوئلوء.. بە کورتی مەبەستمە بڵێم، بەڕاستی لەمندا بەهاداری و بێ بەهایی کۆبووەتەوە.

بەڵێ بەڕاستی لە تۆشدا ئەو دووانە کۆبوونەتەوە، لەبەرئەوە تۆ لە هەمان کاتدا جیهانێکی بچووک و جیهانێکی گەورەشی.

**پوختەی قسە:**

تۆ لەبارەی لەشولارتەوە بچوکترین شتی لە جیهاندا، بەڵام گەورەترین جیهانیت لە بارەی ئەو واتاو مانایەی هەڵت گرتووە.

دەی کەوایە خەلکی لە ڕوانگەی ڕواڵەتی دەرەکییەوە هەموویان لەیەک دەچن، بەڵام بێگومان بەپێی ئەوەی بەها ناوەکیەکان بەهەموو جۆرێک جیاوازن، دیارە ڕواڵەتی دەرەکی مرۆڤ بەس نییە بۆ ئەوەی مرۆڤ بە واتاو مانا مرۆڤ بێت. بێگومان بەس نییە، سەرنج بدەو بیر بکەوە، چی ڕوو دەدات ئەگەر ئەوە بەس بێت: (ئەگەر ڕواڵەتی مرۆڤ بەس بێت بۆ ئەوەی مرۆڤ بە واتا مرۆڤ بێت، ئەوە بەهاو پلەی گەورەمان موحەممەدﷺ وەک بەهاو پلەی ئەبو جەهل ئەبێت، خۆ لە ڕاستیدا دەست و مەچەک و سەرو لەشولاری موسا ﷺ لە دەست و مەچەک و سەرو

---

[1] لێرەدا مەبەست ئەو کەسەیە کە تێکەڵ بە هاوڕێی خراپ و لاسارەو بە خۆی ڕادەمێنێ و نایەوێت تێکەڵ بە کەسی گەل و هاوڕێ گەلێکی چاکو ڕەوشت بەرز ببێت تا بەهۆی ئەوانەوە بە چاک ناوبەریکات لە کۆمەڵگادا



Scanned by CamScanner

لەشولاری فیرعەون دەچێت، کەچی ئەوەتا موسا ﷺ لە ئاسمانە بەرزەکاندایەو، فیرعەونیش لە نزمترینی نزمەکاندایە.

دەی بەپێی ئەوەی رواڵەتی دەرەکی مرۆڤ هەڵخەڵەتێنەرە، چۆن دەبێت ئێمە ئەو بەهایە ئەزانین کە مرۆڤ هەڵیگرتووە لە ناخیدا، بۆ ئەوەی راستەقینەیی (حەقیقەت)ی هەر شتێك بزانین؟! پێویستە لەسەرمان کە بنەماو بنەچەکەی بزانین، بۆ نموونە ئەگەر تۆ هەستایت بە کردنی شەکر بە کولێرەیەك (نانێك)، دڵنیا بە تامەکەی هەر بە شەکری دەمێنێتەوەو نابێت بە نان، جا بۆ ئەوەی ئێمە بزانین ئەوەی دەیخۆین نانە یان شەکرە پێویستە یەکەمجار تامی بکەین، چونکە بەڕاستی چاو ناتوانێت ئەوە جیا بکاتەوە، لەبەر ئا ئەوە هەر مرۆڤێك کە لە رواڵەتی دەرەکیو هەڵسوکەوتیدا وەك قاڵبی شەکر وابوو، بەشەکری دامەنێ.

ناوەکان بەردەوام لە هەڵخەڵەتاندندا لێك دەچن
بێ باوەڕو باوەڕدار لە شێوەی مرۆڤێکدان!
بەڵام لە ڕاستیدا ئەو لێکچوونە تەنها لە شێوەدایە..
بێگومان ئەم لەشولارانە وێنەی گۆزە گەلێکی داخراون..
گرنگ شێوەی گۆزە (کونە)کە نییە، بەڵکو گرنگ ئەوەیە وا لە ناویدا!
بەڕاستی لێرەدا گۆزە دەبینیت پڕە لە ئاوی ژیان
هەروەها گۆزەش دەبینێت پڕە لە ژەهری کوشندە..
کەچی هەردوکیشیان لە شێوەی گۆزە دان!

بەڕاستی مرۆڤ وەك درەخت وایە، جا درەختێکی بەردار، باشترە لە سەد درەختی بێ بەرو زڕ..



Scanned by CamScanner

بەڕاستی تا ئێستا دوو لایەنی مرۆڤمان لە ڕووی بەدیهێنانو سروشتییەوە خستەڕوو، دەی ئەگەر هەر وابێت کە من خاوەنی لەشولارو ناخ بم، ئیتر بۆ دەبێت هەستم بە ئەرێ کردنی لەشولارم و وای دابنێم نییە !

کەوابوو لە ڕاستیدا باس لە ئەرێکردنیدا یان لەوەدا کە نییە، نییە، بەڵکو بەڕاستی باسی ئەوەیە کامیان لە لەشولارو ناخ فەرمان بەسەر ئەوی دیکەیاندا دەکات، جا ئەگەر بەڕاستی وەڵامت دەوێت باش گوێ ڕابگرە بۆ ئەم بەیتانە:

هەروەک دەبینی کە ئەسپ چاوی هەیە

هەروەهاش سوارەکەش چاوی هەیە

بەڵام لە ڕاستیدا ئەسپی باش بە چاوی خاوەنەکەی دەبینێت نەک بە چاوی خۆی

جا چاوی سەری تۆش هەروەها پێویستە وەک ئەو ئەسپە گوێڕایەڵ بێت!

گوێڕایەڵی ئەو دەسەڵاتدارە بێت دووربینی و ژیری ئەو ڕێنوێیی دەکات..

بەڵام ئایا بەردەوام دەبێت کە چاوی ئەسپەکە نەیاری چاوی دەسەڵاتدار بێتو ملەجیڕێی بکات، یان ناخ نەیاری ژیری بێتو لەگەڵیدا لە ملەجیڕێو زۆرانبازیدا بێت؟ ئایا ناکرێت دۆستایەتی و یەک خوێندنەوە لەنێوانیاندا هەبێت؟

ئەو ئاواتە زۆر گرانە بێتە دی، چونکە لەڕاستیدا لەشولارت ئەوە ئەسپەکەتە، دونیاش تەویلەی ئەو ئەسپەیە، ئالیک و خۆراکی ئەسپیش هەرگیز ناگونجێت کە ببێتە خۆراکی خاوەنەکەی، لەبەرئەوەی لە ڕاستیدا خۆراک و خواردنگەو نوستنی خاوەنەکەی زۆر جیاوازە، بەڵام کاتێک کۆیلەو ئەسیری لەش و لارت بیت، ئەوە بێگومان دەتوانیت بخەویتو دابنیشیتو پشوو بدەیت لە جێگەو تەویلەی ئەسپەکەدا.

لەش و لار و گیان (روح)، هەروەها ناخ (نفس) و ژیری (عقل) هەمیشە لە ململانێ و دەمەقاڵێی بەردەوام دان، ئەو ململانێ و دەمەقاڵێیە وەک حاڵی



Scanned by CamScanner

مەجنوونی لەیلاو وڵاخەکەیەتی، مەجنون سواری وشترەکەی بوو و لەغاوەکەی توندکردو بەرەو بارەگای خۆشەویستەکەی (دڵدارەکەی) وشتری بەڕێ کرد، وشتریش هەر چاوی لە دوای خۆی بوو دڵتەنگو غەمبار بۆ بێچووە بچووکەکەی کە لە دوای خۆی بەجێی هێشتبوو، جا وشتر هەر کاتێک هەستی دەکرد بە شلبوونی لەغاوەکە دەیزانی کە وەنەوز (خەو) مەجنونی داگرتووە، بۆیە خێرا ئەو فرسەتەی دەقۆزتەوەو بە خێرایی دەگەڕایەوە بەرەو بێچووە بچوکەکەی، جا کاتێک پاش ماوەیەک مەجنون هەستی کرد ڕێگای نەبڕیوەو، بەڵکو بەردەوام لە سەرەتا سەفەرەکەیدایە بە گەرم فرمێسکی هەڵڕشت و وتی: (ئەی وشتر! هەردوکمان عاشقین، بەڵام خۆشەویستی (معشوق) هەردووکمان جیاوازە، لە ڕاستیدا ڕێگای من بۆ گەیشتن بە خۆشەویستەکەم زیاتر لە دوو ڕۆژ ناخایەنێت، بەڵام بەڕاستی من کەوتمە کەمینی تۆ، وا شەست لە تەمەنم لەم ڕێگایەدا تێپەڕی و هەر نەگەشتمە ئاواتەکەم)!

کەواتە خودای باڵادەست -جلَّ جلالە- هەندێك شمەکی بە ئێمە بەخشیوەو دواتر داوای لێکردوین کە ئاگاداریان بین، کەوایە هۆی چییە ئاخ (نفس)و ئارەزووی شەهوەت بازی پێ بەخشیوین؟

بەڕاستی ئەو دووانەی پێ بەخشیویت بۆ تاقیکردنەوەت، چونکە بێگومان ئەم دونیایە خانەی تاقیکردنەوەیە، دەی ئەگەر لێرەدا هیچ تاقیکردنەوەیەک نەبێت چۆن پیس و گەندەڵ لە پوختو چاك جیادەکرێتەوە.

ئایا جیهاد کردن بەبێ بوونی دوژمنان و نەیاران دەبێت؟

هەروەها بەها بۆ گوێڕایەڵی چۆن دەبێت بەبێ بوونی شەهوەتبازی کە نەیەڵێت وابەست بێت بە گوێڕایەڵییەوە؟

کەوایە، وەك تەرکە دونیا (الرّهبان) خۆت مەخەسێنە، بەڵکو تێبکۆشەو هەوڵ بدە داوێن پاك بێت لەگەڵ بوونی شەهوەت بازی و ئارەزوو بازیدا.

لە ڕاستیدا خودای باڵادەست -جلَّ جلالە- فریشتەی بەدیهێناوە لە ژێری پوختەو، گیانلەبەریشی لە ئارەزوو شەهوەتبازی پوختە، مرۆڤیش لەو دوو نێوانەدا، ژیری و ئارەزوو شەهوەتبازیشی تیادا کۆکردۆتەوە، تا جیاوازی لەنێوان دژو دژەکەیدا دەربکەوێت و ڕوون ببێتەوە، وەك: نێوان ئادەم ﷺ و ئیبلیس، وە نێوان موسا ﷺ و فیرعەون، ئیبراهیم ﷺ و نەمروود، هەروەها نێوان پێغەمبەر ﷺ و ئەبو جەهل.

لە هەموو ئەوەی پێشەوەدا دەردەکەوێت و ڕوون دەبێتەوە کە لێرەدا دوو جۆر لە جوانی و دوو جۆر لە ناشرینی هەیە: جوانی لەش و لارو جوانی گیان (روح)، هەروەها پێچەوانەکانیشیان. ئێمە بێگومان سەربەستیمان نییە لە بژاردەو ئیختیاری لەش و لارماندا، بەڵام بەپێی ئەوەی کە لە ڕاستیدا ئێمە دەتوانین وێنای ناوەکی خۆمان دروست بکەین و بینا بکەین، بێگومان لە تواناماندایە ڕەوشت و هەڵسوکەوتمان جوان بکەین، گرنگیش لە ڕاستیدا ئەوەیە.

هەر ئاوەهایە بەتەواوی ڕۆمی دەڵێت: (خەلکی دەڕوانن بۆ جوانی پەرداخەکە، بەلام لە ڕاستیدا من وێڵی ئەوەم وا لەنێو پەرداخەکەدا، سوودی چییە ئەگەر پەرداخەکە لەزێڕ بێت، بەلام ئەوەی لەنێویدایە ژەهری مار بێت؟ وێنەو شێوەی مرۆڤ و جوانیە ڕواڵەتیو دەرەکیەکەی لەو نەخش و نیگارە دەچێت کە لەسەرروی پەرداخەکەیە، بێگومان کە پەرداخەکە شکا نەخش و نیگارەکەش ون دەبن، دەی تۆ بەدوای ئەو شتەدا وێڵ بەو بگەڕێ کە ون نابێت)!

کاروبار لەلای خودای باڵادەست ئاوەهایە، جا تۆش ئەگەر دەتەوێت کە گرنگ و ناگرنگ لەلای خودای باڵادەست -جلَّ جلالە- بزانیت، وەرە گوێ ڕابگرە بۆ ئەم حیکایەتە:



Scanned by CamScanner

## ناشیرینی وێنە (ڕواڵەت)و ناشرینی گیان (ڕۆح):

دەسەڵاتدارێك دوو بەندەی هەبوو، یەكێكیان ڕەش پێستێكی ناشرین بەڵام خاوەن ڕەوشتێكی چاك، ئەوی دیكەیان سپی پێستێكی شێوە جوان بەڵام ڕەوشت ناشرین، دەسەڵاتدار بەندە جوانەكەی ڕەوانە كرد بۆ ڕاپەڕاندنی كارێك، بەوی دیكەشیانی وت:

من باش دەزانم كە تۆ بەندەیەكی ژیرو كارامەی، بەڵام بەلامەوە سەیرە ئەو هاوەڵەت هیچ شتێكی خراپی نەهێشتۆتەوە كە نەیدابێتە پاڵت، وتوویەتی: بەڕاستی تۆ دزیت و بێ ئابڕوویت و، بێ حەیاو شەرمی، ئایا ئەوە ڕاستەو هیچ بنەمایەكی هەیە؟

ئاوا دەسەڵاتدار ویستی كە شلوێی بكات‌و بیجوڵێنێ تا دژ بە هاوەڵەكەی قسە بكات، بەڵام بەندەی ناشرینی ڕەوشت بەرز بە شێوەیەك وەڵامی دەسەڵاتداری دایەوە كە هەرگیز چاوەڕێی نەدەكرد، وتی:

(ئەی گەورەم! هەموو ئەوەی هاوەڵەكەم وتوویەتی دروستە، بەڵكو من زۆر لەوەی ئەو وتوویەتی زیاتر خوو خەدەی خراپم هەیە، بەڵام دیارە ئەو لەبەر ڕەوشت بەرزی و باشی خۆی زۆرێك لە خوو خەدە خراپەكانی منی شاردۆتەوە تەنها كەمێكی لێ باس كردووە).

دەسەڵاتدار وتی: (زۆرباشە، هەرچۆن ئەو خراپەكانی تۆی ژمار دەكردو خستەڕوو، تۆش هەروەها خراپەو عەیبەكانی ئەوم بۆ باس بكەو بخەڕوو).

بەندەكە وەڵامی دایەوەو وتی: (لە خراپەو عەیبەكانی: بەڕاستی ئەو كەسێكەو خەڵكی خۆش دەوێت، بەوەفایە، بەڕێزو بەخشندەیە، پاش ئەوانیش دوو عەیبی دیكەشی هەیە كە ئەوانیش: خۆ بەكەم زانین‌و قوربانی دان(لەخۆبوردن)ە).



Scanned by CamScanner

ئا بەو شێوەیە یەك لە دوای یەك هەموو سیفەتە جوانەکانی هەژمارکرد، پاش ماوەیەك سوڵتان ئەو بەندە ڕەشەی ڕەوانە کرد بۆ ئەنجامدانی کارێكو بەندە سپی پێستە جوانەکەی بانگهێشتی لای خۆی کردو، ئەوەی بە بەندەڕەشەکەی وتبوو بۆ ئەویشی دووبارە کردەوە و وتی:

(لە ڕاستیدا ئەو بەندە ڕەشە کۆمەڵێك سیفەتو کرداری خراپو قێزەونی داوەتە پاڵت، بەڵام بەڕاستی من وا نابینم ئەو هەموو سیفەت و کردارە خراپ و قێزەونانە لە تۆدا هەبێت کە ئەو باسی کردووە، بەڵکو وات دەبینم زیرەكو خاوەن گەلێك توانای سیفەتو کرداری جوانیت.

بەندە جوانو سپی پێستەکە هەر ئەوەندەی ئەو وتەیەی سوڵتانی بیست تووڕەبوونێکی بێ سنور گرتیو، دەستی کرد بە باسکردنی خەروارێك لە چاکەو چاکەکاریو سیفەتە جوانەکانی خۆی لەلایەکەوەو، لەلایەکی دیکەشەوە عەیبو عارو سیفەت و کرداری ناشرینی ئەهێنشتەوە کە ئەیداتە پاڵ بەندە ڕەشەکە).

سوڵتان هەر کە گوێبیستی وتەکانی بوو هەستا بە دەرکردنی لە کۆڕەکەیداو وتی:

(ئەی ناخ بۆگەن! هەرچەند ڕواڵەتی ئەو پیاوە ڕەشە بەڵام بەڕاستی ناوەوەو ناخی وەك بەفری یەکشەوە سپییە، بەڵام تۆ ڕواڵەتت سپییە بەڵام لە ڕاستیدا دڵو ناخت تاریك و بۆگەنە، بڕۆ لەچاوم ون بە، جارێکی دی ڕووت نەبینم!).

ئەم حیکایەتە کۆمەڵێك وانا لە خۆی دەگرێت، ئەوەی من لە هەموو ئەوە تێگەیشتم ئەوەیە کە مرۆڤیەتی مرۆڤ بە ئاسانی بەدەست نایەت.

بەڵێ، ئەم نوکتەیەی داهاتوو ئەوە دڵنیا دەکاتەوە:

ئەگەڕێم بەدوای مرۆڤدا:



Scanned by CamScanner

له خودا ترسێك (راهب) ڕۆژێك به چرایەکەوه له کۆڵان و بازارەکاندا دەگەڕێت و خول دەدات، کەسێك له بێئاگایان پرسیاری لێ دەکات:

بۆچی بەم چرایەوه بەم نیوەڕۆیە ئەملاو ئەولا دەکەیتو دەگەڕێیتو دەخولێیتەوه؟!

بەدوای مرۆڤ دا دەگەڕێم!

ئای لەوه! ئەی ئەو هەموو خەڵکە نابینیت بازاڕەکانیان لێوان لێو کردووه؟

نەخێر، نەخێر وا نییه، کار وا نییه که تۆ دەڵێیت، بەڕاستی من دەگەڕێم بەدوای مرۆڤی ڕاستەقینەدا، جا ئەگەر دیمەوه ڕازیم که ببمه خاکو خۆڵ لەژێر پێیەکانیدا!!





Scanned by CamScanner

## پلەکانی مرۆڤ:

مادام مرۆڤ بەپێی تێگەیشتنی ژیری و گیانی مرۆڤە، کەوایە لێرەدا بەقەد ژمارەی ئەو خەڵکەی لەسەر ئەم سەر زەوییە هەیە پلەگەلێك هەیە لە مرۆڤایەتی بووندا. بەڵێ.. بەپێی ڕای ڕۆمی پلە گەلێك لێرەدا هەیە لە بڵندبوونەوەی مرۆڤایەتیدا، واتە هەر مرۆڤێك پلەیەکی هەیە لەو بڵندبوونەوەیەدا، ڕۆمی دەڵێت: (لەم جیهانەدا پەیژەگەلێکی نادیار پلە پلە بەرزبووەتەوە لەسەر زەوییەوە بۆ ئاسمان هەموو مرۆڤێکیش لە پاپەیژە (مصعد) و پلەیەکی جیاوازدایە).

بێگومان ئێمە ناتوانین بگەینە ئەوەی کە هەموو مرۆڤێك بناسین، بەڵام ئایا دەتوانین سەرنشینانی ئەو پەیژانە دابەش بکەین بۆ کۆمەڵێکی مرۆڤایەتی دیاریکراو؟

بەڵێ، دەتوانین دابەشیان بکەین بۆ دوو جۆر: مرۆڤی کاڵ و کرچ و، مرۆڤی پێگەیشتوو. ئەوانەی دەزانن و ئەوانەی نازانن، نەخۆشان و پزیشکان ڕێبواران و ڕێنماکاران.. ئەبێت ئەوەش لەبیر نەکەین کە لێرەدا پێگەیشتوانی ڕواڵەت و (بێ ناوەڕۆك)، زانایانی بە ڕواڵەت و، نەخۆشانێك لە بەرگی پزیشکاندا و، لاسایی کەرەوان هەن.

ڕۆمی وا دەبینێت کە منداڵیەتی و گەورەیی، پەیوەندیان بە تەمەنەوە نییە، بەڵکو پەیوەندییان بە پلەی پێگەیشتنەوەیە. ئەوانەی شوێن ئارەزووەکانی منداڵی دەکەون، بە منداڵ هەژمار دەکرێن لە هەر تەمەنێکدا بن و گەشتبنە هەر تەمەنێك! دەڵێت: (سیفەتی پێگەیشتن تەنها شایستەی سەرخۆشانی حەق و ڕاستیە، ئەوانەی بەسەر ئارەزووەکانی دونیادا بەرزبوونەتەوە، بەڵام ئەوانەی ئارەزووە بێ مانا منداڵیەکان زاڵ بووە بەسەر کاروبارو هەڵسوکەوتیاندا، هەرچەند کات تێپەڕێنن هەر بە منداڵی دەمێننەوە).



Scanned by CamScanner

لەلایەکی دیکەشەوە بەڕاستی نەخۆشی هەر عیبارەت نییە لە نەخۆشی لەش و لار، هەروەها پزیشکایەتی هەر عیبارەت نییە لە پزیشکایەتی و چارەسەری لەشولار، چونکە زۆربەی خەڵکی لە ڕووی سەرنج و ڕادەربڕین و بیروباوەڕەوە نەخۆشن. بەلام پزیشکانی ڕاستەقینە بەڕاستی پزیشکانی گیانن (الروح)، ئەوانەی چارەسەری ئەو نەخۆشانە دەکەن کە تووشی ئەو جۆرە نەخۆشیانە بوون.

ئا ئەو پزیشکانە بە نەخۆشەکانیان دەڵێن: (ئێمە پزیشک گەلێکین زانستەکانمان لە خودای باڵادەستەوە وەرگرتووەو فێربووین، نەک لە پەڕاوە پزیشکیەکانەوە، بۆیە ئەوەتا ئێمە چارەسەری نەخۆشانی دڵ و گیانەکان (الارواح) دەکەین، بەلام پزیشانی دیکە چارەسەری نەخۆشانی لەشولار دەکەن. پاشانیش بە ڕاستی ئێمە وەک پزیشکانی لەشولار داوای هیچ بەهاو کرێیەک ناکەین، لەبەرئەوەی لە ڕاستیدا خودای باڵادەست –جلّ جلاله– کرێی ئێمە دەدات زۆر بە زیادەوە، کەوایە ئەی نەخۆشانی بێ هیواو وەڕس وەرن.. وەرن.. دەرمانی دەردو نەخۆشیەکانتان لای ئێمە هەیە).

کەوایە لێرەدا منداڵان و پێگەیوان و نەخۆشان و پزیشکان هەن.. بەلام جیاکردنەوەیەکی دیکە هەیە ئەوەش جیاکردنەوەی پلەی زانست (المعرفە) و ژیریە ئایا ئا ئەوە وانییە؟ بەڵێ بێگومان، چونکە لەم سەفەرە دوورو درێژە تاریکەدا جگە لە ڕووناکی (چرای) ژیری هیچی دیکە ڕێگای مرۆڤ ڕووناک ناکاتەوە، ئەبێ ئەوەش بزانین ژیریەکان هەندێکیان زۆر جیاوازن لە هەندێکی دیکەیان: "بێگومان ژیریەکان بەپێی وزەو توانایان بەرەو ئاسمان پلە بەندی دەکەن و ڕیز دەبن".

لەسەرو ئەو جیاوازیە بێ کۆتاییانەوە، دەتوانرێت خەڵکی بەپێی ڕووناکی ژیریەوە دابەش بکرێن بۆ سێ کۆمەڵی سەرەکی: ژیرمەندەکان، نیو ژیرمەندان، وێڵەکان (البلهاء).



Scanned by CamScanner

**نیشانەی ژیرمەندەکان (العقلا )** لە ڕاستیدا ئەوەیە کە ئەوان بە ڕووناکی ناوەکی خۆیان ڕێ بەدی دەکەنەوەو، ڕێگا ڕووناک دەکەنەوە، بەو ڕووناکیە جارێک بۆ خۆیان ڕێگا ڕووناک دەکەنەوەو، جارێکی دیکەش هەڵدەستن بە ڕێنمایی کردنی کاروان، ئەوە ئەو ژیرییە کە بێگومان ژیری بڕواداری تەواوە.

**نیشانەی نیو ژیرمەندانیش** لە ڕاستیدا ئەوەیە کە ئەوان خودی خۆیان ڕووناکیان نییە، بەڵام بەڕاستی ئەوەندە بەسیرەو دووربینی و سەرنجدانیان هەیە کە بەسیان بێت بۆ ئەوەی شوێن کەسانی دی بکەونو، چاوو ڕووناکی ئەوان بکەنە چاوو ڕووناکی بۆ خۆیان، جا نموونەی ئەوانە: ئەوانەن هەرچەند خۆیان توانای بینینێکی تەواویان نییە، بەڵام دەزانن چۆن سوود وەربگرن لە بینینی کەسانی دیکەی خۆیان.

**کۆمەڵەی سێیەمیش وێڵ و نەفامەکانن** ئەوانەن یەک گەردیلە ژیریان نییەو، لە کەسانی دیکەش سوود وەرناگرن، لەبەرئەوە ئەوانە هەمیشە لە تاریکیو شەوەزەنگێکی کوێرانەدا دەژین، بەبێ سوود لێرەو لەوێ دێن و دەچن و بەرزی و نشێوی لەپێ دەدەن، هەوڵی ئەوەش دەدەن بیابان گەلێکی فراوان تەی بکەن.

لێرەدا دیارە بەڕاستی ئەو جیاوازیە بێکۆتاییانەی نێوان خەڵکی لە ڕووی ژیری و لەڕووی هەڵسوکەوت و ڕەوشتەوە، دەبنە هۆی ئەوەی کە هەندێکیان ببنە فێرکار (معلمین) و، هەندێکیان ببنە فێرخواز (التلامیذ)، بەڵام ئایا ئەو فەرمانی فێرکردنە بۆ چ ئاستێک پەل ڕادەکێشێت و درێژ دەبێتەوە؟

بێگومان، لەسەرو هەر خاوەن زانستێکەوە زاناترێک هەیە، گەورەترین مامۆستایانی مرۆڤایەتیش پێغەمبەرانن -علیهم السلام-، لەبەرئەوەی لە ڕاستیدا مامۆستای پێغەمبەران -علیهم السلام- خودای باڵادەستە..

لەبەرئەوە زانست و زانیاری پێغەمبەران -علیهم السلام- زانست و زانیارییەکی تەواو و بێ کەم و کوڕیە، ڕزگاربوون و سەرفرازیش نییە جگە لە بەپەیڕەوی کردن



Scanned by CamScanner

نەبێت لەوەی کە ئەوان لەسەری ڕۆیشتن، هەروەها ئەو بنەمایانەی کە ئەوان دایان ناوە.

کەوابە بۆ هەر لایەنێك لەو دوو لانە لێرەدا ئەرك و گرنگیەك هەیە، کەواتە پێویستە لەسەر ڕێنماکار (المرشد) کە ڕێنماکارێکی باش بێت، هەروەها لەسەر ڕێبواریش (المسافر)، پێویستە کە خۆی ڕادەستی فەرمان و ئامۆژگاری ڕێنماکار بکات.

لە ڕاستیدا ئا ئەوەیە کە پێویستە، بەڵام نەبێت ئەوە بزانین لە هەموو حاڵەکاندا کاروبارەکان ئاوەها ناڕۆن بەڕێوە، ڕۆمی ئەوە ڕوون دەکاتەوەو دەڵێت: (ئەگەر دوو باڵندەی زیندوو ببەسترێن بە یەکەوە، بێگومان ئەوان ناتوانن بفڕن لەگەڵ ئەوەشدا کە چوار باڵیان هەیە، بەڵام ئەگەر یەکێکیان زیندوو ئەوی دیکەیان مردوو بێت، ئەوە باڵندە زیندووەکە دەتوانێت مردووەکە هەڵبگرێت و پێوەی بفڕێت، لەبەرئەوە پێویستە لەسەر مرۆڤ کە بزانێت چۆن خۆی پیشان دەدات لەبەردەم ئەو کەسەدا کە دەتوانێت فڕینی پێ بکات، واتە دەبێت بە هەموو شێوەیەك وابەستی ڕێنمایی‌و ئامۆژگاریەکانی بێت‌و، واز لە ویست‌و ئارەزووەکانی خۆی بهێنێت.

بەڵام کەسی ڕاماو بە ژیری خۆی‌و، خۆبەشت زان کەسێکی تر چۆن دەتوانێت فڕینی پێ بکات‌و ڕێنمایی‌و ئامۆژگاری بکات؟!

ڕێنماکارانی دڵسۆز و پایەبەرز لێوان ڕێژن لە سۆزو میهرەبانی بۆ ئەوانەی لە دووریانن، ئەوان لەو شوانانە دەچن کە مێگەلەکەیان دەپارێزن و چاودێریان دەکەن، جا ئەوانە کاروباریان ڕادەستی سۆزو میهرەبانی ئەو ڕێنماکارانە ناکەن، یەکەمجار خۆیان دەهاوێنە ناو تیاچوون و لەناوچوون‌و، دووەمیش ئەو ڕێنماکارانە شەکەت و وەڕس دەکەن کە بەردەوام ڕادەکەن بە دوایاندا تا ڕێنماییان بکەن بۆ ڕێگای ڕاست و سەرفرازی.



Scanned by CamScanner

## موسا پێغەمبەرو مەڕە گوم بووەکەی

مەڕێك لە ڕانە مەڕەکەی موسا ﷺ تەری، ئەویش تا ئێوارە بەدوایدا گەڕا لە ترسی ئەوەی نەوەکو گورگ بیخوات، لەپاش گەڕانێکی زۆر توانی بیدۆزێتەوەو بیگرێت، جا کە گرتی زۆر بە سۆزو میهرەبانیەوە دەستی پیا ئەهێناو پێی دەوت: "ئەی مەڕەکەم بڕوانە بۆ پۆشاك و نەعلەکانم چۆن دڕاون و هەلا هەلا بوون، بەڕاستی زۆر شەکەتت کردم، ئایا بەزەییت پێمدا نایەتەوە؟ با بڵێین وا تۆ بەزەییت بە مندا نایەتەوە، ئەی نابێت بەزەییت بە خۆتدا بێتەوە، دەی بۆچی خۆت تووشی تیاچوون و لەناوچوون دەکەیت؟".

لەبەردەم ئەم تابلۆیەدا خودای باڵادەست -جلَّ جلالە- فەرمووی بە فریشتەکانی: (بەڕاستی ئێستا موسا ئامادەیە بۆ پێغەمبەریەتی)، لەبەرئەوەیە پێغەمبەرمان ﷺ دەفەرموێت: (هەرگیز خودا -جلَّ جلالە- هیچ پێغەمبەرێکی ڕەوانە نەکردووە تا شوانی ڕانە مەڕی ئەنجام نەدابێت، تا بەهۆی ئا ئەوەوە فێری چاودێری و سەرپەرشتی خەڵکی ببێت).

هەموو کەسێکی(الإداری) بەڕێوەبردن لە ڕاستیدا وەك شوان وایە مافی ژێر دەستانی چاودێری دەکات و دەی پارێزێت.

پێش کەمێك ڕێنماکارانتان نواند بەو چرایانەی ڕێگای ڕێبوارانی دیکە ڕووناك دەکەنەوە، دەی کەوایە، ئایا ئەرکی ئەو ڕێبوارانە نییە کە ئەو چرایانە لەسەر سەریان بەرز بکەنەوەو لەسەر سەریان دابنێن؟

بەڵێ، بێگومان بە مەرجێك کە بزانن ئەو چرایانەی کە لەسەر سەریان بەرز ڕایان گرتوون بۆ بەرژەوەندی خودی خۆیانە، لەبەرئەوە سەیر دەکەین ڕۆمی کاتێك نەفامێك دەبینێت لە دانیشتنێکدا لە سەرووی یەکێك لەو زانایانەوە دادەنیشێت کە لەو دانیشتنەدان دەڵێت:



Scanned by CamScanner

(بەڕاستی مۆم کە ئارەزووی ئەوەیە کە لە شوێنێکی بڵند دا بێت ئەوە لەبەر خاتری خودی خۆی نییە، بەڵکو بۆ ئەوەیەتی باشتر ڕووناکی ببەخشێتە خەڵکی، ئەگینا ئەو هەر مۆمە، جا لە خوارەوە بێت یان لەلای سەرەوە بێت! هەروەها خۆریش هەر خۆرە لە هەر کوێیەکدا بێت، بەڵام ئەوەندە هەیە ئەگەر لە خەڵك نادیار بێت و نەی بینن، ئەوە خەڵکەکە لە تاریکیدا دەبن!).

نموونەیەکی دیکە: ئەگەر تۆ زێڕت لە ژێرەوە داناو زیوت لە سەرەوە دانا ئایا کامیان بەهادارترن؟! بێگومان هەر زێڕەکە، هەروەها هەمان شت دروستە بە نیسبەت ئەو ئاردەی لەژێر هێڵەکەدایەو ئەو کەپەکەی لەناو هێڵەکەدا ماوەتەوە! چونکە بەهای ئاردەکە لە خودی ئاردەکە خۆی دایە نەك لە شوێنەکەیدا، لەبەر ئائەوە بەڕاستی پێغەمبەری خودا ﷺ کاتێك کە وڵاتانی فەتح کردووەو ئاینی پیرۆزی ئیسلامی پێ ڕاگەیاندون، مەبەستەکەی ڕێنماییکردنی ئەو خەڵکانەی تر بووە بەرەو بەهەشت و ژیانی هەمیشەیی دوایی، نەك بەرزکردنەوەی شان و شکۆی خۆی، هەروەك وتراویشە: "ئەم دەستە بۆ بەخشین بەدیهاتووە نەك بۆ وەرگرتن"، هەر ئاوەهاش لە ڕاستیدا دەستی ئەو ڕێنماکارانە بۆ بەخشین و پێدانە نەك بۆ وەرگرتنی هیچ شتێك، ئەمجا بەڕاستی ئەو مرۆڤەی ببێتە جێگەی مەدح و ڕەزامەندی خودای باڵادەست ئاتاجی مەدح و وەسفی خەڵکی نییە، سەرنج بدە چۆن خودای باڵادەست -جلّ جلاله- خەڵکی دەکاتە هۆکارێك بۆ بەرزکردنەوەی شان و شکۆی دۆستانی خۆی.

ئێمە لە سەرەتای ئەم بابەتەدا بێگومان دواین دەربارەی لاسایی کاران و خاوەنانی پڕوپاگەندە بەتاڵەکان، بەڕاستی ویستمان ئەوەیە کە بەوان کۆتایی بە بابەتەکە بهێنین:



Scanned by CamScanner

ڕۆمی دەربارەی ئەوانەی چرای ژیری و دووربینیان کوێر بووە لە خاوەنانی پڕوپاگەندەی بەتاڵ و هیچ و پوچ، دەڵێت: (هەندێکیان دەڵێن: ئێمە دەرکمان کردو بینیمان و زانیمان، کاتێك تۆ دەستەوسانیت لە بینینی وشترێك لەسەربان، ئیتر چۆن ئەوە دێت بە بیرتا کە خەڵکی بە ڕاستت بزانن و بڕوات پێ بکەن، کاتێ کە تۆ دەڵێیت بەوەی کە تۆ موویەکت کردووە بە کونی دەرزیدا؟ من پێکەنینم بە دوو کەس دێت: بەو ڕەش پێستەی پەنجەکانی بە بۆیەی ڕەش بۆیە دەکات، وە بەو نابینایەی لە پەنجەرەوە سەری سەرەو خوار دەکاتەوە بۆ بینینی دەرەوە! هەر ئاوەهاش ئەوەی چرای ژیری دووربینی کوێر بوو بێت، ناتوانێت کە شتێکی وەها ببینێت لە چاوی سەریەوە، هەروەها لەلای ژیریش وتەی نابینایەك بەهای نییە کە بڵێت بەڕاستی ئەو دەبینێت).

## ماڵی دونیا

ئەگەرچی بە شێوەیەکی جوزئیش بێت زانیمان لەوپەیژەیەدا کە درێژ بووەتەوە بۆ ئاسمان، دوو جۆر لە خەڵکی هەیە: مرۆڤی پێگەیشتوو، مرۆڤی سەراسیماو کاڵ فام. ئێستا دەمانەوێت هەڵوێستی هەریەکەیان بزانین بەرامبەر ئەو دونیایەی بۆی ڕەوانە کراون:

مرۆڤی سەراسیماو کاڵ فام ئەوە لەبیر دەکات کە لە ڕاستیدا ئەو لەو دونیایەدا بۆی ڕەوانە کراوە ڕێبوارە، لەبەرئەوە وای دادەنێت کە ئەو لەوێدا نەمرە، بەهۆی ئەوەوە هەروەك منداڵێکی ساوا لەغاو شۆڕ دەکات بۆ ئارەزووبازی و یاری کردن، وە هیچ شتێك بە خەیاڵیدا نایەت دەربارەی ویست و فەرمانەکانی ئەو دەسەڵاتدارەی ڕەوانەی کردووە بۆ ئەو دونیایە، هەروەها دەربارەی ئەو ماڵە ئەسڵیەی بۆی بەدیهێنراوە. ئەم دێڕە شیعرەی داهاتوو ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە



Scanned by CamScanner

چۆن مرۆڤ لە ڕاستیدا ئارەزوومەند دەبێت بۆ ماڵە ئەسڵەکەی کاتێك لێی دوور دەخرێتەوەو، لە ناخیدا هەڵدەقرچێت بۆ گەڕانەوە بۆی:

هەرکەس دوور بخرێتەوە لەماڵ و نیشتمانی ئەسڵی خۆی، دەستەوسان بمێنێ لە ناخی خۆیدا ئارەزوومەند بۆ گەڕانەوەو نزیکبوونەوەی، هەڵدەقرچێت. ئەو ئارەزوومەندیو تامەزرۆییە لای کەسێك دەردەکەوێت کە یادی نیشتمانە ئەسڵەکەی بکاتەوە، ئەو یادکردنەوەش بەپێی پێگەیشتنی ڕۆحی دەگۆڕێت، ڕۆمی ئەو یادکەرەوانە دەنوێنێت بەو بەندە گەلەی ڕاپێچکراون لە وڵاتانی کوفرو بێ بڕواییەوەو فرۆشراون لە وڵاتانی ئیسلامدا. ئەوانە یان منداڵ یان مێردمنداڵن لە تەمەنی ١٠ تا ١٥ ساڵیدا، یان پێگەیشتوون.

جا منداڵان لەو بەندانە، ئەوانەن لە خێزانێکی موسڵماندا گەشەیان کردووەو پەروەردە بوون تیایداو گەورە بوون، بێگومان ئەوانە بە تەواوی نیشتمانی ئەسڵی خۆیان لەبیردەکەن و، لەبیرو زەریاندا هیچ شتێك لەو بارەوە نامێنێت و نییە. بەڵام مێردمنداڵان شتێك کەم یاد دەکەنەوە، بەڵام ڕاپێچکراوە گەورەکان هەرگیز ناکرێت کە نیشتمانی ئەسڵی خۆیان لەبیر بچێت و لەبیری بکەن، لەبەر ئەوە کاتێك لە بارەگای خودابیدا پرسیار لە گیانەکان (الارواح) کراوە: (أَلَسْتُ بِرَبِّكُمْ) واتە ئایا من بە پەروەردگاری خۆتان نازانن، یان ئایا من پەروەردگاری ئێوە نیم؟

گیانەکان (الارواح) وتیان: (بەڵێ).

جا ئەو گیانانە وەك منداڵانی ساوا هاتوونەتە دونیا، لەبەرئەوە بە تەواوی ئەو پەیمانەی داویانەو دانیان پێدا ناوە لەبیرکردووە، هەروەها بەتەواوی ئەو جیهانەی بە تەواوی لەبیر کردووە، ئەوانە بێ باوەڕانن. خاوەنی ئەو گیانانەش (الأرواح) کە کەمێك شت یاد دەکەنەوە ئەوانە بڕواداراتن، بەڵام ئەوانەی باش گوێیان ڕاگرت بۆ ئەو وتە خوداییەو پەردە لە ڕوویان لادراو، بۆ جاری دووەم گوێبیستی پرسیارەکە بوونەوە ئەوانە دۆستانی خودان.



Scanned by CamScanner

ئەم حاڵە لە حاڵی کەسانێك دەچێت کە گوێ دەگرن بۆ گێڕانەوەی ڕووداوێك، جا ئەو کەسەی خودی خۆی لە ڕووداوەکەدایە ئەوە هەموو شتێك تێدەگات، هەروەها هەموو ئاماژەیەکیش، هەر بەهۆی ئەوەوە ڕووی سورهەڵدەگەڕێت و لێدانەکانی دڵی زیاد دەکات، بەڵام کەسانێکی دیکە تەنها ئەوە تێدەگەن کە بۆیان دەگێڕرێتەوە، لەدوای ئەوە چی دیتر نازانن.

پوختەی قسە ئەوەیە: بەڕاستی زۆربەی خەڵکی نیشتمانە ئەسڵیەکەی خۆیان لەبیردەکەن و یادی ناکەنەوە، بەڵکو وا هەیە توڕەش دەبن لەو کەسانی کە هەڵدەستن بە یادخستنەوەیان، هەروەها کەسانی دیکەش هەن بە ئەندازەی ئەوە تێدەگەن کە پێیان ڕادەگەیەنرێت و لەوە زیاتر دەرکی هیچ ناکەن، کورتەکەی ئەوەیە کە بەڕاستی زۆربەی خەڵکی زیاد لە بیرکردنی نیشتمانە ئەسڵیەکەیان توڕەش دەبن لەو کەسەی بیریان دەخاتەوە، بەڵکو دژایەتیشی دەکەن!

وەزع و حاڵی نێوان ئەوانەی کە دڵیان وابەست بووە بە جوانی و لەزەتەکانی دونیاوەو خاوەنانی گیانە گەورەکانەوە (أصحاب الأرواح الكبيرة) ئەوانەی بەردەوام چاویان لە سەر دوای ئەم جیهانەوەیە، وەك وەزع و حاڵی ئەو ئاسکەیە کە لەبەر بەدبەختی خۆی کەوتۆتە تەویلەی کەرەوە.

## ئاسکێک کەوتۆتە ناو تەویلەی گوێدرێژان!

یەکێك لە ڕاوکەران ئاسکێکی جوانی ڕاوکردو، بردی بۆ ناو تەویلەیەکو دەرگای لەسەر داخست، تەویلەکە پڕ بوو لە کۆمەڵێك گوێدرێژو گاوگوڵ، ئاسکە بەستەزمان هەر بە چوونە ژوورەوەی لەناو بۆنی پیسی تەویلەکە سەری گێژ بوو خەریك بوو لە هۆش خۆی بچێت، ناچار دەستی کرد بە ڕاکردن بە لای ڕاست و چەپدا تا خۆی ڕزگار بکات، بەڵام هەموو دەرگاکان داخرابوون! هیچ ڕێگایەکی نەدیەوە بۆ چوونە



Scanned by CamScanner

دەرەوە.. لەئێوارەدا خاوەن گەوڕەکە هات و کای کردە بەردەم ئاژەڵەکان، بێگومان کا بۆ گوێدرێژان و گاوگوڵ لە خۆشترینی ئالفەکانە، بەڵام ئاسکی بەستەزمان ناتوانێت بیخوات، لەبەرئەوە چەند ڕۆژێکی زۆر بە برسیەتی مایەوە، هەروەك ماسییەك کە لە دەریاوە فڕێ درابێتە قەراغەوە لەتاو ئێش و ئازاری برسیەتی هەر ئەملاو ئەولای دەکردو پێچی لە خۆی ئەدا..

ئاژەڵەکانیش وایان دەزانی ئاسکە بەهۆی لووت بەرزی و شانازییەوە کاکە ناخوات، لەبەرئەوە دەستیان کرد بە وتوویژ لەبارەیەوە: (ئەی هاوار هەی! ئەی هاوار هەی! چی وای لێکردیت تۆ فڕێ بدرێیتە ئێرە لە کاتێکدا تۆ ڕاهاتویت لەسەر ژیان وەك پادشایان لە کاخەکاندا (القصور))! ئاسکی بەستەزمان وتی بەو گوێدرێژەی لە تەنیشتیەوە بوو و لۆمەی دەکرد:

(وای دامەنێ من بەهۆی لووت بەرزی و شانازیەوە کا ناخۆم، بێگومان ئەوە خۆراکێکی گونجاوە بۆ تۆ، بەڵام بۆ من گونجاو نییە، بەڕاستی من گەشەم کردووەو گەورە بووم لەسەر خواردنی گژوگیای تەڕو تازە لە کێڵگەکاندا لەگەڵ خواردنەوەی ئاوی سازگاردا، نەك تەنها کای وشك! بەڵام تۆ بەڕێکەوت نەبێت گوڵ و گیای تەڕو تازەت نەخواردووە، دروستە بەڕاستی من ئێستا دوور خراومەتەوەو نادیار کراوم، بەڵام لەڕاستیدا من بەردەوام ئاسکم، هەژار کەوتووم بەڵام بەڕاستی دیدەکانم هەژار نین، پۆشاکەکەم کۆنە بەڵام خۆم تازەو نوێم!).

گوێدرێژ ئەو وتەیەی ئاسکی بە ڕاست نەزانی و وتی: (نادیاری (الغربە) کار دەکاتە سەر نادیار (الغریب) و وای لێ دەکات ئەم هەڵەو پەلانە بڵێت، لەبەرئەوە پێویستە بەڵگەت بەدەستەوە بێت لەسەر ئەوەی دەیڵێیت).

ئاسکەکە وەڵامی دایەوە: (سەرنج بدەو بڕوانە بۆ ئەو عەنبەرەی لە بن هەنگڵمدایە، بەڕاستی ئەوە گەواهیدەرە لەسەر ڕاستگۆیم، ئایا گومان دەبەیت ئەوە لای من گەشەی کردبێت لە ئەنجامی خواردنی کای وشك؟).



Scanned by CamScanner

بەڵێ، بڕواناکەم کە گوێدرێژان گوێڕاگر بوو بێتن بۆ ئاسکەکەو بەڕاستگۆیان زانیبێت و پشت ڕاستی قسەکەیان کردبێت، کار هەر ئائەوایشە لەلای مرۆڤیش، چونکە زۆربەیان هەروەها ئەوانە بەڕاست نازانن‌و قسەکانیان پشت ڕاست نەکەنەوە کە ئاگاداریان دەکەنەوە دەربارەی دواڕۆژو جیهانێکی دیکە، وە لەو بارەوە گوێیان بۆ ڕاناگرن.

هۆکاری ئەو پشت ڕاست نەکردنەوەو بەڕاست نەزانینە، لە ڕاستیدا ئەوەیە کە هەموو مرۆڤێك بە ئەندازەی تواناو دەرککردنی خۆی دەبیستێت و تێدەگات، جا ئەگەر ئەو تێگەشتن و دەرککردنە تێنەپەڕێت لە دەرککردن و تێگەیشتنی ئەو دەشتەکیەی کە لەمەودوا باسی دێت، ئیتر چ وتەو قسەیەك دەتوانرێت کە کاریگەری ئەنجام بدات لە مرۆڤدا؟.

لەم حیکایەتانەدا کاو مشکەکە ئامازەو نموونەن بۆ لەزەتەکانی دونیا، دەی لەزەت و خواردنەکانی دونیا دەبێت تا ئەو پلەیە بێ بەها بێت؟ جا ئەگەر ئاوەهایە، ئیتر پێویست دەکات کە ئێمە ئاخ هەڵکێشین‌و غەم بخۆین بۆ ئەوانەی هەموو هەوڵ‌و کۆششێکیان بۆ بەدەست خستنی ئەو بەهرەو لەزەتانەیە؟

ڕۆمی وا دەبینێت کە بەزەییمان بەوانەدا بێتەوەو دەڵێت: (ئەی عاشقی دونیا، هەرکەس هەوڵ بدات و خۆبڕەنجێنێ وە دەست دەخات، بەڵام ئایا پێویست ناکات ئەوەی تۆ هەوڵی بۆ دەدەیت شایستەی ئەو هەوڵ‌و ڕەنجەی تۆ بێت، بەڕاستی حاڵی تۆ وەك حاڵی ڕاوچی بەراز وایە، ئەو ڕاوچیە بەستەزمانە خۆی‌و وڵاخەکەی‌و سەگەکەی تا پلەی هەناسەبڕکێ‌و نەخۆشی شەکەت دەکات لە گەڕان بە دوای بەرازدا، کاتێکیش لە کۆتاییدا ڕاوی دەکات، سوودمەند نابێت نە لە گۆشتی و نە لە پێستی و نە لە هیچ شتێکی، لەبەرئەوە بە ناچاری لاشەی بەرازەکە واز لێدەهێنێت‌و دەستەئەژنۆ پەشیمان دەبێتەوە لەو هەموو هەوڵ و شەکەتیەی).



Scanned by CamScanner

لە نواندنێکی دیکەشدا، ڕۆمی خەریك و سەرجەنجاڵ بووی بەدونیاوە نواندووە بەو ڕێوییەی ڕاوی تەپڵێکی کردووە، یەکێك لە ڕێویان گوێبیستی دەنگی تەپڵێك بووە کە هەڵواسرا بوو بە درەختێکەوە، هەرکاتێك بەهۆی باوە لق و پۆپی درەختەکە دەدەن لە تەپڵەکە دەنگێکی بەهێز دەداتەوە، ڕێویش وای دادەنێ کە بەڕاستی ئەو تەپڵە بەپێی ئەودەنگە گەورەیەی خاوەنی گۆشتێکی زۆرە، لەبەرئەوە تا ئێوارە لە هەوڵدا بووە بۆ وەدەست خستنی، کاتێکیش دەیبینێتەوە دەبینێت لقێکی درەختەکە دڕاندویەتی‌و، جگە لە کەوڵێکی بۆگەنکردووی بۆن ناخۆش هیچی دیکە نییە، لەبەرئەوە دەست بە گریانی بەردەوام لەسەر بەدبەختی‌و لەدەستدانی شەکەتیەکەی، هەروەك چۆن عاشقی دونیا لە کاتی سەرەمەرگیدا بۆ خۆی دەگری.

بەهای هیچ شتێك نازانرێت تا بەرابەری پێ نەکرێت لەگەڵ شتێکی تردا، کەوایە دونیا لەگەڵ چیدا بەرامبەر پێ بکەین تا بزانین ئایا بەهادارە یان بێ بەهایە؟ بێ بەهایی دونیا کاتێك دەردەکەوێت کە بەرابەری پێ بکەین لەگەڵ دواڕۆژو بەهرەکانیدا، جا هەندێك کەس بەهۆی وابەست بوون بە جوانی و لەزەتە کاتیەکانی دونیایەوەو هەڵپەکردن بۆ بەدەست هێنانی، ژیانی باشتری دواڕۆژ لەدەست دەدەن لە کۆتایی ژیاندا مایەپوچ و دەست بەتاڵ دەمێننەوە، خودا پەنامان بدات.

حاڵی ئەوانە وەك حاڵی ئا ئەو بەستە زمانەیە کە قوربانی دەدات بە شەکر لە ڕێگای بەدەست هێنانی کلۆ گڵێکدا.



Scanned by CamScanner

## ئایا شەکر باشترە یان کلۆ گڵ[1]؟

یەکێك لە توشبووان بە خوخەدەو نەخۆشی خواردنی کلۆگڵی بچووکەوە (الطفل) ڕۆژێك لە ڕۆژان چووە بۆ دوکانی شەکر فرۆشێك تا هەندێك شەکر بکڕێت، شەکر فرۆش کەسێکی فێڵباز دەبێت، لاوازی و نەزانی کڕیارەکەی دەزانێت بەرامبەر کلۆ گڵ و ڕاهاتن لەگەڵ خواردنیدا بۆیە پێی دەڵێت:

بەڕاستی شەکرەکەم جۆرەکەی زۆر باشە، بۆ ئاگاداریت من لە کاتی کێشانی شەکرەکەدا دوو پارچە (کلۆ) گڵ دەخەمە تای تەرازووەکە بۆ گرتنەوەی جێگەی ئەو قاپەی شەکرەکەی تێدایە.

ئاوەها فرۆشیار بە ناوبردنی وشەی گڵ کڕیارەکەی ئەوروژێنێت کە دەزانێ حەزی لە خواردنی گڵە، ئەمجا دەچێتە ناو دوکانەکەیەوە تا کلۆ شەکرەکە پارچە پارچە بکات و بیهێنێ بۆ کێشانی، کڕیاری کاڵ فام ئەو فرسەتە بە باش دەزانێت بۆ خۆی، خۆی پێ ڕاناگیرێ لەلایەکەوە وا خێرا دەست دەکات بە خواردنی هەندێك لە کلۆ گڵەکان، لەلایەکی دیکەشەوە چاودێری فرۆشیارەکە دەکات لە ترسی ئەوەی نەبایە کارەکەی ئاشکرا ببێت، فرۆشیاری فێڵباز باش دەزانێت چی دەگوزەرێت، بەدەنگێکی نزم پێدەکەنێت و لە ناخی خۆیدا دەڵێت: (بخۆ ئەی نەفام بخۆ! تۆ لەوە دەترسیت کە من بتبینم، منیش لەوە دەترسم کە تۆ کەم بخۆیت، من خۆم وا پیشان دەدەم لێرەدا کە سەرجەنجالم و خەریکم، بەلام دڵنیابە من بێ ئاگا نیم، بەڵکو من فێڵبازم، گڵ بەنرختر نییە لە شەکر، کەوایە بێ خەم بە ئەندازەی ئەوەندەی دەتوانیت لە کلۆ گڵەکان بخۆ بۆ ئەوەی کێشەکە سوك ببێت و شەکری کەمترت بدەمێ!).

---

[1] مەبەست کلۆ گڵی پەستێنراوی وشکە.



Scanned by CamScanner

هەروەك دیارە، ئەگەر بەهرەكانی دونیا گڵ و خۆڵ بێت ئەوە بێگومان بەهرەكانی دوارۆژ شەكرە، ئەبلەو نەفامیش ئەو كەسەیە شەكر دەگۆڕێتەوە بە گڵو خۆڵ، ئیتر لە ڕاستیدا ئەو هەمیشە زەرەر دەكات با واش بزانێت براوەیە.

ئەم بەیتە شیعرەی داهاتوو ئەوەمان بۆ ڕوون دەكاتەوە، كە چۆن كەسێكی وابەست و ڕاماو بەهرە كاتیە دونیاییەكانەوە دەتوانێت پشت بكاتە بەهرەكانی دوارۆژ كە جوانترو چاكترو بەردەوامترن لە بەهرەكانی دونیا؟!

ئەی بەستەزمان ئەوەی

ئارام ناگرێت لەسەر بێ بەش بوون لەم دونیا بێ بەهایە!

دەی چۆن دەتوانێت دان بە خۆیدا بگرێت

لەسەر بێ بەش بوون لە دوارۆژو لە پەروەردگار

كە دونیا لەچاو دوارۆژ بێ بەها بێت، كەوایە دەوڵەمەندان و زەنگینانی دونیا لە ڕاستیدا دەوڵەمەندو زەنگین نین!

بە دڵنیاییەوە، هەروەها هەروەك دەزانیت بەڕاستی ئەوانەی وشەی دونیا نەویست (الزاهد)یان بەسەردا بڕاوە ئەوانەن كە بەكەم لەم دونیایەدا ڕازین و هەڵپە هەڵپە ناكەن. بەڵام بۆ ئەوەی دونیا نەویستی (الزاهد) ڕاستەقینە بناسیت ئەم نوكتەیە بخوێنەوە:

## دونیانەویست (الزاهد) كێیە؟

یەكێك لە خاوەن دەسەڵاتان بە دروێشێكی هەژاری وت: ئەی دونیا نەویست!

دەروێشەكەش وتی: نەخێر وانییە، من دونیا نەویست نیم بەڵكو تۆ دونیا نەویستی.

من! چۆن دونیا نەویست ئەبم لە كاتێكدا هەموو دونیا موڵكی منە؟!



Scanned by CamScanner

نەخێر وانییە، بەشی تۆ لە دونیادا خۆتی و پارویەك و پۆشاكێك، بەڵام دونیاو دوارۆژ بۆ منە، کەواتە تۆ لە من شایستەتری بە سیفەتی دونیا نەویستی (الزاهد).

شتێکی سەرسوڕهێنەرە! سەرنج بدە چۆن چۆنی بۆ زۆربەی خەڵکی دێتە پێش چاو کە گڵ و خۆڵ بە بەهاترو گرنگترە لە شەکر، وە دونیا گرنگترو بە بەهاترە لە دوارۆژ؟

لەبەرئەوەی بەڕاستی دونیا دزێکی زۆرزانی زمان شیرینەو زۆر کارامەیە لە هەڵخەڵەتاندندا، چەندەها لە پاڵەوانان بە زۆرزانی و زمانی شیرینی و ڕووی بە زەردەخەنەی هەڵخەڵەتاندن و خلیسکان و لەناوچوون. ئێستاش با ئەم نوکتەیە بخوێنینەوە کە وابەستە بەو بابەتەوە:

## دونیا دزی قوماشی تەمەنە

لە شوێنێکدا، یەکێك لە داستان گێڕەوان بە ڕوونی دەربارەی فروفێڵی بەرگدروان دەدوێت، کە چۆن بە قسەی زۆرو سەرسوڕهێنەریان مشتەریەکانیان هەڵدەخەڵەتێنن، بەشێك لە قوماشەکەیان لێ دەدزن.. تورکێك گوێ ڕادەگرێت بۆ ئەو داستانانەو، لەدوایدا زۆر تورە دەبێت و پرسیار لە داستان گێڕەوەکە دەکات:

پێم بڵێ کامەیە کارامەترین هەڵخەڵەتێنەری بەگدروو لەم شارەدا؟

داستان گێڕەوەکە وتی: بەرگدرویەك هەیە ناوی (جیفەر تۆغلوە) ئەوە کارامەترین بەرگدرووە لەم شارەدا لە هەڵخەڵەتاندندا.

کابرای تورکە وتی: من گرەو دەکەم لەسەر ئەوەی کە ئەو نەك ناتوانێت قوماش بەڵکو تاڵێکیش لە من بدزێت!

داستان گێڕەوە ڕاپەڕی و ئاگاداری کردەوەو پێی وت: ئەو هەموو متمانەت بە خۆت نەبێت، بەڕاستی من خەڵکانێکی زۆر دەناسم کە لە تۆ زۆر وریاترن کەچی



Scanned by CamScanner

توانیویەتی هەڵیانبخەڵەتێنێت، لەبەرئەوە من ئامۆژگاریت دەکەم کە لێی دووربکەویتەوە پێش ئەوەی گرەوەکەت بدۆڕێنیت.

کاتێك ئەو دەمە قاڵییە پەرەی سەند کابرای تورکە تورە بوو و وتی: بەوانەی لە دەوریدا بوون: (ئەمە ئەسپەکەمە، بەڕاستی من گرەوی لەسەر دەکەم، ئەگەر ئا ئەو بەرگدروە توانی قوماش لە من بدزێت ئەوە ئەسپەکەم بۆ ئێوە، بەڵام بێگومان ئەگەر من براوە بووم ئەوە دەبێت ئێوە ئەسپێك بە من بدەن).

ئا بەو شێوەیە کابرای تورکە لەگەڵ ئامادەبووانـدا کەوتە گرەوکـردن‌و، بە درێژایی ئەو ئێوارەیەوە بە شەوەکەشیەوە بیرو هۆشی بەو بەرگدروەوە خەریك بوو، نەیدەتوانی بخەوێت، ئەو پیلانانەی لە مێشکیدا هەر ئەهێناو دەبرد کە دەیویست لەبەردەم بەرگدرووەکەدا جێبەجێی بکات تا هەڵینەخەڵەتێنێ، پیلانێکی دادەنا.. پاشان بەوە ڕازی نەدەبوو دیسان بیری دەکردەوە لە پیلانێکی تر.

لە دواییدا کاتێك ڕۆژبوویەوە، پارچە قوماشێکی زۆر نایابی هەڵگرت و ڕۆشت بۆ لای ئەو بەرگدرووە، بەرگدرووەکەش بەوپەڕی دڵخۆشییەوە بەخێری هێناو، بەوپەڕی لێزانیەوە لەگەڵیدا دەستی بە قسەکردن کردو لە قسەکردنەکەیدا هەروەك بولبول دەیخوێند، بەڵام کابرای تورکە زۆر گوێی نەدەدایەو سوور بوو لەسەر ئەوەی کە هەڵنەخڵەتێ و فێڵی لێ نەکرێت، بەهەرحاڵ قوماشەکەی ڕادەست کردو وتی:

(دەمەوێت کە لەم قوماشە بەرگێکی جەنگم بۆ بدوریت و، پێویستە کە خوار کەلەکەمەوە (ناوقەدم) فراوان بێت و لای سەرەوەشی تەسك بێت).

بەرگدروەکە هەستا بە ئەندازە گرتنی باڵای تورکە، بەپێی ئەندازەی ئەو قوماشەی ئەو بەرگە دەیەوێت، ئا لەو کاتی ئەندازە گرتنەدا چیرۆکێکی جوانی سەرنجڕاکێشی دەربارەی ئەمیرە پێشووەکان دەگێڕایەوە، حاڵی کابرای تورکە بە



Scanned by CamScanner

درێژە کێشانی قسەکردنی بەرگدروەکە گۆڕاوە لەسەر ئەو حاڵە نەمایەوە کاتێک کە چوو بووە دوکانەکە. بەڵکو پێکەنین گرتبووی بەو چیرۆکە خۆش و پێکەنین هاوەرانەی بەرگدروەکە دەیگێڕانەوە، جا هەر کە پێکەنین دەیگرت دوو چاوە تەسکەکانی ئەوەندەی تر تەسك دەبوونەوەو دادەخران، بەرگدروەکەش لەو کاتەدا ئەو فرسەتەی دەقۆستەوەو بەخێرایی بەشێکی لە قوماشەکە دەکردەوەو لە ژێر ڕانیدا دەیشاردەوە، کاتێك چیرۆکی یەکەم تەواو بوو، تورکەی بەستەزمان بەڕاستی ئەوەی لەبیرچوو کە بۆی هاتبوو، هەروەها ئەسپەکەش لەبیرچوو کە لە گرەودایە، لەبەرئەوە بەشێوەیەکی پاڕانەوە وتی بە بەرگدروەکە:

"تکات لێ دەکەم چیرۆکێکی دیکەم بۆ بگێڕەوە".

بەرگدروەش چیرۆکێکی زۆر پێکەنین هاوەرتری لەوەی پێشوو بۆ گێڕایەوە، تورکە هەر بە بیستنی چیرۆکەکە پێکەنینێکی بەهێز گرتی، بەرگدروەکە ئەو فرسەتەشی قۆستەوەو پارچەیەکی دیکەی لە قوماشەکە دزی.

کابرای تورکە وتی: (لە ژیانمدا ڕێم لە کەسێکی قسە خۆش و شیرینی وەك تۆ نەکەوتووە بەڕاستی منت بوژاندەوە، تکات لێ دەکەم چیرۆکێکی پێکەنین هاوەری دیکەم بۆ بگێڕەوە).

بەرگدروەکە چیرۆکێکی زۆر پێکەنین هاوەرتری لە دوو چیرۆکی پێشوو گێڕایەوە، تورکە هەر بە بیستنی خۆی لە دەستداو لەسەر پشت کەوتوو پێدەکەنی و قاقای بۆ دەکرد.

بەرگدروەکە ئەو فرسەتەشی قۆستەوەو پارچەیەکی بچووکی دیکەی لە قوماشەکە کردەوەو شاردیەوە، بەرگدروە لە هەمان کاتدا لەبەر خۆیەوە دەدواو دەیوت:

(ئەی هاوار هەی ئەو بەستەزمانە، چەند حەزکەرە بە چیرۆکانی پێکەنین هاوەرەوە، تا ئەو ئاستەش کە بەڕاستی خۆی لەبیرکردووە و بێئاگابووە لەوەی



Scanned by CamScanner

زیانی لێدەدات و سوودی پێدەگەیەنێت، ئەی بەستەزمان! تۆ بۆ خۆت بووینە چیرۆکێکی پێکەنین هاوەرو ژیانت بەهەدەر داوە، ئەی بەستەزمان ئەم هۆگریە منداڵانەیە چیە بەم چیرۆکانەوە؟ ئایا لێرەدا جگە لەو حاڵەی تۆ شتێکی دیکە هەیە هۆکاربێت بۆ پێکەنین؟ بێگومان بەرگدروی ئەندازەگر پۆشاکی منداڵانی بچووک، ئەوانەی پێنەگەشتونو گەورە نەبوون، دەدورێت بۆ زۆرێك لە بێئاگایانی وەك تۆ، ئەوانەی گەشتونەتە سەد ساڵ لە تەمەنیان.

کاتێك چیرۆکی سێیەم تەواو بوو، تورکە تکای لە بەرگدرووەکە کردووە کە چیرۆکی چوارەم بگێڕێتەوە، بەڵام بەڕاستی بەرگدروەکە بەزەیی بە حاڵیدا هاتەوەو پێی وت:

بەسە ئەی بەستەزمان! من چیرۆکانی زۆرم لایە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەگەر چیرۆکی دیکەت بۆ بگێڕمەوە ئەوە لە قوماشەکەت ئەوەندە نامێنێتەوە کە بەشت بکات، نە تەنها بۆ پۆشاکی جەنگ، بەڵکو بەش ناکات بۆ درونی بەرۆکەیەکیش (صدرية)، ئیتر ئەگەر تۆ ڕاستەقینەکانت بزانیایە زۆر زۆر دەگریایت و کەمێکی زۆر کەم پێدەکەنیت.

سەرنج بدە، ئاوەها دونیا وەك ئا ئەو بەرگدروەیە، ئارەزو و شەهوەت بازیەکانیش وەك ئەو چیرۆکانەن، بەڵام تەمەن ئا ئەو قوماشەیە، کارامەیش وا لە دورینی پۆشاکی دواڕۆژدا لەو قوماشە، جا هەرکەس نەیتوانی لەو قوماشە پۆشاکی دواڕۆژ بدورێت، ئەو حاڵی وەك حاڵی ئەو کەسە نەیسابوریەیە کە بەفر دەفرۆشێت:

ئەو بەستەزمانە لە مانگی تەموزدا بەفری لەبەردەمی خۆیدا دانابوو، بەڵام یەك کڕیاریشی نەبوو لێی بکڕێت، لەبەرئەو بێ کڕیاریە بەستەزمانە دەگریاو دەکوروزایەوەو دەیوت: نەدارایم ماو نە هیچ کەسێکیش بەفرم لێ دەکڕێت!

کەواتە، بەفیڕۆدانی ڕاستەقینە بەفیڕۆدانی تەمەنە.



Scanned by CamScanner

ئـەواو هـەروەکو دەیڵێـت، وە بـەپێی لێکدانـەوەو بۆچـوونی ڕۆمـی؛ (خۆشەویستەکەم، تۆ وا گومان دەبەیت کە بەفیڕۆدان و زیادەڕەوی خەرج کردنی چەند دینارێکە، یان بەفیڕۆدانی باری گوێ درێژێکە لە گەنم، یان بەفیڕۆدانی میراتـە لـە خـەرج کردنیـدا بـۆ خـواردن و خواردنـەوە، نـەخێر وانییـە، بـەڵکو لـە ڕاستیدا بـەفیڕۆدانی ڕاستەقینە بـەفیڕۆدانی تەمەنـە، چونکە بەڕاستی تـۆ ناتوانیـت پـەك کاتژمێر لە تەمەنی بەفیڕۆچوون بەسەد هەزار دینار بگێڕیتەوە.

وا هەیە خوێنەری ئەوەی من تا ئێستا وتوومـە، ئەوەیـە پێویستە لەسـەری کە دونیا سێ بە سێ تەڵاق بدات و خۆی خەریك نـەکات بەسـەر جەنجاڵەکانیـەوە، ئایا ئەوە مەبەستە لە هەموو ئەو قسەیە؟ بێگومان نەخێر!

کەوایە مەبەست لە دونیا چییە؟

مەبەست لە دونیاو وابەست بوونە پێـوەی، بەدەست خستنی قوماش و دارای و ماڵ و منداڵ نییە.. وابەست بوون بە دونیاوە بێئاگایی بوونە لـە خـودای باڵادەست -جلّ جلاله-، هەروەها مەبەست دابڕان و وازهێنان نییە لەو کارانـەی پێویستن بـۆ ژیان، یان وازهێنـان لـە هاوسـەرگیری و بـوونی مـاڵ و منـداڵان، بـەڵکو لـە ڕاستیدا مەبەست لێرەدا ئەوەیە کـە ئـەو کاروبارو شتە دونیاییانـە نەکەونـە نێـوان مـرۆڤ و پەروەردگارەکەی، وە مرۆڤ بەهۆیانەوە نەکەوێتە نێو بێئاگایی، ئـەگینا لـە ڕاستیدا کاسبی حەڵاڵ و ڕەوا ئەوەی بڕودار لە دەستهاتەکەی دەبەخشێت و خـەرج دەکات بۆ کاروباری چاك، دەبێتە توێشوو بۆ ڕۆژی قیامەت.

پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت: (باشترین ماڵ و دارایی چاك بۆ بەندەی چاك و سالحە[1]- یـانی هـی بەنـدەی سالحە). پێویستە ئـەو توانـاداری و دونیاییانـەی هەرکەسێك هەیەتی وەك ئـەو ئاوەوە وابێت کە پاپۆڕ لەسـەری هاتوچۆ دەکات،

---

[1] پێشەوا (احمد) گێڕاویەتەوە.



Scanned by CamScanner

میارە ئەو ئاوە یارمەتی پاپۆڕەکە دەدات بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەی، بەلام هەر ئەو ئاوە ئەگەر دزە بکاتو بچێتە ناو پاپۆڕەکە ئەوە غەرقی دەکات، جا کە ئەوە ڕوویدا ئیتر بەهرەکە دەبێتە ئەگبەتی و کارەسات. کەوایە دەبێت ئاگادار بین زیادەڕەوی نەکەین و ڕۆنەچین لەبەهرە دونیاییە ڕەواکان و بەکارهێنانیاندا، (ئایا نابینیت کە زۆرێک لە خاوەن دەسەلاتانو پادشایان کەمتر ژیاون لە خزمەتکارەکانیان، هەتا ئەو گوڵەش کە زۆر ئاو دەدرێتو، زیادەڕەوی دەکرێت لە ئاودانیدا پێش گوڵەکانی دیکەی خۆی سیس دەبێت).





Scanned by CamScanner

## ژیری و زانست و زانیاری و چەشنەكانی:

لە ڕاستیدا هەڵسوكەوتی ژمارەیەكی زۆرمان زانی و شارەزابووین لەوانەی هەن لەسەر پەیڕەوی مرۆڤایەتیدا بەرامبەر دونیا، ئێستاش با جارێكی تر بگەڕێینەوە بۆ دواوە، تا بە شێوەیەكی گەورەترو فراوانترو دیارتر شارەزای ئەو ڕووناكیە ببین كە ڕێگای ڕێبواران لە بیابانی ژیاندا ڕووناك دەكاتەوە. لە ڕاستیدا ئەو ڕووناكیە ناوی "ڕووناكی ژیری" بەسەردا براوە، ئایا تا ئەوە وانییە؟

بەڵێ.. ژیری وەك چرا وایە، زانست و زانیاریش ئەوە ڕووناكی ئەو ژیرییە، وە ئەو ڕووناكیە ڕێگای ڕێبوار لە شەودا ڕووناك دەكاتەوە، لەولاشەوە ڕووناكیەكی بەهێزتر هەیە پێی دەڵێین (عیشق)، بەلام لێمان گەڕێن لە خولگەو بازنەی ژیری و زانست و زانیاریدا بمێنینەوە، ئامانجی بنچینەیی بۆ مرۆڤیش پێگەیشتنە، ناشتوانرێت بەبێ زانست و زانیاری ئەو پێگەشتنە دروست ببێت و بێتەدی، جا لەبەرئەوەی جیاوازی لەنێوان زانست و زانیاری و زانست و زانیاریەكدا هەیە، پێویستە ئەوە بزانین چ زانست و زانیاریەك زانست و زانیاریەكی پەسەند كراوە.

كەوایە با پرسیارەكەمان ئەوە بێت: سیفەتی زانست و زانیاری پەسەند كراوە چییە؟

یەكەم: پێویستە كە زانست و زانیاری سوودبەخش بێت، وە ڕێگات لەبەردەمدا بكاتەوەو فراوانی بكات، (من چی بكەم بە بیرو زانستو زانیاریەك ڕێگای ڕزگاربوون ڕوون ناكاتەوە بۆ مرۆڤ؟

دووەم: پێویستە كە ئەو بیرۆكە و زانست و زانیاریە سوودی هەبێت تا بەهادار بێت، ئەتوانرێت قیاسی بەهای هەر بیرۆكەو زانستو زانیاریەك بكرێت بەپێی چاكی پەسەند كردن.



Scanned by CamScanner

سێیەم: پێویستە ئەو ڕێگایەی کە ئا ئەو زانست و زانیاری و بیرۆکەیە گرتوویەتیەوە، لە پێشدا خاوەن دەسەلات لێوەی تێپەڕی کردبێت، بۆ ئەوەی متمانە بە گونجان و باشیەتیی بکرێت.

ئێستاش ئەم نوکتەیە دەخەینە بەردەست کە ئەو بیرۆکانە ڕاڤە دەکات:

## زانای نەحو[1] و کەشتیەوان

یەکێك لە زانایانی شانازیکار بە خۆ لە زانستی نەحودا سەرکەوتە سەر کەشتیەك و وتی بە کەشتیەوانەکەی:

(ئەی برام ئایا زانستی نەحووت خوێندەوە؟).

کەشتیەوان وتی: نەخێر

زانای نەحو بە شێوازی سوکایەتی پێکردن وتی: (وای لە بەستەزمانیت، بەڕاستی نیوەی تەمەنت بەهەدەر چووە!).

کەشتیەوان دڵتەنگو بەڵام بێ دەنگ بوو، پاش ماوەیەك باو زریانێکی وێرانکە هەڵیکردو کەشتیەکە خەریك بوو نوقم ببێت، لەو کاتەدا کەشتیەوانەکە وتی بە زانا نەحوزانەکە کە لەتاو تیاچوون ترس دایگرتبوو:

(ئەی کاکی زانای نەحو، ئایا مەلە دەزانیت؟)

ئەویش وەڵامی دایەوە: نەخێر

کەشتیەوان وتی: (بەڕاستی برام هەموو تەمەنت بەهەوانتە ڕۆشتووە!).

هەروەك لەم نوکتەیە تێدەگەین، هەموو زانست و زانیاریەك لە هەموو شوێنێکدا سوودبەخش نییە، چونکە ئەگەر تۆ لە دەریادا کار بکەیت ئەوە بە بێگومان زانستی

---

[1] نەحو: زانستێکە لە زانستەکانی ڕێزمانی عەرەبی.



Scanned by CamScanner

ئەمو هیچ سودێکت پێ ناگەیەنێت، لەلایەکی دیکەشەوە زانستی و زانیاری ئیدیعابە بۆ بوون، لەبەرئەوە کە تۆ لە دەریادا بیت پێویستت بە زانست و زانیاری بوون نییە، بەڵکو پێویستت بە زانستی زانیاری نەبوونە، دەی هەروەکو ئاو یەکەمجار مرۆڤ دەخنکێنێت و دەیمرێنێت پاشان مردووەکە دەخاتە سەرەوەو هەڵی دەگرێت، تۆش هەروەها وەك مردوو وایە تا ئاوەکە هەڵتبگرێت، ئەگینا بەڕاستی زۆر نارەحەتە کەسێك بە تەنها پشت بە زانست و زانیاری خۆی ببەستێت بە ئاسانی لە دەریا ڕزگاری ببێت.

**کەواتە، پەیوەندی زانست و زانیاری بە ڕەوشتەوە چییە؟**

یەکەم پێویستە کە بزانیت، بەڕاستی زانست و زانیاری لای هەموو مرۆڤێك هەمان ئامانج نابەخشێت. چونکە زانست و زانیاری لە دەستی مرۆڤی چاك و بەڕێزدا خەیرو چاکە سوود بەخشینە، لە دەستی مرۆڤی شەڕەنگێزو خراپیشدا خراپەو زیان بەخشینە. (هەستان بە فێرکردنی زانست و هونەر بۆ کەسێك کە شایستەی نەبێت و شایانی ئەو زانست و هونەرە نەبێت وەك دانی شیرە (چەکە) بە دەستی جەردەو چەتەوە).

هەموو زانست و زانیاریەك لێپرسیراویەك ئەخاتە سەر گەردنی خاوەنی ئەو زانست و زانیاریە، لە بەر ئا ئەوە نەزانینی هەندێکیان باشترو خێر ترە بۆ خۆیان و کەسانی دیکەش جگە لە خۆیان.

ئێستاش چیرۆکێك ئەگێڕینەوە، ئەوە دەخاتە ڕوو کە چۆن زانست و زانیاری هۆکارە بۆ کارەسات.

❁❁❁



Scanned by CamScanner

## ئەو نەفامەی ویستی فێری زمانی ئاژەڵان ببێت!

یەکێك لە نەفامەکان لە پێغەمبەر موسا ﷺ پاڕایەوە: (تکات لێ دەکەم کە فێری زمانی ئاژەڵانم بکەیت).

موسا پێغەمبەر ﷺ وتی: (ئەی بەستەزمان ئەم ئارەزووەت لە کوێوە بۆ هات؟ داوات لێدەکەم واز لەو کارە بهێنە، چونکە تۆ شایانی ئەوە نیت، بەڕاستی زانست و زانیاری ئەو کەسە تیا دەبەیت کە شایانی ئەو زانست و زانیاریە نییە).

پیاوەی نەفام ئامۆژگاریەکەی موسای نەبیست و هەر سوور بوو لەسەر داواکەیو وتی:

(قوربان ئەگەر زمانی هەموو ئاژەڵان (گیان لەبەران)م فێر نەکەیت هیچ نەبێت بەلای کەمەوە زمانی هەندێکیانم فێربکە).

موسا ﷺ لەبەر ئەو سووربوونەی زمانی کەڵەشێرو سەگی فێرکرد. ئەم پیاوە نەفامە بە خۆشیەوە گەڕایەوە ماڵەکەی، لەو کاتەدا بینی خزمەتکاری ماڵ سفرەی خواردنەکەی لە باخچەکەدا ڕاوەشاند، کەڵەشێرە خێرا دەستی کرد بە چنینەوەی پارچە نانە هەڵڕژاوەکان، سەگە ڕوویەڕووی بوویەوەو وتی: (ئایا ئەم کارەی تۆ ستەم نییە بۆ من؟ من وەکو تۆ ناتوانم گەنم و جۆ بخۆم، کەچی تۆ ئەوەندە ستەمکاری ئەوەتا ئێستا ئەو پارچە نانەش دەخۆیت کە پێویستە بەشی من بێت!). کەڵەشێرە وەڵامی دایەوە:

(غەمبار مەبە، سبەینێ زۆر لەوە باشترت وەدەست دەکەوێت، لەبەرئەوەی سبەینێ ئەسپی گەورەمان گیان لەدەست دەداتو تۆش گەدەت بە ئارەزووی خۆت لەلاشەکەی تێر دەکەیت!).

کابرای نەفام هەر ئەوەندەی گوێبیستی قسەی کەڵەشێرەکە بوو، خێرا بە پەلە ئەسپەکەی بردە بازاڕو فرۆشتی، ئەسپە لای کڕیاری بەستەزمان تۆپی، نەفامە بەو



Scanned by CamScanner

کارەی دڵخۆش بوو لەبەرئەوەی بەپێی گومان و بۆچوونی خۆی وای دانابوو کە لە زەرەرو زیانێکی زۆر ڕزگاری بووە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوە هۆکاری ئەنجامدانی زیانێکی زۆرو گەورەتره!

هەروەها لە ڕۆژی دووەمدا نەفامە لە پشت دەرگاوە گوێی ڕاگرت بۆ وتووێژی ئەو دوو ئاژەڵە، بیستی کەڵەشێرەکە دەڵێت:

(ئەی سەگ غەمبار مەبە، سبەینێ کەنیزەکەکەی گەورەمان دەمرێت، گەورەشمان بەهۆی ئەو ڕووداوەوە خواردنێکی باش ئامادە دەکات، تۆش ئەو کاتە لەو ئێسك و پاشماوانە هەستە بە تێرکردنی گەدەت!).

پیاوەی نەفام کەنیزەکەکەی زۆر خۆشدەویست، بەڵام هەر ئەوەندەی ئەو گفتوگۆیەی بیست بە پەلە کەنیزەکەی فرۆشت، بە گومانی ئەوەی کە گوایە بەو کارەی لە ڕاستیدا لە زیانێکی گەورە ڕزگاری بووە، جا لە دڵی خۆیدا دەیوت: "بە فێربوونی زمانی گیانلەبەران چ کارێکی باشم کرد!".

لە ڕۆژی سێیەمدا سەگە لە برساندا بە تەواوی هەستی بە لاوازی کرد، بۆیە بە تووڕەییەوە وتی بە کەڵەشێرە: (تۆ هەڵدەخەڵەتێنی و فێڵم لێدەکەیت، ئەوەی پێم دەڵێیت هیچی ڕووی نەداو نەهاتە دی).

کەڵەشێرە وتی: (لە ڕاستیدا منیش هەروەها لەم کارە ڕاماوم، لەبەرئەوەی لە ڕاستیدا ئێمەی کەڵەشێران کەسانێکین درۆ ناکەین و، بەڕاستیش لە گیانلەبەرە باڵندەکانین لەلای خوداو پێغەمبەرەکەی خەڵکی لە خەو خەبەر دەکەینەوە بۆ نوێژ، کەچی لەم ڕۆژەدا کۆمەڵە کارێك دێتە گۆڕێ و ڕوو دەدات من نازانم چۆن لێکیان بدەمەوە. بەڵام غەمبار مەبە دڵنیات دەکەم سبەینێ گەورەکەمان دەمرێت و، بەو هۆیەوە میرانگرانی هەڵدەستن بە ئامادەکردنی خواردنێکی زۆر، بێگومان تۆش لەو خواردنە بەشی خۆت وەردەگریت).



Scanned by CamScanner

پیاوەی نەفام هەر ئەوەندەی گوێبیستی ئەوە بوو ژیری لا نەما، کاتێک بوو بە ڕاستی بە فرۆشتنی ئەپەکەی و کەنیزەکەکەی خۆی لە زیان لادا، ئەی ئێستا خۆی بەکێ بفرۆشێت و خۆی ڕزگار بکات؟ لە ڕاستیدا بەردەوام ئەو موسیبەتە بچووکانە ڕاگریبوون لە بەردەمیدا و کەفارەت بوون بۆی، وا ئێستا ئەوەتا خۆی ڕووبەڕووە لەبەردەم فریشتەی گیان کێشاندا و هەموو دەرگایەکی ڕزگار بوونی لێی داخراوە، ناچار بەپەلە ڕایکرد بۆ لای موسا ﵇ لە ترسی مەرگ دەلەرزی‌و هاواری دەکرد:

"ئەی پێغەمبەری خودا بەهانامەوە بێ! ئەو زانست و زانیاریەم لێ وەربگرەوەو ئەم بەلایەم لەسەر سەر هەڵبگرە".

موسا ﵇ پێی وت: "هەی های ئەی های! هەروەک چۆن تیری دەرچوو لە کەوان ناگەڕێتەوە، ئاوەهاش بڕیاری خوداش ناگەڕێتەوە، ئەوەی ئێستا دەتوانرێت بکرێت نزاو پاڕانەوەیە لە خودای باڵادەست تا باوەڕەکەت ڕزگار بکات و بەبێ باوەڕی نەمریت!".

زانست و زانیاری ئاوەهایە لای کەسێک کە شایستە نەبێت بۆ ئەو زانست‌و زانیاریە. ئەوەتە ئەو پیاوە لەجیاتی ئەوەی فرسەتی بە خزمەتگەیشتنی موسا پێغەمبەر﵇ بقۆزێتەوەو سوودی لێوەربگرێت بۆ بوژانەوەی گیانی (ڕۆحی)، ئەوەی بە باش زانی کە خزمەتی ئارەزووەکانی پێ بکات، جا بەهۆی ئانەوەوە بەپاچی زانست و زانیاری کە پێی بەخشرا بوو گۆڕی بۆ خۆی هەڵکەند.

چیرۆکەکە - لەگەڵ بە خراپە بەکارهێنانی زانست و زانیاریدا- ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات، بەڕاستی پێویستە لەسەر مرۆڤ کە زانست و زانیاری پێویست (لازم)، لە زانست و زانیاری پێویست نەبوو (غیر لازم) جیابکاتەوە.

بەڵێ، بەڕاستی زانست و زانیاری پێویست نەبوو و بەکارنەهاتوو بارێکی بێ بەهایە بەسەر شانی خاوەنەکەیەوە، (چەندەها لە زانایان، هەیە بەشیان لە زانست‌و



Scanned by CamScanner

زانیاریەکەیاندا نییە، بەڕاستی ئا ئەوانە هیچ شتێك نین جگە لە پاسەوانان و کۆڵ هەلگران بۆ زانست و زانیاریەکەیان).

خودای باڵادەست -جلَّ جلاله- دەربارەی ئا ئەوانەی سوود وەرناگرن لە زانستو زانیاریەکانیان دەفەرموێت: (بەڕاستی ئەوانە ﴿كَمَثَلِ ٱلْحِمَارِ يَحْمِلُ أَسْفَارًا﴾ سورة الجمعة:٥. واتە: وەك گوێ درێژێکە کە پەڕاوگەلێکی زۆری هەلگرتبێت، ئیتر بەڕاستی مرۆڤ هەرچەند زانا بێت مادام سوودمەند نەبێت لە زانستەکەی ئەوە هەر نەزان و نەفامە.

کەوایە بەڕاستی لەوێدا جیاوازیەك هەیە لەنێوان بۆچوونێك و بۆچوونێك و لەنێوان زانست و زانیاریەك و زانست و زانیاریەکدا.

بەڵێ، بەڕاستی سروشتی خراپ لەلای مرۆڤ پەردەیەك دروست دەکات لەبەردەم گوێ و چاوو ژیری دا، لەبەرئەوەی بەڕاستی ئەوان ئەوە نازانن کە زانینی پێویستە وە نابیستن ئەوەی بیستنی پێویستە، هەروەها تێناگەن ئەوەی پێویستە تێی بگەن.. جا بەڕاستی حاڵی ئا ئەوانە لە حاڵی ئەم سێ کەسە دەچێت لەم چیرۆکەدا:

## کوێرێک دوور دەبینێت کەڕێک باش دەبیستێت ڕوتێک تەنورەی درێژ لەبەر دەکات!

لەناو هۆزی سەبەئدا[1] سێ کەس هەبوون، یەکێکیان شتانی زۆر دووری دەبینی کەچی کوێریش بوو، مێرووی دەبینی و سولەیمانی ﷺ نەدەبینی، دووەمیان زۆر باش دەیبیست کەچی کەڕ بوو، سێیەمیان ڕووت بوو بەڵام پۆشاکەکەی درێژ بوو.

[1] دانیشتوانی (یەمەن)ی ئێستا بوون، بەپێی مێژوو ئەو کات خەریکی بازرگانی زێڕو زیو و بەردی پیرۆز (الأمجار الكريمة) بوون.



Scanned by CamScanner

ئایا ئەم دەربڕینانە نامۆو غەریب نین؟ بەلام لەڕاستیدا دەبێت مەبەست لە هەریەکێك لەوانە دەبێت چی بێت؟!

بۆ ئەوەی لەوە تێبگەین پێویستە لەسەرمان کە گوێ ڕابگرین بۆ ڕوونکردنەوەی مەسنەوی (المثنوي):

کەرەکە ئەوە لەخۆبایی بووە بە هیوا درێژی، لە ڕاستیدا ئەو دەربارەی لە دونیا دەرچوون و مردنی ئێمە دەبیستێت، بەلام بەڕاستی کەرە بەرامبەر مردن و لە دونیا دەرچوونی خۆی.

کوێرەکە ئەوە تەماعکارە، بە دوورو درێژی دەربارەی عەیب و عاری خەلکی دەدوێت بەلام عەیب و عاری خۆی نابینێت!

ڕووتەکەش ئەو کەسەیە هەمیشە لە بڕینی تەنورەکەی دەترسێت، بەڕاستی جێی تیارامانە! دەی ئایا ڕووت پۆشاکی هەیە تا بتوانرێت لێی ببڕرێت؟ خەلکی دونیا مایەپوچن کەچی لەگەل ئەوەدا لە دزین دەترسن! دەی چۆن ئەو مایەپوچەی فورۆشێکی نییە لە دز دەترسێت؟ مرۆڤ بە ڕووتی دێت بۆ دونیاو بەڕووتیش بەجێی دەهێلێت، کەوایە ئیتر بۆ دەبێت لە دز بترسێت؟ ئەوانە لە کەسێك دەچن لە خەویدا ببینێ کە بەڕاستی ئەو کەسێکی دەولەمەندەو لە ترسی دزان هەلدەلەرزێ، جا ئەو کەسە کاتێك کەسێك لە خەوەکەی خەبەری دەکاتەوە، دەبینی بەخۆی پێدەکەنێ.

بەڕاستی بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە سەری هەموو زانست و زانیارییەك ناسین و زانینی مرۆڤ خۆیەتی، چونکە هەموو شتێك بە ناسینی مرۆڤ خۆی دەست پێدەکات، کەچی لە ڕاستیدا کەمترین شتێك کە مرۆڤ لە ڕاستیدا دەیزانێت و دەیناسێت خۆیەتی، ڕۆمی لە مەسنەویدا سەرنجمان بۆ ئەو سەرنجڕاکێشە ڕادەکێشێت و دەلێت:

(زانایەك زۆر لە زانستەکان دەزانێت، بەلام ئەو ستەمکارە خۆی ناناسێت، دروستە تۆ حەلال و حەرام دەزانیت، بەلام ئەی هەلوێستی خۆت لە کوێدایە لە



Scanned by CamScanner

بارەی هەریەکەیانەوە، لە ڕاستیدا تۆ بەهای هەموو شتێك دەزانیت، کەچی بەهای خودی خۆت نازانیت، ئەی نەفام! تۆ بەڕاستی بڕوات وایە کە ئەستێرەی بەخت و ئەستێرەی نەهامەتی دەناسیت، کەچی لەولاوە نازانیت ئایا خۆت لە خاوەن بەختانی یان لە بەدبەختان).

بەڕاستی جێی تیاڕامانە! مرۆڤ زانست و زانیاری ناپێویست هەڵدەبژێرێت و واز لە زانست و زانیاری لێوان ڕێژ لە سوودەکان دەهێنێت، ئایا دەتوانرێت کە نموونەیەکی دیکە بدەیت لەسەر زانست و زانیاری ناپێویست و بێ سوود؟

نموونەی ئەو نموونانە زۆرە، وە مادام دڵۆپەیەکیش نموونەی دەریایەکە، کەواتە ئێمەش بەم نموونەیەی داهاتوو دەست هەڵدەگرین:

## زانست و زانیاری ئەمیرێکی نەفام!

یەکێك لە خاوەن دەسەڵاتان کوڕە گەلۆرو نەفامەکەی نارد بۆ خزمەتی کۆمەڵێك لە زانایان بۆ فێرکردنی، زانایانیش زۆر زۆر بە دڵسۆزانە هەستان بە فێرکردنی لە زۆر ڕووەوەو زۆرێکیش لە زانستەکان، تا وای لێهات کارامەو دەرکەوتوو بوو تیایاندا. ڕۆژێکیان دەسەڵاتدارەکە ئەڵقەیەکی کردە مەچەکی و بۆ تاقیکردنەوە بە کوڕەکەی وت:

ئایا دەتوانیت پێناسەی ئا ئەمە بکەیت کە لە مەچەکمدایە؟

کوڕەکە وتی: بێگومان، ئەوە شتێکی بازنەیی ناوبۆشەو ڕەنگەکەی زەردە.

دەسەڵاتدار دڵخۆش بوو و وتی: بەڕاستی سیفەتەکانی ئەو شتەت بە دروستی زانی، کەواتە پێم بڵێ ئەو شتە ناوی چییە، یان چی پێ دەوترێت، کە ئەو سیفەتانەی هەڵگرتووە؟



Scanned by CamScanner

کوڕەکە وتی: بێژنگە[1]!

باوکی وتی: ئای لەوە چەند سەیرە! چۆن هەموو ئەو سیفەتانەت زانی، کەچی ئەوەت نەزانی کە مەچەك لەگەڵ بێژنگدا ناگونجێت‌و، بێژنگ ئەو سیفەتانەی تێدا نییە؟!

ڕۆمی وا دەبینێت کە بەڕاستی زانایانی ئەم سەردەمەی ئێمە لەو شێوازەن، دەربارەی ئەو کاروبارانەی پەیوەندییان بە خۆیانەوە نییە هەموو وردەکارییەك دەزانن، بەڵام ناخی خۆیان ناناسن لەگەڵ ئەوەشدا کە نزیکترین شتێکە لە خۆیانەوە! بەڕاستی ڕەنگ و بازنەیی‌و بۆشایی شت گەلێکی بێ مانەوەن‌و هەموویان لەنێو ئاگردا تیادەچن و نامێنن، ئەوەی دەمێنێتەوە تەنها جەوهەرەکەیە.

پوختەی قسە ئەوەیە کە بەڕاستی زانستی خاوەن دڵان وەك ئەو کۆڵ هەڵگرە وایە خاوەنەکەی هەڵی دەگرێت‌و لە کۆڵی دەکات، بەڵام لە ڕاستیدا زانستی لاشە پەرستان هیچ شتێك نییە جگە لە کۆڵێك بەسەر شانی خاوەنەکەیەوە. پرسیار کرایەوە لە ڕۆمی، زیاد لە زانست‌و زانیاری ناپێویست‌و بێ کەڵك لێرەو لەوێ کەسانێك هەن خۆیان بە زاناو زانست زان پیشان دەدەن لە ڕاستیشدا ئەوانە نەزانان‌و نەزانست زان، بەڵکو هەڵدەستن بە دووبارە کردنەوەی وتەگەلی کەسانی دیکە لێرەو لەوێ، ڕای تۆ لەو بارەوە چییە؟

ئەوە هەروەك ئەوەیە کە تۆ دەیڵێیت، بەڵام ئەوەندە هەیە کە بەڕاستی ئا ئەو زانست و زانیارییە دروستکراوانەو، ئەو وتەگەلەی لە خەڵکانی دیکەوە بەبێ تێگەیشتن وەرگیراون سوود بە خاوەنەکانیان ناگەیەنن، جیاوازی نێوان خاوەنی

---

[1]) بێژنگ: جاران لە کەمەیەك دارو ناوەکەی لە ژێی ئاژەل دروست دەکرا، بەڵام ئێستا لە ئەلەمنیۆم و تەنەکە دروست دەکرێت دانەوێڵەی پێ دەبێژنەوە- بەتایبەتی گەنم.



Scanned by CamScanner

ڕاستەقینەی ئەو زانستو زانیاریانەو لاسایی کەرەوەکانیان ئەوە لەم چیرۆکەی داهاتوودا ڕوون و دیارە:

## ئەو توتکەیەی لەسکی دایکیدا دەوەڕێت!

لە شەوێك لە شەواندا خوداناسێك خەوێك دەبینێت، لە خەوەکەیدا سەگێکی بینی و سەرنجی دا توتکەکەی لە سکیدا دەوەڕێت، خوداناسەکە سەری سوڕماو، لە دڵی خۆیدا وتی:

(ئەو توتکە نە گورگێك ڕاودەنێ و نەدەتوانێت ڕاویکاتو پاسەوانی بکات، کەواتە ئیتر دەبێت لەبەرچی بوەڕێت! لەو کاتەدا دەنگێ هاتە گوێی دەیوت: "بەڕاستی ئەوە لە حاڵی ئەو نەفامانە دەچێت کە بەبێ زانست و زانیاری دەدوێن و قسە دەکەن").

**پوختەی قسە:** بەڕاستی پێویستە وتەو قسەکانمانو بیرۆکەکانمان لە کەسانی دیکەوە خوازراوو داواکراو نەبن، بەڵکو لە داهێنان و دروست کراوی خۆمان بن، پێویستە لەسەرمان کە بەزیریەکانی خۆمان بیر بکەینەوە!

ئەگەر ویستت ببینی بە چاوی خۆت بڕوانە واز لە لاسایی کردنەوە بهێنە..

ئەگەر ویستیشت بیر بکەیتەوە ئەوە بە زیری خۆت بیر بکەوە، نەك بە زیر کەسێکی تر..

چونکە نموونەی ئەو زانیاریە تەنها بۆ تۆ دەبێت و بۆ خودی خۆتە!

کەوایە ئەو زانیاریە وەك چی وایە؟

ئەو زانیاریە وەك کانییەك وایە ئاوەکەی نابڕێ و وشك نابێت!

(کانیەك لە ماڵدا باشترە لە ڕووبارێك لە دەرەوەدا)!



Scanned by CamScanner

زانیارییەك خوازراو بێت لە کەسانی دیکەوە وەك ئاوێکی هێنراو وایە لە دەرەوە بۆ ناو قەڵایەك، دیارە ئەو ئاوە تەنها لە کاتەکانی ئاسایی ئاسایی ئاساییدا سوود دەبەخشێت، بەڵام لە کاتی جەنگ و نائاساییدا کاتێك دوژمنان گەمارۆی قەڵاکە دەدەن، ئاوەکە دەبڕێت و ئەوانەی نێو قەڵاکە دەکەونە تەنگەتاویو دەستەوسانی، کەواتە لەو حاڵەتەدا ئاوی ماوەو تاڵ و سوێری ناو قەڵاکە زۆر باشترە لە ئاوی سازگاری دەرەوەی قەڵاکە.

لە نواندنێکی دیکەشدا: بەڕاستی زانیاری لاسایی کراوە وەك دەنگدانەوەی بەردەکانە هیچ نەمەنی نییە، ڕۆمی وا دەبینێت کە زانیاری ڕاستەقینە ئەو زانیارییەیە کە لە نیگاوە (وحی) وەرگیراوەو هەڵقوڵاوە، نموونەی ئەو زانیارییە هەمیشە زیندووەو نامرێت و هەرگیز تیاناچێت.

ڕۆمی دەڵێت: "ئایا چیا بۆی دەکرێت کە خۆی بۆ خۆی دەنگێك دەربکات؟!" کەواتە ئەی کەسی ساویلکەو کاڵ فام، ئەو دەنگەی لە چیاوە دێت هیچ شتێك نییە جگە لە دەنگدانەوەی شتانی دیکە لە چیاکەدا! دەی بزانە، بێگومان وتە خوازراوەکانت لە کەسانی دیکە پێکهاتووە لە دەنگدانەوەی دەنگی ئەو کەسانە، هەروەهاش سەرجەم ئەحواڵە خوازراوەکانت، هەر کاتێك دەنگێکی بنج داکوترا لە خۆتەوە بیستراو وترا، ئەو کات دەتوانین بە دەنگ و وتەکانت ئامانج بپێکیت. سەرنج بدەو بڕوانە بۆ ئەو تیرەی بە باڵ و بازووی کەسی تر دەرباز دەبێت، ئایا بەشی هەیە لە کوشتنی ئەو باڵندەیەی ڕاوی دەکات؟

باز[1] ڕاوەکات لە چیاکاندا، بەڵام ئەوەتا لەبەرئەوەی توانای نییە بەسەر کۆنترۆڵکردنی ویستیدا ، ناتوانێت ئەو نێچیرو باڵندەیە بخوات کە ڕاوی دەکات، بەڵکو ڕاوکراوەکەی بۆ دەسەڵاتدارە، ئەمجا لێرەوە بەڕاستی هەر وتەیەك بنەماکەی

---

[1] باڵندەیەکە جنگی هەیە بۆ ڕاوکردن بەکاردێت و چەشنی زۆرە.



Scanned by CamScanner

ناگەڕێتەوە بۆ نیگا (الوحي) ئەوە عیبارەتە لە هەوەس بازی، هەروەها وەك تەپوتۆز وایە کە لە هەوادا پرش‌و بڵاو دەبێتەوە، فەرموودەکانی پێغەمبەری خودا ﷺ ئەوەتا نیاناچن، بەڵکو نەمرن و هەمیشە زیندون، لەبەرئەوەی لە ڕاستیدا لە هیچ ئارەزوویەکەوە نەهاتوون، بەڵکو ڕاڤەن بۆ نیگای خودا (وحي الله).

پوختەی هەموو ئەو بابەتانە، ئەوەیە کە زانست و زانیاری بۆ خودی خۆی دلولو مەبەست نییە، گرنگی زانست و زانیاری خزمەتکردنی بەها بەرزەکانە لەو زانست‌و زانیاریە، دەی کەوایە ئەو بەهایانە کامانەیە؟

ئێمە ناوی گەیشتن یان پێگەیشتنی بەسەردا دەبڕین.

کەوایە باشارەزا ببین بەسەر پلەکانی گەیشتندا.

گەیشتن (الوصول) ئەوەیە کە تۆ وەك ئەوە بیت کە خودای باڵادەست –جلّ جلاله– دەیەوێت لە تۆ کەوا بیت. جا لەڕێگای ئەوەدا پێویستە لەسەر مرۆڤ کە خوو خەدەو هەڵسوکەوتە خراپەکانی واز لێبهێنێت‌و خۆی بە ڕەوشت و خوو خەدەو هەڵسوکەوتی جوان و بەرزەوە بڕازێنێتەوە، بێگومان هەموو ئەوەش پێویستی بە باوەڕێکی بەهێزی دامەزراو و جێگیر هەیە.

## گرنگی و ئەرکت لەم ماڵەدا

## پێویستە خۆت خاوێن کەیتەوەو ببیتە مرۆڤێکی پێگەیشتوو!

چاك وایە، بابەتەکەمان یەکەمجار بە گرنگی وازهێنانی خوو خەدەو هەڵسوکەوتە خراپەکان دەست پێبکەین، بەڵام بەڕاستی من پێش ئەوە ئەمەوێت کە بزانم مەبەست لە پێگەیشتن چییە؟ وە ئەوە چییە مرۆڤ بە پێ گەیشتن دەستی دەخات؟



Scanned by CamScanner

بەڕاستی مرۆڤ ڕەوانە کراوە بۆ ئەم دونیایە تاببێتە مرۆڤێکی ڕاستەقینە، جا ئەوەی سەرکەوتوو بوو لەوەدا، بێگومان سەرکەوتوو دەبێت لە ئەنجامدانی گرنگی و ئەرکەکەیدا، بەو سەرکەوتنەش مرۆڤ یەکەمجار خودی خۆی بەدەست دەخات.

دەی ئا ئەوە چۆنی؟

بۆ ئەوەی بزانیت، گوێ ڕاگرە بۆ مەسنەوی:

## ناتوانرێت لە خودی خۆت هەڵبێیت

ئەوەی هەڵدێت لە دەستی کەسێك یان شتێکی دیکە جگە لە خۆی، ئەوە کاتێك لەو شتە یان لەو کەسە دوور دەکەوێتەوە دەتوانێت ڕابوەستێتو وازلە هەڵهاتنو ڕاکردن بهێنێت، بەڵام من دوژمنەکەم ناخی خۆمە، ئەشمەوێت و بە مەبەستی ڕزگاربوون لێی لە دەستی هەڵبێم، لە ڕاستیدا کاتێك هەڵدێم و ڕانەکەم ئەبینم ئەو هەر لەگەڵم دایە. واتە بەڕاستی من هەرچی هەوڵدا نەمتوانی و ناشتوانم هەڵبێم و ڕزگارم ببێت لێی، لەبەر ئەوە هەموو خەریك بوونێکم هەڵهاتن و ڕاکردنە بەبێ وەستان تا ڕۆژی ڕەستاخیز (القیامە). بێگومان ئەگەر مرۆڤ سێبەرەکەی دوژمنی بێت، ئەوە تامی دڵنیایی‌و پشوو ناکات نە لە هیندستان و نە لە هیچ شوێنێك.. ئەی خاوەنی فیترەتی ساغ و دروست! دڵنیابە ڕۆژێك دێت تیایدا هەموو موڵك دارایێتی تیا لەدەست دەدەیت، بەڵام ئەگەر خۆت گەنجینەو ماڵ و دارایی بیت، ئەوە هەرگیز لەناوچوون بۆ ئەو گەنجینەو داراییە نییە.

ئەم وتانە پەڕاوێکی هێنایەوە یادم بەناونیشانی (کە ببیت یان کە بنبێت)، جا ئەو دەڵێت: (پێشینان دەیانڕوانی بۆ خودی خۆمان و بەهای ناخ و کەسایەتیمان، بەڵام سەردەمیان (المعاصرون) دەڕوانن بۆ بەهای ئەوەی کە هەمانە لە ماڵ و دارایی).



Scanned by CamScanner

کەواتە تۆ ئەو شتە داوا بکەو بەدوایدا بگەڕێ کە لەناو ناچێت!

ئایا دەبێت مرۆڤ خودی خۆی ببێتە گەنجینە، یەکەم شت پێویستە لەسەری کە عەیبەکانی خۆی بزانێت و بناسێت و خۆی لێیان خاوێن بکاتەوە، ئەگینا هیچ سوودێك نییە لە بینینی عەیبانی کەسانی تردا، لە ڕاستیشدا عەیبی ڕاستەقینەیی بینینی عەیبە لە هەموو شتێکدا.

کەوایە سەری عەیبەکان بینینی عەیبەکانە.. بەڕاستی ئەوە شتێکی نامۆیە!

بەڵێ، بینینی عەیب دەگەڕێتەوە بە عەیب بۆ مرۆڤەکە، ئەوانەی بینینی عەیبانی کەسانی دیکەیان کردۆتە خوو خەدە (عادەت) بۆ خۆیان، دەکەونە وێستگەیەکی زۆر زۆر پێکەنین هاوەرەوە، ڕۆمی ئەوەمان لەم نوکتەی نوێژەدا بۆ ڕوون دەکاتەوە:

## بەڕاستی نوێژەکەت بەتاڵ بوویەوە..

چوار هیندی چوون بۆ مزگەوت بۆ نوێژ، لەو کاتەدا بانگدەر چووە ژوورەوە بۆ ناو مزگەوت، یەکێك لە هیندیەکان لەبیری چوو بوو کە لە نوێژدایە وتی بە بانگدەر: ئایا بانگ وتراوە؟

هیندی دووەم کە ئەویش لە نوێژدا بوو شانێکی لێدلو وتی: بەڕاستی قسەت کردو بەو هۆیەوە نوێژەکەت بەتاڵ بوویەوە.

هیندی سێیەم کە ئەویش لە نوێژدا بوو، وتی بە هیندی دووەم: ئەی بەستەزمان، لەجیاتی ئەوەی بە نوێژی هاوەڵەکەتەوە خەریك بیت، بە نوێژەکەی خۆتەوە خەریك بە.



Scanned by CamScanner

هیندی چوارەم کە ئەویش لە نوێژدا بوو بەوەی بینی دڵشاد بوو و بە دەنگێکی بەرز وتی: سوپاس بۆ خودا، وەک ئەو گەلۆزو نەفامانە نوێژەکەی من بەتاڵ نەبووەتەوە.

ئا بەو شێوەیە نوێژی هەموویان بەتاڵ بوویەوە. بۆچی هەندێکیان جوانی لە هەموو شتێکدا دەبینن، کەچی لەولاوە هەندێکی تر لە هەموو شتێکدا ناشرینی دەبینن؟ لەکوێوە ئەو جیاوازیە دێت؟

دەی با لەم بەیتە شعرانەدا لە وەڵامی ئەو پرسیارە بگەڕێین:

هەرکەس دڵی بە یەک سیفەتەوە وابەست بێت

هیچی دیکە لەوە نەبینێت..

بەهەشت بۆ ئەو ناشیرین دەردەکەوێت

بینینت بۆ جیهان بە ئەندازەی ئیدراکتە

سۆزە پیسەکانت بەرت لێ دەگرێت لە بینینی خاوێنی، کەوایە هەستی بینینت بشۆرە بە ئاوی ڕوانین..

وە بزانە کە سۆفیەکان ئاوا بەرگەکانیان دەشۆرن..

چونکە بەڕاستی کاتێک تۆ ناخت خاوێن دەکەیتەوە، پەردەکان لە بەردەمدا هەڵدەگیرێ!

ئیتر ناخە خاوێنەکان بە خێرایی بۆ لات دێن..

بەڕاستی بیروهۆشم سەرجەنجاڵ بوو بەئەو هیندیە نوێژخوێنانەوە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەگەر کەسێک لە هەڵەدا ئاگادار نەکرێتەوە، ئیتر کەمتەخەم چۆنیەتی کەمتەرخەمیەکەی دەزانێت، هەروەها چۆن دەتوانێت هەڵەکانی ڕاست بکاتەوە؟

لەوێدا جیاوازیەکی فراوان هەیە لە وتەیەکەوە بۆ وتەیەکی دیکە، پێویستە کە بیرخەرەوەکە وەک ئاوێنەو ترازوو وابێت، ئاوێنەو ترازوو حەق و ڕاستی ناشارنەوە،



Scanned by CamScanner

بێگومان داپەروەری و دروستی (الصواب) هۆکاری بونیان و حیکمەتی بونیانن. تۆ هەرچەند خزمەتی ئاوێنەو ترازوو بکەیت و هەموو چاکەیەکیان پێشکەش بکەیت، ئەوان لەبەر خاتری تۆ نیفاق و دوو ڕوویی ناکەن، ئەو دووانە هێمای ڕاستی و دروستین جگە لە ڕاستەقینەیی هیچی دیکە دەرناخەن، ئەو دووانە بە تۆ دەڵێن: (زۆر دوورە و نەگونجاوە کە ئاوێنە و ترازوو هەستن بە ئەنجامدانی هەر فێڵ و تەڵەکەیەک، کەوایە چاکتر ئەوەیە کە تۆ خوو هەڵسوکەوتە خراپەکانت واز لێبهێنیت).

ئا ئەوەیە ئاوێنەو ترازوو بە زمانی خۆیان بە تۆی دەڵێن، کەوایە کەسی کەمتەرخەم شایستەی ئەوە نییە کە گوێ ڕابکرێت بۆ ڕاستی؟ بەڵام دیارە ئاسانترە لەسەر مرۆڤ ئەوەیە هەستێت بە لۆمەکردنی ئاوێنە لە جیاتی قبوڵ کردنی عەیبەکانی و دانپیانانیاندا.

پوختە ئەوەیە: کە بەڕاستی پەرچەکرداری کارەکانمان لەو کاروبارانەدا پەرچەکرداری کاری ئەم کەسە زنجیەیە هەروەک هاتووە لەم کورتە چیرۆکەدا:

## زنجیەک لە ئاوێنەیەک تووڕە دەبێت!

کەسێکی دەم و چاو ئاوڵاوی پارچە ئاوێنەیەکی بینی لەنێو گڵەکەدا دەدرەوشایەوە لە ڕێگەدا، هەرگیز لە ژیانیدا ئاوێنەی نەدیبوو.. کەسەی ئاوڵاوی دانەویەو ئەو پارچە درەوشاوەیەی هەڵگرت و بە سوچێکی پۆشاکەکەی خاوێنی کردەوەو ئەمجا بەرەو ڕووی بەرزی کردەوە، بەڵام هەر ئەوەندەی ڕووی ئاوڵاوی ناشرینی خۆی تیا بینیەوە تووڕەیی گرتی و ئاوێنەکەی لە دەستی فڕێ داو وتی: (خودا قێزەونت کات چ ئاوێنەیەکی خراپیت! دیارە ئەگەر هەموو شتێکت بە ناشرینی دەرنەخستایەو پیشان نەدایە خەڵکی لەم زبڵدانەدا فڕێیان نەدەدایت!).



Scanned by CamScanner

باشە، با بڵێین وابەڕاستی من گەشتومەتە پلەیەکی گونجاو لە پێگەیشتن و وام لێهاتووە عەیبەکانی خۆم دەبینم، لە کوێوە دەست بە ڕەوشت دادان بکەم؟

یەکەمجار دەست بە ڕەوشتدادانی ناخ و گیانی (ڕۆح) خۆت بکە، چونکە بەڕاستی ئەو دوانە وەک حەوزی ئاون، هەڵسوکەوتەکانیشت وەک بەلۆعەیە، بێگومان لە بەلۆعەش ئەوە دەڕژێت کە لە حەوزدا هەیە، جا ئەگەر لە حەوزەکەدا هەنگوین هەبێت، ئەو لە بەلۆعەکە بێگومان هەر هەنگوین دێت، خۆ ئەگەر شیری تێدا بوێت ئەوە شیر دێت، هەر هەستێکیش لە پێنج هەستەکە وەک بەلۆعە وایە بە حەورەوەو بەپێی فەرمانەکان هەڵسوکەوت دەکات.

ڕاستی ئەوەیە کە مەسەلە لە سۆفیگەریەتی مەسەلە ڕواڵەت و وێنە نییە، بەڵکو مەسەلەی ناخ و ناوەڕۆکە، ڕۆمی دەڵێت:

(ئەو کەسەی دەیەوێت ڕێگای خۆ خاوێن کردنەوە[1] و خوداپەرستی بگرێتە بەر پێویستە لەسەری کە بەڕاستی خۆی لە چڵک و چەپەڵیە ناوەکیەکان خاوێن بکاتەوە، چونکە خۆخاوێن کردنەوەو خوداپەرستی لە لەبەرکردنی خوریدا نییە، هەروەها لە خۆپیشاندان و ڕۆشتنی هێواش و ویقار پیشاندانیشدا نییە).

❀❀❀

---

[1] خۆخاوێن کردنەوە یانی (التصوف)



Scanned by CamScanner

**بەرصیصا (برصصا):**

لەناو بەنی ئیسرائیلدا کەسێك بووە ناوی بە دونیا نەویست و خوداپەرستی راستەقینە ناسراوەو بەوە ناوبانگی دەرکردووە، ناوی بەرصیصا بووە. ئەو ناوەی فووی پێکداکردووە بووە بە دەرمان و شیفا بۆ ئەوەی خواردویەتیەوە، ناوبانگی لە دونیادا دەنگی داوەتەوەو بڵاوبووەتەوە، تا وای لێهاتووە پزیشکان بێ کار بوون، شەیتان بە هەموو شێوەیەك رق لەو دونیا نەویستە (الزاهد) هەڵدەگرێت بە شێوەیەك لە رق دا ئاسن بە دان دەچەمێنێت، بەڵام لە راستیدا هیچ فێڵێك شك نابات و نابینێت بۆ هەڵخەڵەتاندنی، رۆژێك لە رۆژان ئەوەکانی بانگ دەکات و پرسیاریان لێ دەکات:

کێ لە ئێوە دەتوانێت کە لەم کێشەیە رزگارم بکات؟

یەکێکیان وتی: من دەتوانم کە رزگارت بکەم لێی..

شەیتان وتی: ئەگەر تۆ ئەوەت توانی بە راستی ئەوە تۆ دەبیتە ئەوە راستەقینەکەی من و رووناکی دیدەم.

ئەوەی شەیتان ماوەیەك بە قوڵی بیری کردەوە هیچ هۆکارو چەکێکی نەدیەوە چاکترو کاریگەرتر بێت لە ئافرەت بۆ هەڵخەڵەتاندن و گومرا کردنی دونیا نەویستەکە! بەراستی هەستی کردو زانی کە ئارەزووی خواردن و دارایی سوود ناگەیەنن، لەبەرئەوەی لە راستیدا خاوەنی گیان (النفس) نین بۆ ئەوەی بانگت بکەن و سەرنجت رابکێشن، کەواتە ئەوان یەك لایەنن. بەڵام کاری ئافرەت کارێکی جیاوازە، چونکە ئەوەتە تۆ ئافرەتت خۆش دەوێت، ئافرەتیش تۆی خۆش دەوێت! کونکردنی دیواریش لە یەك لاوە قورس و نارەحەتە، بەڵام زۆر ئاسانە ئەگەر لە دوو لاوە دوو کەس هەستان بە کونکردنەکە، جا پاش گەیشتن بەو بریارە ئەوەی شەیتان کەوتە گەران ئەوەی مەبەستی بوو راوەکەی پێ بکات دیتیەوە لە



Scanned by CamScanner

ئافرەتێکی جوانی خانەدانی بە ویقاردا، ئەو ئافرەتە شۆخ و شەنگە کچی دەسەڵاتدار بوو، ئەوەی شەیتان چووە نێو ژیری (العقل) ئەو کچەوەو تێکی دا.
کاتێکیش پزیشکان دەستەوسان بوون لە چاککردنەوەی، ئەوەی شەیتان بە بەرگو پۆشاکێکی دونیا نەویستەوە هات بۆ لایان و پێی وتن:

ئەگەر ئێوە چاکبوونەوەی ئەم کچەتان دەوێت، ئەوە ڕەوانەی کەن بۆ لای (بەرصیصا)، هەر گەشتە لای فووی پیا دەکات و چاك دەبێتەوە.

ئەوانیش، ئەوەیان ئەنجام دا کە ئەوەی شەیتان پێی ڕاگەیاندبوون، کچە چاك بوویەوە! ئاوەها شەیتان هەنگاوی یەکەمی نا لە دەست خستنی متمانەی دەسەڵاتدار، پاشان جارێکی دیکە چووەوە نێو سەری کچە، تا زیاتر شێتی بکاتو تێکی بدات.. بەڵێ ئەنجامی دا.. کچە لە جاری پێشوو خراپتری بەسەر هات، ئەمجا پێی وتنەوە:

کچەکە جارێکی دیکە بنێرنەوە بۆ لای (بەرصیصا)، بەڵام ماوەیەکی زیاتر لەوێ وازی لێ بهێنن بۆ ئەوەی بە تەواوی چاك ببێتەوە.

جا هەروەك هاتووە لە فەرموودەی پێغەمبەردا ﷺ : (لا يخلونّ رجلٌ بإمرأة إلاّ كان ثالثُهما الشّيطانُ)[1] واتە: هەر کاتێك پیاوێك لەگەڵ ئافرەتێکی نامەحرەمدا دوو بە دوو بوون ئەوە بێگومان سێیەمیان شەیتانە.

دونیا نەویستی خوداپەرست لەو ڕاستییە بێ ئاگا بوو ئارەزووەکانی ناخی بەبێ بایەخ سەیر کرد، لەبەرئەوە بەهایەکی گرانی ئەو بێ ئاگابوونەوەی دا ، هەر کە ماوەی مانەوەی کچەکە درێژەی دەکێشا لەلای (بەرصیصا) هەردووکیان هەستیان بە ئارەزوومەندی دەکرد بەرامبەر بە یەکدی، لە ئەنجامی ئەوە لە کۆتاییدا کچە سکی کرد (حامیلە بوو). شەیتانەکە لە شێوەی هاوڕێیەکی زۆر دڵسۆزدا چوو بۆ

---

[1] رواه الترمذي



Scanned by CamScanner

لای دونیا نەویستەکەو دەربارەی ئەوەی ڕوویدابوو پرسیاری لێ کرد، ئەویش دەربارەی هەموو شتێك ئاگاداری کرد، شەیتان پەنێکی دیکەی پێدا، بەوەی ئامۆژگاری کرد کە خێرا کچەکە بکوژێت و بینێژێت، زاهیدەکە خێرا گوێڕایەڵی ئەو ئامۆژگاریە بوو و جێبەجێی کرد.. شەیتانەکە ئەوەی کردو ڕۆشت بۆ لای سوڵتان و ئاگاداری کرد بە چاکبوونەوەی کچەکەی! بەڵام کاتێك پیاوەکانی سوڵتان چوون بۆ لای بەرصیصای دونیا نەویست، بەرصیصا وتی: لە ڕاستیدا کچەکە مردوەو ئەویش ناشتویەتی.

شەیتان بە بەرگێکی دیکەوە ڕۆشتەوە بۆ لای سوڵتان و ئاگاداری کرد لەوەی کە زاهیدەکە ئەنجامی داوە، زاهید ڕاپێچکرا بۆ لای سوڵتان و لەوێ نکوڵی لە تاوانەکەی کرد، بەڵام سوڵتان کاتێك ئەو شوێنەی هەڵدایەوە کە شەیتانەکە ڕێنمایی کرد بوو بەوەی کە کچەکەی تیا نێژراوەو شارراوەتەوە، بینی کچەکەی کوژراوە، سوڵتان کە ئەوەی بینی بڕیاری کوشتنی (إعدام) دا بەسەر (بەرصیصا)دا، جا کەمێك پێش جێبەجێ کردنی کوشتنەکەی شەیتانەکە لە بەرگێکی دیکەدا هات بۆ لای و پێی وت:

بەڕاستی وا تۆ گیرۆدەی ئەو بەڵایانەی کە تووشت بووە، لەسەرووی هەموویانەوە کوشتنتە، جا ئێستا ئەگەر کڕنوشی (سجدە) بۆ من بەریت ئەوە هەڵدەستم بە ڕزگارکردنت.

بەرصیصا پرسی: دەی من چۆن کڕنوش بەرم لە کاتێکدا کە من پەتی خنکاندن وا لە ملمدا؟

شەیتان وەڵامی دایەوە وتی: بەسە ئاماژەیەکی کڕنووش بردن بەسەرت.

کاتێك بەرصیصا لەناو گیانی بڕیاری کڕنوش بردنی داو سەری جوڵاند بۆ کڕنوش بردن پەتەکە زیاتر بە دەوری ملیدا هاتەوەیەك، بەهۆی ئەوەوە زیاترو زیاتر ئازار زۆری بۆ هێنا، شەیتان لە کاتەدا ئەمەی پێ وت کە لەم ئایەتە پیرۆزەدا



Scanned by CamScanner

هاتووە: ﴿إِنِّي بَرِيٓءٞ مِّنكَ إِنِّيٓ أَخَافُ ٱللَّهَ رَبَّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ١٦﴾ سورة الحشر: ١٦. واتە: بەڕاستی من بەریم لە تۆ، بێگومان من لە زاتی ئەللا دەترسم کە پەروەردگاری جیهانیانە!

بێگومان دۆستایەتی نەفس و شەیتان و ئەوەی لە شەیتان دەچێت ئەوەندە بەردەوام دەبێت تا هاوەڵەکەی دەگەیەنێتە پەتی خنکاندن.

چیرۆکێکی پەند ئامێزە، وەك ئەو گێڕاوەیەی کە بەڕاستی من خوێندوومەتەوە: (فاوست) هی (جووتە)، یان پەڕاوی (تایس) هی (ئەناتول فرانس)، چیرۆکەکە زیاد لە متمانە نەکردن بە نەفس دڵنیایی دەدات لەسەر گرنگی خۆ دوورگرتن لە هاوەڵی خراپ. جا ئەو ئەنجامە دەیگەیەنن ئەوەیە کە مادام پەروەردە کردنی ناخ (نفس) بەو شێوە نارەحەتە بێت، کەوایە بەهای هەر مرۆڤێك بەپێی سەرکەوتنیەتی لەو بوارەدا.

ئەوە دروستە، کەوایە بەڕاستی سەرنجدان لەم چیرۆکەی لای خوارەوە لەو سوچەوە پێویستە، بۆ ئەوەی بزانرێت سوڵتان کێیەو بەندە کێیە؟

## وای دادەنێیت کە تۆ بەڕاستی سوڵتانیت؟

یەکێك لە خاوەن دەسەڵاتەکان وتی بە شێخێکی هەژار: (تۆ بەڕاستی زۆر هەژاری، چی داوا دەکەیت و دەخوازی پێم بڵێ بۆ ئەوەی یارمەتیت بدەم؟)

شێخەکە تووڕە بوو وتی: (چۆن ئەوە دەڵێیت لە کاتێکدا تۆ بەندەی دوو بەندەی لای منی؟ ئایا خەجاڵەت نابیت و شەرم ناتگرێت؟

سوڵتان ڕاماو پرسیاری کرد: (جێی سەرسوڕمانە، ئەو دوو گەورەیەی من کێن کە دوو بەندەن لەلای تۆ؟)



Scanned by CamScanner

شێخەکە وەڵامی دایەوە: (یەکەمیان تورەبوونەو دووەمیشیان شەهوەت بازییە، ئەو دووانە دوو بەندەن لای من، بەڵام بەڕاستی تۆ بوویتە بەندەیەک لە دەستی ئەواندا!).

وەڵامی جوانتر لەوە نییە! کەوایە دەسەڵاتداریەتی ڕاستەقینە خۆ خاوێن کردنەوەیە (التصوف أو التطهر)، یانی خۆخاوێن کردنەوە لە چڵك و چەپەڵی ناخ. پێم بڵێ: ئایا پێویستی گەلێکی دیکە هەیە لەوێدا بۆ خۆپاککردنەوە؟

لە گرنگترینی مەرجەکانی خۆپاککردنەوە (التصوف أو التطهر) ئەوەیە کە مرۆڤ وابەست بێت بە کاتەوە، واتە هەستێکی بەهێزی هەبێت بەرامبەر بە کات: (بەهای ئەو چرکەساتە (اللحظة) بزانە کە وای تیایدا، هەروەها باش بزانە کە ژیان فرسەتێکی بەنرخە باش پێوە خەریك بەو لەدەستی مەدە، غەمبار مەبە بۆ ئەو لەدەست چووەو تێپەڕیوە، هەروەها لەوە مەترسە کەوا دێت).

کەواتە مادام کات بریتیە لە چرکەساتێك کەوایە لە دەستی مەدەو مەیفەوتێنە، بەڵکو بە خەمی بکەو خزمەتی بکە هەرچۆن جگەر گۆشەکەت بە خەم دەکەیت و خزمەتی دەکەیت، خزمەتکردنی کات و بە خەمەوە بوونی و ئەنجامدانی ئەرك بەرامبەری بە دوانەخستنی کاری ئەمڕۆ دەبێت بۆ سبەینێ.

هەموو خوو ڕەوشتو کارێکی قێزەون لە مرۆڤدا وەك دڕکێك وایە، جا فەرموو سەرنجی چیرۆکی ئەو پیاوە بدە کە بەردەوام هەڵکەندنی دڕکەکان دوا دەخات بۆ سبەینێ.

❀❀❀



Scanned by CamScanner

## دڕکەکان هەڵدەکەنم

کەسێك دڕك گەلێکی لەسەر ڕێگا ڕواند، هەر کە دڕکەکان گەورە دەبوون ژمارەی ئەوانەی قاچیان بریندار دەبوو و پۆشاکەکانیان دەدڕا زیاتر دەبوون. فەرمانڕەوای ئەو شارە پێی دەوت: (ئەو دڕکانە ببڕەو هەڵکەنە کە زیان بە خەڵکی دەگەیەنێت). دەیوت: (بەیانی دەیانبڕم و هەڵیان دەکەنم.. دوایی لە دڵی خۆیدا دەیوت. ڕۆژانی داهاتوو زۆرن، ئاوەها کابرا ئەو کارەی دوادەخست تا ساڵانێك تێپەڕی.

ڕۆژێکیان فەرمانڕەوا (والی) پێی وت: (دڕکەکان بە تێپەڕبوونی ڕۆژەکان بەهێز دەبن، تۆش بە تێپەڕبوونی ڕۆژەکان لاواز دەبیت و پیر دەبیت، دەی ئەگەر ئێستا ئەو کارە نەکەیت، ئیتر کەی دەیانبڕیت و هەڵیان دەکەنی؟).

بەڕاستی داستان و چیرۆکێکی پەند ئامێزە، بەڵام دەی بۆچی مرۆڤ عەیبەکانی خۆی نابینێ؟ یان ئەگەر دەیبینێ بۆچی ناتوانێت ڕیشەکێشیان بکات؟

ئەوانەی عەیبەکان لە ناخیاندا ڕەگیان داکوتاوەو، بوونەتە سروشتێك لە سروشتەکانیان وەك عەیب لای دەرناکەون، بەڵام ئەو کەسەی خاوەنی بنەماو فیترەتێکی پاك و ساغ و دروستە، بێگومان ئەوە هەر کە کەوتە ناو گوناهێکەوە یان خراپەو عەیبێکەوە خێرا ڕادەچڵەکێت و بەئاگا دێتەوەو، هەوڵ دەداتو سوور دەبێت لەسەر ڕزگاربوون لێی.

دەی بە پێی ئەوەی خێرو چاکەکردن بنەمایە لە مرۆڤدا، چۆنە وا دڵ و ویژدانی ئەو کەسەی خراپەو تاوانێك ئەنجام دەدات ڕاناچڵەکێتو بە ئاگا نایەتەوە؟

ویژدان بەرامبەر تاوان و خراپەی یەکەم هەست پێکەرە، بەڵام بەڕاستی ئەو هەست پێکردنە خێرا وردە وردە نامێنێت، کاتێك ئەنجامدانی تاوان و خراپە چەندجارە دەبێتەوە! هەروەك ئەوە ڕوون و ئاشکرایە لەم چیرۆکەی داهاتوودا:



Scanned by CamScanner

## چیرۆکی (عەظیم):

بەنی ئیسرائیلیەك كە ناوی (عەظیم) بوو لە ماڵەكەی بە نیەتێكی خراپ چووە دەرەوە، لە ڕێگایدا بەردێكی گەورەی بینی و پیاوێكیش دەكۆشا ئەو بەردە بەرز بكاتەوە، (عەظیم) دەستی كرد بە چاودێری كردنی پیاوەكە، بەردەكە زۆر قورس بوو جوڵاندنی لە شوێنی خۆی زۆر زەحمەت بوو، پیاوەكە كە ئەوەی زانی، ڕۆشت بەردێكی دیكەی ئامادە كردو خستیە سەر بەردی یەكەم، لەوێدا دوو بەردەكە دەستیان بە جوڵە كرد.. پاشان ڕۆشت و بەردی سێیەمی هێناو خستیە سەر دوو بەردی پێشوو، ئەمجا ئەو سێ بەردەی بەبێ زەحمەتێكی زۆر بەرز كردەوە، پاش ئەوە لە ڕێگا ڕۆشتنەكەی بەردەوام بوو.

(عەظیم) ڕاما لەوەی چۆن پیاوەكە توانی ئەو سێ بەردە بەرزبكاتەوە، لە كاتێكدا ئەو دەستەوسان بوو لە بەرزكردنەوەی یەك بەردیاندا! (عەظیم) لە ڕێگایدا گەیشتە شارێكی گەورە، لە دەروازەی ئەو شارەدا خواناسێكی بەتەمەنی گەورەی دیەوەو لەو ڕووداوە سەرسوڕهێنەرە كە دیبووی ئاگاداری كرد.

خوداناسەكە پێی وت: ئەو بەردانە وەك گوناه و تاوانەكانن، بەڕاستی گوناهی یەكەم بۆ مرۆڤ وا دەردەكەوێت بۆی كە گەورەیە و ناتوانێت لە ئەستۆی بگرێت و هەڵی بگرێت، بەڵام كاتێك گوناه و تاوانێكی دیكە ئەنجام دەدات ئەو گوناه و تاوانەی یەكەم سووك دەبێت. هەروەها كاتێك گوناه و تاوانی سێیەم ئەنجام دەدات، گوناه و تاوانەكان سووك لەلای دەردەكەون و دەبنە شتێكی سروشتیو ئاسایی و ڕادێت لەگەڵیان!

ڕاهاتن یەكەمجارو پاشان.. ئایا شتێك لە دوای ڕاهاتن و خوپێوەگرتن هەیە؟

بەڵێ لە دوای ڕاهاتن و خوو پێوەگرتنەوە شتێك هەیە، مرۆڤ هەر ئەوەندەی ڕاهات لەسەر شتێك "چاك بێت یان قێزەون و خراپ" بە تێپەڕبوونی كات دەگۆڕێت



Scanned by CamScanner

بۆ سروش (طبیعة)، ئیتر کە گۆڕا بۆ سروش (طبیعة) بەڕاستی کاری قێزەون و خراپ لای ئەو بە قێزەون و خراپ دەرناکەوێت، بەڵکو لای ئەوە دەگۆڕێت بۆ پێویستییەک، بۆ ئەو جۆرە کەسە گوڵ بە دڕک دەردەکەوێت و، بۆنی میسکیش بە ئەترانی بۆگەن، تەواو وەک چیرۆکی ئەو پێستە خۆشکەرەی لە سەرخۆی دەچێت لە بازاڕی بۆن فرۆشاندا.

## لەبەرچی پێستە خۆشکەر لەسەرخۆی دەچێت؟

ڕۆژێک لە ڕۆژان دەباغێک کە هەموو کاتی خۆی لە پێستە خۆشکردندا بەسەر برد بوو لە نێو بۆن و بۆساری بۆگەندا، لە شاری (قونیە)دا بە کۆڵانی بۆن فرۆشاندا تێدەپەڕێت، لەناوەڕاستی کۆڵانەکەدا لەسەرخۆ دەچێت.. وەک ئەوەی لێدانێکی بەهێز لەسەر سەری بدرێت! خەڵکانی دەوروبەری خێرا دەگەنە سەری‌و، دەست لەسەر سنگی دادەنێن و، بۆنی خۆش دەدەن بە لوتیدا بۆ ئەوەی بێتەوە هۆش خۆی، بەڵام ئەو زیاتر حاڵی خراپ دەبێت.. لە دواییدا کاتێک لە چاکبوونەوەی دەستەوسان دەبن، هەواڵ بۆ کەسوکاری دەنێرن، براکەی کە هەواڵەکە دەبیستێت بە پەلە دەچێت بۆ لای، کاتێک بنەمای بابەتەکە دەزانێت خەڵکە کۆبووەکە لە براکەی دوور دەخاتەوە، ئەمجا بە دزیەوە لەژێر بنباڵیدا پارچە پشقلێکی[1] ئاژەڵ دەردەهێنێت‌و لە لوتی برا بوراوەکەی نزیک دەکاتەوە تۆزی پێناچێت، برا بوراوەکەی ئامێکی خۆشی هەڵدەکێشێت‌و دێتەوە هۆشی خۆی‌و لەسەر پێیەکانی خۆی ڕادەوەستێت!

---

[1] پشقل یان شیاکە یا تەرس، پاشەڕۆی ئەم ئاژەڵانەن، پشقل هی بزن و مەڕە، شیاکە هی مانگا و گایە، تەرس هی ئەسپ و ماین و گوێدرێژە.



Scanned by CamScanner

هەروەك ڕوون و دیارە لە چیرۆكەكەدا، بەڕاستی پشقل یان هەر پیسی و بۆگەنێكی دیكە، بە تێپەڕبوونی كات دەتوانرێت بگۆڕێت بۆ پێویستییەك ، بەلگەش لەسەر ئەوە ئەوەتە لاكە تۆپیو لای مرۆڤ شتێكی پیس و قێزەونە، كەچی لای سەگو بەرازو هاوشێوەیان شتێكی بەلەزەتەو بەتامە !

بەپێی ڕای (ڕۆمیش) هەروەك لە مەسنەویدا دەڵێت: بەڕاستی گوناه و تاوان لە ژەنگ دەچێت كە لە سەرەتادا لە ئاسن دەدات، جا ئەگەر دەست و برد پاك نەكرێتەوە ئەوە كەم كەم دەست دەكات بە كون كونكردن‌و لەناوبردن‌و خراپكردنی ئاسنەكە ! هەرئاوەهاش ئەگەر نووسینێك لەسەر پارچە كاغەزێكی سپی نووسرا ئەوە خوێندنەوەی ئاسان دەبێت، بەلام ئەگەر نووسینێكی زۆری چڕو پڕو ئاڵۆزی لەسەر نووسرا ئەوە پارچە كاغەزەكە زیاتر ڕەش دەبێتەوەو خوێندنەوەی زەحمەت دەبێت! خۆ ئەگەر نووسین لەسەری هەر بەو شێوەیە بەردەوام بێت ئەوە پارچە كاغەزەكە دەگۆڕێت بۆ پارچەیەكی ڕەش هەروەك دڵی بێ باوەڕو گوناهكارو تاوانكاری بەردەوام.

بەلام لە ڕاستیدا بەپێی ئەوەی ئێمە بڕوامان پێیەتی، بەڕاستی هەموو خەڵكی "جگە لە پێغەمبەران" بێ هەڵەو تاوان نابن، لە ڕاستیشدا گوناهی یەكەم لەگەڵ مرۆڤی یەكەمدا دەستی پێكرد.. كەوایە جیاوازی كردن پێویستە لەنێوان ئەنجامدانی گوناه و تاوانێكدا بەهۆی كەمتەرخەمی مرۆییەوەو لەنێوان گۆڕانی گوناهو تاوانەكان بۆ سرووش و خوو خەدە (طبیعة وعادة) لە مرۆڤدا.

ئەوە بەبێ ڕكابەر و جیاوازی دروستە، لە ڕاستیدا لەبەرئەوەی ئێمە پاكژكەرەوەیەكمان لەدەستدایە گوناهەكانمانی پێ پاكژ دەكەینەوە پێی دەڵێین پەشیمانی (گەڕانەوە= تەوبە)، هەر لەبەرئەوەیە ئادەم ﷺ دەبینین بە تەوبەو پەشیمانیەكەی بوویە یەكێك لە ڕێزدارەكان.. بە پێچەوانەی ئەوەوە ئیبلیس كاتێك



Scanned by CamScanner

سوور بوو لەسەر گوناهەکەی و سوار ملهوڕی و لەخۆبایی بوون بوو، بوویە یەکێك لە نەفرین لێکراوان (الملعونين).

کەوایە، مرۆڤی چاك مانای ئەوە نییە کە خالیە لە گوناهەکان و گوناه ناکات، لەبەرئەوە لەسەر هەر یەکێك پێویستە کە لە ئەنجامی سروشتی کەموکوڕی مرۆیی گوناهێك یان تاوانێك ئەنجام دەدات، ڕوو لە خودای باڵادەست بکات و پەشیمان ببێتەوە داوای لێ بووردن و لێخۆشبوونی لێ بکات. وە ئەگەر گوناه و تاوانەکەی پەیوەندی بە بەندەکانی خوداشەوە هەبوو دەبێت خاوەن ماف (بەندەکە) لێی ببورێت. هەروەها لەگەڵ ئەوەدا کە تەوبەو پەشیمانی لەلای خودا پەسەندە، بەڵام بەڕاستی پشت بەستن پێی بۆ بەردەوام بوون لەسەر گوناه کردنو کردنی بە خوو خەدەو سروش، ئەوە ڕێپێنەدراوەو پەسەند نییە، لە ڕاستیشدا هەموو کەسێك پێش گیان دەرچوونی پەشیمان دەبێتەوەو تەوبە دەکات، بەڵام بەڕاستی وا دەبێت لەو کاتەدا کات بەسەر دەچێت و تیانووسی پەشیمانی (تەوبە) دادەخرێت، چونکە لە ڕاستیدا پەشیمانی و تەوبەش مەرج و کاتی خۆی هەیە.

باوەڕم وایە بەڕاستی ئێمە لێرەدا تەواو بووین لە ڕوون کردنەوەی ئەو بنەمایانەی پێویستە لەسەرمان دووریان لێ بگرین لەبەر خاتری پێگەیشتن، ئەی ئەوەی لە دوای ئەوەیە چییە؟

بۆ زانینی ئەوە، پێویستە لەسەرمان گەڕانەوە بۆ نوکتەی یەکەم و یادکردنەوەی، چونکە لەوەدا چیرۆکی ئەو فەرمانبەرەمان باس کرد کە ڕەوانە کراوە بۆ ئەم دونیایەو، ئەو سوڵتانەی ڕەوانەی کردووە. هەروەها هەوڵمان دا ئەو فەرمانبەرە بناسین و پێناسەی بکەین، پاشان لە دواییدا دوایین دەربارەی ئەو کاروبارانەی پێویستە دووریان لێ بگرێت بۆ گەیشتن بە پێگەیشتنی مرۆیی. ئێستاش بە وردی سەرنج دەدەین لە پەیوەندی نێوان ئەو فەرمانبەرە لەگەڵ ئەو سوڵتان و دەسەڵاتدارەی بە گرنگیەك ڕەوانەی کردووە بۆ ئەم دونیایە.



Scanned by CamScanner

**ئایا ئەو پەیوەندیە لە سەر چ بنەماگەلێك ڕادەوەستێت؟**

لە ڕاستیدا لە پێشدا ئەوەمان باس کردو، وتمان ئەو پەیوەندیە لەسەر پەیوەندییەکی دوو لایەنە ڕادەوەستێت، ئەویش پەیوەندی (خودا– بەندە) واتە، باوەڕو خوداپەرستی (الإیمان والعبادة)، لەبەرئەوە یەکەمجار پێویستە لەسەر مرۆڤ کە باوەڕ بهێنێت بە بوونی بێگومانی خودادا، بۆ ئەوەی لە دوای ئا ئەوە هەستێت بە دابین کردن و ئەنجامدان و جێبەجێ کردنی هەموو فەرمانە گرنگەکانی دیکە بەپێی فەرمان پێکردنەکانی و نەرێ لێکردنەکانی، لەبەرئەوە بابەت گەلێکی زۆر هاتووە جا لە مەسنەویدا (المثنوي) بێت یان لە دانراوەکانی دیکەدا، دەدوێن دەربارەی زاتی (الله) و بوونیەوە، کە ناسینی لە توانادا بێت لە ڕێگای ژیریەوە یان نا، وە هەروەها دەربارەی ئاینەکان و پێغەمبەران و پەڕاوە ئاسمانیەکان و قەزاو قەدەر و شتانی دیکە.. جگە لەوانە لە بابەت گەلێکی وابەست بە باوەڕەوە.





Scanned by CamScanner

## باوەڕو بنەماکانی:

کەوابە، پرسیاری یەکەممان ئەوە دەبێت: ئایا دەتوانرێت بە ژیری دەرکی خودا بکرێت؟! ڕۆمی لە بارەی ئەو پرسیارەوە وەڵام دەداتەوەو دەڵێت: بەڵێ، بەڵام لە ڕاستیدا لە سنورێکی زۆر تەسکدا. ژیری لە ڕاستیدا بە بەڵگە گەلێک جموجوڵ دەکات، لە کاتێکدا کە زاتی (الله) -جلّ جلاله- ئاتاجی بە بەڵگە نییە، چونکە زاتی (الله) خۆی بە خۆی شاراوەیەو زانراو و دیارە لە بازنەی ژیریدا بە دیاردەو دروستکراوە جوانو سەرسوڕهێنەرەکانیەوە، ئەم نوکتەیەی داهاتوو وابەستە بەو بابەتەوە.

## تەندروستی پیشان بدە!

یەکێك لە فەیلەسوفە نکوڵی کارانی بوونی زاتی (الله) -جلّ جلاله- نەخۆش کەوت، چوو بۆ لای یەکێك لە پزیشکانی دەروونی بۆ چارەسەر.

پزیشکەکە پرسیاری لێ کرد: چیت دەوێت؟

وتی: تەندروستی!

پزیشکەکە وتی: پێناسەی تەندروستیم بۆ بکە، شێوە سیفەتەکانیم بۆ دەستنیشان بکە تا بۆت دەست بخەمو بۆتی ئامادە بکەم.

فەیلەسوفە وتی: دەی تەندروستی بێ شێوەو شکڵەو ناتوانرێت پێناسەی بکرێت.

پزیشکەکە وتی: دەی ئیتر چۆنی شتێکت دەوێت کە ناتوانیت پێناسەی بکەیت؟

ڕاستو دروستە بەڕاستی من ناتوانم پێناسەی بکەم، بەڵام بەڕاستی من دەزانم مرۆڤ کاتێك لەباری تەندروستیدا بێت ئەوە بەهێزو لاو و دڵشاد دەبێت.



Scanned by CamScanner

بەڵام لە ڕاستیدا من پرسیار دەربارەی خودو شێوە تەندروستی دەکەم.

پزیشکە وتی: من نایزانم، لەبەرئەوەی لە ڕاستیدا تەندروستی بێ شێوەو شکڵە!

باش هێنانی ئەو نوکتەیە ڕۆمی دەڵێت: (لەسەر ڕووناکی ئەو نموونەیە، زاتی (الله) بێگومان بێ شێوەو شکڵە، بەڵام لە ڕاستیدا زانراوە بەهۆی شوێنەواری دروست کراوەکان و بەدیهێنراوەکانیەوە. بڕوانە بۆ ئاسمان و زەوی، لە کوێوە هەورەکان زانیان چۆنی بارانەکان ڕەوانە بکەن؟!

زەوی چۆن چۆنیەتی ڕواندنی زانی؟!

کەواتە لە ڕێگای ئەوەی دەیبینیت و بەدی دەکەیت باش بزانە لێرەدا پیشەکارێک هەیە کە تۆ نایبینیت و بەدی ناکەیت، لەبەرئەوەی کە بێگومان بەدیهێنەر خاوێنە لە دەنگ و وتە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو دەری دەخات ئەوەی دەیەوێت لە هەر پیت و وشەو، لە هەر زەمانێکدا، ئەوە لەو هەیکەلانە دەچێت کە لە خان و ئوتێلە گەورەکاندا هەیە، لەسەر شێوەی مرۆڤێک یان باڵندەیەک ئاو لە دەمییەوە دەردەچێتە دەرەوە.. بێگومان لە ڕواڵەتدا ئاوەکە لە دەمی ئەو باڵندە یان مرۆڤە دێتە دەرەوە، بەڵام لە ڕاستیشدا هەمووان دەزانن کە ئاوەکە لە شوێنێ دیکەوە دێت.

ئەوەی لێرەدا دەوترێت چەشنێکە لە هێنانەوەی بەڵگەو سەلماندن، کەواتە بۆچی ڕۆمی لە سەلماندنی بوونی زاتی (الله) بەزۆری (موعاریزە) دژەکارە؟

لەبەرئەوەی بێگومان زانراو بە بەڵگە تەمەن کورت دەبێت، بەڵام بەڕاستی ئەوەی بە دڵی زاتی (الله) بناسێت، ئەوە بەردەوام لەگەڵ زاتی (الله) دایە -جلَّ جلاله- کەواتە ئایا مرۆڤ ئاتاجی هەیە بۆ سەلماندنی زاتێک کە ئەو لەگەڵیدایە؟ بۆیە ئەو ئەم نموونەیەی داهاتوو دەدات لەسەر ئەوە.



Scanned by CamScanner

بێگومان مرۆڤ بە بەڵگە گەلێك دەزانێت كە ئەوماڵەی ئەو بینیویەتی، بەنناپەك (وەستایەك) دروستی كردووەو ڕەخساندوویەتی.. هەروەها دەزانێت كە ئەو وەستاو دروستكارە خاوەنی بینین و تواناو ژیانە.. هتد. بەلاّم لەڕاستیدا هەر خێرا هەموو ئەو شتانە لەبیر دەكات. بەلاّم شارەزا (العارف) بەڕاستی ئەو وەستاكارە دەناسێت كە ماڵەكەی دروست كردووە، لەبەرئەوە خزمەتی دەكات و هەڵدەستێت بە هاوڕێیەتی كردنی، لەبەرئەوە بەڕاستی ئەو كەسە نە ناتاجی بەڵگەیەو نە سەلماندن، چونكە ئەو هەرگیز ئەو وەستا كارەی لەبەرچاو ون نابێت، لە چركەساتی یەكەمەوە لەگەڵیدا بووەو شارەزای بووە.

لەلایەكی دیكەشەوە، بەڕاستی بازنەو فراوانی ژیری و توانای سنورداره لە ناسینی زاتی ئەڵلادا. ڕۆمی لە چەند ڕستەیەكی كورتدا ڕوونی دەكاتەوە تا چ ئاستێك ژیری (العقل) دەگات، وە لە كوێدا دەستەوسان دەبێت و ڕادەوەستێت، دەڵێت:

(تۆ دەڵێیت: بەڕاستی كونەكەی[1] من دەریا دەگرێت، ئەوە شتێكی نەگونجاوو نەهاتە دیە، خۆ ئەگەر بتوتایە: كە كونەكەت لە دەریاكەدا دیار نەماوە، ئەوە قسەكەت لە ڕاستیەوە نزیكتر دەبوو. ژیری دەتوانێت بتگەیەنێتە دەرگای دەسەلاّتدار ، بەلاّم كاتێك گەشتیت ئیتر واز لە ژیری بهێنەو دەستی لێ بەردە، چونكە لەدوای ئەوە زیانت پێ دەگەیەنێت، لەو كاتەدا خۆت ڕادەستی سوڵتان بكە.. بۆ نموونە ژیری دەتوانێت كە بتگەیەنێتە لای بەرگدروو، بەلاّم ئیتر كاتێك گەشتیتە لای بەرگدرووەكە، پێویستە لەسەرت كە واز لە ژیریت بهێنیت و خۆت ڕادەستی بەرگدروو بكەیت بۆ ئەندازەگیری و درونی بەرگەكەت.

---

[1]) كونە: وەك مەشكەیەكی ماست تیاژەنندنی بچووك وایە لە پێستی بزن و مەڕ دروست دەكرێت بۆ ئاو.



Scanned by CamScanner

هەر ئاوەها تۆ بەهۆی ژیرینەوە دەچیت بۆ لای پزیشک، کە چوویتە لای پێویستە خۆتی رادەست بکەیت و واز لە ژیری خۆت بهێنیت، چونکە بەڕاستی بڕیاری ئەو بڕیارە. چۆن ژیری بۆی دەکرێت کە زاتی ئەللا -جلَّ جلالە- لە خۆ بگرێت لە کاتێکدا کە ئەو خۆی لە خۆیدا خاوێنە لە شکڵ و شێوە، وە هەست پێکردنەکانی مرۆڤ بۆ تابلۆ جۆراوجۆرە نواندنە خوداییەکان دەگۆڕێت. بۆ نموونە: تۆ لە ڕاستیدا لە بەدیهێنراوەکانی ئەوی، کەچی ئەوەتا تۆ لە یەک باردا دەرناکەوی بەڵکو لە هەر چرکەساتێکدا لەسەر جەنجاڵی و خەریک بوونی جیاوازدای، هەروەها لە دەرکەوتەی جۆراوجۆرردای، خودای باڵادەستیش لەهەر سات‌وکاتێکدا لە حاڵ و نواندنێکی دیکەی تردایە. هەروەک دەبینی کە بەڕاستی نواندەیی (تجلّیاته) لە تۆدا جیاوازو جۆراوجۆرە کاتێک تۆ دڵخۆش دەبیت یان دڵتەنگ دەبیت یان دەترسیت.

کەوایە بەڕاستی ژیری لەگەڵ باوەڕدا دژە کار نابێت، بەڵام لە ڕاستیدا یەکێکیان لەوێوە دەست پێدەکات کە ئەوی دیکەیان پێی گەشتووە.

ئەوە دروستە، بەڵام بەڕاستی ڕۆمی تەنها بە ژیری سەلماندنی خودای باڵادەست تەنید ناکات، لەبەرئەوەی لە ڕاستیدا ئەو ئەو کارە وا دەبینێت جۆرێکە لە تێپەڕاندنی سنورو تێپەڕاندنی سنوری ئەدەب، ئەم نوکتەیەی داهاتوو لەو بارەوەیە:

## بوونی خودای باڵادەستم سەلماند!

یەکێک لە کۆڕو دانیشتنێکی شەمسی تەبریزیدا وتی:

(بەڕاستی بە بەڵگە گەلێکی یەکلاکەرەوە بونی زاتی(الله)م سەلماند).

لە ڕۆژی داهاتوودا شەمس وتی: (دوێنێ گوێبیستی فریشتە بووم لەگەڵ یەکدی دەدوان دەیان وت: سوپاس بۆ خودا، بەڕاستی ئەو پیاوە هەستا بە سەلماندنی



Scanned by CamScanner

بوونی زاتی (الله) –جلَّ جلالە–، بەهۆی ئەوەوە تەسبیحات و زکرەکانمان بە هەوانتە نەڕۆشتو، بەبێ خوداش نەماینەوە).

هاوارو سەرگەردانی بۆ تۆ ئەی پیاو! زاتی (الله) ئاتاجی سەلماندن نییە، چونکە ئەو خۆی بەبێ بەڵگە سەلماوە، لەسەر تۆ پێویستە کە شوێن و پلەت کە بەردەمی زاتی (الله)دا بسەلمێنیت، لەبەرئەوەی لە ڕاستیدا ئەو شایستەیە بە نیسبەت تۆوە.

لەوە جوانتر نییە لە ڕاچڵەکاندن و تەمێ کردن.. هەندێك هەن لەوانەی پەسەندی بوونی زاتی ئەڵڵا –جلَّ جلالە– دەکەن و بڕوایان پێیەتی بەڵام لە ڕاستیدا ڕێگە نادەن بە دەستتێوەردان و لە هەموو کارێکدا لە کارەکان، دەی ئایا ڕۆمی لەو بابەتەدا قسەو ڕای هەیە؟

– گومانی تێدا نییە کە مەسئەلەکە بە وتە کۆتایی نایەت:

(بەڕاستی من بڕوام بە خودای باڵادەست هەیە) دەی پێویستە کە ئەو بڕوایە لە هەموو لایەنەکانی ژیاندا ڕەگ بداتەوە، لە گرنگترینی ئەو خاڵانەی ڕۆمی دڵنیایی لەسەر دەدات ئەوەیە کە نابێت لە هیچ بابەتێك لە بابەتەکاندا هاوبەش بۆ خودا بڕیار بدەین و دابنێین، بۆ نموونە: بەڕاستی کەسانی وابەست بە زنجیرەی هۆکارەکانەوە، وا دەبینن کە بەڕاستی وەسیلەکانی ڕۆزی هۆکارگەلێکی ڕاستەقینەن، لەبەرئەوە دەیانبینیت دەبنە بەندە گەلێك بۆ بەندەیەك!

هەروەها ڕۆمی ئەوانە دەدوێنێ و ڕوویان تێدەکات کە هەڵپە ئەکەن بە دوای پلەوپایەو ناوبانگداو، ئەوانەی ڕوپەیمایی و دوو ڕوویی ئەنجام دەدەن لەگەڵ پیاوانی گەورەی دەوڵەتدا بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان، جا بۆ گەیشتن بە مەبەستەکەیان ڕێزو شکۆی مرۆیی خۆیان ژێر پێ دەخەن و لە دەستی دەدەن و پێیان دەڵێن: (بەڕاستی زاتی ئەڵڵا –جلَّ جلالە– دەسەڵاتدارانی وەك دەرگایەکی بچووك بەدیهێناوەو دروست کردووە، ئەوە ئیتر بگەڕێ لەوانەی شێتی دونیا بوون و بەهەموو توانایانەوە وابەست بوون پێوەی، ئەوانە کڕنوش بۆ زاتی ئەڵڵا –جلَّ



Scanned by CamScanner

جلاله- لەبیر دەکەن و کورنوش بۆ دەسەڵاتداران دەبەن. گێل و گەمژەکانیشیان، ئەوانەن سەر بۆ سەگەکان نەوی دەکەن. بەڵام بڕواداران لە کاتی خوێندنی زیکرو ویردو نزاکاندا دەڵێن: ( (الله) -جلّ جلاله- باڵاترینە ! )

بەڵام خودا و پەروەردگاری ئا ئەو نەفام و گەمژانە بەڕاستی بەندەگەلێکی دیکەن، دەی ئەی بەستەزمانی ڕسوا! مادام سەرپەرشتیارو دابینکاری پێویستی بەهرەکانی تۆ ئا ئەو کەسە بێ بەهاو سوك و ڕسوایە فەرموو کەوایە بچۆ بۆ لای.

کەوایە بێگومان ئەوانەی پەرستیشیان بۆ زاتی ئەللا -جلّ جلالە- هەڵنەبژاردوەو بڕیار نەداوە، ناتوانن خۆیان لە کۆیلایەتی ڕزگار بکەن، بەڵکو خۆیان فڕێ دەدەنە ناو پەرستشی کەسانێکی دیکەی وەك خۆیان. لە کاتێکدا کە خودای باڵادەست بە هیچ شێوەیەك، وە لە هیچ حاڵێکدا ڕازی نابێت بە هاوەڵدانان و بڕیاردان لەگەڵیدا.

لەبەرئەوە بەڕاستی لە ئیسلامدا شوێن بۆ ئەو دروشمە نییە کە وتراوە: (واز لەوە بهێنە بۆ قەیسەر کە هی قەیسەرە، وە ئەوەش کە هی خودایە بۆ خودا). لە ڕاستیدا سەرجەمی مافەکان مافی خودان، چونکە بەڕاستی تواناو دەسەڵاتی ئەو پەهایەو کۆتایی نییە، هەروەها زاتی ئەللا -جلّ جلالە- بە هیچ جۆرێك هاوبەشکاری(الشراکە)و دابەشکاری پەسەندو قبوڵ ناکات. دەی کەوایە چی ڕوو دەدات بۆ ئەو کەسەی هەوڵی هاوبەشکاری دەدات لەو مافانەدا؟ ئەم چیرۆکە جوانەی داهاتوو ئەوە ڕوون دەکاتەوە:

## گورگ و ڕێوی و شێر

گورگ و ڕێوی و شێر دۆستایەتییەکیان بڕیار داو چوونە دەرەوە بۆ ڕاو، لە ڕاستیشدا شێر لە ڕاوکردندا پێویستی بە کەسانی دیکە نییە، بەڵام بە دۆستایەتی



Scanned by CamScanner

کردنی لەگەڵیان لوتفی نواندن و ڕێز لێگرتن تا لێی سودمەند ببن، شێرەکە گاکێویەکی ڕاو کرد، ئەمجا بزنە کێویەک، پاشان کەرویشکێک، جا بۆ ئەوەی گورگەکە تاقی بکاتەوە پرسیاری لێ کرد:

بەڕاستی برسیەتی زۆری بۆ هێناوین، جا تۆ لە جیاتی من هەستە بە دابەش کردنی ئەوەی ڕاوکراوە.

گورگە لە دابەش کردنی ڕاوکراوەکەدا وتی: ئەی خاوەن شکۆ گا کێویەکە ئەوە شایستەی جەنابتە چونکە بەڕاستی ئەو بە قەبارە گەورەیە جەنابیشت گەورەی، بزنە کێویەکەش لە ڕووی قەبارەوە بۆ من گونجاوە ئەوە بۆ من، کەرویشکەکەش بەسە بۆ ڕێویەکەو زیادیشە.

شێرەکە بەو دابەش کردنە تووڕە بوو، لێدانێکی دا لە گورگەو بەهیلاکیدا برد، ئەمجا ڕووی کرد بەلای ڕێویەکەوەو وتی: ئێستا با ببینم تۆ دابەشی بکە..

ڕێوییەکە لەبەردەم شێرەکەدا کڕنوشی بردو وتی:

ئەی پادشای دارستان، گاکێویەکە لە بەیانیدا گونجاوە بۆ نان خواردنی جەنابتان، بزنەکەش بۆ نانی نیوەڕۆتان و، کەرویشکەکەش بۆ نان خواردنی ئێوارەتان.

شێرەکە بەو دابەش کردنە ڕازی بوو و وتی: ئەی ڕێوی بەڕاستی ئیشێکی باشت کرد، کێ ئەو دابەشکردنە باشەی فێر کردی؟

ڕێوی ئاماژەی بۆ گورگە تێپیوەکە کرد: ئەو گەمژە تۆپیوە.

شێرەکە وتی: مادام سنوری خۆتت زانی و بە ئەدەبەوە هەڵسوکەوتت کرد، بچۆ هەموو ڕاوەکان بەرە بۆ خۆت چونکە بەڕاستی من ئاتاجی ئەوانە نیم.

کەوایە، بەڕاستی لە هەرە پێویستیەکانی پەرستش بینینی ویستی ڕەهایە بۆ خودای باڵادەست لە هەموو شت و کاروبارێکداو، دانەنانی هەر هاوەڵێکە بۆی،



Scanned by CamScanner

هەروەها بەڕاستی من وا گومان دەبەم ئەوەی کە ئێمە بە ڕازیبوون (الرضا) وەسفی دەکەین، ئەوە ئەو بینین و بەدیکردن و زانستەیە. سەرنجی ئەم چیرۆکەی داهاتوو بدە ئەوە ڕوون دەکاتەوە:

## ڕازی بوون سوپاسگوزاریە

خودای بالادەست -جلُ جلاله- فەرمووی بە موسا ﷺ:

سوپاسم بکە سوپاسی تەواو و ڕاستەقینە..

موسا ﷺ سەری بۆ خودای بالادەست -جلُ جلاله- ئەوی کردو وتی: ئەی پەروەردگار! چ بەندەیەک هەیە کە بتوانێت سوپاسی شایستەو تەواو بۆ جەنابت ئەنجام بدات؟

زاتی (الله) وەلامی دایەوە: ئەگەر بە بەشت ڕازی بووی لە ڕەحمەت و نەعامەتی، هەروەها لە لوتف و خەشم و غەزەب.. واتە ئەگەر ڕازی بووی بە هەموو ئەوە کە توشت دەبێت لە خێرو شەڕ، ئەوە بەڕاستی بە شێوەیەکی شایستەو تەواو سوپاسی منت کردووە.

لە ڕۆژێکی دیکەدا خودای بالادەست فەرمووی بە موسا ﷺ (ئەی موسا، بەڕاستی من تۆم خۆشدەوێت).

موسا ﷺ لە خۆشیا سەری ئەوی کردو پرسیاری کرد: ئەی پەروەردگار، چ شتێکە لە مندا کە لەبەرئەوە منت خۆش دەوێت، تا زیاتری بکەم؟

خودای بالادەست فەرمووی:

(کاتێك دایکێك هەڵدەستێت بە لێدانی منداڵەکەی، منداڵەکە جگە لەو "دایکی" هیچی دیکە شك نابات تا پەنای بۆ بەرێت، واتە جگە لەو داوای سۆزو بەزەیی لە



Scanned by CamScanner

کەسی دیکە ناکات. کەوایە من پەنای تۆم لە خێرو شەڕدا، ئەو حاڵەی تۆ ئەوەیە، کە خۆشەویستی ئێمەی بۆ تۆ دابین کردووە).

ئای چەند جوان و دڵڕفێنە! بەڵام ئایا ئیتر لە بابەتی ڕازی بوون دا پلەیە بڵندتر هەیە لێرەدا؟

بەڵێ، جا بۆ ئەوەی لوتکەی ئەو کارە "ڕازی بوون" بزانیت، ئەم چیرۆکە بخوێنەوە:

## لەمان بەختەوەرتر نییە!

بەهلول پرسیاری لە یەکێك لە دەرویشان کرد: حاڵت چۆنە؟

دەرویشەکە وەڵامی دایەوە:

(من لە حاڵی کەسێکدام کە لەم دونیایەدا هەموو ئارەزووەکانی هاتۆتەدی و بۆی دابین کراوە، خۆر هەموو ڕۆژێك هەڵدێت و ئاوا دەبێت هەروەك من دەمەوێت! ئەستێرەکان لە ئاسماندا هەموو ئێوارەیەك هەروەك من ئارەزوومە دەدرەوشێتەوە! ڕووبارەکان بەرەو ئەو لایە دەڕۆن کە من دەمەوێت، ژیان، مردن، نەخۆشی، تەندروستی، هەموو ئەو کاروبارانە بەپێی ئەوەی دڵی من ئارەزووی دەکات بەڕێوە دەچێت، کەوایە ئیتر زیاتر لەوە من چی ترم دەوێت؟!).

زۆر باشە، بەڵام چۆنی هەموو ئەو کاروبارانە بە پێی ویستی تۆ بەڕێوە دەچن؟

سەرجەم ئەو کاروبارانە بێگومان بە پێی ویستی خودای باڵادەست بەڕێوە دەچن، دەی مادام من ڕازی بووم بە ویست و قەدەری زاتی (الله) -جلَّ جلاله- کەوایە من هەموو ئەوەم دەوێت کە ئەو -جلَّ جلاله- دەیەوێت. ئیتر لێرەدا دیارە هەموو شتێك بەپێی ویستی من بەڕێوە دەچێت.



Scanned by CamScanner

زۆر زۆر جوانە! بەڕاستی ئەوەی کە ئاشکراو دیارە ئەوەیە کە ئەوە ئەواوی خۆرادەست کردن و ڕازی بوونە. جا لەوەوە دەمەوێت کە پرسیار بکەم: بێگومان دیارە کە باوەڕ بەژیانی دوایی مرۆڤ ڕزگار دەکات، بەڵام ئایا باوەڕ لە ژیانی دونیاییماندا هیچ شتێکمان وەدەست دەخات، هەروەك لە ژیانی دواییدا ڕزگارکەرمانە؟!

بەدڵنیاییەوە، هیچ گومان لەوەدا نییە، باوەڕ شت گەلێکمان وەدەست دەخات کە لە ژمارەو ئامار نایەن. بێگومان مرۆڤ لاوازە و پێویستی بە پەناگایەکی بەهێز هەیە، بەشێوەیەك لە هەمان کاتد دەیەوێت دەوروبەری خۆشبوێت، دەوروبەریش ئەویان خۆشبوێت.. دەی هەموو ئەوەی جگە لە لای ئەو خودایەی کە خاوەنی ڕاستەقینەیە، لای کەسی دیکە بۆ بەدی نایەت و بەدی ناکات.

ڕۆمی لەم بەیتانەی داهاتوویدا دەڵێت: لەگەڵ گەورەیی و شکۆمەندی دۆستایەتی باوك و دایکدا، دەبینی زۆر بچووك و کەم بایەخە لە بەرامبەر دۆستایەتی خودای باڵادەستدا -جلّ جلاله-:

ئەگەر لێرەدا دۆستایەتیەکی ڕاستەقینە جگە لە هی خودای باڵادەست هەبوایە

ئەوە دۆستایەتی باوك و دایك بوو!

بەڵام دەی ئەوان ئێستا لە کوێن؟

وە چی ماوەتەوە لە دۆستایەتیان؟

بۆ ئەوەی بابەتەکە تەواو بکەین، پێویستە لەسەرمان کە سەرنجێك بخەینە سەر ئەم بەیتانە:

ئەگەر هەموو شتێکت هەبێت لە من بێ بەش بیت[1]

ئەوە چاك بزانە کە تۆ لە هەموو شتێك بێ بەشی

---

[1] واتە لە خودای باڵادەست -جلّ جلاله-



Scanned by CamScanner

خۆ ئەگەر لە هەموو شتێك بێ بەش بوویت و لەگەڵ من بوویت

ئەوە چاك بزانە تۆ هەموو شتێكت هەیە..

خودایە تۆ نزیكترینی بۆ من

لە شاخوێنبەر (حبل الوريد)

دەی ئیتر بۆ دەبێت من دوورێك بانگ بكەم؟

لەدوو بەیتی یەكەمدا، من بڕوام وایە كە هیچ سوكایەتی پێكردن و بێ بایەخ پێكردنێك نییە دەربارەی خۆشەویستی باوك و دایكەوە، بەڵكو تەنها ئامازەن بۆ دەستەوسانیان ، ئایا ئا ئەوە وانییە؟

بێگومان ئەوە مەبەستە لە دوو بەیتەكەدا، مەبەستەكە بە ڕاستی ئەوەیە كە دۆستایەتی و هاودەمی كەسانی دیكە لە جگە لە خودای باڵادەست بەردەوام نابێت، ئەم بەیتانەی داهاتوو زیاتر ئەوە ڕوون دەكاتەوە:

ئەی ڕێبوارێك لە دونیادا!

چەند زۆربوون ئەوانەی هاوڕێیەتی و دۆستایەتیت كردن

ئەگەر پرسیارت لێ بكرێت: ئەوانە لە كوێن؟

وەڵامت ئەوەیە: بەڕاستی ئەوان ڕۆشتن (كۆچیان كرد)..

بۆ كوێ؟

چاكو پوختەكانیان ڕۆشتن بۆ بەهەشت

خراپەو گەندەڵەكانیشیان بۆ دۆزەخ!

تۆش ئاوەها بە تەنیا مایتەوە

وێنەی ئاگرێك كە كوژابێتەوە

كە كاروان لە بیابانێكدا بەجێی هێشتبێت و ڕۆشتبێت.

تۆ ئێستا ئاك و تەنهای نەتوانات هەیە و نە هێز



Scanned by CamScanner

هەستت کرد کە بەڕاستی نە هاوڕێ هەیە بۆ تۆو نە یارمەتیدەرێك

جگە لەو دەسەڵاتدارەی کە بەردەوام بوونی هەیە

لە هەر چرکەسات و لە هەر شوێنێکدا!

ئەو لە کات و شوێن خاوێنە..

هەروەها چاك بزانە کە تەنها زاتی ئەڵڵایە

وەفادارە بە پەیمانی دۆستایەتی و هاودەمیەوە..

جا ئەگەر ئەو هاودەم بێت بۆ تۆ

ئەوە بەڕاستی هەموو غەم و پەژارەیەك وەردەگەڕێت بۆ خۆشی..

کەوایە دەستەکانت ڕاوەشێنە

لە هاوەڵان و دۆستانی درۆینە!

هەروەها بیر بکەوە، خۆ ئەگەر بە دەستت بکەوتایە

چاکەو خێر لە هەر کەسێك جگە لە زاتی (الله)

بێگومان لەلای دایك و باوکتەوە بەدەستت دەکەوت!

دەی ئێستا ئەوان لە کوێن؟

لەبەرچی وازیان لێهێنایت و بە تەنها بەجێیان هێشتیت؟

خۆشەویستی ئەوان بۆ تۆ سپاردەیەك بوو لە لایەنی خوداوە لەلای ئەوان

ئەوە وەك تیشکی ڕووناکیەکە لەسەر دیوار

مانەوەو گەڕایەوە بۆ سەرچاوەکەی کە خۆرە!

هەروەك دیارو ڕوون و مایەی تێگەیشتنە لەو بەیتانە، بەڕاستی چاوەڕوانی وەفاداری لە خەڵکی گەمژەییە. کەوایە، دەی ئایا دەبێت پشت بکەینە هەموان و پەیوەندیمان لەگەڵیان بپچڕێنین؟

ڕۆمی هاوڕا نییە لەسەر ئەو ڕاو بۆچوونەی کە دەڵێت بەڕاستی لە هەموو شتێکدا لایەنێکی جوانی هەیە، هەتا لە ناشرین و قێزەونیشدا، لەبەرئەوەی خودای



Scanned by CamScanner

بالادەست –جلّ جلالە– دەفەرموێت: ﴿يَوْمَ يَفِرُّ ٱلْمَرْءُ مِنْ أَخِيهِ ﴿٣٤﴾ وَأُمِّهِۦ وَأَبِيهِ ﴿٣٥﴾ وَصَٰحِبَتِهِۦ وَبَنِيهِ ﴿٣٦﴾﴾ (عبس:٣٤-٣٦) واتە: ئەو ڕۆژەی کە مرۆڤ ڕادەکات لە برای، وە لە دایکی و باوکی، وە لە ژنەکەی و کوڕەکانی.

لەبەر ئەوە، ئەگەر هاوڕێیەکت ناوچاوانی لێدای بە یەکدا لە دونیادا‌و، ڕووبەڕووت ڕق و لوت بەرزی و حەسودی پیشاندا، لەبەر هەست کردن بە ئازار پێناخۆش بوون هاوار مەکەو وەك گەمژە و نەفامەکان هەڵسوکەوت مەکە، بەڵکو وەك دەربڕینی سوپاسگوزاری بۆ خودای بالادەست –جلّ جلالە– چاوی لێبپۆشە، وە خۆت بە بەختەوەرو خاوەن شەنس دابنێ، چونکە بەڕاستی بە خێرایی ڕزگارت بووە لێی..

ئەمجا بە خێرایی بڵێ: (سوپاس بۆ خودا! بەڕاستی ئەوەی سبەینێ ڕووی دەدا وا ئێستا ڕوویدا، هەروەها سوپاس و ستایش بۆ خودا لەبەرئەوەی بەڕاستی من ئێستا ڕاستیەکەم زانی، پێش بە خەرجدان و بەفیڕۆدانی ژیانم لەگەڵیدا. خودایە سوپاس بۆ تۆ ئەمە وەك ئەوەیە من قوماشێك بکڕم و ناتەواوی و عەیبێکی زۆری تێدا بێت، بەڵام هەر خێرا ناتەواوی و عەیبەکان دەرکەون، دەی خۆ ئەگەر وا نەبوایە، ئەوە پارەکەم بەهەدەر دەرچوو و مایەپووچ دەبووم.

هەروەها وەك کەسێکە هەموو شمەکەکانی فرۆشتبێت و بەبێ ئەوەی بزانێت پارەی تەزویری وەرگرتبێت‌و، بەستەزمان بەدڵخۆشیەوە گەڕابێتەوە ماڵەوەی، کەوایە خودایە سوپاس و ستایش بۆ تۆ لەسەر ئەوەی کە بەڕاستی من بە تەزویرو درۆینەی پارەکانم زانی پێش ئەوەی تەمەنم بەهەدەر بڕوات.

**پوختەی قسە:** بەڕاستی ئەگەر ئەو خراپانە لە کۆتاییدا پێشەوایی و ڕێنماییان کردبێت بۆ لای خۆشەویست (الله) بەڕاستی ئەوە لە ڕاستیدا خێرو ڕەحمەتە، ئەم بەیتەی داهاتووی (ڕۆمیش) دەڵێت:



Scanned by CamScanner

ئەگەر ئەو شت گەلەی تۆ خۆشت لێیان نایەت، گەیاندیتیان بە خۆشەویست، بەڕاستی ئەوە جوان و خۆشەویستە.

سەرنجێك بۆ بەئاگابوونەوە، دەی ئایا لێرەدا چیرۆكێك تایبەت لەو بارەوە هەیە؟ بەڵێ..

❁❁❁





Scanned by CamScanner

## ئەو ئامۆژگاری کارەی نزا بۆ خراپەکان دەکات!

ئامۆژگارێك هەبوو ئامۆژگاریەکەی دەست پێدەکرد بۆ سەرجەمی گوناهباران و تاوانکاران‌و یاخییان‌و دزەکان‌و جەردەو چەتەکانی سەر ڕێگا!

پێی وترا: لە کوێوە ئەم نەریتەت بۆ داهێناین؟ نزاکردن بۆ لادەران (المنحرفين) ڕێگە پێنەدراوەو پەسەند نییە.

وەڵامی دانەوە: بەڕاستی من خێرو چاکەیەکی زۆرم لەوان بینیوە، لەبەرئەوە نزای خێریان بۆ دەکەم، بەڕاستی بە شێوەیەك خراپەیان بۆم بووەو خراپەیان لەگەڵما ئەنجام داوە، گەشتۆتە پلەو ئاستێك لەوانەوە بەهای خێرو چاکەم زانی‌و فێر بووم! ئەمجا بەڕاستی هەر ئەوان فێریان کردم پاڵ بە چ شتێکەوە بدەم، هەروەها هەر کە ڕووم وەردەگێڕا بۆ لای ئەم دونیا بێ بەهایە بینیمن زیاتر دەستیان واڵا دەکرد لە لێدان و جنێو پێدانمدا، بەڕاستی ئیتر ئەوە ناچاری دەکردم بۆ پەنابردن بۆ خودای باڵادەست، دەی ئیتر چۆن نزا نەکەم بۆ ئەوانە، کە بەڕاستی هەموو ئەو شتانەیان فێر کردم؟.

ڕاستیش ئەوەیە هەموو نەیارو دوژمنێك بۆ تۆ دەرمانێکە، کە لە دەستی هەڵدێنیت‌و پەنا بۆ خودای باڵادەست –جلَّ جلاله– دەبەیت، بەڵام ئەو هاوەڵانەت کە بەکاروبار گەلێکی ترەوە بێ ئاگات دەکەن لە زاتی (الله) –جلَّ جلالە–، بەڕاستی ئەوانە لە ڕاستیدا دوژمنن بۆ تۆ، بڕوادار وەك گیانلەبەری (غورين)[1] وایە هەتا تووشی ئازاردان ببێت قەڵەو دەبێت، وە چەند تووشی ئێش و ئازار ببێت زیاتر جوان دەبێت! هەروەها ئێش و ئازارو چەرمەسەریی پێغەمبەران (عليهم السلام) و لەپێش هەمووشیانەوە پێغەمبەری ئیسلام ﷺ و خۆڕاگرییان بەرامبەر ئەو هەموو ئازارە، لە پشتیەوە ئەو جوانیە شارایەوە.

---

[1] گیانلەبەرێکی شیردەرە، چوار پەل کورتە، زەوی هەڵدەکۆڵێت تا تیایدا بحەوێتەوە.



Scanned by CamScanner

پوختەی قسە ئەوەیە: بەڕاستی ئەو بەڵایانەی لە لایەنی هاوەڵان و دۆستانەوە دێت، خێرو چاکەیە بۆ تۆ ئەگەر هەستیشت پێی نەکردبێت. بەڵام کەسی خراپ و شەڕەنگێز بەڕاستی سوودو قازانج بە کەسی دیکەی خۆی دەگەیەنێت و زیان و زەرەریش بە خۆی.

با بگەڕێینەوە بۆ دۆستایەتی، مادام زاتی (الله) -جلَّ جلاله- هاوەڵ و هاودەمی ڕاستەقینەیە، کەوایە بەڕاستی دەبێت کە لێرەدا گرنگی و ئەرك و فەرمانگەلێك هەبێت بەندەی پێ ڕاسپێررا بێت و خرا بێتە ئەستۆی.

لەسەر بەندە پێویستە کە ڕووبەڕووی دۆستایەتی و هاودەمی ببێتەوە بۆ دۆستایەتی هاودەمی، هەروەها نابێت دۆستایەتی غەیری زاتی ئەللا -جلَّ جلاله- بکات.

ئەم بەیتانەی داهاتوو ئاگادارکردنەوەیە بۆ بەندە لەو بارەوە:

ئەی شێری نێکشکێنەر

بەدڵت دامەبەزە

بۆ ئاستی سەگەکانی بەرەڵا لە کۆڵاناندا!

کاتێك نەهامەتی ناخۆشیەك توشت دەبێت

دیدەکانت و دڵت ئاڕاستە بکە

بۆ ئەو کەسەی کە تەنها لەو ئومێدی دەرمانت هەیە!

هەروەها بەملاو بەولادا لامەکەوەو

وەك ئەو وشترە مەبە لێ دەخوڕێت

بۆ نێرەو ئەوێ یان ئاڕاستە دەکرێت بەرەو دڕکەڵان

وە ئەو باخەو ئەو بەهارە واز لێ مەهێنەو بەجێیان مەهێڵە!

هەروەها ئەم سەر زەویە سەوزانەو ئەو ڕووبارە

بڕوانەو سەرنج بدە، بەڕاستی سوڵتان بۆی ئامادەکردوی



Scanned by CamScanner

نشینگەیەك کە شایستەیە بە پادشایان!

سوێندت دەدەم بە خودا لەو زبڵدانە مەمێنەرەوە

تا ئەوە ئەمیرە بە ڕاستی هات بۆ یاری تۆپ بە سواری ئەسپەکەیەوە[1]

دەی با دڵ و گیانت لە دوای ئەسپەکەیەوە بێت

وەك ئەو تۆپە دارینە..

دۆستایەتی شتێکەو، خۆپیشاندانیش بە دۆستایەتی شتێکی دیکەیە.. بەڵام ئایا چۆنی دۆستایەتی ڕاستەقینە بزانین و بەچی تاقی بکەینەوە تا ڕاستیەتی ئەو دۆستایەتیەمان بۆ دەربکەوێت؟

وەفا نیشانەی ڕاستی دۆستایەتی و تاقیکردنەوەیەتی، ئەو نارەحەتی‌و بەڵایانەی لەلایەنی زاتی ئەڵڵاوە (الله) دێت بۆ بەندەیەك ئەوە تاقیکردنەوەیە بۆ پەرستشبەتی ئەو بەندەیە، کەچی بەڕاستی هەندێك لەوانە کە تاقی دەکرێنەوە، دەگەڕێن بە دوای دەرمان و ڕزگاربوون لە شوێنی دیکەوەو لە دەرگا گەل دیکەوە، لێرەدا ڕۆمی بەرابەریەك دەکات لەنێوان مرۆڤ و سەگداو دەڵێت:

(ئەوەتا هەتا سەگیش دەرگای ئەو کەسە بەجێ ناهێڵێت لەتە نانێکی داوەتێ‌و لەلای دەمێنێتەوە وەك وەفاداریەك بۆی، لەبەرئەوەی بەڕاستی ڕۆشتن بۆ دەرگایەکی دیکە کوفری نیعمەتە، دەی لە کاتێکدا کە بەڕاستی ئەوە سەگ خەجاڵەت دەبێت‌و شەرم دەکات لە بەدنمەکی و بێ وەفایی، ئیتر چۆنی تۆ دەتوانیت کە بەدنمەك‌و بێ وەفابیت‌و واز لە وەفاداری بهێنیت؟!).

لەم چیرۆکەی داهاتوودا ڕۆمی چۆنیەتی وەفا لەلای بەندە ڕوون دەکاتەوە:

---

[1] مەبەست لەو یاریە، یاری (بۆلۆ)یە لە یاریکردن بە هۆکی دەچێت، لەسەر سواری ئەسپ دەکرێت. بەلیدەرگەلیکی درێژ (مچارب گویلە) و تۆپێکی دارینە.



Scanned by CamScanner

## پەرستشیەتی و دەسەڵاتداریەتی چۆن دەبێت؟

دەروێشێکی هەژاری بێ دەرەتانی برسی و بێ لانە ڕێی کەوت لە شاری (هرات)[1]، لە کاتێکدا کە هاتوچۆی دەکرد لە شارەکەدا، چاوی بە کۆمەڵێک لە پیاوان کەوت بە جلوبەرگی ناوازەوەو بە سواری ئەسپ گەلێکی کەحێلەو ڕاهێنراو.. دەروێش لە یەکێک لە ڕێبواران پرسیاری کرد: ئا ئەوانە کێن؟ ئەمیرگەلێکی ج شارێکن؟

وەڵام درایەوە:

ئەمیر! ئەمیری چی! ئەوانە بەندەی ژمێریاری داراین لە دارایی (هەرات). ئا لەو کاتەدا کە دەروێشی بەستەزمانی بێ نەوا گوێبیستی ئەوە بوو، دەستی کرد بە بەراوەرد کردنی حاڵی خۆی بە حاڵی ئەوانەوەو سەری بەرز کردەوە بۆ ئاسمان وتی:

ئەی پەروەردگار! بڕوانە بۆ حاڵی بەندەکەت، پاشان بڕوانە بۆ حاڵی بەندەکانی ژمێریاری دارایی (هەرات)، بۆ ئەوە ببینی چۆن دەبێت چاودێری بەندەکان و بەهرە ڕشتن بەسەریاندا.

پاش ماوەیەک دەسەڵاتدار ژمێریاری دەست بەسەر کردو گرتی و خستیە بەندیخانەوە، فەرمانی دایە پیاوەکانی بە ئازاردانی ژمێریار، بۆ ئەوەی ئەو شوێنەیان پێ بڵێت کە گەنجینەکەی (پارەکەی) تیا شاردۆتەوە. کاتێک ژمێریار قسەی نەکردو هیچ شتێکی لەو بارەوە بۆ نەدرکاندن، دەستیان بەسەر بەندەکانیدا گرت و گرتنیان.. دەستیان بە ئازاردانی ئەوانیش کرد بۆ ئەوەی شوێنی گەنجینەکە

---

[1] هەرات، شارێکە لە باکوری ڕۆژئاوای ئەفغانستان، دروست کردنی دەدرێتە پاڵ ئەسکەندەر، بەناوبانگە بە مزگەوتەکەیەوە -سەدەی ١٥-، هەروەها بەناوبانگە بە دروست کردنی فەرش و مەسیر و گوڵاوەوە.



Scanned by CamScanner

بەرگێکن، بە شێوەیەك ئازاریان دان، هاتن دەستیان کرد بە بڕینی زنجیرەکانیان بە مقاشی ئاسن! بەڵام بەڕاستی هیچ کام لەو بەندانە هەڵنەسا بە ناپاکی کردن بەرامبەر گەورەکەی!

لەو شەوەدا دەرویش گوێبیستی بانگێك بوو دەیوت:

ئەی بەئاگا! باش بزانە تۆش هەروەها لەو بەندە بەوەفایانەی، دەی تۆش هەروەها بزانە بەندایەتی چۆن دەبێت.

کەوایە دیارە هاوڕێیە بەڕاستی بەهای دۆستایەتی دەدات.

بەڵێ بەڵام بەڕاستی دەبێت ئەو بەهادانە لە ڕێگای یەکێکدا بێت شایستە بێت، جا ئەگەر وابوو ئەوە بەڕاستی ئەو بەهادانە لەوێدا ئەزیانەو نە زەرەرومەندیە، ڕۆمی ئەو کەسەی شایستەی ئەو جۆرە قوربانییەیە ڕوون دەکاتەوەو دەڵێت:

(خۆشی و بەختەوەری بۆ ئەو کەسەی بە گیان و بەدەنی قوربانی دەدات بۆ ئەو کەسەی شایستەیە! لێی بەختەوەرتر نییە!.. هەموو مرۆڤێك ژیانی ڕادەگرێت لە ڕێگای شتێکی دیاریکراودلو، ئەمەنی لەدەست دەدات لەو ڕێگایەدلو لەبەر خاتری ئەو دەمرێت. کەوایە کێ لەوە بەختەوەرە کە بە ژیانی قوربانی دەدات لە کارێکدا، لە کاتی مردنیدا بەوە سەدان لە زیندوان سەردەردەهێنن).



Scanned by CamScanner

## لە پێویستی و مەرجە گرنگەکان بۆ باوەڕ
## باوەڕ بە قەدەر.. ڕۆمی چۆن لە قەدەر تێدەگات؟

ئەگەر تۆ دەتەوێت با کەمێك ڕابوەستین دەربارەی قەدەر، پاشان لەوەوە بگوێزینەوە بۆ بیری ڕۆمی لەو بارەوە (القدر)، بێگومان ئەم جیهانی بوونە (بوونەوەر) پیلان بۆ دارێژراوە لەلایەن خاوەن بەدیهێنەرەکەیەوە، بەڕاستی تەنها یەك گەلاش بە درەختێکەوە لە دەرەوەی ویستی (الله) بۆ بەدیهێنراوەکانی ئەوەیە پێی دەوترێت قەدەر، کە کەس توانای ڕەت کردنەوەو دەست تێوەردانی نییە تێیدا. بەڵام لە ڕاستیدا چاو ڕاهاتووە لەسەر زنجیرەیەك لە هۆکارەکان ، کاتێك جوولەی گەڵای درەختێك دەبینێت، یا دەبینێت هۆکارە بۆ ئەو جوولەیەو بێ ئاگا دەبێت لە ویستی خودایی، ڕۆمی ئەوە بە نموونەیەکی زۆر سەرنج ڕاکێش ڕوون دەکاتەوەو دەڵێت:

مێرولەیەك بەسەر پارچە کاغەزێکدا دەڕۆیشت پێنوسێکی بینی دەستی کرد بە پیاهەڵدانیدا.. مێرولەیەکی دیکە کە لەو زیرەکتر بوو پێی وت: لەجیاتی پیاهەڵدان وەسفکردنی پێنوسەکە پێویستە لەسەرت کە وەسفی ئەو پەنجانە بکەیت بە پێنوسەکە دەنوسێت، چونکە بەڕاستی کارامەیی ئەوەیە کە من دەیبینم لەو پەنجانەدا نەك لە پێنووسەکەدا! مێروولەی سێیەم کە لەو دووانە زیرەکترو تیژبینتر بوو وتی: بەڵام بەڕاستی من وەسفی مەچەکەکە دەکەم، چونکە لە ڕاستیدا پەنجەکان بەشێکن لەو، ئاوەها گفتوگۆو دەمەقاڵێکە درێژەی کێشاو بەردەوام بوو، پێنووس لە ڕاستیدا توانای نییە تا ئەو لاپەڕانەی پێ بنووسرێت.



Scanned by CamScanner

بەڵام دەی کە هەموو کاروبارەکان لەیەک دەست و سەرچاوەوە دەردەچن، ئیتر دەبێت چۆنی دژەکارەکان (التناقضات) لە بوونەوەردا لێکبدەینەوە؟ خێرو شەڕ، جوانی و ناشرینی، سودبەخش و زیان بەخش؟!

ڕۆمی وا دەبینێت کە ئەو دژەکارانە تەنها ڕواڵەتین، بەڵام ڕاستییەکە بوونی یاساو دەستورێکی هەمەلایەنەو گشتگیرە لە بونەوەردا، لە ڕاستیدا هەموو دروست کراوێک لەو دەستورەدا ڕۆڵێکی دیاریکراوی پێدراوەو، ئێمە هەموومان خزمەتی ئەو دەستورە دەکەین جا ئیتر هەست بەوە بکەین یان هەستی پێنەکەین، هەروەک ڕۆمی نموونە گەلێك دەدات لە بارەی هەستانی هەموان بە خزمەت کردنی ئەو دەستورەو دەڵێت:

(ئەسپ کە دەخولێتەوە بە دەوری ئاشدا بۆ دەرهێنانی ئاوو بە دەستخستنی، بەویستی خۆی چەور نییە، بەڵکو لە ڕاستیدا ئەو لە شەلاقی خاوەنەکەی دەترسێت بۆیە خول دەدات. هەروەهاش گای جوتکردن، جوت دەکات بۆ ئەوەی خۆی دوور بگرێت لە لێدانی خاوەنەکەی، جا بەڕاستی خودای باڵادەست -جلّ جلالە- ئەو ترس و هەست کردن بە گوێڕایەڵیەی بەخشیوە بە بەدیهێنراوەکانی، بۆ ئەوەی کارگەل بەندەکانی جێبەجێ بکرێت. هەموو خاوەن پیشەیەك کار بۆ خۆی دەکات نەك بۆ چاکسازی دونیا، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوەی ئەو دەیکات لە کۆتاییدا دەڕژێتە ناو بەرژەوەندی گشتییەوە.

کاتێك خێمەیەك هەڵدەدرێت بۆ دەسەڵاتدار، هەندێك هەڵدەستن بە داکوتانەنی ڕاگرەکان، هەندێکیش بە توندکردنی پەتەکان هەریەکە کارەکەی بەگرنگ دەبینن، ئامانجیش لە کاری هەمووان بینینی سوڵتانە دانیشتنی لە خێمەکەدا. خوداش -جلّ جلالە- هەستی چێژوەرگرتنی بە هەر مرۆڤێك بەخشیوە لە کارەکەیدا، چونکە ئەگەر قوماش فرۆش بیویستایە کە جێگەی وەزیر بگرێتەوە ئەوە خەڵکی بە ڕووتی دەمایەوە، دەبینی (زەمەخشەری) هەستاوە بە نووسینی بەرگ گەلێکی زۆر لە



Scanned by CamScanner

لێکدانەوە (التفسیر)دا، وە وشەگەلێکی زۆر ڕەوان و ناوازەی بەکارهێناوە، لەوەیە مەبەستی ئەو و کەسانی تریش جگە لەو لە تەواوکردنی کارێکی وادا دەرخستن‌و خستنەڕووی پایە بڵندیان بوو بێت لەو زانستەدا، کەچی لە ڕاستیدا ئەوان لە کۆتاییدا خزمەتی دینی ئیسلامیان کردووە. گەرمابی گەرماوێکی گشتی لەو سوتەمەنیەوە دابین دەبێت کە لە تونەکەیدایە، سوتەمەنیەکەش لە دارو گژوگیاو پاشەڕۆی ئاژەڵانە، جا لەگەڵ ئەوەدا کە ئەو سوتەمەنیە ڕوانگەیەکی ناشیرین و بۆگەنی هەیە، کەچی ئەوەتا لەلایەن خاوەنی گەرماوەکەوە بەیەکێک لە بەهرەکانی هەژمار دەکرێت! لە ڕاستیدا لەبەرئەوەی بەهۆی ئەوەوەیە گەرماوەکە گەرم دەکرێت، پاشان هەڵدەستێت بە خزمەتکردنی خەڵکی.

***

ڕۆمی هەڵدەسێت بە سەلماندنی ژیری –فام (المنطق) خودی خۆی لەسەر خێرو شەڕ تا ئەنجامی داهاتوو بپاڵێورێت‌و بێتە دەست:

(ئەگەر وێنەکێشێك هەستا بە وێنە کێشانی دوو وێنە لە وێنەکان، یەکێکیان بۆ شت گەلێکی جوان و ئەوی دیکەشیان بۆ شت گەلی ناشرین، بێگومان هەریەکە لە دوو وێنەکە لە وێنەکان، هەڵدەستێت بە نواندن‌و دەرخستنی ئاستی کارامەیی‌و دەست ڕەنگینی وێنەکێشەکە، وەدەبێتە بەلگە لەسەر ئەو کارامەیی‌و دەست ڕەنگینیەو، بەلگە نییە لەسەر قێزەونی و ناشرینی هونەری وێنەکێشەکە. خۆ ئەگەر وێنەکێشەکە هەڵنەسایە بە وێنەکێشانی ناشرینەکەش ئەوە تابلۆکە ناتەواو دەبوو! خودای باڵادەست –جلَّ جلالە– بێ باوەڕ بەدی دەهێنێت و باوەڕداریش بەدی دەهێنێت، بێ باوەڕی و باوەڕیش دوو بەلگەن لەسەر خودایەتی ئەو، وە هەموو شتێك بە نیسبەت خودای باڵادەستەوە –جلَّ جلالە– خێرو چاکەیە، بەلام بەڕاستی بە نیسبەت ئێمەوە ئەوە ئاوا نییە!



Scanned by CamScanner

لەبەرئەوە بەڕاستی هەموو شتێك لە قەڵەمڕەوی سوڵتاندا پێویستە، بەڕاستی بە تەنیشت بوونی دارایی‌و موڵکەوە بوونی بەندیخانەو سزادەرو سزادانیش پێویستە. بەڵام ئایا چۆنی دەتوانرێت کە خەڵاتی سوڵتان لەگەڵ سزای مەرگدا (الاعدام) لەلای جەماوەری خەڵکی وەك یەك بێت‌و لەیەك ئاستدا بێت؟

بە تەنیشت ئاوات و ئومێدو خەون‌و حەزەکانمانەوە لەم دونیایەدا، چەند شتێك هەیە لە ترس و بیم و دوو دڵی‌و دڵەڕاوکێ، کە وەڕەسمان دەکات‌و پشومان لێ تێکدەدات، دەی مادام هەموو شتێك لە خودای باڵادەستەوەیە، ئایا پێویست نییە کە ئەو ئاوات‌و ئومێدو دڵەڕاوکێ و ترس و بیمانەش ڕووبەڕووی خودای باڵادەست بێت؟!

بە دڵنیاییەوە بەڵێ.. ئەگینا دەکەوینە ئەو هەڵوێستەی ئەو گەمژەیەی تێکەوتووە کە ئەم بەیتانە وەسفی دەکات:

ئاوات مەخوازە وەك ئەو گەمژەیەی  
لە تیرەکە ئاواتی بەزەیی دەخوازێت!  
بەڵکو چاوەڕێی سۆز بە  
لەو دەسەڵاتدارەی تیرەکە دەگرێت بە دەستی  
چونکە بەڕاستی تیرو شیر دوو بەندەن  
لە دەستی خاوەنەکانیاندا!  
کار ناکەن بەپێی ویستی ئەو نەبێت  
ئیتر کەوایە لەبەرچی لەوان دەپاڕێنەوە؟

❀❀❀



Scanned by CamScanner

## لالانەوە (تضرُّع)

خودایە! دەوڵەمەند زێڕ دەبەخشێت

بەڵام بەڕاستی بەخشینی ئەو بە بەخشینی جەنابت پێوانە ناکرێت!

دەوڵەمەند مێزەر خەڵات دەکات

بەڵام جەنابت سەرێك کە پڕە لە ژیری!

ئەو زێڕ رادەست دەکات

کەچی جەنابت دوو دەستت بەخشیوە کە زێڕ دەبژێرن

ئەو ئەسپێك دەبەخشێت

ئەوەتا تۆ ژیریت بەخشیوە بۆ سواربوونی ئەسپ!

ئەو مۆمێك دەبەخشێت

کەچی جەنابت چاوەکانت بەخشیوە ڕووناکی دەبینێت..

ئەو شتێك لە ئارەزووهاوەری دەبەخشێت

کەچی جەنابت ئەو دەمەت بەخشیوە کە دەیخوات..

ئەو ماڵێکی پێ بەخشیوم

کەچی تۆ ئاسمان و زەویت پێ بەخشیوم!

لەو ماڵەدا کە بەخشیوتە بۆ هەمووان

کە ئەو هەزارەهای دیکەی جگە لەو تیا دەژی..

ئەمجا بەڕاستی ئەو زێڕەی ئەو ئەیدات

ئەوە جەنابتی بەدیت هێناوە نەك ئەو

جەنابت خاوەنی نانیو

بەخشیوتە بەو کەسەی کە هەروەها نانی بەخشیوە!

دەست گوشادی و بەخشندەیی ئەو بەخششێکە لە جەنابتەوە بۆ ئەو



Scanned by CamScanner

هەروەها دڵخۆشیت بەو بەخشوە

کاتێك دەبەخشێت و دەست گوشاد دەکات..

## ئومێدو ترس

هیواو ئومێد شتێکی جوانە لە پەیوەندی نێوان بەندەو خودادا -جلَّ جلالە-، بەڵام دەی لەبەرچی ترس و بیم پێویست و زەروریە؟

- دەبیا وەڵام بدەینەوە لەسەر ئەو پرسیارە بەو وەڵامەی ڕۆمی پێشکەشی کردووە، کە دەڵێت:

لەو پرسیارانەی دەمێنێتەوەو خول دەدات لە بیرو هۆش داو، ئەوەی تۆ وەڵامێکی نادەیتەوە ئەوەیە کە خودای باڵادەست -جلَّ جلالە- مرۆڤی بە توانا گەلێکی جۆراوجۆرەوە بەدیهێناوە، لەبەر ئەوە هەندێکیان لەو بارەوە وا دەبینن جۆرێك لە ناتەواوی هەیە لە دادپەروەریدا!

ڕۆمی ڕای وایەو وا دەبینێت کە بەڕاستی بەخشینی توانا گەل جۆراوجۆر لەلایەن خودای باڵادەستەوە -جلَّ جلالە- بە خەلکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی: کە بەڕاستی مرۆڤ دادەنرێت بە پیشاندەر بۆ بەدیهێنراوی خودای باڵادەست -جلَّ جلالە-، گەنجینەی دوکان پڕو لێوان ڕێژە، بەڵام خاوەن دوکان دەبینیت نموونە گەلێکی کەمی لەو شتانەی هەیەتی لەسەر ڕەفەو مێزەکاندا داناوە لەبەرچاودا، کەمێك لە شەکر، کەمێك لە شتی دیکە.. هەتا دوایی.. لەبەرئەوەی بێگومان سەر ڕەفەو مێزەکان و شوێنەکانی بەرچاو جێگای هەموو شتەکانی تیا نابێتەوە، لە ڕاستیدا خودای باڵادەست -جلَّ جلالە- هەندێك لەتوانای گفتوگۆکردن‌و توانای فێربوونی بەخشیوەتە مرۆڤ، هەروەها ژیری و دەست گوشادی بەخشیوەتە مرۆڤ بۆ ئەوە بتوانێت کاروبارەکانی بەڕێوەبەرێت، گەنجینەکانی ئەو توانا گەلانە لە گەنجینەکانی



Scanned by CamScanner

خودای باڵادەستدایە.. کەوایە بەڕاستی مرۆڤ فرۆشیارێکی گەڕۆکە بۆ شمەکەکانی خودای باڵادەست -جلَّ جلالە-.

ئەو توانا زۆرەش لە بیستن و بینین هەموو توانا گەلەکان نییە، بەڵکو ئەو توانا گەلەیە کە تۆ دەتوانیت ڕایان بگریت، لەبەرئەوە بەش گەلێکت لەو تواناگەلە پێبەخشراوە. ئایەتێکیش هەیە: "لەلای خوداوە هاتوین و بۆی ئەویش دەگەڕێینەوە". یانی بەڕاستی هەموو شتێك لەلای ئێمە هەر لەلای خودای باڵادەستەوەیەو، بەخششێکە لە بەخششەکانی ئەو.

ئەو -جلَّ جلالە- نابینرێت، بەڵام بە بەخششەکانیەوە لەم سینی ڕەفانەدا دەبینرێت و دەناسرێت، بۆ نموونە تۆ شنەبای بەهار نابینیت، بەڵام کاتێك ئەو شنەبایە هەڵدەکات سەرجەم سیفەتەکانی لەنێو گوڵ و گوڵزاری باخ و باخچەکاندا دەبینیت. دەی کەوایە لە ڕاستیدا هەموو ئەو بەخششانە لە ڕووناکی ئەوەوە -جلَّ جلالە- هاتووەو پەخش بووەتەوە.. بەهرەکانی دیکەش بەپێی پێویست و ئاتاجی دەبەخشرێتە هەر مرۆڤێك، ئەوەتا خودای باڵادەست -جلَّ جلالە- لەم ئایەتەدا دەفەرموێت: ﴿وَإِن مِّن شَيۡءٍ إِلَّا عِندَنَا خَزَآئِنُهُۥ وَمَا نُنَزِّلُهُۥٓ إِلَّا بِقَدَرٖ مَّعۡلُومٖ ٢١﴾ الحجر:٢١. واتە: هیچ شتێك نییە کە گەنجینەکانی لای ئێمە نەبێت، لێشی دانەبەزێنین و نایدەین بە ئەندازەی دیاریکراو نەبێت.

باران کۆتایی نایەت، بەڵام ئەوەتا هەموو کاتێکی باران بارین بەپێی پێویست دەبارێت. شەکریش زۆرە لای فرۆشیار بەڵام ئەوەتا بە ئەندازەی ئەوەی پارەت هەیە و نەیدەبێت شەکرت ئەدات! هەروەها ئەو دەڕوانێت بۆ ئەو کیسەی هەڵیدەگریت، لەبەرئەوە ئەوەندەت شەکر دەداتێ کە ئەو کیسە بیگرێت، کەوایە ئەوەی دەدرێتە خاوەن کیسەیەکی بچووك جیاوازە لەوەی دەدرێتە خاوەنی دوو



Scanned by CamScanner

تایەک[1] کەلە سەر پشتی حوشتر یان هێسترو گوێدرێژ هەڵدەگیرێت. شوێن و کەسی وا هەیە ئاوی دەریا بەشی ناکات، کەچی شوێن و کەسی وەهاش هەیە چەند دڵۆپە ئاوێکی بەسەو بەشی دەکات!

کەوایە لە ڕاستیدا هەموو شتێك بەپێی پێویستی و بەهای ئەو شتە دەدرێتە مرۆڤ، هەروەها هەموو بەهرەیەکی پێ بەخشراو زیاتر لە پێویست و لەسەرو توانا و شایستەییەوە بە بەهرە (نعمة) هەژمار ناکرێت. عیشق شتێکی جوانە بەڵام ئەوەتا زیادەڕەوی لە عیشقدا زیانی گەیاند بە مەجنونی لەیلاو بە لەیلا. هەروەها ماڵ و دارایی زۆر بوو وای لە فیرعەون کرد لابدات! قسەش بەهەمان شێوەیە، لە ڕاستیدا قسە بە ئەندازەی ویست و ئارەزووی گوێ ڕاگرە، چونکە بەڕاستی گوێ ڕاگر وەك ئاردی نانەوایە، قسەش لە ڕاستیدا وەك ئاوە، لەبەرئەوە بەڕاستی دەبێت بە ئەندازەی پێویستی ئاردەکە ئاوی تێکەڵ بکرێت.

بڕوام وایە کە ئەو بنەمایە دروستە دەربارەی خوێنەرانی ڕۆمی، چونکە بەڕاستی هەموو مرۆڤێك جیاوازە لەو ئەندازەیەی وەریدەگرێت و سوودی لێ وەردەگرێت.

بەڵێ، ئەو دەربارەی ئەوە دەدوێت بەوەی جێبەجێ دەکرێت بەسەر قسەکەیدا، کاتێك دەڵێت: (ئەوەی دەیڵێم لە کەسی لێپرسراو دەچێت لە دابەش کردنی ئاو (ئاودێر)، دەی کە ئاودێر ئاوەکەی واز لێهێنا، ئیتر ئاوەکە لە کوێوە دەزانێت چ شوێنێك ئاوی دەوێت تا ئاوی بدات؟ ئایا ئاوی کێڵگەی خەیار ئاو بدات، یان کێڵگەی پیاز، یان کێڵگەی کەلەرم، یاخود هی گوڵەکان؟!

دەی کەوایە کاتێك ئاوێکی زۆر لە دەمم دەردەچێت ئەوە ئەوە دەگەیەنێت کە لەوێدا سەرزەمینێکی فراوانی وشك هەیە ئاتاجە بۆ ئاودان..

خۆ ئەگەر کەمیش بوو ئەوە دیارە سەرزەمینەکە بچووکە.

[1] یانی دوو لنگە، یان (هۆب) دوو تایە بە قەد یەکن، کاتی کۆن لەخوری دروست دەکرا پاش ڕستن.



Scanned by CamScanner

بەڕاستی لە فەرموودەی پیرۆزدا (حدیث قدسيّ) هاتووە: (إنَّ الله يُعطي قوةَ البيان بقدر همَّة المُستمعين) واتە: بێگومان خودای باڵادەست –جلَّ جلاله– توانای ڕەوانبێژی و دەربڕین بە ئەندازەی هیمەت و ئامادەیی و گوێڕاگری گوێگران دەبەخشێت.. بۆ نموونە: من پێڵاو دروستکارم و پێستەگەلێکی زۆرم لایە، بەڵام لە پێستەکان بە ئەندازەی پێت لێدەکەمەوە. یان بەرگدروم و پارچەی زۆرم لایە، کەچی لە ڕاستیدا پارچەکە بەپێی ئەندازەی لەش و لاری تۆ دەدروم..

گیانلەبەرانی کێوی هەن دەژین و گوێ و چاویشیان نییە! دەی ئایا ئەوە خوانەخواستەو حاشا لەڕووی ڕاتی ئەڵڵا ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو –جلَّ جلاله– ڕژد (بخيل) بووە کە چاوو گوێی پێ نەبەخشیون؟ نەخێر وانییە، بەڵکو لە ڕاستیدا ئەوە لەبەرئەوەیە ئەو گیانلەبەرانە پێویستیان بەوە نییە.

لەبەرئەوە هەر شتێک بدرێتە هەر کەسێک بەبێ ئەوەی ئاتاجی پێی بێت، بێگومان ئەو شتە دەبێتە بار بەسەر شانیەوە و بەهەدەر دەچێت، وەک ئەوەی بدرێتە بەرگدروو لەو ئامێرانەی دارتاش بەکاری دەهێنێت وەک مشارو چەکوش و.. هەرچی تر. بێگومان ئەو ئامێرانە دەبنە بار بە سەر شانی بەرگدرووەوە بەهەدەر دەچن. هەروەها گیانلەبەرانێکی بچووک و مێرو هەن لە تاریکیدا لە ژێر زەویدا دەژین.. هەر ئاوەهاش کەسانێک لە خەڵکی هەن لەم دونیایەدا لەگەڵ تاریکیدا ئاشنان و پێشی ڕازی دەبن و، تامەزرۆو ئارەزوومەند نابن بۆ جوانی و ڕووناکی خودای باڵادەست!

لەبەرئەوە لە ڕاستیدا ئەوانە ئاتاجی دووربینی (بصيرە) نین لە دیدەو ژیری و بیستنیاندا، بێگومان ئەوانە لە ئاتاجی و پێویستی ئەو کەسەیە کە تامەزرۆو ئارەزوومەندە بۆ دواڕۆژ، دەی ئەوەی تامەزرۆو ئارەزوومەندی دواڕۆژ نەبێت و حەزی لێی نەبێت لەبەرچی ئەوانەی بدرێتێ؟!



Scanned by CamScanner

کاتێك قەدەر باس دەکرێت مرۆڤ ویست (الإرادة)ـی بیر دێتەوە، هەندێك لە خەڵکی هەن بیروباوەڕە هەڵەکانیان و هەڵسوکەوتە خراپەکانیان دەخەنە ئەستۆی قەدەر، جا با بزانین ڕۆمی لەو بارەوە چی دەڵێت:

ڕۆمی وا دەبینێت،- زانایانی سوننەش- کە بێگومان بێ باوەڕی (کُفر) تاوان و گوناهەو خوداپەرستیش (عبادة) شکۆمەندیە، هەموو ئەوەش وا بەستە بە ویستی (إرادة) خودی مرۆڤەکەوە. پاشانیش بێگومان خودای باڵادەستیش -جلَّ جلالە- داوا لە هیچ کەسێك ناکات بەپێی توانای نەبێت. موحاسەبەو لێپرسینەوەی هیچ مرۆڤێك ناکات لەسەر شتێك کە لە تواناو وزەی بەدەر بێت. وا لێرەشدا نموونەیەك دەخەمە بەر دیدە لە نموونە گەلێك کە لە مەسنەویدا هاتووە دەربارەی هەوڵی هەندێك لە خەڵکی لە شوێنکەوتوانی بۆچوونی جەبەریە[1] بۆ پۆزش هێنانەوەی سەرجەم خراپەکانیان بەو بیانووە:

دزێك وتی بەو پۆلیسەی گرتبووی:

(ئەوەی من پێی هەستاوم و ئەنجامم داوە قەدەرێکی خودابیە، لەبەرئەوە من تاوانبار نیم و بەڵکو بێ تاوانم، پۆلیسەکە شەلاقێکی زۆر بەهێزی کێشا بە پشتیداو وتی: کەوایە ئا ئەوەش کە من ئێستا پێی هەڵدەستم و ئەنجامی دەدەم هەر لە قەدەری خودای باڵادەستە.

تا ئێستا هەوڵێستەمان کرد لەسەر لێکدانەوەی ڕۆمی بۆ زۆرێك لە ڕوانگەکانی باوەڕ، لەبەر ئەوە لە کۆتاییدا دەمەوێت ئەم پرسیارەی داهاتوو بخەمە ڕوو: لێرەو لەوێ لەم ڕۆژانەدا کەسانێك هەن هەوڵ دەدەن ڕۆمی وا پیشان بدەن کە لەڕاستیدا

---

[1]) الجبریە یان الجهمیە): دەستە تیمیکن دەدرێنە پاڵ جەهمی کوڕی صەفوان ئەمانە نکوڵی ئارەزوومەندی دەکەن و دەڵێن مرۆڤ ژێربارو ناچار کراوە لە کردارەکانیدا.



Scanned by CamScanner

ئەو لەسەرو دینەکانەوەیە، پرسیارەکە ئەمەیە: دەی ئایا بیرۆکەکانی ڕۆمی، ڕێگە دەدات بەو شێوە تێڕوانینە بۆ ئەو؟

## ئایا بیرۆکەکانی ڕۆمی لەسەرو دینەکانەوەیە؟

ڕۆمی وەڵام لەسەر ئەو پرسیارە دەداتەوە وەك بڵێی گومانێکەو ڕوو دەدات، ئەمە چەشنێکە لە دووربینی کردن، وتوویەتی: (لەڕاستیدا من خزمەتکاری قورئانم، هەروەها "گەردیلەیەکم لە ڕێگای پێغەمبەری سەروەردا ﷺ، وە بەڕاستی من سکاڵا بەرز دەکەمەوە بۆ لای خودای باڵادەست -جلّ جلاله- دەربارەی ئەوەی دراونەتە پاڵم، لەو بارەوەو یەخەی خۆم هەڵدەتەکێنم (أُبَرِيءُ نفسي) لەوەی وتویانەو داویانەتە پاڵم.

هەروەها سەرجەم ئاکارو شوێنەوارەکانی ڕۆمی و دانراوەکانی بەتایبەتی پاراوەکەی (المجالس سبعة- حەوت کۆڕەکە) لێوان ڕێژە لە دەربڕینەکانی خۆشەویستی بۆ سەروەر ﷺ و ڕەویەکەی (سنته)، ئەو فەرموودەیەکی پێرۆزی ﷺ بە درێژی ڕوون دەکاتەوە دەربارەی وابەست بوون بەسوننەتەکەیەوە، فەرموودەکەش ئەوەیە: (مَنْ تَمَسَّكَ بِسُنَّتي عِنْدَ فساد أُمَّتي فلهُ أجرُ مِئَة شهيد)[1] واتە: هەر کەسێك وابەست بێت بە ڕەویەی منەوە لە کاتی خراپ بوونی ئوممەتەکەمدا پاداشتی سەد (١٠٠) شەهیدی هەیە.

ئێستاش با بزانین تێڕوانینی بۆ دینەکانی دیکە چییە؟

بێگومان ئیسلام مەرجێکی داناوە بۆ موسڵمان بوون ئەویش باوەڕبوونە بە سەرجەمی پێغەمبەران -عليهم السلام- زیاد لە باوەڕبوون بە پێغەمبەری ئیسلام

---

[1] رواه البيهقي.



Scanned by CamScanner

موحەممەد ﷺ، بەڵام ئەوەندە هەیە ئیسلام لە ڕاستیدا سەرجەم ئەو دینانەی بەتاڵ کردوەتـەوە لەبەرئـەوەی بێگومـان کۆنـا ناپینـەو تـەواوکاری ئـەو ناپینانەیە. ئـەم نموونانەی داهاتوو بیروڕاکانی ڕۆمی لەو بارەوە ڕوون دەکاتەوە:

بیستومانە لە باوو باپیرانمانەوە:

گاورەکـان (نصـاری) دەڵـێن: (هـەر ئەوەیە بیسـتومانە لـە بـاوو باپیرانمانـەوە) لەبەئەوە دەیان بینیت ڕوو لە ئیسلام ناکەن و وەری ناگرن.

دەی ئەگەر تۆ زێڕێکـی سـاختە یـان پـارەکی تـەزوێرت لـە باوکتـەوە بـۆ بـەجێ بمێنێ، ئایا ڕازی دەبیت بە گۆڕینی بە پارچە زێڕێکی تەواو و پارەیەکی بێ غەش و تەزویر؟ یان هەر ئەو پارچە زێڕە ساختەو پارە تەزویرە هەڵدەگریت و بە باشـتر لـە زێڕی تەواو و پـارەی تـەواو هـەژماری دەکـەیت؟ بێگومـان مرۆڤـی ژیـر گۆڕینـەوەی لاپەسـەندە! یـان ئەگـەر لـە زگماکیـەوە دەسـتێکی سـەقەتت هـەبێت و پزیشـکێك بیەوێت بۆت چارەسـەر بکات ئایا ئەوە ڕەفز دەکەیت؟ وە دەڵێـت: (ئـەو دەسـتەم لە باوکمەوە ئاوەها بۆ بەجێ ماوە؟

یاخود ئەگەر ئەو شوێنەی باوکتی تیـا ژیـاوەو مـردووە بیابـانێکی وشـك و بـرنگ بوو، بێ ئاوو بێ ڕووەك، کەسێك ویستی بتگوێزێتەوە بۆ شوێنێکی سـەوزی خـاوەن ئاوێکی سازگار! بەڕاستی ئایا نکوڵی لەوە دەکەیت و سـور دەبیـت لەسـەر مانـەوە لەو شوێنە وشك و بێ ئاوەدا؟ بێگومان خودای باڵادەست ژیریەکی جیاواز لـە ژیـری باوکت و، چاوێکی جیاواز لە چاوی باوکت و، هەست پێکردن و جیاکاریەکی جیاوازی لەوەی باوکت پێ بەخشیوت، لەبەرئەوە لەجیاتی بەردەوام بوون لـە شـوێنکەوتن و شوێن پێ هەڵگرتنی ژیری و شوێنەوارەکانی باوکت، ئـەوەی کـە بـەرەو لەناوچوون دەتبات، پێویستە لەسەرت کە شوێن ژیری خۆت بکەویت و بەژیری خۆت کاربکەیت تا خۆت ڕزگار بکەیت و بەرەو بێ باکی و دەوڵەمەندی ڕاستەقینە بچیت.



Scanned by CamScanner

## یووراش:

باوکی یووراش فرۆشیاری پۆشاک و شتومەکی کۆن و بەکارهاتوو بوو، کاتێک یووراش دامەزرا بە کارمەند لە خزمەتی سولتاندا، کارمەندانی کۆشکی سولتان هەستان بە فێرکردنی بنەماکانی خزمەتکردن لە کۆشکداو چۆنیەتی هەڵسوکەوتکردنو بەکارهێنانی چەک.. یووراش لەو کاتەدا ئەیوت: (بەڕاستی من لەلایەن باوکێکی فرۆشیاری پۆشاک و شتومەکی بەکارهاتووەوە هاتومەتە دونیاوە، لەبەرئەوە من ئەو شتانە فێر نابم، بەڵکو ئەوەی لەسەری ڕاهاتووم و داوامەو ئەتوانم ئەنجامی بدەم ئەوە دوکانێکم بۆ بکەنەوە تا ئەو شتانەی تیا بفرۆشم) بە هیچ جۆرێك ئەوەی ئەوت و ملی کارە تازەکەی دا.

هەتا سەگیش کاتێك لەلای سولتان دەبێتە ڕاوچی، ڕادێت لەسەر نووستن لە شوێنی خاوێنداو، واز دەهێنێت لە ئەریتی نوستن لەسەر سەلوێنك[1] و گڵ هەڵدانەوە بە چرنوکەکانی بۆ گەڕان بە دوای خواردندا، بەڵکو لەجیاتی ئەوە بەردەوام دەبێت لە چێژ وەرگرتن لەو خێرو بێرەی دەستی کەوتووە لە دەربارەی سولتاندا.

لەسەرو ئەو دەربڕینە ڕوون و ئاشکرایانەوە ڕۆمی ڕێزی هەبووە بۆ ئایینەکانی دیکەو نەرم و نیان بووە بەرامبەریان، هەروەها ئەوەی زانیوە و هەست پێکردووە کە شوێنکەوتووی هەر ئاینێك بەدوای ڕاستیو ڕاستەقینەییدا دەگەڕێت و دەیەوێت لە ڕێگای ئاینەکەیەوە پێی بگات. ڕۆمەکانی دانیشتوی شاری (قونیە) و دەوروبەری جار جارە ئامادەی کۆڕی ڕۆمی دەبوونو سوودمەند دەبوون لە بەرەکاتی ئەو کۆڕە.. جارێکیان هەندێك لە گاورەکان (نصاری) لە کۆڕێکیدا گوێیان بۆ ڕاگرتبوو، لەگەڵ ئەوەشدا کە زمانی تورکیان نەدەزانی، کەچی ئەبینران بەپێی

---

[1] ئەو شوێنەیە لە لادێدا زبڵ و پاشەڕۆی ئاژەڵانی تیا کۆدەکرێتەوە.



Scanned by CamScanner

کەشوهەوای کۆڕەکە سات نا ساتە دڵخۆش دەبوون یان دڵتەنگ دەبوون و دەگریان! جارێکیان بەکێکیان لە کۆڕەکەدا بە توانجەوە وتی: (سەیرەئەوانە دەگرین!.. لەگەڵ ئەوەدا کە موسوڵمانەکان خودی خۆیان زۆربەی ئەوەی لەو کۆڕەدا دەوترێت تێی ناگەن و هەستی پێ ناکەن).

ڕۆمی کە ئەوەی بیست وتی:

(گرنگ ئەوە نییە کە وشەکان تێبگەن، بەڵکو لە ڕاستیدا ئەوان ناوەڕۆکی ئەو وشانە تێدەگەن، ئەوان دەزانن و هەست دەکەن کە بەڕاستی ئەوەی لەو کۆڕەدا دەکرێت و دەوترێت دەربارەی زاتی (الله)یە، هەروەها دەربارەی ئەوەی کە ئەو ڕۆزیدەرەو، لێبوردەیەو، چاوپۆشەو، بەسۆزو میهرەبانە.. وە دەربارەی سزادانیشیەتی، ئەوانە لەو وشانە بۆنی خۆشەویستەکانیان دەکەن، لەبەرئەوە دەکەونە ژێر کاریگەریەوەو سۆزیان دەهەژێت، هەموو مرۆڤێك لە ناخی دڵیەوە خودای –جلّ جلاله– خۆشدەوێت و هانای بۆ دەبات، لە کاتێکدا ئێمە لە توانامانــدا نییە کە ناوێك بۆ ئەو بڕوا جێگیرە دابنێین لە دڵدا.. کاتێك ئەو بڕوایە دەڕوات بۆ دەربڕینگەی (مجری) قسەو وتەکان لەوێ ناوێك ساز دەکات و بەدەست دەخات جا ئەوە یان بڕوایە یان بێ باوەڕیە).

با ئیتر بەم ئەندازەیە لە نموونە هێنانەوە بۆ باوەڕ واز بهێنین و، بدوێین دەربارەی ئەو خوداپەرستیانەی (العبادات) کە لە پێویستیەکانی باوەڕن.

❀❀❀



Scanned by CamScanner

## خوداپەرستی (العبادە):

بۆ هەموو ئاینێك خوداپەرستی تایبەت هەیە لەبەرچی خودای باڵادەست داوا لە ئێمە دەكات كە بیپەرستین؟

لەبەرئەوەی كە خوداپەرستی زانین و هەست پێكردنە بۆ واتاو ماناى پەرستشایەتی و بەندایەتی، هەموو مرۆڤێك بەشێك لە ئارەزووی خودایەتی تێدایە، لەبەرئەوە هەموو مرۆڤێك ئیمكانی ڕاگەیاندنی خودایەتی (الألوهیة) هەڵدەگرێت، چونكە جاری وا هەیە سەرچاوەو چاوگی هێز و توانای خۆی لەبیر دەكات، لەبەرئەوە خۆپەرستی و بە خۆڕامانی فووی تێدەكات و وەردەگەڕێت بۆ كەسایەتیەكی فیرعەونی

لە ڕاستیدا پەرستش و خوداپەرستی لەلایەكەوە هۆكارێكە بۆ نزیكبوونەوە لە خودای باڵادەست -جلّ جلاله-، لەلایەكی دیكەشەوە بیرهێنانەوەی مرۆڤە بەوە كە هەڵنەستێت بە ئیدیعاو ڕاگەیاندنی خودایەتی، چونكە خودایەتی تەنها و تەنها شایستەی زاتی (الله)یە هەروەك دەبینیت كە بەڕاستی ئارەزووی مرۆ لە ئەنجامدانی نوێژو ڕۆژوودا لە ئەنجامی ڕاكێشانی بەندەیە لەلایەن خودای باڵادەستەوە بەلای خۆیدا

بێگومان جیهادو ڕۆژو گرتن دوو شتی قورسن لەسەر ناخ (نفس)، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو دووانە ئەهوەنترن لە پەراوێزخستنی بەندە لەلایەن خودای باڵادەستەوە

پاشانیش دەبێت ئەوە بزانین كە بەڕاستی هەندێك لە خوداپەرستیەكان لایەنێكی گرنگی دانە بە كۆمەڵگاكان، هەروەك نوێژە كە كۆمەڵگا هاندەدات بۆ كاركردن و یەكڕیزی و تەبایی و بەیەكەوەبوون و، بەرەو یەك ئامانجی وەك ڕۆژانە لە نوێژی بە كۆدا (جماعە) بە ئاشكرا بەدەردەكەوێت، هەروەها دەبێت ئەوەش بزانین كە



Scanned by CamScanner

خوداپەرستی دروست هەیەو خوداپەرستیەکەی دیکەش نادروست و تەنها بە ڕواڵەت هەیە، ڕۆمی واتای خوداپەرستی ڕاستەقینە ڕوون دەکاتەوەو وە مرۆڤ چی بەدەست دەخات، لەو بارەوە دەڵێت:

نوێژو ڕۆژو و حەج و جیهادکردن هیچ شتێک نییە جگە لە گەواهی (شهادە) دانێک ئەبێت بۆ باوەڕ.

ڕۆژوو دەڵێت: (بەڕاستی ڕۆژوەوان حەلاڵ و ڕەواکانیشی وازلێهێناوە، کەوایە بێگومان ئەو لە حەرامەوە زۆر دوورە پەرێزە).

زەکات دەڵێت: (بەڕاستی زەکات دەر لە خودی ماڵی خۆی دەبەخشێت، کەوایە ئیتر چۆن دزی دەکات لە کەسێک هاوتاییی بێت، یان لە هاوەڵێک هاوڕێیەتی بکات لە سەفەرو ڕێگادا).

بەلام خودا پەنامان بدات ئەگەر ڕۆژو و زەکات دوو گەواهیدەری ساختەو درۆین بوون، بێگومان ئەوە گەواهیدانی ساختەو درۆ وەرنەگیراوو ناپەسەندە، هەروەها بێگومان دادپەروەری خودایش گەواهی ساختەو درۆ وەلادەنێت و دەیداتەوە بەڕووی گەواهیدەرەکەدا، خوداپەرستی بە مەبەستی فێڵ و بەو نیەتە وەك داني گەلەیە (الحبوب) کە ڕاوچی بلاوی دەکاتەوە، واتە ئەو تەڵەیەکە لە تەڵەکان، ئەوەتا پشیلە لەڕاستیدا وا خۆی پیشان دەدات کە بەڕۆژووە، کەچی لە ڕاستیدا چاوەڕێی ڕاوێکی لەناکاوە.

پوختەی قسە ئەوەیە، کە بەڕاستی ئەو خوداپەرستیانە گەواهیدەرن لەسەر ئیمان و بیروباوەڕەکەت، وە لە ڕاستیشدا بەکەم شت پێویستە گەواهیدەرەکان ئەرکیەو پوختە ناس بکرێ، خۆ ئەگەر ئەوە وا نەکرێت ئەوە بەڕاستی وەك ئەوە دەچێت: (یشبە): ﴿وَلَا تَكُونُوا كَالَّتِي نَقَضَتْ غَزْلَهَا مِن بَعْدِ قُوَّةٍ أَنكَاثًا﴾



Scanned by CamScanner

النحل:٩٢. واته: وەك ئەو ئافرەتە مەبن كە ریسەكەی كردەوە بە خوری لە پاش بادان و ڕستن و شەتەكدانی.

**كەوایە، ئەی خوداپەرستی پەسەندكراو لەلای خودای بالأدەست -جلّ جلاله- چۆن دەبێت؟ واتە چۆنیەتی ئەو خوداپەرستییە چۆنیەو كامەیە؟**

ڕۆمی بە چەند بەیتێك كە لە مەسنەویدا هاتووە وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوەو تیایدا دەڵێت: كە خوداپەرستی وەك تۆو یان نەمامێكی زۆر بچووك وایە، دیارە مرۆڤیش ئەو نەمامە دەڕوێنێت بۆ ئەوەی بەروبومەكەی بخوات، هەروەها تۆو دەچێنێت تا بەرەكەی دروێنە بكات، بەڵام ئایا هەموو تۆو و نەمامێك دەڕوێت و گەشە دەكات و بەردەدات كە دەیڕوێنین؟ بێگومان نەخێر، پێویستە بۆ ئەوەی ئەو تۆوە بڕوێت دەبێت ئامادەیی ڕواندنی تێدا بێت تا بڕوێت و گەشە بكات.

هەروەها ئەو نەمامە دەبێت بەردار بێت تا بەر بدات.. چونكە بەڕاستی نەمامی بێ بەر درکە، هەموو تۆوێكی خراپیش خاوەنەكەی لە ئەنجامی ڕواندنی تەنها شەكەتی و بێ هیوایی بۆ دەمێنێتەوە. وە ڕۆمی وا دەبینێت بەڵگە لەسەر ئەوەی كە خوداپەرستی دروستەو ناوەڕۆك و جەوهەرێكی ڕاستەقینەی هەیە، ئەو چێژو لەزەتە مەعنەویەیە هەیەتی. هەروەها ئەوەی خۆشەویستی و ئارەزو و عیشق لای ئەنجامدەرەكەی دروست دەكات بۆ چەشتنی ئەو لەزەتە! ئەگینا ئەگەر وانەبێت، ئەوە نموونەی ئەستێرەیەكە خول دەدات بە دەوری خولگەیەكدا بەبێ ئەوەی كە هۆی جموجوڵ و خولانەوەكەی بزانێت، ئەوەی ئەستێرەیەك دەیكات وەك ئەوەیە حاجی لەكاتی گەڕاندا بە دەوری كەعبەدا دەیكات..

بەڵام لە ڕاستیدا خولانەوەی یەكێكیان بێ ویستە (غیر إرادي) و گەڕانەو خولانەی دووەمیان بە ویستە (إراديّ)، جا هەر چۆن ئەو دوو خولانەوە لە ڕاستیدا وەك یەك نین، بەڵام لە ڕواڵەتدا بەڕاستی لە یەك دەچن، ئاوەهاش بەڕاستی شێوەی

دوو خوداپەرستی ڕاستەقینەو ساختەو بێ ناوەڕۆک لە ڕواڵەتدا لە یەک دەچن، بەڵام بێگومان بەهاو نرخیان وەک یەک نییە، کەوایە خوداپەرستی ڕاستەقینە لەبیربردنەوەی هەموو شتێکە لە حوزوری خودابیدا، ئەوە ڕۆمییە نموونەیەک لەسەر ئەوە پێشکەش دەکاتو دەڵێت:

دەسەڵاتدارێک بە کەسێکی خوداپەرستی خۆپارێزی وت: (کاتێک ڕۆدەچیت لە خوداپەرستیدا و نمایی خودایت (التجلّی الإلهی) بۆ دەردەکەوێت، یادی من بکە).

خوداپەرستە خۆپارێزەکە پێی وت: (لەو چرکەساتەدا هەموو شتێک لەبیر دەکەم هەتا خودی خۆشم ئیتر چۆن تۆ یاد ئەکەم!).

ئەوەیە ئەو خوداپەرستیەی پەسەندە لەلای خودای باڵادەست! بە شێوەیەک لەو ڕێگەوە خودای باڵادەست بەندەیەک لە بەندەکانی هەڵدەبژێرێت تا بیتوێنێتەوە لە عیشقی خۆیداو، داواکانیو داوای ئەوانەی لەگەڵ ئەودا ڕێ بەڕێ دەکەن جێبەجێ بکات، ئەوە وەک ئەم نموونەیە:

دەسەڵاتدارێک بەندەیەکی تایبەتی هەبووە، بەندەکە پێش ئامادەبوونی لە خزمەتی دەسەڵاتداردا، دەڕۆشت سەرجەم سکاڵانامەو داوانامەکانی خەڵکەکەی کۆدەکردەوە تا بیخاتە بەردەست دەسەڵاتدار بۆ جێبەجێ کردنیان..

ڕۆژێکیان پێش ئەوەی بچێتە خزمەتی دەسەڵاتدارەکە لە هۆش خۆی دەچێت دەبورێتەوە! دەسەڵاتدارەکە بەدوای هۆکاری بورانەوەکەیدا هەوڵ دەدات و گیرفانەکانی دەگەڕێت، لەو کاتەدا سکاڵا نامەو داوانامەکان بەدی دەکات، بەدواداچونیان بۆ دەکات و فەرمان دەکات بە جێبەجێ کردنیان.. ئەوە ئەنجامی دڵسۆزی بەندەکە بوو بۆ دەسەڵاتدارو وەفای دەسەڵاتدارەکەش بوو بۆ ئەو بەندە دڵسۆزو بەئەمەکە.



Scanned by CamScanner

پوختەی ئەو سەرئەنجامەی پێی دەگەین، ئەوەیە کە بەڕاستی مەبەست لە خواپەرستی عیشق و واتایە، بەڵام شێوەکەی ئەو لە دینێکەوە بۆ دینێکی دیکە جیاواز دەبێت.

چۆنی جیاواز دەبێ؟ تکای ڕوون کردنەوەی زیاتر ئەکەم؟

شێوەی نوێژو ڕۆژوو پێش هاتنی پێغەمبەر ﷺ بەم شێوەیەی ئێستا نەبووە، بەڵام لە ڕاستیدا نوێژو ڕۆژوو هەر هەبوون، هەروەک پەڕاوی ئاسمانی لە سەردەمی موساو عیسادا –علیهم السلام– هەبوو، بەڵام ئەوەندە هەبووە بە زمانی عەرەبی نەبووە. کەوابە پاتی گرنگ ئەوەیە دینداری و خواپەرستی کارێکی هەمیشەییە، لەڕاستیدا مەبەست لە دینداری و خواپەرستی واتا مەغزاکەیەتی نەک شێوەکەی. بۆ نموونە کاتێک تۆ دەڵێیت: "بەڕاستی دەرمانەکە کاریگەرییەکەی دەرکەوت" بێگومان تۆ مەبەستت ماناو کاریگەری دەرمانەکەیە نەک شێوەکەی.

(بەڕاستی خواپەرستی و یادکردنەوە باوەشێنێکە بۆ کڵپەدار کردنی ئاگری باوەڕ لەنێو دڵدا). دەی کەوابە ئەگەر ئاگر نەبوو بە ڕاستی خواپەرستی و یادکردنەوە وەک فوکردنە بە خۆڵەمێشدا! هەروەها هەر ئاوایشە لە کاتی خوێندنی قورئاندا. بێگومان حاڵی ئەو قورئان خوێنەی تێ ناگات لەوەی دەیخوێنێت وەک حاڵی منداڵێکە یاری بە گوێز دەکات، لە ڕاستیدا ئامانج لە گوێز کاکڵەکەیەتی، بەڵام ئەوەتا کاتێک تۆ لەجیاتی گوێزەکە کاکڵەکەی دەدەیتێ وەری ناگرێت، لەبەرئەوەی لە ڕاستیدا گوێزەکە لەلای ئەو لە یاریدا بەکاردێتو دەنگ دەداتەوە، کە ئەوە لە کاکڵەکەدا بەدی ناکات!

هاوەڵان –خوایان لێ ڕازی بێت– قورئانیان دەخوێندەوە ئەشە دەیگرتن چۆن ئەشەیەک وەک ئەوەی لە هەموو قورئان گەشتبێتێ، خواردنی پێنج کیلۆ نان زۆر نارەحەتە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەگەر پارەوە نانەکەت لە دەمتا کەمێک جاوی تفت کردەوە، ئەوە بێگومان بەو شێوەیە دەتوانیت دەها کیلۆ نان بخۆیت. ئەوەیە



Scanned by CamScanner

حاڵی بێ ئاگا لە واتاو مانای قورئان و ئەو کەسەی کاری پێ ناکات. ئەوەی لە گێڕراوەی (مەیمونی کوڕی مەهران)دا هاتووە بەسەر ئەو دووانەدا دەسەلمێنێت ((وکم قاريءٍ للقرآن والقرآنُ يلعَنُهُ)) واتە: چەندەها خوێنەری قورئان هەیە قورئانەکە نەفرینی لێدەکات.

هەندێک کەس خۆشەویستی دەروونی بەس دادەنێن بۆ خواپەرستی، بەڕاستی ئایا دەکرێت خواپەرستی یەک هەبێت تەنها عیبارەت بێت لە خۆشەویستیەکی دەروونی بەبێ ئەوەی شێوەو نزاو وتەی هەبێت؟

– ڕۆمی ئەو کارە بە هەموو شێوەیەک نەرێ دەکات کە دەڵێت: (هەموو ماناو واتایەک لە شێوەدا دەردەکەوێت دەربارەی باوەڕ لە دڵدا، بەڵام لە ڕاستیدا ئەگەر ئەو باوەڕە بە وتە بڕیار نەدەیت و دەرنەبڕیی ئەوە بڕوادار نابیت، ئەوەتا نوێژ کردارە، بەڵام ئەگەر قورئانی تیا نەخوێنرێت ئەوە بە نوێژی دروست دانانرێت، لەبەرئەوە بە هەڵەدا چوونە بەوەی بوترێت لە خواپەرستی دا وتەو شێوە گرنگ نییە) لەم بەیتانەی داهاتوودا ڕۆمی دەڵێت بەڕاستی خواپەرستی گەواهیدەرە لەسەر خۆشەویستی، هەروەها ئەو دەستە دیاریەیە هاوڕێ بۆ هاوڕێ هەڵیدەگرێت:

خۆ ئەگەر خۆشەویستی و بەندایەتی کردن

بریتی بوایە تەنها لە بیرو مانا

ئەوە نوێژو ڕۆژوو

زەروری و پێویست نەئەبوون بۆ ئێمە

ئەوەتا خۆشەویستان دیاری پێشکەش دەکەن بۆ خۆشەویستان بۆ ئەوەی ببنە گەواهیدان لەسەر خۆشەویستی و وابەست بوون.

***



Scanned by CamScanner

## ڕۆمی دان لەسەر چ خوداپەرستیەک دادەگرێت؟

ڕۆمی بەتایبەتی دان لەسەر دوو خوداپەرستی دادەگرێت: "نوێژ ئەوەی کە بلندگەی (معراج) بڕواداره، هەروەها ڕۆژوو ئەوەی کە بەهرەیەکی خودایییە پێشکەش بە ئێمە کراوە". هەروەها دەڵێت: "دەبێت ئەوە بزانین کە دوو جۆر لە نوێژ هەیە، نوێژێك لە پێنج کاتدا، هەروەها نوێژێکیش کە هەموو ڕۆژەکە دەخایەنێت، نوێژی یەکەم نوێژی عەوام و نەزانەکانەو نوێژی دووەمیش نوێژی عاشقانە".

بەڵام دەی مانای ئەو فەرموودەیە چییە کە دەفەرمویت: ((رکعتا الفجر خیرٌ من الدُنیا وما فیها))(رواه: مسلم) واتە: دوو ڕکات نوێژی بەیانی باشترەو خێری زۆرترە لە دونیاو ئەوەی لە دونیادایە.

ڕۆمی دەڵێت: بەڵێ ئەو وتەیە دروستە بەڵام لە ڕاستیدا بۆ هەمووان نییە، بەڵکو ئەوە دروستە بۆ کەسێك کە نەکردنی دوو ڕکات نوێژ بە زیانێکی گەورەتر دادەنێ لە لەدەستدانی دونیاو هەموو ئەوەی تیایدایە، هەروەها لە دونیاو هەرچی لە دونیادا هەیە بە گرنگتری دادەنێت.

زۆر باشە، ئەی ئایا لە دونیادا شتێك هەیە گرنگی و بەهای زۆرتر بێت لە نوێژ؟

کاتێك یەکێك لە ئامادەبووانی کۆڕەکەی ڕۆمی ئەو پرسیارەی وروژاند، ڕۆمی پێی وت:

(باوەڕ بەبەهاترو گرنگترە لە نوێژ، چونکە نوێژ فەرزە لە پێنج کاتدا، بەڵام باوەڕ فەرزە و پێویستە لە هەموو کاتێکدا، نوێژ بەبێ باوەڕ سوودی نییە، بەڵام باوەڕ بەبێ نوێژ سودێکی هەر هەیە! ئەمجا بەڕاستی نوێژ لە ئایینێکەوە بۆ ئایینێکی تر جیاوازی هەیە، بەڵام باوەڕ لە هیچ دینێکدا جیاوازی نییە).

باسی نوێژی عاشقانتان کرد، مەبەست لەوە چییە؟



Scanned by CamScanner

ڕۆمی لەم بەیتانەی داهاتوودا وێنایەکی جوان پێشکەش دەکات بۆ ئەو نوێژەی هەستی نوێژ خوێنە بەوەی کە بەڕاستی ئەو لە حوزووری خودابیدایە:

خۆ ئەگەر تۆ دوو دیدەی دووربینت هەبووایە

ئەوە دەتبینی کە بەڕاستی هەریەکە لە دوو جیهانەکە

لێوان ڕێژن بە نمایشی (تجلّیات) ڕاستی و ڕاستەقینەیی

ئایا ئەوە مانای ئەوە نییە کاتێک کە ئێمە هەر شتێکمان خۆش دەوێت، لەڕاستیدا ئەوە ئەومان –جلّ جلاله– خۆش دەوێت، ئایا ئەوە وانییە؟ ئەمجا لەبەرچی نمایشی زاتی ئەللا –جلّ جلاله– دەبێت لە پشت پەردەوە بێت؟

دوو پرسیاری گرنگن، دەی با بۆ وەڵامی هەریەکەیان گوێڕابگرین بۆ ڕۆمی:

(بێگومان خۆشەویستی مرۆڤ بەرەو هەزاران لایەنە لە باب و دایک و هاوسەرو ماڵو دارایی و باغ و بێستان، ئەوانە لە ڕاستیدا جگە لە پەردەو ڕووپۆشی هیچی تر نییە، وە کاتێک مرۆڤ لەم جیهانە کۆچ دەکاتو دەسەڵاتداری بوونەوەریەبێ ڕووپۆشی دەبینێ، هەست دەکات و دەزانێت کە بەڕاستی سەرجەم ئارەزووە پێشووەکانی پەردەو ڕووپۆش بوون و ئەوەی لە ڕاستیدا داوای کردووە ئەو بووە).

زۆر باشە، بەڵام دەی لەبەرچی ئەو دەسەڵاتدارە لە پشت پەردەو ڕووپۆشەوە نمایش دەبێت؟!

وەڵامی ئەوە ئەوەیە: کە بەڕاستی ئێمە بە فەزڵی خۆر دەبینین و دەڕۆین و خۆمان گەرم دەکەینەوە، هەر بەهۆی ئەوەوە میوەکان پێدەگەن و ڕووەکەکان گەشە دەکەن و گەورە دەبن و بەر دەگرن.. کەچی ئەوەتا ئەگەر خۆر کەمێک زیاتر نزیک بێتەوە هەموو ئەوانە گڕ دەگرن و دەسوتێن! کاتێک زاتی ئەللا لە پشت پەردەوە نمایش (تجلّی) دەبێت چیاو دەشتو دۆڵەکان پڕ دەبێت بە گوڵ و گوڵزار، ڕووەکی هەمەجۆر، بەڵام بەبێ پەردەو ڕووپۆش نمایش ببێت، ئەوە چیاکان هەروەک چیای طور هەلا هەلا دەبێت. نمایی زاتی ئەللا و بینینی لە هەر شوێنێکدا هەرچەن



Scanned by CamScanner

لە پشتی پەردەو پۆشەوەیە بە نوێژ دێتە دەست. وە بەپێی ڕاوبۆچوونی ڕۆمی لە ڕاستیدا ئەوەندەی ئاو گرنگ و مەبەست و پێویستە بە نیسبەت ماسیەوە، نمایی خودایش هەمان گرنگی و مەبەست و پێویستیە لەلای عاشق!

(دروستە کە نوێژەکان لە ڕۆژێکدا پێنج نوێژن، بەلام لە ڕاستیدا عاشقە خوداییەکان لە نوێژی هەمیشەییدان، لەبەرئەوەی لە ڕاستیدا ئەو تەشەبەی لەسەرپاندایە بە پێنج کات ساکن و هێدی نابێتەوە، بەلکو بە سەدەها کات ساکن و هێدی نابێتەوە بەلام فەرموودەی: ((زُرْ غبًا تزدد حُبًا))(رواه: الترمذي) واتە: بەپناو بەین سەردان بکە تا خۆشەویستتر ببیت، ئەوە بێگومان لە ماسی دەریاکاندا جێبەجێ ناکرێتو نابێت، لەبەرئەوەی بەڕاستی ماسی بەبێ ئاوو دەریا دەمرێت، هەر بەو شێوەیەش جیابوونەوەی ساتە وەختێك بۆ عاشق زەمانێکی دوورو درێژە، هەروەها بوونی سالێك بە یەکەوەش بەڕاستی وەك هاتن و تێپەڕبوونی خەیالێکە! عاشق تینوە، خوداش -جلَّ جلاله- ئەو کەسەی دەوێت تینوە بۆ خزمەتی، عیشق عاشق وەك هاتنی شەو ڕۆژ بە دوای یەکدا دێن!

عیشق بە نیسبەت عاشقەوە ئەوە هەر خۆیەتی، لەبەرئەوە ناکرێت کە یەکێك بە خودی خۆی بلێت. "کەم سەردانم بکە" هەروەك چۆن هیچ کەسێك نییە بەپناو بەین یان بە نۆرە هاوڕێیەتی خودی خۆی بکات.

بەوەی دەیلێت و ئەنجامی دەدەیت و ڕوونی دەکەیتەوە، وەك ئەوەیە کە بەڕاستی تۆ بەهەشت بگوێزیتەوە بۆ ئەم دونیایە. ئەوە دروستە، لەبەرئەوە دەبینین کە ڕۆمی لەو بارەوە دەلێت:

(ئەگەر تۆ عاشقیت باش بزانە کە بلندبوون و نەوی بوون، بەهاو بێ بەهایی بەپێی خۆشەویستەکەیە، لە ڕاستیدا تۆ ئەگەر لە بنی چالێکی قولدا بیت، بەلام لەوەوە نزیك بیت، چاك بزانە کە شوێنەکەت لە تەختی ئاسماندا خۆ ئەگەر دوور بیت لەوەوە و، شوێنەکەت لە ئاسماندا بێت باش بزانە کە بەڕاستی تۆ لە نزمترینی



Scanned by CamScanner

نزمەکاندای (أسفل السافلین) لەبەرئەوەی لە ڕاستیدا خۆشەویست بەهەشتە، بەهەشتیش ئەو شوێنەیە خۆشەویستی تێدا هەیە، بەڵام بەهەشت بەبێ خۆشەویست لە ڕاستیدا ئەوە بێگومان دۆزەخە! هەرکەس خودا هاودەمی بێت ئەوە بەڕاستی هیچ ناتەواوی نییە، بەڵام هەرکەس ئەو -جلَّ جلالە- لەدەست بدات، بەڕاستی هەموو ئەوەی هەیەتی خەیاڵ پڵاوێکە لە خەیاڵ پڵاوەکان، کەوابە مەڕوانە بۆ پلەوپایەو ناوبانگو گرنگیان پێ مەدە، بەڵکو گرنگی بدە بە ڕاکێشانی خۆشەویست بۆ لای خۆت).

❁❁❁





Scanned by CamScanner

## تێڕوانینی ڕۆمی بۆ ڕۆژوو

تێڕوانینی (ڕۆمی)مان بۆ نوێژ زانی، ئێستاش با تێڕوانینی بۆ ڕۆژوو ببینین:

ڕۆمی گرنگییەکی تایبەتی دەدات بەڕۆژوو بە شێوەیەك کەمی دەخواردو، کات کانە سێ ڕۆژی لەسەر یەك بەڕۆژوو دەبوو، هەروەها ڕۆژوی وەسف دەکرد بەوەی کە بەڕاستی خەلات و بەخشینێکی خودایە. هەروەها ڕۆژوو بەڕاستی پاریزگاری دەکات لەسەر بەزیندوراگری ئاخ و ڕێگا بە گیانیش (روح) دەدات تا هەناسەیەك بدات. ئەم بەیتانە هەڵمان بژاردووە لە هۆنراوەکەی دەربارەی لایەنە بێ شومارەکانی ڕۆژوو ئاستی خۆشەویستی و وابەست بوونی ئەو بەڕۆژووەوە ڕوون دەکاتەوە:

ڕەمەزان هات و گەیشت ئاڵای
سوڵتانی باوەڕو خۆشەویستی
دەی کەوابە واز لە خۆراکی مادی بهێنە
چونکە بەڕاستی ڕۆزی ئاسمانی هات
دانرا سفرەی ڕۆح
ئاخ ڕزگاری بوو لە قورسی بەدەن
بەڕاستی زنجیر کرا ئارەزووەکانی سروشتمان
هات سوپای عیشق و ئیمان
هەروەها تێکشکا سوپای لادان بێ باوەڕی
...
ڕۆژو قوربانی گەل ڕزگاربوونمانە
ئاخمان تێیدا ژیان دەبینێتەوە



Scanned by CamScanner

ئاخمان فەرماندەرە بە خراپە
لە ئاتاجیدا بۆ بێ گەردی و خاوێن بوونەوە
...
ڕەمەزان هات
بە ڕاستی تێکشکا دەرگای بەندیخانەی گوناهەکان
هەروەها دڵ ڕزگاری بوو لە بەندی ئاخ
بڵندبەوە بۆ ئاسمان و بڕۆ بۆ لای خۆشەویست
دەست بگرە بە پەتی ڕەحمەت
کە شۆڕ کراوەتەوە بۆت لە ڕەمەزاندا
لە زیندانی بیری بەدەنت
...
یوسف ﷺ گەیشت بۆ قەراغی بیرەکە
ئەو بانگت دەکات دەی خێراکە !
خێراکە پێش ئەوەی کە کاتەکان تێپەڕێ
هەروەها کاتێك عیسا ﷺ ڕزگاری بوو
لە ئارەزووەکانی بەدەنی
وەڵامی داواکانی درایەوە
...
ئاوەوەت لە ئارەزووە نەفسیەکانت خاوێن کەرەوە
هەردوو دەستت بشۆ
بەڕاستی سفرەیەك لە ئاسمانەوە دابەزیوە
لێوانرێژە بە خواردن گەل مەعنەوی
...



Scanned by CamScanner

باش بزانە کە بەڕاستی ڕۆژوو سیفەت گەلێکی ناوازەی هەیە

سەرسوڕهێنەرەکانی کۆتایی نایەت!

چونکە ئەوە کە بەڕاستی ژیانبە ناخ دەبەخشێت

هەروەها بە دڵیشی دەبەخشێت..

ئەگەر لە شتێك سەرت سوڕما

ئەوە با سەرسوڕمانت بۆ ڕۆژوو بێت

...

ئەگەر تۆ ئامەزرۆی

بۆ بڵند بوونەوە بۆ ئاسمان

هەروەها سەرکەوتن بۆی

ئەوە باش بزانە کە ڕۆژوو

ئەسپێکی کەحیلەیە پێشکەش بە تۆ کراوە

...

ڕۆژوو بەدەن کوێر دەکات

بۆ ئەوەی چاوی دڵ بکاتەوە

جا لەبەرئەوەی چاوی دڵت نابینایە

نوێژو خوداپەرستیەکەت ڕێ پێشاندەری

ڕێگا نین لە بەردەمتا

هەروەها ناتوانن ڕاستی پێشکەش بکەن بۆت..

...

ڕۆژو سیفەتی ئاژەڵیەتی دادەماڵێ

لە مرۆڤ! ئەو مرۆڤەی

وێنەو شێوەی ئاژەڵی هەیە



Scanned by CamScanner

لەبەرئەوە ڕۆژوو تایبەتمەندە بە فەرمانی

پێگەیاندنی مرۆڤبەتی مرۆڤ

بەڕاستی تاریک داهات ژیانی عاشقان

بەهۆی چێشتخانەی بەدەنەوە

لەبەر ئەوە ڕۆژوو هات

تا ڕووناکی بکاتەوە ئەو چێشتخانەیە !

...

ئایا شتێک هەیە خێراتر بێت

لە لێدانی گەدەی شەیتانداو

کوژەرتر بێت لە ڕۆژوو بۆ ئەو لەدونیادا؟

وە ئایا شتێک هەیە تیژتر بێت لە ڕۆژوو

لە ڕشتنی خوێنی نەفسدا؟!

...

ئایا فەرمانبەرێک لە دەرگای سوڵتانی سوڵتانەکاندا هەیە

بەخشش و قازانجەکان ببەخشێتەوە !

بەڵێ.. بێگومان ئەوە ڕۆژووە

ڕۆژوو دەبەخشێتە خاوەنی دڵانی تامەزرۆ

گەشەو ژیان زیاتر لەوەی ئاو دەیبەخشێتەوە

ژیانی ماسی لە دەریادا!

...

ئەی نەفس

کاتێک بەڕۆژوو دەبیت

بەڕاستی تۆ وای لە میوانداریەتی زاتی ڕۆزیدەردا



Scanned by CamScanner

سفرەی ئاسمانە ئەوەی شایستەیە بە تۆ

تۆ دات خستووە دەرگای دۆزەخ

لەم مانگە پیرۆزەدا

وە بەو داخستنەش هەزاران دەرگات لە بەهەشتدا کردۆتەوە..

لە ڕاستیدا وێنەی ئەو نموونەیە لە خۆشەویستی بۆ ڕۆژوو نییە لە ئەدەبی ئیسلامیدا.

پرسیاری کۆتاییشم دەربارەی خوداپەرستیەکان ئەوەیە: زۆرێک لەوەی دەیبیستین ئەوەیە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی دەڵێن: مادام من خوداپەرستیم ئەنجام دەدەم کەوایە ئیتر من شایستەی خێری دونیاو دواڕۆژم، بەڵام ئایا ئەوە ڕاست و دروستە؟ ئایا دەتوانرێت کە ئەو خوداپەرستیانەی ئێمە ئەنجامیان دەدەین نرخ و بەرامبەریەکی تەواو بێت بۆ بەهرەکان لە دونیاو دواڕۆژدا؟

ئەوە ناتوانرێت، بەڕاستی خوداپەرستیەکان بەهاو نرخ نین بۆ بەهرە خەڵاتکراوەکان، بەڵکو ئەوانە وەسیلە و هۆکارێکی بۆ گەیشتن پێیان.

ئەم چیرۆکەی داهاتوو نموونەیەکی باشە لەسەر ئەوە:

## کرێی خوداپەرستی و گۆزە!

خێزانێکی دەشتەکی هەبوو لە بیاباندا دەژیان، لە یەکێك لە ئێوارەکاندا کە کاتی پشوویان بوو، ژنەکە لۆمەی مێردە دەشتەکیەکەی کردو وتی: "ئەم حاڵە بەدبەختیەی ئێمە چۆن دەبێت؟ تاکەی لەم نەبوونی نەدارایيە کوشندەدا بەردەوام دەبین؟ ئایا ئەوە کۆتایی نییە؟!

بەڕاستی بیستومە لە بەغداد خەلیفەیەکی دادپەروەری بەخشندە هەیەو، بەهۆی فەزڵ و بەڕێزی و بەخشندەیی ئەوەوە بەغداد گۆڕاوە بۆ شارێکی گەشە کردوو



Scanned by CamScanner

پێشکەوتوو، هەروەها بەپێی ئەوەی دەوترێت بە ڕاستی ئەو خەلیفەیە هەرکەس ڕوو لە بارەگای بکات و لە دەرگای بدات بەبێ بەخشش نایگێڕێتەوە، جا من وادەبینم کە تۆ بڕۆیت بۆ خزمەتی و ئەم حاڵەی خۆمانی عەرز بکەیت من هیوادارم کە بەڕاستی تۆ بەدەستی خاڵی نەگەڕێنێتەوە".

مێردەکە وەڵامی دایەوە: "زۆر باشە ئەی هاوسەری ئازیزم، بەڵام ئایا دەکرێت بەبێ دەستە دیاری بچم بۆ خزمەتی؟ چونکە بەڕاستی بۆ ئەوەی شتێک داوا بکەم لەسەرمە کە شتێک بە دیاری بەرم، دەی ئایا ئێمە شتێکمان هەیە شایستە بێت بە بارەگای ئەو سوڵتانە؟!".

ئافرەتەکە کەمێک بیری کردەوەو شتێک هات بە خەیاڵیداو وتی: "بەڵێ پیاوەکە ئێمە لە گۆزەکەماندا ئاوی بارانمان هەیە، شاریەکان لە کوێ نموونەی ئەو ئاوە سازگارەیان دەست دەکەوێت؟ ئەوە باشترین و گونجاو ترین دیاریە پێشکەش بەوان بکرێت، هەر ئێستا هەڵئەسم بە سڕینی دەمی گۆزەکەو پاشان دای دەخەم تا نەڕژێت، بۆ ئەوەی سەرلەبەیانی زوو بیبەیت بۆ بەغداد".

جا پێش ئەوەی کە چیرۆکەکە تەواو بکەین دەمانەوێت ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە گۆزەکە لێرەدا یانی بەدەن، ئاوەکەش یانی خوداپەرستی و گوێڕایەڵییەکان. سوڵتانیش یانی خاوەنی ئەم بوونەوەرە و دەسەڵاتداری! دەی لەم حاڵەدا کابرای دەشتەکی چی بە دیاری دەبات و بۆ کێی دەبات؟ سەرنج بدە ئەو دەشتەکیە بەستەزمانە ماڵی کێ دەفرۆشێت بۆ کێ؟ لەگەڵ ئەوەدا کە بەڕاستی کابرا دەشتەکی قەناعەتی بەداهێنانی هاوسەرەکەی نەبوو لەوەدا کە ئاوی گۆزەکە بەدیاری بەرێت بۆ سوڵتان، بەڵام لەبەرئەوەی جگە لەوە هیچی تری شک نەدەبرد ناچار بە گوێی کرد. پاش سەفەرێکی دژوار گەیشتە بەغداد، دەستی بە پرسیار کرد تا گەیشتە دەرباری کۆشکی سوڵتان، کاتێک لەوێ چووە خزمەتی سوڵتان و



Scanned by CamScanner

دیاریەکەی پێشکەش کرد، سوڵتان سەری بۆ لەقاند دیاریەکەی پەسەند کردو فەرمانی بە خزمەتکارانی کردو وتی:

(بەڕاستی ئەم ئاوە زۆر زۆر بەبەهایە، هەر دڵۆپێکی لیرەیەکی زێڕ دەهێنێت، خێرا دەست بەکارین گۆزەکە لە ئاوەکەی خاڵی بکەن و پڕی بکەن لە زێڕ، ئەمجا خاوەنە دەشتەکیەکەش لە ڕێگای ڕووبار بگەیەننەوە وڵاتەکەی خۆی).

کابرای دەشتەکی بەستەزمان وای بۆچوو کە بەڕاستی هەموو ئەوەی پێی وترا دروست و ڕاست بوو، لە ناخی خۆیدا وتی: "بەڵێ، بەڕاستی هاوسەرەکەم پێکای و تەگبیرەکەی ڕاست دەرچوو، چونکە ئەو ئاوە بەڕاستی دیاریەکی گونجاوو زۆر زۆر پەسەند بوو لە کۆشکدا".

بەڵام پاش کەمێك کاتێك خزمەتکارەکان گەیاندنیانە ڕۆخی ڕووبارەکە تا سواری بەلەم ببێت، ڕاما لە هاژەی ئاوی ڕووبارەکەو ڕوونی و فراوانییەکەی، جا دانەوی و مشتێك لە ئاوەکەی لە مشت کردو خواردیەوە، بەڕاستی زۆر سەری سوڕما لە سازگاری ئاوەکە کە وەك شەربەتی هەنگوین بوو! لەو کاتەدا کابرای دەشتەکی خەجاڵەتی کێشا لە گومانی پێشووی دەستی بە لۆمەکردنی خۆی کرد:

"هاوار بۆ خۆم! هاوار بۆ ژیریم! ئایا ئەو سوڵتانەی ئەو ئاوە زۆرە سازگارە کە وەك دەریایە لەبەردەم کۆشکەکەیدا دەڕوات، ئاتاجی ئەو ئاوە سوێرەیە کە من هێناومەتە خزمەتی؟ نەخێر نەوەڵا! بەڵکو دیارە پەسەندکردن و وەرگرتنی دیاریەکەی من لە ڕەحمەت و بەخشندەیی خۆیەوە سەرچاوەی گرتووە، جا بۆ ئەوەی من خەجاڵەتی نەکێشم لوتفی نواندو دیاریەکەی پەسەندو قبوڵ کردو، دیاریەکی بەمن بەخشی شایستەی بەخشندەیی و دەست گوشادی و فەزڵی بێت)".

لەوەی لەلای سەرەوە هات ئەمە وەبەردەهێنین:



Scanned by CamScanner

که بەڕاستی سەرجەم خوداپەرستی گوێڕایەڵیەکانمان بە ڕامیو بەهیچ جۆرێك لەبری جوانیو بەهەشت نییەو ناکرێت کە واش بێت، ڕاستیش ئەوەیە کە زاتی ئەللا ئاتاجی ئەو خوداپەرستیانە نییە کە ئێمە ئەنجامی دەدەین، بەڵکو لە ڕاستیدا ئەو -جلُ جلالە-، ئەو خوداپەرستیانە وەك بیانویەك هۆیەك پەسەندو قبوڵ دەکات بۆ ئەوەی بەهەشتمان پێ ببەخشێت، ئەوە هەموو ئەوەیە. شارەزاش ئەوەیە کە ئەوە هەست پێ دەکاتو دەیزانێت، لەبەرئەوە وتراوە: (خودناسی دونیا ئەویست ڕوانی بۆ کردارەکانی ئیتر بێ خەم لێی نوست، بەڵام بەڕاستی دوو دیدەی شارەزا (العارف) کە لایە لە ڕوانین بۆ کردارەکانی).

❀❀❀





Scanned by CamScanner

## ئایا نزاکان هەژمار دەکرێن بە چەشنێک لە خوداپەرستی؟

بێگومان، بەڕاستی نزا مۆخی خوداپەرستی یە، بەڵام لە ڕاستیدا باشترین نزا نزای بەندەی بڕوادار بۆ برا بڕوادارەکەی، ڕێگاش بۆ مسۆگەرکردنی ئەوە، هەستانی بڕوادارە بە کرداری چاکەو سودبەخش بە شێوەیەك، نزای کەسانی دیکە لە بڕواداران بۆ خۆی مسۆگەر بکات. ئەم نوکتەیەی داهاتوو ئەوە ڕوون دەکاتەوە:

## نزای زارێک گوناه و تاوانی ئەنجام نەدابێت

ئایا مرۆڤ دەتوانێت کە بەزاری غەیری خۆی نزا بکات؟ بێگومان ئەوە وا دەردەکەوێت کە زۆر زەحمەتە بۆ ئێمەو بەڵکو نەگونجاوو موستەحیلە، بەڵام لە ڕاستیدا زاتی ئەللا -جلّ جلاله- ویستی کە چۆنیەتی بەدەست خستنی ئەوە بۆ پێغەمبەر موسا (علیه السلام) ڕوون بکاتەوە لەبەرئەوە پێی وت: ((کاتێك شتێك لە من داوا دەکەیت بە زارێك داوام لێ بکە گوناه و تاوانی نەکردبێت)).

موساش ﷺ وتی: (ئەی پەروەدگار! دەی خۆ من ئەو جۆرە زارە شك نابەم و نیمە).

زاتی ئەللا -جلّ جلاله- فەرمووی:

((دەی کەوایە، بەزاری غەیری خۆت داوام لێ بکە، لەبەرئەوەی لە ڕاستیدا تۆ ناتوانیت بە زاری کەسی دیکەی جگە لە خۆت هیچ گوناه و تاوانێك ئەنجام بدەیت)).

موسا ﷺ وتی: (ئەی پەروەردگار چۆن دەتوانم بە زاری کەسی دیکە جگە لە خۆم داوا بکەم؟).



Scanned by CamScanner

زاتی ئەللا -جلّ جلالە- فەرمووی: ((هەوڵ بدە و کۆشش بکە لە ئەنجامدانی چاکەدا بۆ کەسانی دیکە بۆ ئەوەی لەوانەوە نزای خێرت بۆ بکرێت، تا ئاستێک زمانیان شەو و ڕۆژ پاراو بێت بەردەوام بێ بە نزاکردن بۆ تۆ، وە جوانتر لەو جۆرە لە نزاکردن نییە!)).

## گەڕانەوە بۆ هاوڕێ

لە کۆتاییشدا کاتی گەڕانەوە نزیک بووەتەوە بۆ فەرمانبەری، کاتی پێشکەش کردنی حسابەکەی هاتووە لەبەردەم ئەو سوڵتانەیدا کە بۆ ئەرکێکی دیاریکراو ڕەوانەی کردووە، بەوەش بابەتی پرسیارو وەڵام تەواو بوو. لەبەر وەبیرهێنانەوەی خوێنەرانمان جارێکی دیکە پرسیار دەکەین: ئەو فەرمانبەرە بە چ ئەنجام و دەستکەوتێکەوە پێویستە لەسەری کە بگەڕێتەوە، تا لەلای سوڵتان جێگای پەسەندو قبوڵێکی باش بێتو، لەبێ هیواو زەرەرومەندان نەبێت؟

ڕۆمی وا دەبینێت کە مرۆڤ هۆی بوونی بوونەوەرە، چونکە هەرچۆن ئامانج لە ڕواندنی درەختێک بەدەست خستنی بەروبومە، ئاوەهاش بەڕاستی مەبەست لە بوونی درەختی بوونەوەر بە دەست خستنی ئەو مرۆڤە باشەیە کە پێگەیشتوو ترین بەروبومە بۆ بونەوەر (الكون)، دروست و ڕاستە کە ڕەگەکانی درەخت و لق و پۆپو گەڵاکانی پێش دەرکەوتنی بەرەکە دەردەکەون، بەڵام لە ڕاستیدا بەرەکە لە سەرجەمیان بەنرختره، ئەوەش لە دەرکەوتنی مرۆڤ دەچێت بۆ بوون پاش دەرکەوتنی بوونەوەرەکانی دیکە. جا ئەگەر مرۆڤ خۆی ڕازاندەوەو جوان کرد تابێتە بەندەیەکی شایستە بۆ زاتی ئەللا، بێگومان بەڕاستی ئەو کەسە ئەو ئامانجو مەبەستەی هێناوەتە دی کە لەبەر خاتری ئەو بەدیهێنراوە، لە ڕاستیشدا هەر سەرکەوتن و فەشەلێک وابەستە بە چەشنێک لە تاقیکردنەوە، لە ڕاستیدا



Scanned by CamScanner

سەرکەوتنی کشتیار (الفلاح) لە کاتی دروێنەدا دەردەکەوێت، کاتی دروێنەش لەلای مرۆڤ لە کاتی مەرگدا دێتە دی، ئاوەها ڕۆمی حیکمەتی مەرگ دەبەستێت بەو کارەوە:

## لەبەرچی زاتی ئەڵلا -جل جلالە- دەمرێنێت؟

ڕۆژێك لە ڕۆژان موسا پێغەمبەر ﷺ پرسیاری لە خودای باڵادەست کرد: ئەی پەروەردگار! پاش ئەوەی کە سەرجەم ئەم بەدیهێنراوانەت بەوپەڕی گرنگی پێدانەوە بەدیهێنا، حیکمەتی زاتی تۆ لەوەدا چی بوو، لە ئەنجامدا ئەوانت کردە ئامانج بۆ داس دروێنەی عیزرائیل؟ خودای باڵادەست فەرمووی پێی: ((ئایا دەتەوێت حیکمەتی ئەو کارە بزانیت؟ کەوایە بڕۆ زەویەکەت بچێنە، ئەوجا کاتێك کاتی دروێنە دێت وەڵامی پرسیارەکەتت وەدەست دەکەوێت)).

موسا ﷺ ئەوەی فەرمانی پێکرا ئەنجامی داو، کاتێك گەنمەکە پێگەشت و کاتی دروێنەی هات، بە داسەکەی بەرهەمەکەی دوریەوەو، دەستی کرد بە گێرەکردن و کوتانی گەنمەکە.

لەو کاتەدا دەنگێکی لەنادیارەوە بیست:

(ئەی موسا! لەبەرچی ئەو گەنمەت دوریەوە، کە ئەو هەموو ڕەنجەت دابوو لە ڕواندن و گەشەسەندن و پێگەیاندنیدا؟)

موسا ﷺوەڵامی دایەوە:

(لەبەرئەوە دوریمەوەو گێرەم کرد و کوتام تا کاکە لە دانەکە جیا بکەمەوە، وە بۆ ئەوەی دانەکەی لە گەنجینەی دانەوێڵەکاندا دابنێمو، کاکەش لە کایەنەکاندا)



Scanned by CamScanner

خودا فەرمووی: ((منیش مردنم بەدیهێناوە بۆ ئەوەی پیس و گەندەڵ لە پاك و پوختە جیابکەمەوە، هەروەها گۆڕەپانی مەحشەرم بەدیهێناوە تا ببێتە مەكۆی گیانەكان)).

لە شوێنی دروێنەو كوتاندا دانەكە بەڕێزەوە سەیری دەكرێتو لەسەر دەست دەگوێزرێتەوە، بەلام كاكە لەژێر پێیەكاندا دەمێنێتەوە، كەوایە لەڕاستیدا مردن نارەحەتو ترسناك نییە بۆ كەسێك هەڵبگیرێت وەك ئەو دانەوێڵەو پێشكەش بە خاوەنەكەی بكرێت!

بەڵێ، ڕاستی ئەوەیە كە مردن ترسناك نییە، بەڵكو دەركەوتنمانە لەسەر شێوەی ڕاستەقینەمان، چونكە مردن ڕەنگێكی تایبەتی بە خۆی نییە، لەڕاستیدا ئەو جوان بە جوان و قێزەونیش بە قێزەون دەردەخات، بەڕاستی جوان بە هەموو نارەزومەندیەكەوە چاوەڕێی مردنە، لەبەرئەوەی لەڕاستیدا مردن لەلای ئەو بەیەكگەیشتنی دوو هاوەڵە یان دوو ئازیزە بە یەكتری! هەروەها كاتێك مەرگ دەبێتە بری (بدل) گیان و ژیان، كەوایە شتێكی بە بەهاترو باشترە. مردن وەردەگەڕێت بۆ فرۆشتنو كڕینێكی سودهاوەر. ڕۆمی ئەو كارە ئاوا ڕوون دەكاتەوە:

(نەفسی مرۆڤ خۆشەویست و بەهادارە چونكە لەو خۆشەویستترو بەبەهاتر نییە، ئەگەر لەو خۆشەویستترو بەبەهاتر هەبووایە ئەو بێ بەها دەبوو).

لێرەدا ئەوە ڕوونە مرۆڤ دوو دڵی ناكات لە گۆڕینەوەی نەفس بە شتێك خۆشەویستترو بەبەهاتر بێت لەو، ڕۆمی بەم نوكتەیەی وابەستە بە حەمزەی هاوەڵەوە –خوا لێی ڕازی بێت– ئەوە ڕوون دەكاتەوە:



Scanned by CamScanner

## مەرگ لە ڕوانگەی حەمزەوە - خوالێی ڕازی بێت-:

حەمزە -خوا لێی ڕازی بێت- لە تەمەنی پیریدا بەبێ لەبەرکردنی زرێ پۆش (الدرع) دەستی بە دەرچوون کرد بۆ جەنگ، پێی وترا:

(کاتێک تۆ لاوێکی بەهێزو بەتوانا بوویت خۆت نەپاراست و زرێ پۆشت لەبەر دەکرد، ئێستا چ خێرا وا لەسەردەمی بەساڵا چوونتا گوێ نادەیت وازت لە خۆپاراستن هێناوە؟ لەبەرچی بەدەستی خۆت، خۆت تووشی تیاچوون دەکەیت؟).

وەڵامی دانەوە:

(بەڕاستی ئەو کاتە وام دەبینی بەجێ هێشتنی دونیا نەمان و چوونە ناو دەمی حوتە! دەی کەسیش نییە حەز بکات کە بچێتە ناوی دەمی حوتەوە، بەڵام بەڕاستی من ئێستا هەرچۆن لە خۆشەویست دەگەڕێم ئاوەهاش لە مەرگ دەگەڕێم، مردن ئێستا بۆ من مەترسی نییە تا لێی ڕابکەم، ئەو کەسە لە مەرگ ڕادەکات کە مەرگ مەترسی بێت لەسەری. کەوایە بەڕاستی کاتێک پیس و پۆخڵی و قیزەونەکان لە مەرگ دابماڵرێت، ئیتر مردن مردن نییە، چونکە بەڕاستی هەرچەند لە ڕواڵەتدا ئەوە مردنە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو مردنە مردن نییە و بەڵکو بەخزمەتگەیشتنی خۆشەویستە.

ئەگەر قەفەزێک لە باخچەکەیدا دابنرێت باڵندەیەکی تێدا بێت، بێگومان باڵندەکە ئارەزووی کۆمەڵێک باڵندە دەکات کە لەڕەگەزی خۆین و حەز دەکات لە قەفەزەکە دەرچێتە دەرەوە بۆ لایان، هەتا ئەگەر نەشتوانێ بچێتە دەرەوە هەوڵی دەرهێنانی سەرو قاچی دەدات لە قەفەزەکە، بەڵام ئەگەر لە دەرەوەی قەفەزەکە پشیلەیەک هەبێت چاوەڕێی فرسەتێک بێت و دەرچوونی باڵندە بۆ ئەوەی پەلاماری بدات و ڕاوی بکات، ئەو لەو کاتەدا باڵندەکە ئاوات دەخوازێت کە لە قەفەزەکەدا سەد



Scanned by CamScanner

قەفەزی دیکە ببێت لە ترسی مردن، کەوایە ئەوانەی لە مەرگ دەترسن لە ڕاستیدا هەڵدەلەرزن لە ترسی ئەوەی کە لە دوای مردن دێت).

کەوایە هەڵسوکەوتی حەمزە -خوا لێی ڕازی بێت- ئیشک دەخاتە سەر ئەوەی ڕۆمی ڕۆژی وەفاتی بە هەژمار کردووە!

بەڵام با جارێکی دیکە پرسیار بکەین: خودای باڵادەست -جلَّ جلالە- چی لە ئێمە داوا دەکات کاتێک لە خزمەتیا ڕادەوەستین؟ بێگومان ناخمان لە ئێمە داوا دەکات، لە پێشەوە جیاوازی نێوان (کە چۆن ببیت) و (چیت هەیە)مان باس کرد، لە ڕاستیدا خودای باڵادەست ئەو خاوەن دەسەڵاتەیە خاوەنی هەموو شتێکە، لەبەرئەوە ناڕوانێت بۆ (ئەوەی هەمانە)، بەڵکو دەڕوانێت بۆ (ئێمە چ کەسێک دەبین؟) یانی بۆ (ئێمە کێین؟)، جا لەسەر ئەوە لێمان دەپرسێتەوەو موحاسەبەمان دەکات، ئێمە هیچ شتێک لەگەڵ خۆمان نابەین بۆ ئەوێ، بەڵکو تەنها ناخ و دڵ و گیانەکانمان دەبەین، ڕۆمی ڕوداوێک دەهێنێت کە ڕویداوە لە نێوان حەزرەتی سلێمان ﷺ و بەلقیسدا بۆ بەڵگە هێنانەوە لەسەر ئەوەی جگە لەوەی باس کرا هیچ شتێکی دیکە لە خزمەتی زاتی ئەڵلادا پەسەندو وەرگیراو نییەو لەبەرچاو ناگیرێت.

## بە ناختەوە وەرە بۆ لام

کاتێک نامەی سلێمان ﷺ گەشتە دەستی بەلقیس و لەو نامەیەدا بانگهێشت کرا بوو بۆ باوەڕهێنان و ڕوو کردنە ڕاستی، بەلقیس هەستی کردو زانی کە نامەکە لە کەسێکی شکۆمەندو گەورەیە، بۆیە ویستی کە بە چەند بارە دیاری و خەڵاتێک داواکەی لەبیر بباتەوەو، واز لە بانگهێشتنەکەی بهێنێت. جا بۆ ئەوە باری چل حوشتر زێڕی ڕەوانە کرد، بەڵام کاتێک ئەوانەی دیاری و خەڵاتەکەیان پێ بوو،



Scanned by CamScanner

گەشتنە وڵاتی سلێمان (عليه السلام) بینیان کە ڕێگاو بانەکان بە زێڕ داپۆشراوە، لەبەرئەوە لە بەرامبەر ئەو دیاری و خەڵاتەی کە هێنابوویان خەجاڵەتی گرتنی و ویستیان بگەڕێنەوە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوان ڕەوانە کراون و پێویستە ئەوەی پێیان سپێرراوە جێبەجێی بکەن، لەبەرئانەوە بەردەوام بوون لە ڕۆشتنەکەیاندا تا کاتێک ئامادەی خزمەتی سلێمان پێغەمبەر (عليه السلام) بوون، ئەویش بەرامبەر دیاریەکەیان پێی وتن:

"بێگومان ئەوەی کە هێناوتانە تەنها بۆ جوان کردنی ملی هێسترەکان باشەو دەگونجێت، من ئاتاجی ئەو دیاریی و خەڵاتانە نیم، بەڵکو لە ڕاستیدا ئاتاجی خودی خۆتانم! پاشانیش بەڕاستی ئەو ماڵ و داراییەی ئێوەی وای دادەنێن هی ئێوەیە لە ڕاستیدا وانیە بەڵکو ئەوە سپاردەیە لای ئێوە، وە ئەو ماڵ و داراییە لای هیچ کەسێک بە کۆیلەیی نامێنێتەوە بەڵکو لەم دەست بۆ ئەو دەست دەستاو دەست دەکات و دەگوێزرێتەوە! ئەمجا منیش بەڕاستی کاتێک ئێوەم بانگهێشت کردووە پاداشت و ماڵ و دارایی و دیاریم لێ داوا نەکردوون، چونکە بەڕاستی ئەجرو پاداشتی من لەلای خودای باڵادەستە. کەوابە لێرەدا خودی خۆتانم پێشکەش بکەن و، دەرون و دڵتان لە پەرستنی ئەستێرەکان خاوێن بکەنەوەو بڕوا بە زاتی ئەڵڵا -جلَّ جلالە- بهێنن".

کەوابە، سلێمان پێغەمبەر (عليه السلام) داوای بەلقیسی کرد، خودای باڵادەستیش داوای ئێمە دەکات، واتە داوای ناخەکانمان دەکات، ڕۆمیش دەڵێت: خودای باڵادەست ڕۆژی کۆکردنەوە (الحشر) دەفەرموێت بە بەندەکانی: (ئایا هیچتان لە دیاری لایە بۆ ڕۆژی ڕەستا خێز (القيامة؟) چونکە بەڕاستی ئەوەتا ئێوە هەروەک یەکەم جار بەدیمان هێنابوون گەڕاونەتەوە بۆ لامان، دەی ئایا بەبێ توێشوو هاتونەتەوە؟ ئەمجا داواکەی لێیان دەخاتەڕوو دەفەرموێت: لای من ڕەوانبێژیی و جوانی جل و بەرگتان و ماڵ و دارایی و موڵکتان گرنگ نییەو جێی سەرنجی من نییە، بەڵکو



Scanned by CamScanner

بەڕاستی من ئەمڕۆ دەڕوانم بۆ دڵو دەروونتانو کردارەکانتان، وە ئەوە لای من گرنگە.

بەو ڕستەیە ڕۆمی لێکدانەوەی ئەم ئایەتە پیرۆزەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە: ﴿يَوْمَ لَا يَنفَعُ مَالٌ وَلَا بَنُونَ ۝ إِلَّا مَنْ أَتَى ٱللَّهَ بِقَلْبٍ سَلِيمٍ ۝﴾ الشعرا :٨٨-٨٩.

واتە: ڕۆژێ کەماڵو سامانو منداڵو نەوە سوود ناگەیەنن، بێجگە لە کەسی بێتە خزمەتی زاتی ئەڵلا بە دڵێکی ساغ و پاك و خاوێنەوە.

یەکێك لە شاعیرانی تورك لە چەند بەیتە شیعرێکی جواندا ڕوون کردنەوە دەربارەی ئەو ئایەتە پیرۆزە دەدات: ئەی گەورە! وا دامەنێ کە بەڕاستی ئەوان ئاوێنەت لێ داوا دەکەن بەڵکو دڵێکی پاك و خاوێن و ساغ لە تۆ داوا دەکەن ڕۆژێك کەماڵ و منداڵ سوود ناگەیەنن!

دڵێکی خاوێن و ساغ.. یان بە دەربڕینێکی تر ئاوێنەیەکی ساف.. بەڵێ، دڵێکی بێ گەرد یان ئاوێنەیەك ساف و بێگەرد. بەڵام لەبەرچی دڵێکی بێ گەرد دیاریەکی پەسەندە؟ لە ڕاستیدا لەبەرئەوەی ئەو خودایەی کە ئاسمانەکانو زەوی ویسعەت و فراوانی ئەویان نییە، ڕوانی بۆ دڵی بڕوادارو فەرمووی بەڕاستی ئەو دڵە ویسعەت و فراوانی ئەوی هەیە، کەواتە بەڕاستی باشترو ئەفزەڵتر نییە لە دڵێکی بێ گەردی جوان، بۆ ئەوەی ببێتە ئاوێنەیەك بۆ جوانی خودای باڵادەست -جلَّ جلاله-.

ڕۆمیش ئەو ئاوێنە بێ گەردەی هێناوە بۆ خودای باڵادەست وەك ئەمەی دێت تەشبیە دەکات و دەنوێنێ:

## ئاوێنەیەکم بۆ هێنایت..

یەکێك لە هاوڕێکانی حەزرەتی یوسف ﷺ سەردانی کرد، یوسفیش پێی وت: ((ئەی هاوڕێی ئازیز چ دیاریەکت بۆمان هێناوە؟!))



Scanned by CamScanner

میوانەکە لە وتەکەی یوسف (عليه السلام) خەجاڵەت بوو و بە گریانەوە وتی: (ئەی ئاقانە لە جوانی و ماڵو دارابیدا، زۆرم بیرم کردەوە بەڕاستی ڕێم نەبرد بەدیاریەك کە گونجاو بێت بۆ جەنابت، چونکە بێگومان هەر دیاریەکم لە دیاریەکان بهێنابەك وەك گەردیلەیەك وابوو لە کانی کانەکاندا یان دڵۆپێك لە دەریاو، دەنکە گەنمێك لە خەرمانێك گەنم! چونکە بەڕاستی ئەگەر من دەنکە گەنمێکم لەدەست دا بێت وەك دیاری بۆ جەنابت، ئەوە گەنجینەکانی جەنابتە لێوان ڕێژن لە گەنم، هەروەها لەم دونیایەشدا وێنەی جوانی جەنابت نییە! لەبەر ئەوە وام بە باش زانی کە ئاوێنەیەکی بێ گەرد بۆ جەنابت بهێنم، ئەی ئەو کەسەی خۆر شەرم دەکات لە جوانیت ئەوا چ شتێك جوانترە لە هێنانی ئاوێنەیەك کە جوانی خۆتی تیا ببینیت؟

کەس لەوە بەختەوەرتر نییە بتوانێت نموونەی ئەو ئاوێنەیە بۆ یوسف بهێنێت!

❁❁❁



Scanned by CamScanner

# ئێمە هاتین

هاتین بۆ بانگهێشتنی خەڵکی

بۆ یەکێتی و پشتگیری

بۆ بەیەک گەشتن لەسەر خۆشەویستی

نەهاتووین بۆ ناکۆکی و جیاوازی ململانێ

.

ئێمە هاتووین

بە وتەیەکەوە کەس نەیوتووە !

بەڕووگەلێکەوە سۆزو میهرەبانی پەخش دەکاتەوە بۆ خەڵکی

تێگەیشتن ئەوەی خول دەدات لە دڵەکاندا

چونکە بەڕاستی هاتووین بە زمانێک لە سەرو زمانەکانەوە

. . .

ئێمە هاتووین

ئاسمان گومەزیمانە

خەڵکیش خێزانمانە

ئێمە ڕەنگمان نییە !

لەبەرئەوەی بەڕاستی سەرجەم نەتەوەو هۆزەکانمان بە برای خۆمان هەژمار کردووە

. . .

ئێمە هاتووین

کەسانی جگە لە ئێمە هاتن و پاشان کۆچیان کرد

ژیان و مردن و پۆشتن



Scanned by CamScanner

ئێمە لەدایك بووین بۆ ئەوەی نەمرین

هاتووین بۆ ئەوەی کۆچ نەکەین نەڕۆین!

...

ئێمە هاتووین

تا وەك باران داببارین بەسەر هەموو شوێنێکدا

وەك خۆر بچینە هەمووماڵێك

وە بۆ ئەوەی ڕوومەتەکانمان وەکو گڵ لەژێر پێی خەڵکدا بێت!

پوختەی قسە:

بەڕاستی ئێمە هاتووین بۆ ئەوەی خەڵکمان خۆش بوێ و ئەوانیش ئێمەیان خۆش بوێت..

***





Scanned by CamScanner

# بەشی سێیەم

# چەند داستانێکی هەڵبژێراو

# لە مەسنەوی



Scanned by CamScanner

Scanned by CamScanner

## زەڕەنگەرو دراوسیکەی

یەکێك لە دراوسێیانی زەڕەنگەر پێی وت: ئەی دراوسێی ئازیزم، ئایا ئەو ترازووەم نادەیتی کە زێڕی پێ دەکێشیت؟

زەڕنگەرەکە وتی: من داوای لێبوردن دەکەم چونکە بەڕاستی من هێلەکی ئارد بێژانەوەم نییە.

کابرای دراوسێ وتی: وا تێدەگەم بەڕاستی تۆ لە من تێنەگەشتی من داوای ترازوویەك دەکەم.. زەڕنگەرەکە وتی: لە دوکانەکەمدا گسك نییە!

کابرای دراوسێ لە توانایدا نەما بۆیە پێی وت: بەسە تا ئەو ئەندازەیە گاڵتە پێ کردنم، من داوای ترازوو دەکەم و تۆش شت گەلێکی دیکەم بۆ باس دەکەیت، ئیتر ئەوەی ناوێت ئەگەر دەتەوێت بمدەیتێ بمدەرێ، خۆ ئەگەر ناشتەوێت بمدەیتێ بە ئاشکرا پێم بڵێ.

زەڕنگەرەکە لە وەڵامدا پێی وت:

ئەی دراوسێی ئازیز من نابیسا نیم، بەڕاستی هەموو ئەوەی وتت بیستم، تکام وایە تۆش وەڵامەکانت من بە گاڵتەجاڕی دانەنێیت بەرامبەر بە خۆت، لە ڕاستیدا من سەرنجی تۆم دا لاوازیت و دەستەکانت دەلەرزن، دەی کاتێك تۆ بەو دەستە لەرزۆکەوە هەڵدەستیت بە کێشانی زێڕەکە، بەڕاستی لەوانەیە هەندێك لە پارچەی زێڕەکە بکەوێتە سەر زەویەکە، ئەوجا تۆ دێیت و پێم دەڵێیت: "ئەی هاوسێم، گسکەکە لە کوێیە تا پارچە زێڕەکانی پێ کۆبکەمەوە".

کاتێکیش کۆی دەکەیتەوە دێیت داوای هێڵەکم لێدەکەیت، بۆ ئەوەی زێڕەکە لە گڵ و خۆڵ و پیس و چەپەڵی پاك بکەیتەوە، هەموو ئەوەی کە تۆ بە گاڵتەکردنت دەزانی بە تۆ لە ڕاستیدا ئەوە بوو کە من هەر لە سەرەتادا هەستم بە کارەکان کردو زانیم!



Scanned by CamScanner

# ئایا دەکرێت چەقەڵ ببێتە تاوس؟

چەقەڵێک کەوتە ناو بەرمیلێکی رەنگگرتنەوە، کاتێک دەرچووە دەرەوە سەرنجی پێستی خۆی دا رەنگاو رەنگ بووە بە سوورو زەردو سەوز، جا وتی:

"بەڕاستی من تاوسی پایە بڵندم".

هەروەها هەر کە خۆر بۆ ناوەندی ئاسمان بەرزدەبووەوە، رەنگەکان لەسەر پێستی وشک دەبوونەوەو زیاتر دەدرەوشایەوە، کاتێکیش پۆشت بە فیزو خۆبادانەوە دەچوو بۆ لای هاوڕێکانی، ئەوانیش پێیان وت: ئەی چەقەڵ ئەم حاڵە چییە؟ وە ئەم خۆشی و خۆبادان و فیزەت چییە؟!

چەقەڵ بە لووت بەرزییەکەوە وتی: دەی چۆنی فیز ناکەم و خۆم نانوێنم؟ ئایا ئێوە ئاستی جوانی و شۆخ و شەنگی من نابینن؟ بەڕاستی من بوومەتە شانازی بۆ دونیا، خۆ ئەگەر سەرجەم چەقەڵەکان کڕنوش بۆ من بەرن، ئەوە من شایانی ئەوەم؟ دوای ئەوەش بەڕاستی من ئێستا چەقەڵ نیم! دەی کێ لە ئێوە ئەو هەموو جوانییەی هەیە؟.

پرسیاریان لێ کرد: دەی ئەگەر تۆ چەقەڵ نیت، ئەی تۆ کێیت؟ بە چ ناوێک بانگت بکەین؟

وتی: بە تاوسی بەناوبانگ!

وتیان: دەی ئەوە بەڕاستی پێویستی بە بەڵگە هەیە، چونکە تاووس لە گوڵزارو باخچەی گوڵاندا دێتو دەچێ، دەی ئایا تۆش لەو شوێنانەدا دێیتو دەچیتو دەگەڕێیت؟ وتی: نەخێر.

وتیان: ئایا دەنگت وەک دەنگی تاوسە؟ وتی: نەخێر.

کەوایە، ئیتر ناکرێت و ناگونجێت کە تۆ تاوس بیت، چونکە بەڕاستی جوانی تاوس لە خودای باڵادەستەوەیەو، بانگەشەی ئەوە بە درۆو فێڵ ناکرێت.



Scanned by CamScanner

## سەردانی موقەللەدی (المُقلّد) کەڕ بۆ لای نەخۆشێک:

زۆرجار موقەللەدی (المُقلّد) کەڕ دەکەوتە ناو هەڵەگەلێکی گەورەوە، چونکە وا دەبوو لە جیاتی چاککردنی بڕۆ ئەهات چاوێکی هەڵدەکەند، ئەم چیرۆکە نموونەیەکی تاڵە لەسەر ئەوە:

کەڕە بڕیاریدا لەسەر سەردانیکردنی نەخۆشێکی دراوسێی، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو سەراسیما بوو، لەبەرئەوەی نەیدەزانی چی بڵێ تا دراوسێکەی بەڕاستی نەزانێت کە ئەو کەڕە، بە ناچاری دەستی کرد بە گفتوگۆ لەگەڵ خۆیداو ڕێکخستنی ئەو پرسیارانەی دەیکاتو ئەوەی لەسەریەتی وەڵامی بداتەوە، لە ناخی خۆیدا وتی: کاتێك دوو لێوی دەبینم دەجولێنەوە خۆم وا پیشان دەدەم بەوەی کە بەڕاستی ئەوەی ئەو وتوویەتی من گوێبیستی بووم، ئەوجا بە وەڵامێکی گونجاو وەڵامی دەدەمەوە.. بۆ نموونە: کاتێك پرسیاری لێ دەکەم: حاڵت چۆنە؟ بێگومان ئەو لە وەڵامدا پێم دەڵێت: ((سوپاس بۆ خودا بەڕاستی من باشم)). بێگومان لەوێدا جگە لەوە وەڵامێکی دیکە نییە.

ئەمجا پرسیارێکی دیکەی لێ دەکەم: ((چی دەخۆیت و چی دەخۆیتەوە؟)) ئەویش پێم دەڵێت: ((لە ڕاستیدا ئەو شۆربای نیسك دەخوات و ئاوی میوە دەخواتەوە، منیش پێی دەڵێم: ((خودا بیانکاتە شیفا بۆی)).

دیسان پرسیارێکی دیکەی لێ دەکەم: ((کام پزیشك پشکنینی بۆ کردیت؟)) ئەویش لە وەڵامدا ناوی پزیشکێك لە پزیشکەکانم پێ دەڵێت، منیش پێی دەڵێم: ((بەڕاستی پێی بەخێرە هەمیشە لە هەرکوێیەك بێت ئامانجی سەر دەگرێت هۆکاری شیفایە)).

ئاوەها کەڕە گفتوگۆو پرسیارو وەڵامەکانی لەمێشکی خۆیدا ڕێکخست و ڕۆشت بۆ سەردانی دراوسێ نەخۆشەکەی و دەستی کرد بە پرسیار کردن:



Scanned by CamScanner

ئەی دراوسێی ئازیزم حاڵت چۆنە؟

دراوسێ لە وەڵامدا وتی: ئاخ ئەی دراوسێکەم، من لە خراپترین حاڵدام، خەریکم دەمرم.

کەرە وتی: سوپاس بۆ خودا، وتەیەکی دڵخۆشکەر دەبیستم.

نەخۆشە لەو وەڵامە ڕووی گرژو ڕەش داگرساو، لە ناخی خۆیدا وتی: ((ئەو وتەیەی چەند قێزەون بوو، ئایا دڵدانەوە ئەبێت ئاوەها بێت؟)).

کەرە پرسیارێکی دیکەی لێ کرد: چی دەخۆیت و چی دەخۆیتەوە؟، نەخۆشەکە بە توندی پێی وت: ژەهری مار!

کەرە بە زەردەخەنەوە پێی وت: چاکت کردووە، خودا بیکاتە شیفا بۆت!

نەخۆشەکە لە ناخی خۆیدا وتی: ئەم پیاوە ئومێدی چاکبوونەوەی بۆ من نییە.

هەروەها کاتێک کەرە پرسیارێکی دیکەی لێ کرد:

کێ لە پزیشکان سەردانت دەکات؟

نەخۆشەکە بە توڕەییەوە وەڵامی دایەوە: عیزرائیل پزیشکمە.. وازم لێ بهێنەو بڕۆ ناچارم مەکە قسەیەکت پێ بڵێم ئازارت بدات و پێت ناخۆش بێت.

کەرە وتی: بەڕاستی ئەوە پزیشکێکی کارامەیەو دەزانێت چۆن کارەکانی بە باشی بەئەنجام بگەیەنێت.

نەخۆشەکە لە ناخی خۆیدا وتی: بەڕاستی ئەم پیاوە هاوڕێم نییە، بەڵکو ئەو لە هەرە دوژمنە سەرسەختەکانی منەو ئاواتی مەرگم بۆ دەخوازێت.

کەرەش لەولاوە لە ڕاستیدا کاتێک لەلای نەخۆشەکە چووە دەرەوە زۆر دڵخۆش بوو، لە ناخی خۆیدا دەیگووت: بەڕاستی ئەمڕۆ من جوانترین و باشترین کارم کرد، بێگومان پاداشتێکی گەورەشم بەدەست خست.



Scanned by CamScanner

## کار دوامەخە بۆ سبەینێ

موسولمانێك و مەسیحیەك و جولەکەیەك لە سەفەرێکدا بوونە هاوڕێ، ئەوە بەلاتەوە جێگەی سەرسوڕمان نەبێت، چونکە لە ڕاستیدا شاهۆو داڵ و کونە بەبولەیەك قەفەزدا کۆدەبنەوە، بەڵام هەر ئەوەندەی لە قەفەزەکە دەردەچنە دەرەوە، هەر باڵندەیەکیان ڕێگای خۆی دەگرێتە بەر، بە هەرحاڵ، کاتێك لە ڕێگا ڕاوەستان بۆ پشوویەك، یەکێکیان هەندێ شیرینی بۆ هێنان، موسڵمانەکە بەڕۆژوو بوو و دوانەکەی دیکەش تێربوون، لە ئێوارەدا موسڵمانەکە داوای لە دوو هاوڕێکەی کرد کە شیرینیەکە بخۆن، ئەوانیش پێیان وت:

ئێمە ئێستا تێرین، سبەینێ دەیخۆین.

کاتێك موسڵمانەکە سوور بوو لەسەر خواردنی، ئەوان لێی زویر بوونو پێیان وت: دیارە لە ڕاستیدا تۆ دەتەوێت تەنها خۆت شیرینیەکە بخۆیت.

موسڵمانەکە وتی: (مادام ئەوە گومانی ئێوەیە کەوایە شیرینیەکە بەش دەکەین، ئیتر هەر کەسەی ئارەزووی بوو با شیرینی خۆی بخوات).

بەڵام ئەوان ئەوەشیان پەسەند نەکرو ڕازی نەبوون، چونکە لە ڕاستیدا ئەوان دەیان ویست موسڵمانە بە برسیەتی بخەوێت، جا پێیان وت: ئەم شەو دەخەوین، پاشان هەریەکەمان پاش لەخەوهەستان، ئەو خەوە بگێڕێتەوە کە لە خەوەکەیدا بینویەتی، ئەوجا بەپێی ئاماژە لە خەوەکەدا ئەو کەسەی شایانە شیرینیەکەیە دەخوات. ئەمجا مەسیحی و جولەکەکە خەوتن، موسڵمانەکەش چاوەڕێی خەوەکانیان دەکرد، لەو چاوەڕوانیەدا بە تەنها خۆی بە تەواوی شیرینییەکەی خوارد.

لە بەرەبەیاندا جولەکەکە خەوەکەی گێڕاوەو وتی: ((شەوێ خەوم بینی بەڕاستی من لە خزمەتی موسادا ﷺ بووم، بە یەکەوە بەرەو چیای طور ڕۆیشتین، لەوێ



Scanned by CamScanner

نورێکی گەورەمان قوت دا، ڕووناکییەکە ئەوەندە بەهێز بوو لەوە بوو چیاکە لە بەهێزی ئەو هەڕوون هەڕوون ببێت، بەهۆی ئەوەوە لە هۆش خۆمان چووین. ئەمجا سەرجەم پێغەمبەران -علیهم السلام- هاتن و داوایان کردو پاڕانەوە بۆ ئەوەی خودای بالادەست ببینن، بەلام هیچ کام لەوان ئەو بەهرە گەورەیەی بەدەست نەخست. جا لەبەرئەوەی موسا ئەو تاکە پێغەمبەر بووە گفتوگۆی لەگەل خودای بالادەست ئەنجام داو منیش لە ئوممەتی ئەوم کەوایە تەنها من شایانی ئەوەم شیرینیەکە بخۆم)).

ئەمجا مەسیحیەکە لە پاش ئەو خەوەکەی گێڕایەوەو وتی: ((بەڕاستی من خەوم بینی و لە خزمەتی عیسادا عليه السلام بووم لە ئاسمانی چوارەم، دەی کەوایە مادام ئاسمان لە زەوی بەرزترە کەوایە من شایانی خواردنی شیرینیەکەم)).

ئەمجا هەردووکیان سەرنجی موسلمانەکەیان دا چاوەڕێی ئەوە بوون بزانن ئەو چی دەلێت، موسلمانەکەش وتی: ((منیش پێغەمبەری ﷺ سەروەرم لە خەودا بینی پێی وتم: بێگومان ئەوە یەکێك لە هاوڕێکانت ڕۆشت بۆ چیای طور ئەوی دیکەشیان بۆ ئاسمانی چوارەم، دەی ئاگاداریە کە هەریەکە لەوان گەشتوونەتە ویست و مەبەستی خۆیان، کەوایە تۆش هەستەو شیرینیەکە بخۆ)).

جا هەر ئەوەندەی موسولمانەکە ئەوەی بۆ دوو هاوڕێکەی گێڕایەوە بە دلە تەپینیەکی بەهێزەوە وتیان: ئاخ ئەی موسولمان! ئایا شیرینیەکەت خوارد؟

موسلمانەش پێی وتن: دەی ئەگەر پێغەمبەرەکانتان فەرمانیان بە ئێوە بکردایەت بۆ خواردنی شیرینیەکە ئایا گوێڕایەلیتان نەدەکردن؟ لەبەر ئەوە منیش بە پێویستم زانی گوێڕایەلی پێغەمبەرەکەم ﷺ بم.

جا پێیان وت: ((بەڕاستی خەوەکەی تۆ ڕاستەو لە خەوەکەی ئێمە چاکتر بوو، بەڕاستی شایانی خواردنی شیرینیەکەی، نۆشی گیانت بێت)).



Scanned by CamScanner

## بەران و حوشتر و گا

ئەم سێ ئاژەڵانە هاوڕێیەتی یەکتریان کردو، کاتێک تێدەپەڕین لە شوێنێکەوە چەپکێک گیایان دیتەوە.

بەرانەکە وەك ئەوەی خۆی وا پیشان بدات کە زیرەکە وتی: (خۆ ئەگەر ئەم چەپکە گیایە بەش بکەین بەسەر هەرسێکماندا ئەوە بێگومان هیچ کاممان تێر نابین! دەی کەوایە باشتر وایە بیدەینە بەتەمەنترینمان، لەبەرئەوەی بێگومان ڕێزگرتنی بەساڵاچووان لە سوننەتی پێغەمبەری خودایە ﷺ).

هەموویان ئەو ڕایەیان بەلاوە پەسەند بوو، جا دەستیان کردە گفتوگۆ دەربارەی بەتەمەنترینیان.

بەرانەکە وتی: گومانی نییە من لە ئێوە بەتەمەنترم، چونکە ئێوە دەزانن ئەوەی خودا -جلَّ جلالە- کردیە قوربانی لەجیاتی ئیسماعیل عليه السلام بەران بوو، منیش لە هەمان لەوەڕگادا لەگەڵ ئەوە لەوەڕاوم.

گاکە کەمێك بیری کردەوەو وتی: ئایا ئەوە شتێکە! لە ڕاستیدا من پێغەمبەر ئادەم عليه السلام بە چاوی خۆم بینیوە کە لەگەڵ گاکەیدا زەوی دەکێڵا.

لەسەر بنەمای ئەو دوو درۆیە حوشتر هیچ شتێکی نەوت، بەڵکو ملی درێژ کردو چەپکە گیاکەی ڕاکێشاو بەدەم خواردنیەوە دەی وت: من پێویستم بە هیچ بەڵگەیەك نییە، چونکە لە کاتێکدا ئێوە بەو لەش و لارە بچووکەتانەوە نموونەی ئەو تەمەنە درێژە بن، بەڕاستی پێویستە کە من بەتەمەنتر بم لە ئێوە!

***



Scanned by CamScanner

## سێ ئامۆژگاری باڵندەیەک

ڕاوچییەک باڵندەیەکی ڕاو کرد پێی وت:

ئەی گەورەم! لە ڕاستیدا تۆ تا ئێستا ژمارەیەکی زۆر لە مانگاو مەڕو حوشترت خواردووە تێر نەبوویت؟ ئایا ئێستا بەو گۆشتەی من کە کێشی سێ درهەم[1] دەبێت تێر دەخۆیت؟! بەرم بدە منیش لە بەرامبەر ئەو ئازادکردنەمدا سێ ئامۆژگاریت دەکەم کە بە درێژایی ژیانت سوودت پێ بگەیەنێ، بەڵام ئەوەندە هەیە من بۆ ئەو ئامۆژگاریانە ئەم سێ مەرجەم هەیە: یەکەمیان کە بە دەستتەوەم ئامۆژگارییەکەمت پێ دەڵێم. دووەم مەرجیش کاتێک بەرم دەدەیت ئامۆژگاری دووەمت پێ دەڵێم. سێیەم مەرجیش کاتێک لە لقی دارێک دەبم ئامۆژگاری سێیەمت پێ دەڵێم.

ڕاوچییەکە ئەو مەرجانەی پەسەند کرد.

باڵندەکە کە هێشتا بە دەست ڕاوچییەکەوە بوو ئامۆژگاری یەکەمی پێشکەش کردو وتی: "ئەگەر کەسێک شتێکی پێ وتیت ژیریت پەسەندو قبوڵی نەدەکرد بە ڕاستی مەزانە".

ڕاوچییەکە باڵندەکەی لە دەستی بەردا، باڵندەش بەدەم فڕینەوە وتی: "غەمبارو دڵ تەنگ مەبە بۆ ئەوەی لەدەست دەرچووە".

کاتێکیش باڵندەکە لەسەر لقی دارێک ڕاوەستا شتێکی غەریبی بیرکەوتەوەو وتی: ئایا دەزانیت چ سامانێکت لەدەستدا؟ چونکە بێگومان من پێم وتبێت لە زیقەتورەمدا پارچە زێڕێک هەیە وەزنەکەی دە درهەمە! جا ئەگەر بەرەڵات نەکردمایەت ئەوە ئەو پارچە زێڕە بەشی تۆو نەوەکانتو ئەوانەی دوای ئەوانیشی دەکرد!

---

١) درهەم: دراوێک بووە لە زیو.

ڕاوچییەکە کاتێک ئەو وتەیەی بیست پەشیمانی گرتی و دەستی کرد بە لێدانی هەردوو ڕانیو لەداخا توکی سەری ڕادەکێشاو هەڵدەکێشاو، پاش ماوەیەک وتی بە باڵندەکە:

"هیچ نەبێت ئامۆژگاری سێیەمم بدەیە".

باڵندەش پێی وت: "دەی لەبەرچی؟ ئایا سوودمەند بوویت لە دوو ئامۆژگارییەکەی پێشوو تا ئامۆژگاری سێیەمت بدەمێ؟ لە ڕاستیدا لە ئامۆژگاری یەکەمدا پێم وتیت: (ئەگەر کەسێک شتێکی پێ وتیت ژیری پەسەندی نەدەکرد بەڕاستی مەزانەو پشت ڕاستی مەکەوە) کەچی کاتێک من ئەم وتەیەم بە تۆ وت، بەڕاستی لە زیقەتۆرەمدا پارچە زێڕێک هەیە کێشەکەی دە درهەمە لەگەڵ ئەوەدا کە لەوە پێش ئەوەشم پێ وتبویت کە کێشی گۆشتی من کێشی سێ درهەمیش نییە، تۆ ئەو وتەیەی منت پشت ڕاست کردەوە و بەڕاستت زانی. هەروەها لە ئامۆژگاری دووەمیشدا پێم وتیت: دڵتەنگ و غەمبار مەبە بۆ ئەوەی لەدەست دەرچووە، کەچی تۆ لە پەشیمانیدا هەستایت بە لێدانی ڕانەکانت و ڕاکێشاو هەڵکەندنی توکی سەرت! کەوابە ئیتر پێویست بە ئامۆژگاری سێیەم نییە بۆ تۆ".

باڵندەکە ئەوەی وت و ئەمجا فڕی.

## زانایەک و دەشتەکیەک

دەشتەکییەک (بدَوِيُ) دوو کیسەی لە حوشترەکەی بار کردبوو، خۆی سواری بوو بوو، لە ڕێگەدا تووشی زانایەک بوو بە پیادە دەڕۆیشت، ماوەیەک پێکەوە لەگەڵ یەک گفتوگۆیان کرد.. زاناکە پرسیاری لە دەشتەکییەکە کرد: تۆ کێی تۆ، لە کوێوە هاتویت و، بۆ کوێ دەچیت؟ کیسەکانی سەر پشتی حوشترەکەت چیان تێدایە؟



Scanned by CamScanner

دەشتەکیەکە وتی: یەکێك لە کیسەکان گەنمی تێدایەو ئەوی دیکەشیان چەوی تێدایە. زاناکە کە گوێبیستی ئەوە بوو لە دەشتەکییەکە پرسیاری هۆکاری ئەوەی لێ کرد، ئەویش وتی:

بێگومان یەك کیس بە تەنها لەسەر پشتی حوشترەکە جێگیر نابێت و ناوەستێت، لەبەرئەوە ئەو کیسە چەوەشم بارکردووە تا ببێتە هاوتای کیسە گەنمەکە.

زاناکەش وتی: تۆ بەو کارەت لە ڕاستیدا بەبێ هۆ باری حوشترەکەت قورس کردووە، چونکە تۆ دەتوانیت کیسە چەوەکە خاڵی بکەیت، ئەمجا نیوەی کیسە گەنمەکەی تێ بکەیت، ئایا ئەوە باشتر نییە؟ دەشتەکییەکە بەو ڕاو تەگبیرە ڕاماو، زانی کە هاوڕێی ڕێگاکەی کەسێکی زانایە، ئەوجا پێی وت: جوانتر لەو ڕایەی تۆ نییە! بەڕاستی من ئەگەر هەزار ساڵ بژیم بکردایەتەوە ئەوەی تۆ وتووتە بە خەیاڵمدا نەدەهات.

پاشان سواری حوشترەکەی کردو، پێی وت: ئێستا تۆیش خۆت بە من بناسێنە، لەبەرچی ئاوەها بە پیادەو بەبێ هاوڕێ و هاودەم ڕێ بەڕێ دەکەی؟ لەگەڵ ئەوەدا کە تۆ بەڕاستی خاوەنی ئەو هەموو زیرییە پرشنگدارەی، بێگومان دیارە تۆ یان پیاوێکی گەورەی یاخود وەزیری.

زاناکە وتی: من نە کەسێکی گەورەم و نە وەزیریشم، ئەی ئایا ناڕوانیت بۆ جلوبەرگ و هەندامم؟

لەوێداو بە خەباڵی دەشتەکییەکەدا هات کە بە ڕاستی هاوڕێکەی دەوڵەمەندێکە لە دەوڵەمەندەکان، بۆیە دەربارەی ژمارەی ئەو حوشترو مەڕو ماڵات و پارەو پوڵ و دوکانانەی هەیەتی پرسیاری لێ کرد، بەردەوام دەشتەکییەکە پرسیاری هەر شتێکی لێ دەکرد، وەڵامی زاناکە هەر نەرێ بوو، کە پرسیارەکانی دەشتەکی تەواو بوو زاناکە پێی وت: هیچ شتێکم لەو شتانە نییە کە تۆ باست کردن، چونکە ئەوەتا



Scanned by CamScanner

هەروەك دەمبینی بە پیادە دەڕۆم و ئێرەو ئەوێ دەگەڕێم، جا كێ پارویەكم بداتێ لە دەرگای ئەودا شەو بەسەر دەبەم، واتە بەڕاستی ئەو زانست و زانیارییەی من هەمەو تۆ پێی ڕاماوی جگە لە سەر ئێشە هیچی دیكەی بە من نەبەخشیوە!

دەوڵەمەندەكەیش لەوێدا كە ئەوەی لێ بیست دەست بەجێ دایبەزاندو پێی وت:

خێرا لێم دووركەوە، ژیری و زانست و زانیاری خۆت بۆ خۆت، بەڕاستی من پێویستم بەو زانست و زانیارییەی تۆ نییە كە سوودی پێ نەگەیاندویت و، خۆراك و پۆشاكی بۆ دابین نەكردوی، بڕۆو واز لە من بهێنە، من بەو ژیرییەی خۆم بەردەوام دەبمو، بەردەوام دەبم لەسەر هاوتاكردنی گەنم بە جەو، لەبەرئەوەی بەڕاستی ئەو ژیرییەی من بەسمە بۆ ئەنجام دان و بەرێكردنی پێویستی و ئاتاجیەكانم، خودای باڵادەست لێم بپارێزو بەرەكەتدار كات لەو نەزانی و نەفامیەدا.

## فیل چییە؟

یەكێك لە دەسەڵاتدارەكان فیلێكی لە هیندستانەوە هێناو لە تەویلەی كۆشكدا دایدا، گفتوگۆ لەنێو خەڵكیدا دەربارەی ئەو فیلە كە كەس لەو ناوچەیەدا لە ژیانیدا نەیبینی بوو بڵاو بوویەوە. كۆمەڵێك لە خەڵكی هاتن بۆ بینینی فیلەكە، بەڵام لە ڕاستیدا تەویلەكە تاریك بوو، یەكێكیان دەستی درێژ كرد، دەستی كەوتە سەر لوتە درێژەكەی فیلەكە بەلای ڕاست و چەپدا ئەملاو ئەولای پێدەكرد ئەمجا وتی بە هاوەڵەكانی:

ئەو فیلە لە بۆرییەكی نەرمی بۆش دەچێت.

یەكێكی دیكەیان دەستی دا لە گوێچكەی فیلەكە، وتی: فیل لە باوەشێنێكی نەرمی ئەستور دەچێت لە قەیفە! سێیەمیان دەستی كەوتە سەر پشتی پانی



Scanned by CamScanner

فیلەکە، وتی: فیل وەك تەختێکی نەرم و نیانە.. ئاوەها هەریەکەیان بە پێی گومانو بۆچوونی خۆی پێناسەی فیلەکەی کرد.

ڕۆمی لێرەدا دەڵێت: ئەگەر مۆمێك بە دەستی یەکێکیانەوە بووایەت هەموویان فیلەکەیان بە شێوەی ڕاستەقینەی خۆی دەبینیو ئەو بۆچوونە جیاوازیانە لە نێوانیاندا نەدەماو نەدەبوو.

## ئەگەر ئەمە پشیلەکە بێت ئەی گۆشتەکە لەکوێیە؟

پیاوێك ژنێکی فێڵبازو نەوسنی دەبێت، ڕۆژێکیان پیاوەکە نیو مۆقە[1] گۆشت لای گۆشت فرۆشێك دەکڕێتو، دەیبانەوە بۆ ماڵەوەو ڕادەستی ژنەکەی دەکات و پێی دەڵێت:

ئەم ئێوارەیە میوانێکم هەیە، تکات لێ دەکەم ئەم گۆشتە لێ بنێ و خواردنێکی باش ئامادە بکە تا گەڕانەوەم لە خزمەتیا بۆ ماڵەوە.

ژنەی نەوسن گۆشتەکە دەکوڵێنێت، بەڵام ناتوانێت نەفسی خۆی ڕابگرێت، لەبەرئەوە دادەنیشێتو هەموو گۆشتەکە دەخوات. کاتێك لە ئێوارەدا پیاوەکە لەگەڵ میوانەکەیدا گەڕایەوە بۆ ماڵ، وتی بە ژنەکەی ئایا خواردنەکە ئامادەیە؟

ژنەکە دەست بەجێ درۆیەکی سازاندو وتی: بەڕاستی پشیلەکە گۆشتەکەی خوارد، خێرا بڕۆ گۆشتی تر بهێنە بۆ میوانەکە.

پیاوەکە کەمێك بیری کردەوەو ئەمجا وتی: هەر ئێستا پشیلە و ترازووەکەم بۆ ئامادە بکە، تا بزانم ئەم ڕووداوە چۆنە؟!

پیاوە پشیلەکەی کێشا بینی کێشی پشیلەکە نیو حۆقەیە، ئەمجا لای کرد بەلای ژنەکەیەوەو وتی:

---

[1] مۆقەکاری کاتی خۆی سێ کیلۆو دوسەدو پەنجا غرام بووە.



Scanned by CamScanner

ئەی هاوار زنەکە! گۆشتەکە نیو حوقە بوو پشیلەکەش هەر ئەوەندەیە، دەی کەوایە ئەگەر ئەم پشیلەکەیە ئەی گۆشتەکە لە کوێیە؟ خۆ ئەگەریش ئەوە گۆشتەکەیە ئەی پشیلەکە لە کوێیە؟

## چیرۆکی ئەو پیاوەی

## خاڵی دەوێت و بەرگەی ئازارەکەی ناگرێت!

ڕۆمی دەڵێت: لە ڕاستیدا نەریت و خوی خاڵ کوتاندن لەم ڕۆژگارانەدا لەنێو لاواندا بازاڕی گەرمە، زیاتریش لە شاری قەزوین دا زۆر بەربڵاوە، جا ئەوانەی لە گەرماوەکاندا کاریان شێلانی خەڵکە، هەڵدەستن بە خاڵ کوتاندن. یەکێك لە ئارەزوومەندانی خاڵ ڕۆشت بۆ گەرماو، لەوێ داوای لە یەکێك لەوانە کرد کە خاڵیان دەکوتا، خاڵێکی لەسەر شانی بۆ بکوتێ، خالکوت لێی پرسی:

دەتەوێت خاڵەکە وێنەی چی بێت؟

کابرا وتی: من خۆم لە بورجی شێرم، بورجی شێریش بورجی بەختەوەرییە، لەبەرئەوە وێنەی شێرێکم لێت دەوێ.

خالکوت دەرزیەکەی گرت بە دەستیەوەو دەستی کرد بە کونکردن لەسەر پێستی کابرا، ئەویش لەتاو ئازار هاواری دەکردو وتی: ئەی هاوار ئازاری دەرزیەکە خەریکە دەمکوژێت، لەکوێوە دەستت کردووە بە وێنەکە؟

خالکوت وتی: لە کلکەوە.

کابرا وتی: دەستم بە دامانت با کلکی نەبێت، بگوێزەرەوە بۆ شوێنێکی دیکە لەوێنەکە.



Scanned by CamScanner

خالکوت دەستی بە وێنە کردنی شوێنێکی تر کرد، بەڵام بەراستی هەر ئەوەندەی دەرزییەکەی دووجار کرد بە پێستیدا، پیاوە دیسان هاواری کرد: ئەی هاوار خەریکم لەناو ئازار دەمرم، ئەوە تۆ ئێستا چ شوێنێکی وێنە دەکێشیت؟

خالکوت وتی: گوێچکەی.

کابرا وتی: دەی با شێرەکە بێ گوێچکە بێت، گوێ گرنگ نییە، بگوێزەرەوە بۆ شوێنێکی تر.

خالکوت تووڕە بوو، بەڵام پاش ئەوەی دانی بە خۆیدا گرتەوە: چوو بۆ وێنەکردنی ئەندامێکی تر. بەڵام پیاوەکە لە ڕاستیدا زۆر بێ ئارام بوو جارێکی دیکە هەروا هاواری کردەوە: ئەی هاوار ئازار خەریکە دەمکوژێت، چ ئەندامێکی وێنە دەکەیت؟

خالکوت وتی: سکی شێرەکە وێنە دەکەم.

ئەی هاوار. ئەی هاوار. دەبا شێرەکە بێ سک بێت، تکایە بگوێزەرەوە بۆ شوێنێکی تر. لەوێدا خالکوت ئارامی نەماو دەرزییەکەی لە دەستی فڕێداو بە تووڕەییەوە وتی: سوێندت دەدەم بە خودا پێم بڵێ، ئایا لە دونیادا شێرێك هەیە بەبێ کلكو گوێو سك؟ خودای باڵادەست –جلّ جلاله– ئەو جۆرە شێرەی دروست نەکردووە، دەی کە تۆ تا ئەو ئەندازەیە ئازداری و بەرگەی ئازار ناگریت واز لە خالکوتاندن بهێنە.

❀❀❀



Scanned by CamScanner

## باشترین و خراپترینی دوو شت

گەورەکەی لوقمان پێی وت:

مەڕێکم بۆ سەر ببڕەو باشترین شتێك کە تێیدایە بۆم ئامادە بکە. لوقمان مەڕەکەی سەربڕی و دڵ و زمانەکەی ئامادەکردو خستیە بەردەمی گەورەکەی.

گەورەکەی جارێکی تر پێی وت: دەی ئێستا خراپترین شتێك کە تێیدایە بۆم ئامادە بکە.

لوقمان هەروەك جاری پێشوو دڵ و زمانەکەی بۆ ئامادە کرد! کاتێك گەورەکەی پرسیاری لێ کرد دەربارەی هۆی ئامادەکردنی دڵ و زمانی مەڕەکە لە هەردوو جارەکەدا، لوقمان ئاوا وەلامی دایەوە: لە مرۆڤی شکۆمەندو خاوەن ڕەوشتیدا هیچ شتێك لەم دونیایەدا نییە باشتر بێت لە دڵی بێ گەردو زمانی شیرینی، خۆ ئەگەر مرۆڤیش پەست و بێ ڕەوشت بوو ئەوە هیچ شتێك خراپتر نییە تێیدا لە دڵ و زمانی!

## لوت بەرزێکی لەخۆڕازی

هەژارێکی لوت بەرزی لەخۆڕازی پارچە بەزێکی[1] دۆزیەوە، هەموو بەیانیەك بەو پارچە بەزە سمێڵەکەی چەور دەکرد تا بدرەوشێنێتەوە، ئەوەش بۆ ئەوەی کەسانی دیکە وا تێبگەن بەوەی کە لەڕاستیدا ئەو خواردنێکی چەوری خواردووە. هەر بەهۆی لوت بەرزی و خۆبەزل زانیەوە ئەگەر جار بە جارێکیش بانگ بکرایە بۆ سەر سفرەو خوانێك نەدەچوو، بەلام لە ڕاستیدا قۆرە قۆڕی سکی لە برسا

---

[1] بەز پارچە چەوری سپیە لە ئاژەلاندا بە تایبەتی لە مەڕدا زیاتر هەیە، بەتایبەتی تر لە دوگەکەیدا.



Scanned by CamScanner

درەوشانەوەی سمێڵەکەی بە درۆ دەخستەوە، هەر بەهۆی ئەوەشەوە سکی نزای لێ کرد: (ئەی پەروەردگار! ئەم کەسە لوت بەرزە لە خۆڕازییە تا ئاستێك هەژارو بێ نەوانجە بکە کە بەخشندەکان بەزەییان پێیدا بێتەوە).

ڕۆژێك لە ڕۆژان ئەو پیاوە نزیك کەوتەوە لە کۆڕێکی نان خواردن، ئامادەبوانی کۆڕەکە بانگیان کرد بۆ سەر سفرەکە، بەڵام ئەو بەهۆی لوت بەرزیەکەیەوە وەڵامی نەدانەوەو، دەستێکی هێنا بە سمێڵە چەور کراوەکەیداو خۆی وا پیشان دا کە لە ڕاستیدا ئەو تێرە، ئا لەو کاتەدا کوڕە بچوکەکەی لە ماڵەوە بەرەو ڕووی بە ڕاکردن هات و لەبەردەم هەموان دا هاواری کرد: بابە، بابە! بەڕاستی پشیلەکە ئەو پارچە بەزەی ڕفاند کە تۆ سمێڵت پێ چەور دەکرد.. منیش نەمتوانی بیگەمێ و نەیەڵم بیفڕێنێت، تکام وایە لێم توڕە نەبیت.

هەموان پێی پێکەنین و بۆ حاڵی دڵمەندبوون، ئەمجا بانگیان کرد بۆ سەر سفرەو خوانەکە، ئەویش بە ناچاری کە ڕاستیەکەی کەوتە ڕوو چووە سەر سفرەکەو تێر سکی خۆی خواردنی خوارد.

## بۆ کەسانی تر مەگری.. بەڵکو بۆ حاڵی خۆت بگری

لە ڕۆژەکانی عاشورا یەکێك لە شاعیرە غەریبەکان ڕێی لە شاری (حەڵەب) دەکەوێت، دەبینێت خەڵکی حەڵەب لە نزیك دەرگای (أنطاكیە)دا بۆ یادکردنەوەی عاشورا کۆدەبنەوەو، لەڕوومەتی خۆیان دەدەن و دەموچاوی خۆیان دەڕنن و شین دەکەن وەك دەربڕینی غەمباری بۆ شەهیدانی کەربەلا. شاعیرەکە کە ئەوە دەبینێت لەوێدا پرسیار لە کەسێك دەکات: "هۆی ئەم ماتەمینی و شین شەپۆڕو گریانە چییە ئاسمان و سەر زەوی هەژاندووە، کاتێك من ئەو هەموو دەبینم لەو کۆڕی ماتەمینیەدا وای بۆ دەچم کە کەسی لە دونیا دەرچوو لە گەورە

دەوڵەمەندان و ئەوانەیە کە دەست و پێوەندو شوێنکەوتوانێکی زۆری هەیە، جا من شاعیرێکی غەریبم لەسەر دانان و وتنی هەڵبەست دەژیم لە بۆنە خۆشەکاندا، هەروەها دانان و وتنی هەڵبەستی غەم ئامێزو عەزاداری لە بۆنە غەمناکەکاندا، لەبەر ئەوە تکا ئەکەم ئاگادارم بکەن دەربارەی کەسی لە دونیا دەرچوو و کە کێیە تا هەڵبەستێکی غەم هاوەر و پیاهەڵدان و شیوەن ئامێزی بۆ دابنێم تا خۆشەویستان و خزمانی هەندێ پارەو پولم بدەنێ".

ئەو کەسەی شاعیرەکە پرسیاری لێ کرد زۆر تووڕە بوو وتی: "ئایا تۆ شێت بوویت و ژیریت لەدەست داوە؟ یان تۆ لەدوژمنانی سەر سەختی ئالوبەیتی وا بەو شێوەیە قسە دەکەیت؟ چۆن نازانیت کە ئەم ڕۆژە ڕۆژی دەیەمی مانگی موحەڕەمە (عاشورا)، ئەو ڕۆژەیە کە ئێمە شینی تیا دەکەین و سنگ دەکوتین تیایدا بۆ شەهیدانی کەربەلاو، تیایدا نەفرین دەکەین لە یەزیدو شەمەر".

لێرەدا ڕۆمی لەسەر زمانی ئەو شاعیرە ئەم وەڵامەی داهاتوو دادەنێت:

بەڵام لە ڕاستیدا لە کوێیە سەردەمی یەزیدو شەمەر لە چاو ئەم سەردەمە؟ لە ڕاستیدا سەردەمانێك و سەردەمانێك تێپەڕی

فریشتە بەڕاستی لە ئاسماندا لەناو ئەو کارەساتە بە ئازار ئەگریان،
کەڕ لەسەر زەویدا گوێبیست بوو پێی!
هەتا نابینایانیش ئەو موسیبەتە دڵتەزێنەیان بینی و بۆی گریان
ئێوە تا ئێستا لە کوێ بوون؟
ئایا ئێستا ئەو کارەساتە دڵتەزێنەتان بیستووە وا ماتەمینی بۆ ڕادەگەیەنن؟
لە ڕاستیدا ئەو شەهیدانە لەزووەوە کۆچیان کردووە بۆ بەهەشت
وە گەڕاونەتەوە بۆ خانەی بەختەوەری
لەبەرئەوە ئێوە شایانی گریانن بۆ خودی خۆتان
دەی بگرین بۆ خۆتان و بەدبەختیتان و دڵە وێرانەکانتان..



Scanned by CamScanner

## ئەو بازەی کەوتە ماڵی پیرەژنێک

بازێك کە یەکێك لە دەسەڵاتدارەکان بەکاری دەهێنا لە ڕاوکردندا، ڕۆژێك دەربازبوو و بەڕێکەوت ڕۆشت بۆ ماڵی پیرەژنێك کە کاری ئاردبێژانەوە بوو، پیرەژنە لە درێژایی ژیانیدا هەرگیز ئەو جۆرە باڵندەیەی نەبینی بوو بە دەنوکی درێژو دوو باڵی درێژو نینۆکی درێژەوە. پیرێژنەکە بەو شێوەیە بینی بەزەیی پیابدا هاتەوەو وتی: ئەی باڵندەی بەستەزمان! چۆن خاوەنەکەت تا ئەم ئاستە پشتگوێی خستویت، تا ئاوات لێ هاتووە.. ئەوجا پاش ئەوە بە پەتێك بەستیەوە، هەستا بە کورت کردنەوەی دەنووکی‌و هەڵکێشانی پەڕەکانی و کردنی نینۆکەکانی، ئەمجا بۆی ڕوانی و وتی:

ئا ئێستا لە باڵندە دەچیت؟

پاش ئەوە خۆراکی لەبەردەمدا دانا تا بیخوات، کاتێك بینی بازەکە خواردنەکە ناخوات لێی تورە بوو و وتی: سەیری ئەم سپڵەیە ناکەیت! ئاستی ئەو خێرو چاکەیە نازانێت کە من بۆم کردووە، ئەوەتا ئێستا ئەو خواردنە ناخوات کە بۆم ئامادە کردووە و پێشکەشم کردووە.

ئەمجا دەستی کرد بە دەست دان بە سەریدا!

لەولاشەوە سوڵتان دەستی کرد بوو بە گەڕان بەدوای بازەکەیدا، لە ئەنجامدا لە ماڵی ئەو پیرەژنە دۆزیەوە، کاتێك بەو حاڵە ناخۆشەوە بینی وتی: ئەوە پاداشتی کەسێکە لە دەست سوڵتان ڕابکات‌و ماڵی پیرەژن بکاتە ماڵ و شوێنی حەوانەوەی.

❀❀❀



Scanned by CamScanner

## موساو شوانێک

کاتێك موسا ﷷ ڕۆشت و ڕووی کردە چیای طور شوانێکی بینی بە نزاگەلێکی هەڵەو پەڵە کە هیچ مانایان نەبوو دەپاڕایەوە و دەیوت: ئەی پەروەردگار! وازم لێ بهێنە بتبینم تا خزمەتت بکەم، ئەوجا نەعلەکانت بۆ ئەدوورمەوە ئەگەر دڕاو و کۆن بوو، هەروەها قژی سەرت بۆ دەشۆرم ئەگەر چڵکن بێت. وە ئەگەر برسیت بوو شیرت بۆ دەهێنم، لەسەرو ئەمانەشەوە من ئامادەم کە هەموو ئاژەڵەکانم بکەمە قوربانی لەبەر خاتری تۆو لەڕێگای تۆدا!! هەتا کۆتایی و هی تریش.

موسا ﷷ هات بە گژ شوانەکەداو پێی وت: ئەی پیاو! لە ڕاستیدا خودای باڵادەست –جلَّ جلالە– لە هەموو ئەوەی کە تۆ وتت و باست کرد خاوێنە، ئاگات لە وتەکان و زمانت بێت و پەشیمان بەرەوە ئەگینا کافرو بێ باوەڕ بوویت.

شوانەی بەستەزمان لە خەجاڵەتیدا سەر بۆ زەوی نەوی کردو، بە غەم و پەژارەیەکی زۆرو پەشیمانیەوە دوورکەوتەوە، ئا لەوێدا لەلایەن خودای باڵادەستە بانگ لە موسا کرا: (ئەی موسا، ئەوەی لەسەر تۆیە ئەوەیە کە بەندەکان لە من نزیك بکەیتەوە، کەچی تۆ بەڕاستی بەندەکەی ئێمەت لە ئێمەوە دوورخستەوە، ئێمە ناڕوانین بۆ وتەو قسە بەڵکو دەڕوانین بۆ حاڵ و دڵ و نییەت، تۆش گرنگی مەدە بە قسەو وتەی بەڵکو گرنگی بدە بە مەبەست و ئامانجی).

ئا لەوێدا موسا ﷷ دەست بەجێ و بەخێرایی ڕۆشت بۆ لای شوانەکەو چووە لای و مزگێنی ئەوەی پێدا کە گوێبیستی بوو بوو.

***



Scanned by CamScanner

## مێشوولەو حاڵی با

مێشوولەیەک هات بۆ لای سلێمان پێغەمبەرو ﷺ بە پاڕانەوەوە وتی: ئەی خاوەنی خانەی دادوەری! ئەی ئەو کەسەی هەمووان گوێڕایەڵی دەکەن، لە باڵندەکان هەتا ماسیەکان! بێ بە هاوارمانەوە.. چونکە بەڕاستی ئێمە تووشی ستەمێکی بەتین بووین، وامان لێ هاتووە بەشمان نە لەنێو دەشتەکان و نە لەنێو باخچەی گوڵاندا نەماوە.. بە دادپەروەری خۆت لەم نەهامەتیە ڕزگارمان بکە.

سلێمان پێغەمبەر لە وتەی مێشوولەکە سەری سوڕماو وتی: هاوار بۆ تۆ چی دەڵێیت! ئایا لەم سەردەمەی ئێمەدا ئەو جۆرە ستەمە هەیە؟ ئایا بە دەرکەوتن و هەڵهاتنی ڕووناکی تاریکی نەڕەویوە، یان بەجێ بەجێکردنی دادپەروەری ستەم لەناو نەچووەو نەشاراوەتەوە؟ پێم بڵێ لە کام ستەم سکاڵا دەکەیت؟

مێشوولەکە وتی: سکاڵام لە دەست بایە، چرکەساتێک ئاسوودەیی بۆ نەهێشتووینەتەوە.

سلێمان پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: زۆرباشە، بەڵام لە ڕاستیدا دادپەروەری وا پێویست دەکات کە گوێ لە هەردوو لا ڕابگرین. ئەوەش لەبەرئەوەی بەڕاستی ئەگەر دوو لای دژ بەیەک ئامادە نەبن ڕاستییەکە دەرناکەوێت.

مێشوولە وتی: ئەی سەروەرم! ئایا دەکرێت و دەگونجێت دژێکی بەهێزی وەک با بە داوای مێشوولەیەک ئامادەی بەردەمی دادپەروەری جەنابتان بێت؟

با جگە بۆ فەرمانی بەڕێزتان گوێڕایەڵ نابێت؟ جا ئەگەر جەنابتان فەرمانتان پێ کرد ئەوە بێگومان ئامادە دەبێت.

سلێمان ﷺ کە گوێبیستی ئەوە بوو بانگهێشتی بای کرد: ئەی بای شەماڵ! بەڕاستی مێشوولە سکاڵای دژت بەرزکردۆتەوە.. وەرە پارێزگاری لە خۆت بکەو بەڵگەی بێ تاوانیت بخەرە ڕوو.



Scanned by CamScanner

با دەست بەجێ هات و ئامادە بوو، مێشوولەی دوورخستەوە، سلێمان بانگی کردو فەرمووی:

ئەی مێشولە بۆ کوێ دەچیت؟ لەبەرچی پێش ئەوەی سەرنجی سکالاکەت بدەین و دادوەریت بکەین دووردەکەوتیتەوە؟

مێشوولە وتی: ئەی سەروەرم! بەڕاستی ئەوەیە کە من سکالای لەدەست دەکەم، لەهەر شوێنێك با پەیدا بوو من خۆم بۆ ڕاناگیرێ و دوور دەخرێمەوە

## ئایا دڕک کونجی بەرهەم دەهێنێت؟

لوقمانی حەکیم گەورەیەکی هەبوو، هەمیشە خراپ هەڵسوکەوتی دەکرد لەگەڵ ئەوانەی لە دەوری بوون، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا وای دەبینی کەبەهەشت جگە لەو بۆ کەسی دیکە نییە! جارێکیان وتی بە لوقمان: ئەمڕۆ دادەبەزم بۆ ناو شار، داوام ئەوەیە لێت کە کێڵگەکە جوان بکێڵیت، پاشان کونجی تیا بڕوێنیت.

کاتێك لە عەسردا گەورە لە شار گەڕایەوە نای لەوەی بینی! لە ڕاستیدا لوقمان لەجیاتی کونجی دڕکی ڕواندبوو، بۆیە گەورەکە بە توورەیی هاواری کرد:

چیت کردووە، ئایا من فەرمانم پێنەدای بە ڕواندنی کونجی؟

لوقمان بە هێواشی وەڵامی دایەوە: گەورەم بێتاقەت مەبە، لە ڕاستیدا لەگەڵ ئەوەدا کە من دڕکم ڕواندووە هیوام وایە کونجی لێ بەرهەم بێت.

گەورەکەی وتی: ئەی گەمژەی بێ ئاگا! ئایا شتی وا هەیە کەسێك دڕکی بچێنێت کونجی بەرهەم بهێنێت؟

لوقمان وتی: گەورەم! بۆ نابێت ئەوەتا ساڵەهای ساڵانێکە تۆ دڕك دەڕوێنیت، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا هیوات چوونە بەهەشتە!!!



Scanned by CamScanner

## تۆ مەیە ئەگەر من نەبووم

یەکێك لە عاشقان دای لە دەرگای خۆشەویستەکەی، خۆشەویستەکەش لەناو ماڵەوە بانگی کرد: لێدەری دەرگا کێیە؟

ئەویش وتی: ئایا نامناسی؟ منم عاشقە غەمبارە چاو پڕ لە فرمێسکەکەت، دەی دەرگاکەم لێبکەرەوە؟

ئا لەوێدا خۆشەویستەکەی خاوەنی ماڵ ڕانەما بەو وەڵامەی و وتی: بڕۆ دوور بکەوەرەوە، ئێستا کاتی سەردان نییە.

عاشقە غەمبارەکە بە داخەوە گەڕایەوە، ئێش و ئازاری دووری خۆشەویستەکەی چەند ڕۆژێکی دوورو درێژ ئازاری داو هەڵی قرچاند تا وەك مۆمێکی سوتاو سیس بوو، ئەمجا پاش چەند ڕۆژێك لەو ئێش و ئازارو هەڵقرچانە جارێکی تر گەڕایەوەو زۆر بە ئەدەبەوە دایەوە لە دەرگا.

خۆشەویستەکە لە ماڵەوە هاواری کرد: کێیە لە بەردەرگا؟

عاشقەکە وتی: تۆ لەبەر دەرگا ئەی خۆشەویستەکەم، جگە لە تۆ هیچ کەسێکی تر نییە!

ئا لەو کاتەدا خۆشەویستەکە دەرگاکەی کردەوەو وتی: ناتوانرێت دوو تاڵەبەکرە (دەزوو) بەیەکەوە بچن بە کونی دەرزیدا، چونکە کونی دەرزی یەك کونە، هەر ئاوەهاش ئەم دەرگایە بوونی دوو کەس ڕاناگرێت، دەی مادام لە ڕاستیدا تۆ بووی بە من، کەوایە بەخێرهاتی، وەرە ژوورەوە.

❀❀❀



Scanned by CamScanner

## فەرمان بە با بکە

پیاوێك لە كاتی چێشتەنگاودا بە پەلە چوو بۆ خزمەتی سلێمان پێغەمبەر (عليه السلام)، ڕەنگی هەڵپڕوسكا بوو و ترس دایگرتبوو، سلێمان (عليه السلام) پرسیاری لێ كرد دەربارەی ئەو حاڵەی و ترسەكەی، كابراش وتی: ئەی پێغەمبەری خودا بەڕاستی عیزرائیل[1] جۆرێك سەیری كردم و سەرنجی دام هەرچی برگەكانمە لێكترازاون و ژێری لە سەرمدا نەماوە.

سلێمان فەرمووی: زۆرباشە، ئێستا چیت لە من دەوێت؟

پیاوەكە وتی: ئەی پێغەمبەری خودا تكات لێ دەكەم فەرمان بدە بە با بۆ ئەوەی هەڵم بگرێت و بمبات بۆ وڵاتی هیندستان، بەڵكو لەوێ خۆم ڕزگار بكەم، سلێمان پێغەمبەر فەرمانی بە با كرد هەڵیگرت و گواستیەوە بۆ وڵاتی هیندستان. لە ڕۆژی داهاتوودا (سبەینێ) كاتێك عیزرائیل سەردانی سلێمان پێغەمبەری كرد، سلێمان پێغەمبەر (عليه السلام) پرسیاری لێ كرد: لەبەرچی بە سەیركردن و سەرنجدانی تووڕەییەوە ئەو بەستەزمانەت ترساندووە؟

عیزرائیل (عليه السلام) وتی: بە تووڕەییەوە بۆم نەڕوانیوە، بەڵكو بەسەرسوڕمانەوە سەیرم كرد، لەبەرئەوەی بەڕاستی خودای باڵادەست فەرمانی بە من كردبوو كە لەو ڕۆژەدا لە وڵاتی هیندستان ڕۆحی بكێشم، جا كاتێك دوێنێ لەوێدا بینیم زۆر زۆر سەرم سوڕماو لە دڵی خۆمدا وتم: دەی خۆ ئەم پیاوە ئەگەر دوو باڵیشی هەبێت ناتوانێت لەم ماوە كەمەدا بگاتە وڵاتی هیندستان، كەچی كاتێك كاتی گیانكێشانی هات بینیمەوە لە هیندستانە، ئیتر لەوێ هەستام بەوەی كە خودای باڵادەست فەرمانی پێ كردبووم.

---

[1] فریشتەی گیان كێشانە



Scanned by CamScanner

# دزو خاوەنی باخەکە

پیاوێک بە نهێنی چووە ناو باخێکەوەو دەستی بە ڕاوەشاندنی درەختە بەردارەکان کرد، بۆ ئەوەی لە بەرەکانیان بخوات، خاوەن باخ گرتی و لێی تووڕە بوو و وتی: ئایا خەجاڵەت نابیت لەوەی دەیکەیت؟ ئایا ئەوە عەیب و عار نییە دەیکەیت؟ دزی بەدبەخت وەڵامی دایەوە وتی: عەیب و عار ئەوەیە تۆ دەیکەیت، چونکە بەڕاستی تۆ سفرەو خوانی خودا لە بەندەکانی دەکەیت، باخ باخی خودایەو بەرەکەشی بەری ئەوەو بخۆرەکەشی بەندەی ئەوە.

خاوەن باخ کە گوێبیستی ئەوە بوو لە دزەکە، فەرمانی بە خزمەتکارەکەی کرد بە ئامادەکردنی پەتێک، ئەمجا دزەیان بەستەوە بە قەدی درەختێکەوەو، خاوەن باخ بە دارێک دەستی کرد بە لێدانی.

دزەکە لەناو ئێش و ئازار هاواری دەکردو دەیوت: ئایا لە خودا -جلَّ جلالە- ناترسیت لە پیاوێکی بێ تاوانی وەکو من دەدەیت؟

خاوەن باخەکە وتی: دەی من چیم کردووە؟ بەندەیەک لە بەندەکانی خودا بە داری خودا لە پشتی بەندەیەکی تر دەدات، دارەکە هی ئەوە بەندەکەو پشتەکەش هەر هی ئەون، منیشم هیچ شتێک ناکەم جگە لە جێبەجێ کردنی فەرمانی ئەو -جلَّ جلالە-.

دزەکە کە گوێبیستی ئەوە بوو وتی: زۆر باشە، باشە... دان دەنێم بە گوناهەکەمداو پەشیمان دەبمەوەو دەگەڕێمەوە بۆ لای خودای باڵادەست.

❀❀❀



Scanned by CamScanner

# بەشی چوارەم

# چەند پەندو ئامۆژگارییەکی هەڵبژاردە لە مەسنەوی[1]

(1) ئەم پەندو ئامۆژگاریانە لە مەسنەویدا بە بەیتە شعر هاتوون، بەڵام لە ئەنجامی وەرگێڕانیان لە زمانی تورکیەوە بۆ عەرەبی و لە عەرەبییەوە بۆ کوردی شێوەی بەیتە شیعرەکانی لەدەست داوە



Scanned by CamScanner

Scanned by CamScanner

## تۆ گوێدرێژی یان عیسای؟

بڕوانە بۆ عیساو،

گوێ مەدە بە ئارەزووەکانی کەرەکەو

سروشتت زاڵ مەکە بەسەر ژیریدا..

تۆ کەریت و لە هەمان کاتیشدا سوارەکەیت، کەرەکە ئەو سروشتە قاڵو خاوێن نەکراوەکەتە. بەڵام ژیری و ڕۆح ئەوەیە بە هۆیانەوە کەرەکە بەڕێ دەکەیت و لێی دەخوڕیت، ئەوانە بێگومان لە عیسا ﷺ دەچن. گرنگی بدە بە عیسا نەک بە کەرەکە، وە هەرگیز فەزڵی سروشتت کە وەک کەر وایە نەدەیت بەسەر عیسادا. بەڵکو لەش و لارت بخەرە گەڕ لە خزمەتی ڕۆحنا ئەوەی هەوڵ دەدات بۆ گەیشتن بە مەبەست و ئامانجە بەرزەکان. پێویست ئەوەیە کە بەندە خزمەتی دەسەڵاتدار بکات، نەک سوڵتان خزمەتی بەندە بکات.

تۆ ئەو پۆشاکە نیت..

وای دامەنێ کە لەشو لار ئەوە نیتر مرۆڤە، چونکە ئەوە هیچ شتێك نییە جگە لە پۆشاکی ڕۆح، دەی ئایا فەزڵو بەهای مرۆڤ لە پۆشاکەکەیدایە؟ بوونی فەزڵو بەها یان نەبوونی ئەو لە ڕۆحەکەیدایە نەك لە لەشو لارەکەیدا. کەوایە چاوت و سەرنجت لادە لە پۆشاکی لەشولار بەڵکو سەیرکردنو سەرنجت جێگیرکە لەسەر ئەوەی وا لەناو ئەو پۆشاکانەدا، بڕوانەو سەرنج بدە بۆ واتا نەك بۆ شێوە، چونکە ئەگەر شێوە بەس بێت، ئەوە جیاوازی لەنێوان مرۆڤی فازڵ و بەبەهاو شەڕەنگێز و خراپدا نابێت.

***



Scanned by CamScanner

## تۆ وشتریت و ژیری ڕێنماکارە!

وشتر بەتوانایە لە هەڵگرتنی بارە قورسەکاندا، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو خۆی بۆ خۆی ناتوانێت هیچ شتێك ئەنجام بدات، بەڵکو بۆ ئەنجامدانی هەر کارێك پێویستی بە خاوەنەکەی هەیە، وشتر دوو چاوی هەیە بەڵام لە ڕاستیدا واز لەوانەی خۆی دەهێنێت و دوو چاوی خاوەنەکەی دەخوازێت و بەکاریان دەهێنێت. وشتر بەدیدەو ژیری خۆی قوربانی دەدات لەبەرئارەزووی خاوەنەکەی، بە شێوەیەك ڕوو دەکاتە ئەو شوێنەی خاوەنەکەی ئارەزووی لێیەتی، نەك ئەو شوێنەی خۆی ئارەزووی لێیەتی.

کەوایە لەشولاری تۆ بە وشتر دەچێت، بەڵام ژیریت بە خاوەنی وشترەکە دەچێت، ئەوە ژیریە لەشولار ڕێنمایی دەکات بۆ ئەملاو ئەولا جۆراوجۆرەکان. لەبەرئەوە شوێن ژیریەکەت بکەوە نەك شوێن لەش و لارت، بەڵام ئەوە بزانە پێغەمبەران -علیهم السلام- و ئەوانەی بەندەی ڕاستەقینەی خودان و خۆیان تەنهاو تەنها بۆ ئەو یەکلا کردۆتەوە، ئەوانە کرۆکی ژیریەکانن بە شێوەیەك ئەوان ڕێنمایی ژیریەکانی تر دەکەن. ژیریش ئەو کەسە ملکەچ دەبێت بۆ ژیری بۆ گەیشتن بە ژیریەکی پایە بڵند نەك تەنها بۆ ژیری خۆی.

## ئای ئەوە چ نابینایەکە!!

بیناو نابینا لەسەر چەند جۆرێکی زۆرن. ئای بۆ ئەو چاوەی گەردیلە دەبینێت بەڵام خۆر نابینێت، دوور دەزانێت بەڵام نزیك لەیاد دەکات! کارگەلێکی بێ بەهاو بێ نرخ هەست پێدەکات، بەڵام کارگەلێکی بەهادارو بەنرخ پشت گوێ دەخات.. بەدیهێنراوەکان بە نیسبەت بەدیهێنەرەوە بچووکترە لە گەردیلە. کەوایە نابینایی ڕاستەقینە بینینی بەدیهێنراوەکانەو بێ ئاگاییە لە بەدیهێنەر.



Scanned by CamScanner

## بەهای شەکر چییە لەلای گوێدرێژ؟!

هەموو بەهرەیەك لەلای کەسی خۆی خاوەنی بەهایە، ئەوەتا شەکر خاوەنی بەهاو نرخێکی تایبەتیە لای مرۆڤ، بەڵام لای گاو کەرو گوێدرێژ هیچ بەهاو نرخێکی نییە، لەبەرئەوەی لە ڕاستیدا ئەوانە توانای چەشتن و تامکردنی شەکریان نییە، جا ئەو بەهرەیەی دەبەخشرێتە کەسێك کە شایستەی نەبێت، ئەوە وەك پێشکەش کردنی شەکرە بە گوێدرێژ، کەوایە ئاستی تام وەرگرتن بۆ هەر مرۆڤێك بەپێی لێهاتوویی و توانای سوود وەرگرتنیەتی لەو بەهرەیە.

## ئایا وێنەی ماسی ئاو دەخواتەوە؟

ئاو بۆ ماسی بێگومان ژیانە. وشکانیش لەناوچوونە بۆی، دەی ئەگەر تۆ هاتیت وێنەی ماسییەکت لەسەر پارچە کاغەزێك دروست کرد، بێگومان ئەوەی تۆ دروستت کردووە هیچ ئاگایەکی لە بارەی ئاوو وشکانییەوە نییە، کەوایە لێکچوون لەنێوان ئەو ماسییەی تۆ دروستت کردووەو ئەوەی کە زیندووە تەنها لە شێوەدایە، هەر ئاوەهاش زۆربەی خەڵکی لە مرۆڤایەتی و مرۆڤ بوون هیچیان نییە جگە لە شێوەی نەبێ. خۆ ئەگەر لە دەرەوەو بە ڕواڵەت سەیرت کردن و بۆت ڕوانین، ئەوە بێگومان بە مرۆڤ دەیان بینی چونکە خاوەنی چاوو گوێ و زمان و هەموو شێوەیەکی مرۆڤن، بەڵام لە ڕاستیدا لەش و لاری ئەوانە لوتێکیان نییە بۆنی خێرو چاکە بکات، وە چاوێکیان نییە خێرو چاکەو جوانی ببینن، هەروەها گوێیەکیان نییە قسەو وتەی چاك ببیستن.

***



Scanned by CamScanner

## ترازو چیایەک کێشانە ناکات!

هیچ ترازوویەك نییە بتوانێت چیایەك بکێشێت! کەسی فاشیل و بەزیو لە ژیاندا ئەو کەسەیە هەوڵی ئەوە بدات چیایەك بە ترازوو بکێشێتو وەزن بکات، ئەی ترازووی زێری ئەو لەخۆڕازییەی (المغرور) سنووری خۆی نازانێت! بیربکەوە تۆ لە کوێیت لەچاو ئەو توانایەی وەزنی چیایەکی ڕاستەقینە دەکاتو دەیکێشێت؟! خۆ بەڕاستی ئەگەر تۆ بچیتە ژێر ئەو چیایە بۆ ئەوەی وەزنی بکەیت و بیکێشیت، ئەوە هیچ شوێنەوارێك لە تۆ نامێنێتو بە تەواوی لەناو دەچیت. کەوایە بەڕاستی بێ دەسەڵاتی خۆت بزانەو لە سنوری خۆت لامەدە. زیا پاشای شاعیر دەڵێت:

داوا نەکراوە لە زێرەیەکی بچووک دەرك و زانینی بڵندیەکان (المعللی)

لەبەرئەوەی بەڕاستی ئەو ترازووە، ناتوانێت وەزنی ئەو قورسییە بکات..

## ئایا شەکر دەبێت بە نان؟

لێکچوونی دەرەکیو ڕواڵەتی، لێکچوون لە ئاخدا ناگەیەنێ، بۆ نموونە ئەگەر تۆ لە شەکر نانت دروست کرد، بێگومان تامەکەی تامی نان نابێت، بەڵکو تامەکەی هەر بە تامی شەکر دەمێنێتەوە، جا بۆ ئەوەی بزانیت ئەوەی کە دەتەوێت بیخۆیت نانە یان شەکرە پێویستە لەسەرت کە تامی بکەیت و لێی بچێژی، لەبەرئەوەی بەڕاستی چاوبەس نییەو توانای تامکردنو چەشتنی نییە. کەوایە هەموو ئەوەی دەیبینی لە شێوەو وێنەی مرۆڤدا وای دامەنێ لە ڕاستیدا مرۆڤە، لەبەرئەوەی بەڕاستی ئەم دونیایە لێوان ڕێژە بە پیاوانێك بە پۆشاکەوە، هەروەها بە پۆشاك گەلێکەوە بەبێ پیاوان.



Scanned by CamScanner

## کەسی پێگەیشتوو و تێگەیشتوو و کەسی گەندەڵ و گەمژە

ڕێگای بەکارهێنان و خستنەگەڕی تواناکان لە جیاوازەکانە لەنێوان کەسێکی پێگەیشتوو و تێگەیشتوو و کەسێکی گەندەڵ و گەمژە، کەسی پێ گەیشتووی تێگەیشتوو ئەگەر دەست بدات لە گڵ دەیگۆڕێت بۆ زێڕ، هەروەها لە شەڕو خراپە خێرو چاکە وەدەردەهێنێت، وە ئەوەی لە تواناڵدا نییە بکرێت دەیگۆڕێت بۆ کردن، ئەو لە ڕاستیدا بۆنی لاکە تۆپەو ناکات، بەڵکو سەری دەسوڕمێنێت لە دانە درەوشاوەکانی، بەڵام کەسی گەندەڵ و گەمژە دەست بدات لە زێڕ دەیگۆڕێ بۆ خۆڵەمێش، هەروەها ڕەشبینیو خراپەکان بەسەر دەوروبەریدا بڵاو دەکاتەوە. وە کاتێك ئەو جۆرە کە بکەوێت کەسانی دیکەش لەگەڵ خۆی ڕادەکێشێت تا لەگەڵیدا بکەون، لەبەرئەوە لە ڕاستیدا ئەو بەهای ڕاستەقینەی شتەکان نازانێت، بەهای مرۆڤێکی بەڕێزی پێ گەیشتووی تێگەیشتوە، ئەوەی کێشی کێشی زێڕە، لەلای ئەو کەمترە لە فلسێك[1] ئەو کەسە لە هەر شوێنێك بێت ڕسوایە.

## زانست وەك موسەویلەکەی سلێمانە ﷺ

زانست لەلایەنی ڕاستەقینەی و هێزو توانایەوە لە موسەویلەکەی (ئەڵقەی دەست) سلێمان ﷺ دەچێت، چونکە لە ڕاستیدا ئەو موسەویلەیە بوو سلێمان کرد بەو سلێمانەو وای لێکرد وڵاتەکەی بەڕێوەبەرێت، جا بەڕاستی هەموو شتێك لە دونیادا دەگەڕێتەوە بۆ زانست و زانیاری، کەوایە بەڕاستی ئەم عالەمە لەش و لارەو (الجسد) زانستیش ڕۆحەکەیەتی.

---

[1] فلس ١ - ١٠٠٠ دینارێکە، واتە دینارێك هەزار فلسە. ئێستا لەبەر بەهایی کاری پێناکرێ.



Scanned by CamScanner

## ئەوەی بە هەرزان بکڕێت بە هەرزانیش دەفرۆشێت!

بەهاو نرخی هەر شتێک بە ئەندازەی ئەوەیە پێی کڕاوە یان لەبری دراوە، لەبەرئەوە ئەوەی بە میرات لە باوک و باپیرەوە بەدەست دەکەوێت بەهاو نرخی نییە، چونکە بەڕاستی ئەوەی بە نرخێکی کەم و بێ بایەخ شتێکی دەست بکەوێت، ئامادەیە کە بیفرۆشێتەوە بە نرخێکی کەم و بێ بایەخ، بۆ نموونە ئەو منداڵەی پارچە زێڕێک لە سەر ڕێگا دەدۆزێتەوە، لەبەرئەوەی بەهاو نرخەکەی نازانێت، ئامادەیە بیگۆڕێتەوە بە نانێک! دەی تۆ ئەگەر دەتەوێت نرخ و بەهای ئەو پارچە زێڕە بزانیت برۆ پرسیار لە زەڕنگەر و فرۆشیاری زێڕ بکە. ڕاستییەکە ئەوەیە کە تۆ ئەو منداڵەی، پارچە زێڕەکەش ئەو دینەیە بەبێ تێکۆشان لە باب و باپیرتەوە وەرتگرتووەو بۆت بەجێ ماوە، لە ڕاستیدا ئەو پارچە زێڕە ئامادەکراوەت لە بێشکەکەتدا دیوەتەوە بەبێ گەڕان و هیلاک بوون بە دوایدا، هەر ئەوەش ئەو هۆکارەیە کە نرخی نازانیت.

## ئایا ڕووناکی پیس و چلکن دەبێت؟

ئەگەر ڕووناکی خۆر کەوتە سەر پیس و چەپەڵییەک ئایا ئەو ڕووناکییەی خۆر بەوە پیس و چلکن دەبێت؟ بێگومان نەخێر، کەوایە هەرکەس سروشتی وەک سروشتی خۆر بێت، تێکەڵاوی و دانیشتنی لەگەڵ گەمژەو بەد ڕەوشتاندا زیانی پێناگەیەنێت، چونکە هەر چۆن کە خۆر ڕووناکییەکەی لە بەرزایی ئاسمانەوە دەکەوێتە سەر زەوی، ئاوەهاش بەڕاستی پلەوپایەی پیاوانی دەست ڕەو و خۆلایەککەرەوە لەگەڵ خودای باڵادەستدا. پلەو پایەیەکی بەرزە، بە گەڕانیان لەنێو خەڵکدا و تێکەڵاویان لەگەڵیاندا، ئەو پلەو پایەیان دانابەزێت و لەکەدار نابێت.



Scanned by CamScanner

## ئایا مۆم لە ڕۆژدا دادەگیرسێت؟

ئەگەر تۆ لە نیوەڕۆدا مۆمێکت داگیرساند ئەوە بەڕاستی بەلگەیە لەسەر ئەوەی کە تۆ دەڵێیت: ((بەڕاستی من نابینام و نابینم)) شەمشەمە کوێرە چ سوودێک دەبینێ لە ڕووناکی خۆر؟ بێگومان ئەو نەبینین ناداتە پاڵ خۆی بەڵکو دەیخاتە ئەستۆی خۆر، ئەی ئەو مرۆڤەی دەتەوێت بە مۆمی زێڕی ڕووناکی بەدی بکەیتەوە تا ڕێگای ڕەوانی پێ بەدی بکەیتەوە پاش ئەوەی کە خۆری نیگا هەڵهاتووە! ئەوە بزانە عەیبو کەمو کوڕی لە ڕووناکی خۆرەکەدا نییە، بەڵکو کەم و کوڕی لە چاوەکانی تۆدایە!

بە بۆچوونی ڕۆمیش: ئەوەی تۆی نابینا سوودی لێ وەردەگریت لە خۆر تەنها گەرمییەکەیەتی.

بۆ نابینا ناکرێت هیچ بەشێکی هەبێت لەو ڕووناکیەی خۆر کە هەموو جیهان ڕووناک دەکاتەوە، بۆیە هەموو بەشی لە خۆر تەنها ئەو گەرمایەیەتی کە کاتێک تیشکی خۆرەکە لێی دەدات و هەستی پێدەکان، خۆر سوودو کەڵکێکی هەیە کە هەژمار ناکرێت، دەی دەکرێت تۆ تەنها وەك ئاگردانێك سەیری بکەیت؟ ئەوە ئەوەیە کەسێك دەیکات کە زێڕ نەبێتو بێ هەست و زانست بێت.

بە ڕاستی ئەو کەسە هەموو شتێکی بەنرخ دادەبەزێنێت بۆ ئاستی خۆی، بۆیە خۆر بە ئاگردان و زێڕ بە مس حساب دەکات.

## زێڕی بێگەرد ئارەزوومەندی خۆرە

شەو فرسەتێکی باشە بۆ زێڕی ساختەو بەدبەختیە بۆ زێڕی پوختەو بێگەرد، چونکە بێگومان لە تاریکی شەودا خێرو چاکە تێکەڵ بە خراپە دەکرێت، وە زێڕی



Scanned by CamScanner

ساختە تێکەڵ بە زێڕی پوختەو بێگەرد دەکرێت. زێڕی ساختە ئاواتەخوازە کە تاریکی شەو بەردەوام بێت و کۆتایی نەیەت بۆ ئەوەی ساختەییەکەی نەکەوێتە بەرچاو و ئاشکرا نەبێت، بەڵام بە پێچەوانەوە زێڕی پوختەو ڕاستەقینە هەمیشە عاشق و ئامەزرۆی ڕۆژە، بێگومان لەبەرئەوەی بێگەردی و پوختەییەکەی باش دەردەکەوێت و لە زێڕی ساختەکراو جیا دەکرێتەوەو بەهاو نرخەکەی دەناسرێت، جا بەڕاستی شەو ئەوە دونیایە، ڕۆژیش ئەوە دواڕۆژە..

دیارە بێگومان لەم دونیایەدا ڕاستی بە ئارەواو چاکە بە شەڕو، ستەم بە دادپەروەری تێکەڵ دەکرێت. بەڵام لە ڕۆژی حساب کردندا (الآخرة)، بەڕاستی ئەو ترازوە دادەنرێت کە بەهای هەموو مرۆڤێکی یەک بە یەک پێ دەناسرێت. جا بەڕاستی ئەو ڕۆژە ڕۆژی خاوەن دڵانی زێڕینی ڕاستەقینەو بێگەردە، نەک زێڕی ساختە.

## کێ بێدەنگ دەبێت و کێ دەدوێت؟

ڕووباری هاژەدار زمانێکی بەو ڕاستیانە دەدوێت کە دەیگاتێ، بەڵام لە ڕاستیدا دەیبینی بەردەوام هاژەی دێت لەبەرئەوەی بەڕاستی هێشتا نەگەشتۆتە شوێنی مەبەستی.

کەچی ئەو دەریایەی کە کۆتاییە بۆ سەرجەم ئاو و ڕووبارەکان، دەبینی لەسەرخۆو بێ هاژەو بێدەنگە! لە ڕاستیدا ئەوە لەبەرئەوەیە ڕێگا لەبەردەمیدا نەماوە. واتە بێگومان ئەگەر ڕاستی و حەقیقەت بێدەنگیش بکرێت هەر بە زمانی حاڵی خۆی هەر دەدوێت و هاوار دەکات، کەوایە تۆ گوێ مەگرە بۆ ئەوەی دەوترێت، بەڵکو بڕوانە بۆ ڕاستی و حەقیقەت هەروەها چاودێری ڕووبار مەکە، بەڵکو چاودێری دەریا بکە.



Scanned by CamScanner

## زانست و زانیاریەکەت تەنها بۆیەیە

بێگومان دوو جۆر لە جوانیو دوو جۆر لە زانست هەیە، لە ڕاستیدا دەمو چاوی جوانو ڕازاوە بە میکیاج لە یەکەم شۆردنیدا لەسەر شێوەی ڕاستەقینەی خۆی دەردەکەوێت، کاتێک کە بۆیەکانی لێ دەبێتەوە، بەڵام جوانیو ڕازاوەیی ئەو دەمو چاوانەی خودا جوانو ڕازاوەی کردون ئەوە هەر بەردەوامەو لاناچێت.

هەر ئاوەهاش زانستو زانیاریش، لە ڕاستیدا زانستو زانیاری دروست هەیەو، زانستو زانیاریەکیش هەیە وەك بۆیەکانی ڕازاندنەوەیە، جا بەڕاستی زانستو زانیاری هاتوو و وەرگیراو لە نیگای خوداییەوە ئەوە دروست و مانەندەیە (الباقي)، بەڵام زانست و زانیاری وەرگیراو و بەدەست هێنراوە لە پەڕاوو مامۆستاکانەوە بەبێ باش هەرسکردنو تێگەیشتن ئەوە بێگومان لە بۆیەکانی ڕازاندنەوە دەچێت، ئەمڕۆ هەیە بەڵام بەیانی (سبەینێ) نییە، ئەم چرکەساتە هەیەو چرکەساتێکی دیکە نامێنێت و کاڵ دەبێتەوە! کەوایە داوای جوانی بەردەوام و زانست و زانیاری ڕاستەقینە بکەو، بەدوای ئەواندا بگەڕێ.

## واتای ژیرییەتی

ژیرییەتی ئەوە نییە کە تۆ هەموو شتێك بزانیت، چونکە ئەوەتا بەڕاستی ژیری نەخۆشی ناتوانێت شیفای خاوەنەکەی بدات و چاکی بکاتەوە، بەڵام بەلای کەمەوە دەتوانێت خاوەنەکەی ڕەوانە بکات بۆ لای پزیشك، چارەسەریش ئەرکی پزیشکە، بەڵام ئەوەندە هەیە کە هەموو نەخۆشێك ناتوانێت ڕێگای چوون بۆ لای پزیشك بەدی بکات و بیدۆزێتەوە، دەی کەوایە تۆ ئەگەر پزیشك نیت، ئەوەندە ژیری بوونە بەس بێت بۆ دۆزینەوەی پزیشکی پێویست و پسپۆڕ.



Scanned by CamScanner



## سۆفی ڕادەکات کەچی ئەو هەر لە شوێنی خۆیەتی

کەسانێکی زۆر وا دەردەکەوێت کە بەڕاستی ئەوان ڕادەکەن کەچی ئەوان لە ڕاستیدا لە شوێنی خۆیاندا ڕاوەستاون، کەسی وا هەیە وا دەردەکەوێت ڕادەکات کەچی ئەو ڕاوەستاوە، بۆ نموونە کەسێك دەبینی لە کەشتیدا ڕاوەستاوە، بەڵام کەشتییەکە ئەوەتا خێرا دەڕوات بۆ گەیاندنی بە ئامانجی دیاریکراو، ئەوەش بایە پاڵ بە کەشتیەکەوە دەنێت و خێرای دەکات، کەوایە تۆش هەستە بە کردنەوەی چاروکەکەت و لێوان ڕێزی بکە بە بای عیشق بۆ ئەوەی بتگەیەنێت بە خۆشەویست. جا بەڕاستی ئەگەر تۆ سواری ئەو جۆرە کەشتیە بوویت دڵنیابەو مەترسە لە وەستان لە شوێنی خۆتداو، هەروەها مەترسە لە تیاچوون لە ڕێگادا، واتە ئەگەر تۆ گوێڕایەڵی ڕێنماکار (مُرشد) بانگخوازە ڕاستەقینەکەت بیت دڵنیابە دەگەیتە ئامانج بە خۆشەویستت[1] شکۆمەند دەبیت.

## لەسەر سفرەی شێر برسی نابیت

ئەی ئەو کەسەی سروشتی وەك سروشتی ڕێویە! تۆ لەسەر سفرەی شێریت، دەی ئایە سفرەکەی ئەو خاڵییە لە گۆشتی بەلەرەت؟ ج نێچیرێك لە چنگی شێر دەردەچێت و ڕزگاری دەبێت، تا وا لە تۆ بکات بترسیت لە برسیەتی لەسەر ئەو سفرەیە. ئەوەتا تۆ لەسەر ئەو سفرەی کەچی چاوەکانت ئەملاو ئەولا دەکەن دەگەڕێن لە لاکێك لە دەرەوە. ئەوە بەڕاستی ڕێز نەگرتنە لە خاوەنی سفرەکە، دەی ئەگەر خۆراگریت نییە لە چاوەڕێ کردنی گۆشتی ئەڕو ئازەدا، بەڕاستی هەستەو ئەو سفرەیە بەجێ بهێڵە بۆ ئەوەی شێرەکە تۆمەتبار نەکەیت.

---

(١) خۆشەویست لێرەدا زاتی ئەڵڵایە -جل جلاله-



Scanned by CamScanner

## قەساب لە مەڕ ناترسێت

ناکرێت کە مەڕ جێگەی مەترسی بێت بۆ قەساب، چونکە لە ڕاستیدا قەساب لە زۆری مەڕەکان ناترسێت بەڵکو پێیان دڵخۆش دەبێت، کەوابوو بەڕاستی گرنگ لێرەدا لێهاتوویی و کارامەیی قەسابەکەیە، چونکە ئەگەر قەسابەکە لێهاتوو و کارامە بوو مەڕەکان هەرچەند زۆربن بەلایەوە گرنگ نییەو، بە ئاسانی هەموویان سەردەبڕێتو کەوڵیان دەکات.

هەر ئاوەهاش ئەستێرەکان هەرچەند ژمارەیان زۆر بێت، بەڕاستی توانای ڕاوەستانیان نییە لەبەردەم خۆرداو خۆیان پێ ڕاناگیرێ. لەبەر ئەوە بەڕاستی هێزو توانای ڕاوەستاوان دژی حەق بە دەستان و پیاوانی، ئەوە وەک توانای مەڕەکانە لە بەردەم توانای قەسابدا.

## لە شوێنی دروستدا بگەڕێ

کەسی ژیری بە سەلیقە ئەو کەسەیە لە شوێنی دروستدا دەگەڕێ بە شوێن ئەو شتەدا کە دەیەوێت، چونکە بەڕاستی ئەگەر تۆ هەزار سندوق بکەیتەوە لوئلو[(1)] بەدەست ناخەیت و نای بینیت، لەبەرئەوەی ئەو لە قوزاخەکەی خۆیدایە (صدفها)، کەوایە بەدوای لوئلوئی زانستدا لەلای ئەو زانایانە بگەڕێ بوونەتە قوزاخەی (صدف) لوئلوئەکان، جا بەڕاستی ئەگەر قوزاخەکە (الصدف) نەکەیتەوە نازانیت ئایا لوئلوئی تێدایە یان نا. دەی زاری زانایانی هەڵگری لوئلوئەکانی زانست دەقاو دەق وەک قوزاخەی (صدف) لوئلوئە. جا مادام وایە هەوڵ بدەو تێبکۆشە کە ئەو زارانە بکەیتەوە تا لوئلوئەکان دەربکەون و بکەونە بەرچاو.

---

(1) لوئلو لە شێوەی سێ گۆشەدایە لە قوزاخە (الصدف) دایە لە دەریادا لەناو ئاودا.



Scanned by CamScanner

## ئایا حەوانەوەو سەرفرازی
## دەتوانریت بەدەست بیت لە ژێر سێبەری ژیریدا؟

دروستە بێگومان سێبەر خۆر بەجێ ناهێڵێ‌و لێی جیانابێتەوە، بەڕاستی ئەو دوانە لەسەرەتای بوونیانەوە دەست لەملانی یەکن‌و بەیەکەوەن. بەڵام ئایا تواناو هێزی خۆر لەگەڵ هی سێبەردا وەک یەکە؟ خۆر ڕووناکی دەدات و سەرچاوی خۆراکە بۆ سەوزەکان و هۆکاری ئەشونمایەو گەرمی دەداتو. هێز، کەچی سێبەر لە ڕاستیدا هیچ شتێك لەوانەی لە توانادا نییە، هەروەها ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین ژیری لە توانای خودای باڵادەستەوە -جلَّ جلالە- سەرچاوەی گرتووەو هەڵقوڵاوە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو بەنیسبەت خوداوە -جلَّ جلالە- وەك سێبەرە، دەی کەوابە ئەی ئەو کەسەی هەڵخەڵەتاویت بە ژیریت و، لەخۆت ڕازیت و چاوت سورکردووە! سنوری خۆت بزانەو ململانێی خۆر مەکە.

## لە خودا -جل جلالە- بترسە
## تا جگە لەو هەرچی هەیە لێت بترسن..

خودای باڵادەست -جلَّ جلالە- هەیبەت و ڕێز و ویقارێکی وەها دەبەخشێت بەو کەسەی تەنها لەو دەترسێت، کە ئاسمان و زەوی لێی بترسێت. بەڕاستی ئەوەی لە زاتی ئەللا -جلَّ جلالە- بترسێت ڕزگاری دەبێت لە هەموو ترس و بیمێك، وە هەروەها هەر کەس لەو پەناگا، واتە ترسان تەنها لە زاتی ئەللا -جلَّ جلالە- بێ بەش بێت، ئەوە هەموو جیهان بە دوژمنان دەبینێتو، وا دەزانێت هەموو دوژمنی ئەون.



Scanned by CamScanner

## پۆشاک بەپێی لەش و لارە

فەرموویەتی: (بەڕاستی لوتف و بەخششەکانی من بەپێی ئەوەیە مرۆڤ شایستەیەتی).

منیش پۆشاک دەبڕم و جیادەکەمەوە بەپێی لەش و لارەکان. ئەی داخوازیکاری بەهرەکان زیاتر لەوەی پێت بەخشراوە! دڵنیابە لوتف و بەخششی خودایی بەپێی شایستەیی هەر مرۆڤێکە، جا هەرچۆن کە بڕین و جیاکردنەوەی پۆشاکی درێژ بۆ کورتە باڵا بەهرەو نیعمەت بێت، ئاوەهاش بەخشینی بەهرەی زیاتر لەوەی مرۆڤێک شایستەیەتی بەهرەو نیعمەت نییە بەڵکو نەهامەتییە. بەڕاستی ئەوە وەك دانانی مرۆڤێکە کە سواری نازانێت لەسەر زینی ئەسپێکی کەحێلەی بە هەڵمەت، بێگومان لەو حاڵەتەدا ئەو مرۆڤە هەرچەند خۆیشی ڕابگرێت پاش ماوەیەك لەسەر زینی ئەسپەکە دەکەوێتە خوارەوەو، بە توندی پەشیمان دەبێتەوە لەو سواربوونەی.

## شوێن بکەوەو ئاڵوگۆڕ مەکە

ئەی ئەو کەسەی گوێ نادەیت! وتەی خودایی ئاڵوگۆڕو دەستکاری مەکە - وتەی خودایی پێویستە بە هیچ جۆرێك دەستکاری نەکرێت و ئاڵوگۆڕ نەکرێت- بەپێی ئارەزووەکانی تۆ، بەڵکو تۆ ئەگەر دەتەوێت سەرفرازو سەرکەوتوو بیت دەوەرە ئاڵوگۆڕی باش لە خۆتا بکە، وەرە تۆ شوێن قورئانی پیرۆز بکەوە، هەوڵی ئەوە مەدە قورئان شوێن تۆ بکەوێت و بەپێی ویست و ئارەزووی تۆ بێت. چونکە بەڕاستی هەوڵی تۆ بۆ ڕاستکردنەوەی قورئان -خوا پەنامان بدات لەو کارەت- کارێکی قێزەون و بێ مانایە. بەڕاستی لەو هەوڵەی تۆ بێ ماناو قێزەونتر نییە کە دەیدەیت بۆ چارەسەر کردنی پزیشکێك کە هاتووە بۆ چارەسەری تۆ.



Scanned by CamScanner

## ئەی فرۆشیاری ترش و تاڵی

ئەی ئەو بەندەیەی بەردەوام بە ڕوویەکی ترش و تاڵەوە سوپاسی پەروەردگاری دەکات، دەی ئەگەر سوپاسگوزاریت بۆ بەهرەکانی پەروەردگار ئەوە بێت، ئیتر بەڕاستی ئەبێت کامە بێت ئەو ڕێگەیەی تۆ سوپاسی پێدەکەیت؟!

گوێبیستی وتەی شاعیر بە کاتێک سڵاوی لێدەکرێت بە ڕوویەکی ترش و تاڵەوە:

سڵاوەکەتمان گێڕایەوە بۆ ڕووە ترش و تاڵەکەت

بۆ ئەوەی ڕووت کەمێک پێ بکەنێتو سوپاس بکرێت

ئەگینا سوپاسەکەت وەردەگرن و بەڕاستی دەیدەنەوە بە ڕووە تاڵەکەتدا.

## چۆن لەدەست خۆم هەڵبێم؟

بەڕاستی ئەوەی دوژمنێکی هەبێت دەتوانێت کە لە دەستی هەڵبێت. بەلام لە ڕاستیدا حاڵ و وەزعی من تەواو جیاوازە، لەبەرئەوەی کە هەڵهاتوو منم و ڕاونەکەریش هەر خۆمم. بەڕاستی من بوومەتە دوژمن بۆ خودی خۆم و ڕێگام لەسەر خۆم بڕیوەو داخستووە..

لایەنێکم ئامەزرۆیە بۆ چاکە کردن و لە هەوڵایە بۆی، لەولاوە لایەنەکەی دیکەم لە کەمیندا بۆی وەستاوەو دەیەوێت ڕێگای لێ بگرێت و چاوەشەی بکات و نەیەڵێت چاکە ئەنجام بدات. هیچ شتێك خاوێنم ناکاتەوە، نە ڕۆچوون و دابەزین بۆ قوڵایی دەریاو نە بەرزبوونەوە بۆ ئاسمان. ئەی ئەبێت مرۆڤ چۆن بتوانێت لەدەست خودی خۆی هەڵبێت؟ کەوایە دیارە بەڕاستی ئەگەر خودی خۆم و ناخی خۆم چاك نەکەم، ئەوەتا ڕۆژی ڕەستاخێز ڕزگارم نابێت لەو هەڵهاتن و ڕاونانە.



Scanned by CamScanner

## ژیری بە تەمەن نییە بەڵکو بە پێگەیشتنە

ژیری و زانیاری مرۆڤ بەرهەمی ساڵانی تەمەنە، جا بۆ ئەوەی گەنجینەی ژیری لێوان ڕێژ ببێت، پێویستی بە تێپەڕبوونی ساڵانو کات گەلێکی زۆری درووێنە هەیە. سپی بوون لەمو و ریشی مرۆڤدا ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە بەڕاستی ئەوە گەواهیدەری شتی زۆرو، پڕبوونی گەنجینەی ژیریە بە ئەزموون و زانیاری گەلێکی بێ شومار، بەڵام لەڕاستیدا ئەگەر فێربوون لە نیەتی مرۆڤدا نەبێتو، هەستابێت بە داخستنی دەرگاکانی گەنجینەی ژیری، ئیتر بەڕاستی دەبێت ساڵەکان و ئەو کاتانەی درووێنە کە تێپەڕی بوون چ سوودێکیان گەیاند بێت؟

مرۆڤێک نییە تەمەنی بە ئەندازەی تەمەنی ئیبلیس (شیطان) بێت، بەڵام دەی ئەوەتا بەردەوام لە هەمان نەفامی و ئەو کوفرو بێ باوەڕییە ڕەشەدایە کە لەسەرەتادا لەسەری بووە! کەوایە بەڕاستی تۆ بەپێی ساڵەکانی تەمەنت شایان و شایستە بە لە ڕووی ژیری و زانستەوە، نەکەی موو و ریشی سپیت گەواهیدەری درۆ بن.

## ژیری ڕاگرە (مرساە) بۆ تۆ

کەشتی بەبێ ڕاگر شەپۆل و گێژەڵۆکەکان ئەملاوئەولای پێدەکەن و نازانێت لە کوێدا دەگیرسێتەوە. هەروەها ڕاگری مرۆڤ لەبەرامبەر گێژەڵۆکەو ڕەشەباکانی ئەم دونیایەدا ژیرییەکەیەتی. جا کەوایە هەوڵ بدەو تێبکۆشە کە خاوەنی ژیرییەکی باش بیت بۆ ئەوەی بەلای ڕاست و چەپدا نەکەویت و، ئەو ڕەشەباو گێژەڵۆکانەی دونیا یاریت پێنەکەن.



Scanned by CamScanner

## ئەو شوێنەی ژیری تیایدا سوود ناگەیەنێت

ژیــری پێشــەنگ و پێشــەوایە جگــە لــە ڕێگایەکــدا نــەبێت کــە بــۆ لای خۆشەویست[1] بچێت، تامەزرۆیو عیشق، ئەو دووانەن عاشق دەگەیەنن بۆ لای خۆشەویست. ژیری پێت دەڵێت: پەلە مەکە، بوەستە، بیر بکەوە، بەزەییت بە خۆتدا بێتەوە.. بەڵام عیشق و تامەزرۆیی فەرمانت پێدەکەن بە مردن لە ڕێگای خۆشەویستدا. جا بەڕاستی ئەگەر بە ژیری قوربانیت دا لەو ڕێگایەدا ئەوە خۆشەویست باشترو بەنرخ تر لەوەت پێدەبەخشێت، هەروەها لەجیاتی یەک ژیری هەزار ژیریت پێدەبەخشێت، وە تەمەنێکی نەبڕاوە لەبەرامبەر یەک تەمەندا! دەی ئایا ئەوە ژیرایەتی نییە؟

## ئەگەر پەنجەرەکەت نەکەیتەوە
## چۆن ڕووناکی دەچێتە ژوورەوە؟!

ئەی بەستەزمان! تۆ لەلایەکەوە پەنجەرەکەت دادەخەیت و پاشانیش بەوەش داناکەویت پەردەشی بەسەردا دادەدەیتەوە، پاش ئەوە لەولاشەوە بەهیوای ڕووناکی مانگی! مانگی چواردە لە جەرگەی ئاسماندا دەدرەوشێتەوە، بەڵام سوودی چییە بۆ تۆ ئەگەر تۆ ڕێگە نەدەیت بە هاتنە ژوورەوەی ڕووناکییەکەی بۆ ژوورەکەت.. دەی ئەگەر بەڕاستی مەبەست ویستەکە بە ڕووناکی ئیمان لە شەوی ئەم دونیایەدا ڕووناک بێتەوە، وەرە بەڕاستی پەنجەرەی دڵت بۆ حەق (زاتی ئەللا -جلَّ جلالە-) و حەقیقەت (بەندایەتی و پەیوەندی ڕاستەقینەیی) لەگەڵیدا بکەرەوەو، پەردە لەسەر چاوەکانت لابدە.

---

[1] مەبەست لە خۆشەویست (الحبیب) لێرەدا خودای باڵادەستە.



Scanned by CamScanner

## بیسەرێکی باشبە زمانت دەکریتەوە!

پرسیارو وەلام چەشنێکە لە کڕین و فرۆشتن، چەشنێکە لە نواندنی شمەك و داخوازی لەسەری، چونکە بەڕاستی زانیاری دەربارەی وابەست و پەیوەندە بە داخوازی لەسەری، ئاوەها هەر شمەکێك داخوازی نەبێت ئەوە شمەکێکی بێ بەهاو فەوتاوە.. ئەوەی هانی وتاربێژ دەدات لەسەر قسەکردن ئەوە تامەزرۆی بیسەران و عیشق و بەهێزی ئارەزومەندیانە. وە هەتا شیر لە گواندا بەپێی کارامەیی دەستی شیردۆش زیاد و کەم دەکات.

زاریش بەپێی زمان دەدوێت و قسە دەکات. چونکە بەڕاستی تامەزرۆیی بیسەران، وتاربێژی گەمژەو نەزان دوو، دەگۆڕێت بۆ بولبولێکی چریکە خۆش و بڵندو بڵاوکەرەوەی لوئلوء گەل. کەوایە با هەموو گیانت گوێ بیستن بێت بەرامبەر کاروباری باش بۆ ئەوەی زمانی حیکمەت و دانایت وشك نەبێتەوە.

## بۆ کوێ دەڕۆیت؟

زۆرێك لە خەڵکی دوور لە شتێك دەگەڕێن کە نزیکە لێیانەوە. گەنجینەکە لەژێر لاشیپانی دەرگاکەیەو نزیکە لە خۆیەوە، کەچی سوربوون و کەم خۆڕاگری هانی ئەو مرۆڤە دەدات بۆ سەفەرکردن بۆ شوێنێکی دوور بۆ گەڕان بەدوایدا. هەروەها لەگەڵ ئەوەدا کە پزیشك لێوەی نزیکە، کەچی لەملاو لەولا بۆی دەگەڕێت، لەڕاستیدا ئەو تیرەکەی بۆ ڕلوناهاوێژێ، بەڵکو بۆ ئەوەی دەهاوێژێ کە تیرەکەی نایگاتێ، جا هەر ئاوەها سەرمایەی تەمەنی هەڵدەڕێژێ و بڵاوەی پێ دەکات تا با بەربادی بکات، جگە لە شەکەتی ڕێگا هیچی لەدەستدا نامێنێ.



Scanned by CamScanner

## مرۆڤی دووجار لە دایک دەبێت!

هەموو مرۆڤێک لەم دونیایەدا یەکجار لە دایک دەبێت، بەڵام ڕاستڕەوان و شوێنکەوتووانی حەق و ڕاستی ئەوە دووجار لەدایک دەبن. لەدایکبوونی یەکەم دەبێت سەبەب و هۆکارەکانی هەبێت، چونکە بەڕاستی لەدایکبوون نییە بەبێ دایکو باوک هەروەک دەیبینین لە ژیاندا، بەڵام بەڕاستی ئەو لەدایکبوونە لە دایکبوون دەچێت لەناو بەندیخانەدا، جا لەوێدا لە جیهانی هۆو هۆکارەکاندا کۆمەڵە قەفەزێك هەن لە ئامار نایەن و نازمێررێن دەوری مرۆڤیان داوە، ئەمجا پاش ئەوە هەندێك لە ڕاستڕەوان و خاوەن حەق و ڕاستی لەم جیهانە مادیەدا لە جیهانێکی نوێدا لەدایك دەبن، وە لەسەرجەم ئەو بەر بەست و قەفەزە پێویستانەی ئەو سەردەمە خۆیان ڕزگار دەکەن و، ژێر پێیان دەخەن.

ڕاستی ئەوەیە کە بەڕاستی ئەم لەدایکبوونە نوێیە ئەو لەدایکبوونە هەمیشەییە (یونس ئەمرە) لە شیعرەکەیدا پێناسەی کردووە کاتێك دەڵێت:

لە هەر ساتێکدا ئێمە سەر لەنوێ لەدایك دەبین

ئیتر بەڕاستی کێ هەیە لە ئێمە وەڕس و بێتاقەت ببێت؟

دڵی ئەو عاشقانەی سەر لە نوێ لەدایك دەبن دەریاچەیەکن لە شیر، وە ئەو جیهانە نوێیە دوورە لە دژەکاری و ململانێ، هەروەها خاڵییە لە خراپە کاریەکان، لەوێدا گوڵو گوڵزارەکان سیس نابن، هەروەها بولبولەکان لە خوێندن بێدەنگ نابنو بەهار نابێت بە زستان، وە لەو لەدایکبوونە نوێیەدا لە پێناسەی ئەو مرۆڤە جگە لە سێبەرەکەی هیچی دیکە نامێنێت.



Scanned by CamScanner

## خۆر ڕەش نابێت و مانگیش پیس نابێت

ناوچاوانی خێرو چاکە بەردەوام دەدرەوشێتەوەو ئاوێنەی حەق و ڕاستی هەمیشە ساف و خاوێنە، گەمژەو کەچڕەو ئارەزومەندی ئەوەیە کەسانی دیکەش گەمژە و کەچڕەو بن، هەروەها ڕەشی پیس و چەپەڵ هەوڵ دەدات کە کەسانی دیکە ڕەش و پیس و چەپەڵ بکات.. بەڵام هەرچەندە نوکەڵ لە کورەی گەرماو بەرزبێتەوە بەڕاستی خۆر هیچ زەرەرو زیانی پێناگات. هەروەها ئەوەی هەوڵ دەدات ڕووی خۆر پیس بکات ئەوە ڕووی خۆی پیس دەکات.

هەرچەندە قەلە ڕەشە بقیڕێنێ دەنگی ناگاتە شاهۆ ، دەبینین لە خەڵکیدا کەسی وا هەیە وەك خۆرە، هی واش هەیە وەك کورەی گەرماوە.. هەیە سروشتی لە سروشتی شاهۆ دەچێت، هی واش هەیە سروشتی سروشتی قەلە ڕەشە، جا بەڕاستی پێغەمبەران و دۆستانی ڕاستەقینەی خودا -جلّ جلاله- لە خۆرو شاهۆ دەچن، لەبەر ئەوە بەڕاستی ئەوان لەسەرو ئەوەوەن هیچ عەیب و نەنگێك بدرێتە پاڵیان. وە هەرگیز وا گومان نەبەیت کە دەکرێت مانگ پیس ببێت لەبەرئەوەی کە ڕووناکییەکەی دەکەوێتە سەر خاشاك و پیس و چەپەڵیەکان و ئاوەڕۆکان. چونکە بەڕاستی ئەو لەسەر تەختێکە تایبەت بە خۆی لە بڵندیەکاندا، جا ڕەوانەکردنی ڕووناکییەکەی لە بێدەسەڵاتی و بێ توانایی نییە، بەڵکو لە بەخشندەیی و دەستگوشادیەتی کە بەدیهێنەر -جلّ جلاله- پێی بەخشیوە.

هەر بەم شێوەیەش ڕاستڕەوان و خاوەنانی حەق و ڕاستی دەستیان پیس نابێت کاتێك دەستیان درێژ دەکەن بۆ گەمژە و کەچڕەوان و تێکەڵیان دەبن، لەبەرئەوەی بەڕاستی پێغەمبەران -علیهم السلام- و ڕاستڕەوان و دۆستانی ڕاستەقینەی خودا ڕەحمەتن بۆ خەڵکی وەك خۆرو باران و مانگ.



Scanned by CamScanner

## سامان سەرپێچی[1] سەری کەچەڵە[2]

ماڵ و سامان لەسەر پێچی سەر دەچێت، جگە لەسەری کەچەڵ هیچ سەرێکی دیکە ئاتاجی سەرپێچ نییە، بۆ نموونە ئەو کەسەی قژێکی ئاڵتونی پڕی هەیە ئەبێت چی بکات بەسەر پێچ لەسەر سەری، یان چ پێویستییەکی پێی بێت؟ هەروەها ماڵ و دارایی وەك دار دەست وایە، داردەستیش شایستەو پێویستی شەل و کەسانی بەساڵاچووە! بەڵام ئەولاوە ئازایەی وەك ئاسك دەردەچێت و دەڕوات بەڕاستی ئەنگە بۆی هەڵگرتنی داردەست. گەنجینە باشترە لە خاوەنی گەنجینە. کەوایە، تۆ گەنجینەی زێڕ بە بۆ ئەوەی گەنجینەکان بەدواتا بگەڕێن، دونیا بە بەهاو بەنرختر نییە لە تۆ، کەوایە وازی لێ بهێنە ئەو بە دواتا ڕادەکات.

## برسیەتی بۆ خوداپەرستی

بێگومان تام و چێژو بەهای ئەوەی بەدەستی دەخەین بە ئەندازەی نارەحەتی و شەکەتی بەدەست خستنیەتی، هەروەها نارەحەتی ئەو ڕێگایەی بۆی دەچێت. لە ڕاستیدا ئەوەی نارەحەتی و کێشمەکێشەکانی بیابان نەچێژێت و، لێوەکانی بە گەرمی خۆرەکەی وشك نەبێتەوە بەڕاستی لەزەت و چێژی ئاوی زەمزەم نازانێت. هەروەها ئەوەی خەیاڵی نەڕازێنێتەوە بە پیرۆزی و جوانی کەعبە، ئەوە بە هاوڕێزی نازانێت و نامەزرۆی چوونی نییە بۆ لای. کەوایە یەکەمجار گریکرە و بسوتێ تا ئاو بتگوزێنێتەوە، هەروەها برسی ببە تا هەست بە لەزەتی نان بکەیت، وە نارەزومەندو نامەزرۆ بە، دڵخۆش ببە کاتێك دڵخوازەکەت بە دەست دەخەیت.

[1]) سەرپێچ یانی مێزەر کڵاو- جامانە- عەمامەو مارپێچی عەرەب. کلێتە

[2]) مەبەست لە کەچەڵ کەسێکە تووك و قژ بەسەریەوە نەمابێت.



Scanned by CamScanner

## کامەیە ڕەنگی مەرگ؟

ئەی ئاوێنەی مەرگ! لە تۆ جێی سەرسوڕمانتر نییە! ڕەنگی هەموو ڕوویەک وەردەگریت کە بۆت دەڕوانێت. جوان بۆ جوان و ناشرین و قێزەون بۆ قێزەون و ناشرین پیشان دەدەیت، هەروەها هاوەڵێک بۆ هاوەڵێک و دوژمنێک بۆ دوژمنێک.. وە کاتێک پرسیار کرا لە ڕۆمی لە هۆکاری ئەوە وەڵامی دایەوەو وتی:

ئەی زیرەکردوو لە مەرگ!

لە ڕاستیدا ڕەنگێک نییە بۆ مەرگ..

چونکە بەڕاستی ئەو ناشرینەی تۆ دەیبینیت تیایدا ئەوە ناشرینی خۆتە!

ئەوەش بزانە ئەو ناشرینیە لە ئاکارەکانی خۆتە

تۆی ئەوەی ئەو پۆشاکە ناشرینەت دوورییوە کە ئەو لەبەری دەکات

هەروەها لەکەی ڕەش بەسەر ڕوو و چاوەکانتەوە

لە دەستکارو دروست کردنی خودی خۆتە

ئێستاش وا پەردەی ژیان هەڵماڵرا

بە ڕاستی لە ئاوێنەی مەرگدا ڕووبەڕووی کەسایەتی ڕاستەقینەی خۆت بوویتەوە

لەبەر ئەوە لە بەهەشتدا بەو ڕووە ڕەشەتەوە وەرناگیرێیت..

هەروەها بەو حاڵو وەزعە بێ بەهاو بێ نرخەتەوە..

جا ئەوەی دەتترسێنێت زمانی مەرگە ئەوەی ڕاستیەکان ڕادەگەیەنێت

ئیتر بەڕاستی ئەوەی شایستەیە بە تۆ ئەوەیە کە لە نەفسی خۆت

بترسیت نەک لە مەرگ!

❀❀❀



Scanned by CamScanner

## کێ هاوڕێتە لە گۆڕدا؟

ئەی کۆچکردو بۆ ناو گۆڕ! تۆ لە ژیانتا شانازیت دەکرد بە زۆری هاوڕێکانتەوە، لە کوێدا داتناون لەو ڕێگا دوورو درێژەدا؟ بەڕاستی وا لە دەرگای گۆڕا کۆتا هاوڕێت پشتی لێ هەلکردیت، ئێستا لە گۆڕدا کەس لە هاوڕێ و هاودەم لەگەڵتا نەما جگە لە یەك هاوڕێ و هاودەم نەبێت: ئەویش کردارەکانتە.. جا بەڕاستی ئەگەر ئەو هاوڕێو هاودەمتە خراپ بێت ئەوە هاوار بە حاڵت. خۆ ئەگەر چاکیش بێت بەڕاستی لە تۆ بەختەوەرتر نییە ! بەڕاستی ئەوە گەواهیدەرو پارێزەرتە لە ڕۆژی حسابدا، هەروەها هۆکاری پەڕینەوەتە بەسەر سیراتدا (الصراط)، جا بەڕاستی هەوڵ بدەو تێبکۆشە لەگەڵ ئەو هاوڕێ و هاودەمەدا بچینە ناو گۆڕەوە.

## عاشقی مردوو مەبە

ئەی عاشقی سەرلێشێواو سەرگەردان! ئایا هیچ کەست جگە لە مردوان نەدۆزیوەتەوە عەشقی ببیت؟ باش بزانە هەموو ئەوەی لەم دونیایەدا خۆشت دەوێن لە ڕیزی مردواندان. مادام گوڵ بە خێرایی سیس دەبێت و دەم و چاوە شیرینە گوڵ ئاساکان جوانی و نەرم و نیانی و گەشاوەییان لە دەست دەدەن و گوم دەکەن، ئیتر ئەو جوانیەی لەنێوان پەنجەکانتەوە دەکشێت بە جوانی دامەنێ، چونکە بەڕاستی زیندوی نەمر شایستەی خۆشەویستییە، زیندوویەکی پیس و قێزەون هێشتا هەر چاکترە لە مردوویەکی جوان.

دەی مادام کار ئاوەهایە، بەڕاستی بگەڕێ بە دوای جوانێکدا کە نامرێت و سیس نابێت تا عاشقی ببیت، وە خۆشەویستی و عشقت تەنهاو تەنها بۆ ئەو تەرخان بکە، با سەرفرازی دین و دونیا بیت.



Scanned by CamScanner

## پێویست بە مۆم نییە

لە ڕاستیدا مەبەست ڕووناکییەکەیە نەك مۆمەکە. بەهای مۆمەکە نییە جگە لەوەی کە بەڕاستی هۆکارێکە بۆ ئەو ڕووناکیە! دەی خۆ ئەگەر خودای بالادەست -جلّ جلالە- بیویستایە ڕووناکی بەبێ مۆم ڕەوانە دەکردو، بەهار بەبێ هۆکار. ئەو کات ڕووناکی بەبێ مۆم دابین و تەواو دەبوو، تێربوونیش بەبێ خۆراك و تێر ئاویش بەبێ ئاو. دەی مادام خودای بالادەست بەڕاستی خۆرێکی ڕووناك کەرەوەی بەخشیوەتە دڵت، غەمبارو خەفەت بار مەبە ئەگەر مۆمێکیش لە دەرەوە کوژایەوە، وای دابنێ تۆ فلسێکت یان بلێیی قورشێکت گوم کردووە. بەلام لیرەیەکی زێڕت دۆزیوەتەوە. وا بە خەیالتا بێت بەڕاستی بایەك هەلیکردووە سەرپێچێکی پیسی لەسەر سەرت لاداوە، بەلام لەجیاتی ئەو تاجێکی زێڕینی لەسەر سەرت داناوە، دەی ئیتر ئا لەو کاتەدا و بەو کارە دڵخۆش بە.

واتە مادام ڕووناکی ئیمان دڵتی پڕ کردووە هەمیشە دڵخۆش و شاد بە.

## نابێت کەچەڵ بیت و شانازیش بە خۆتەوە بکەیت

شانازی کردن خۆبەزلزانین شتێکی پیس و بێزراوە، بەلام لە ڕاستیدا شانازی کردن و لەخۆبایی بوونی هەژار پیسترو بێزراو ترە. بەڕاستی ئەوە وەك ئەوەیە پۆشاکی تەڕ لە ڕۆژی زۆر ساردا لەبەر بکەیت! کەوایە پارچە پینەیەك مەخەرە سەر پارچە پینەیەکی تر لە پینەکردنی پۆشاکەکەتدا، هەروەها عەیب و ئەنگێك زیاد مەکە بۆ عەیب و ئەنگەکانتو، لوتبەرزی و خۆبەزلزانین زیاد مەکە بۆ سەری کەچەڵت. واتە کەچەڵ بیت و شانازیش بکەیت!



Scanned by CamScanner

## ڕاستڕەو بە دەگەیتە مەنزڵ

کەوان پێویستی بە تیرێکی ڕاستی بێ لارو لەویرە، چونکە ئەگەر تیر ڕاست نەبێت دوور ناڕوات و پێکەر نابێت هەرچەند تیرهاوێژ بە توندیش کەوانەکە (القوس) بکێشێت. کەوایە ئەی ئەوەی ڕێگای حەق و ڕاستیت گرتوتە بەر بە کردارو نیەتن وەك تیر ڕاست بە لەو ڕێگایەدا، بۆ ئەوەی ڕێنماکارەکەت (مرشدك) بتگەیەنێتە ئامانج.

## کە قەلە ڕەشەکە قیڕاندی بولبول بێدەنگ دەبێت

بۆ هەر وەرزو هەرێمێك مشتەری و دیاردەی جیاواز بە خۆی هەیە، ئەوەتا وەرزی بەهار دەنگدەداتەوە بە خوێندن و چریکەی بولبولان، بەڵام وەرزی زستان لە ڕاستیدا بۆ قەلە ڕەشەکەیە، جا کاتێك دەنگی قەلە ڕەشەکان بەرز دەبێتەوە، بەڕاستی چاکتر وایە کە بولبولەکان بێدەنگ بن و کەنار بگرن.

واتە بەڕاستی خێر لەگەڵ خێردایەو شەڕیش لەگەڵ شەڕدایە، چونکە هەرچۆن بولبول بۆ بەهار دەشنێتەوەو دڵی پێی دەکرێتەوە، ئاوەهاش چاکەکاران ئامەرزۆو عەشقی دادپەروەری و جوانین، بەڵام لە ڕاستیدا بەهاری قەلەڕەشەکان وەرزی زستانە، چونکە هەر ئەوەندەی هەوا کەمێك ساردی کردو بای سارد هەڵیکرد، دەبینیت دەستبەجێ قەلە ڕەشەکان لە شوێنەکانیاندا کۆدەبنەوەو دەست بە ئەفرین لێکردنی بەهار دەکەن. بەم شێوەیە دەبینین ئەوەی شایستەی بەهارە ئەوە بولبولە، وە ئەوەش شایستەیە بە زستان قەلەڕەشەکەیە. تۆش لە دڵتا بەهارو زستانت هەیە، ئەکەی باخ و باخچەی دڵت و بەهارت پشتگوێ بخەیت ئەبایا شوێنی چۆڵ ببێت بۆ قەلە ڕەشەکان.



Scanned by CamScanner

## ئەی ڕاوچی سێبەر

هەموو شتێك ڕاستەقینەیی (حقیقة) و سێبەریشی هەیە. لە ڕاستیدا باڵندە خۆی شتێکەو سێبەرەکەی شتێکی دیکەیە، ئەوەتا سێبەرەکەی لەسەر زەویەو ڕاستەقینەییەکەی بە ئاسمانەوەیە. ئەو گەمژەیەی دەستی بە سێبەری باڵندەوە گرتووە لە ڕاستیدا وای دادەنێ کە بەڕاستی ئەو باڵندەکەی گرتووە، لە کاتێکدا بەڕاستی باڵندەکە لەسەر درەختەکیەوە سەری سوڕدەمێنێ لە حاڵی پێکەنین هاوەری ئەو. جا ئەی ئەو گەمژەیەی هەوڵ دەدات ڕاوی دونیا بکات، بەڕاستی تۆ ئەو کەسەی هەموو تەمەنی خۆی بە خەرجداوە بە دوای سێبەردا.

لقی درەختەکە لە دەرەوە بەرووبوومی پێوەیە کەچی تۆ هەوڵی بەدەست خستنی ئەو بەرووبوومە دەدەیت لە سێبەرەکەی کە لەسەر دیوای ئەشکەوتەکە یان ماڵەکەیە. ئەو سێبەرە ئەم دونیایە، بەڵام دواڕۆژ بەڕاستی ئا ئەو لقە ڕاستەقینەیە. ئامانجی سێبەر ئەوە یادخستنەوەو ئاگادارکردنەوەیە بە بنەمای ڕاستەقینەیی، کەوایە واز لە سێبەر بهێنەو گرنگی بدە بە بنەماو (الأصل) و ناوەڕۆك (الجوهر).

***



Scanned by CamScanner

## دوور کەوەرەوە لە زۆری ناوەندیکاران (الوسطاء)

چرایەک بە تەنها ڕووناکییەکی زۆر دەنوێنێت، بەڵام ئەگەر چەند چرایەك هەڵکرا لەوێدا دەبینیت ڕووناکی ئەو چرایە کز دەنوێنێت‌و ئەو ڕووناکیەی کە بە تەنها بوو هەستی پێناکرێت. هەروەها ئاو لە ڕووبارەوە یان لە سەرچاوەکەیەوە پێش ئەوە بگاتە دەستی تۆ بە چەند بۆری و قاپێکدا تێدەپەڕێت، بەوەش تام و بۆنی ئەسڵی لەدەست دەدات. کەوایە تۆ هەوڵ بدە کە ڕووناکی و ئاو لە سەرچاوەوە وەربگریت، چونکە بەڕاستی هەتا ناوەندیکاران (الوسطاء) زۆر ببن لە نێوان تۆو قورئان و پێغەمبەر دا ﷺ ڕەنگە ڕاستەقینەکە لێڵ دەبێت. ڕاستەقینەش ئەوەتە وەك تیشکی خۆر لە بەردەمتا دەدرەوشێتەوە، کەچی تۆ دەربارەی ناونیشان پرسیار لە هەموان دەکەیت، بەڕاستی بەوە ڕێگات دوور دەکەوێتەوە، وە دڵنیابە لە نێوان زیری‌و خۆشەویستدا هەزار دەرگاو دەرگا هەیە، بەڵام بزانە دەرگای دڵ ڕاستەوخۆ دەتگەیەنێتە لای خۆشەویست.

## ئەگەر بۆن هەبوو بێگومان گوڵیش هەیە

ئایا دەکرێت لە شوێنێکدا بۆنی گوڵ هەبێت‌و لەوێدا گوڵ نەبێت؟ یان ئایا دەگونجێت لە شوێنێکدا بڵۆق هەبێت کە سرکەو شتی ترشاو نەبێت؟ ئەگەر مەنجەڵ بکوڵێت بێگومان هۆکارەکەی بوونی ئاگرە. هەروەها ئاخ‌و ئۆف و هەناسە هەڵکێشانی عاشق بە هۆی هەڵقرچانیەوەیەتی. دەی کەوایە ئەگەر دیاردەیەك هەبوو ئەوە باش بزانە کە بۆ ئەو دیاردە دروستکارو بەدیهێنەرێك هەیە، بەڵام بەڕاستی وا دەبێت کە دروستکارەکە لە پشت پەردەوە بێت، کەوایە بە هیچ جۆرێك نکوڵی بوونی ئەو دروستکارو بەدیهێنەرە مەکە بە بیانووی ئەوەی کە تۆ بەڕاستی نایبینیت.



Scanned by CamScanner

## ئاویش تینووی دەبێت!

دوو لێوی تینو لە ئاخ هەلکێشاندایە بۆ ئاوی سازگار، ئاویش ئارەزوومەندو ئامەزرۆیە بۆ لێوی تینو. منداڵ دەبینی ئامەزرۆو ئارەزومەندی مەمەیە، مەمەش دەبینی ئامەزرۆو ئارەزومەندی لێوی منداڵە! هەژاری ئاتاج هەوڵ دەدات بەرەو دەستی بەخشندەیەك كە ببەخشێت، بەخشندەش لەولاوە دەبینی بەڕاستی چاوەڕێی كەسێكە دەستی ئاتاجی بۆ درێژ بكات. بەڕاستی لوتكەی هەژاری داواكردنە، شایستەش بە دەوڵەمەندی بەخشینە.

وە بە ئەندازەی ئاتاجی كەسانی دیكە، بەخشندە بۆ بەخشین دەردەكەوێت.

جا باش ئەوە بزانە بەخشندەترینی بەخشندەكان خودای باڵادەستە، ئەوە بەندەكانی بۆ لای خۆی بانگ دەكات و دەفەرموێت: (ئایا داواكارێك نییە پێی ببەخشرێت، بانگخوازێك نییە وەڵامی بدرێتەوە، وە ئایا نەخۆشێك نییە شیفای بدرێت، وە ئایا گوناهبارێك نییە بەر لێبوردن نەكەوێت) (رواه الدارمي).

## ئەگەر ڕێزت دەوێت..

هەموو مرۆڤێك ئەوە دەدورێتەوە كە دەی چێنێت، جا بەڕاستی هەركەس بەڕێز بێت ئەوە بەڕێز ڕووبەڕووی دەبێتەوەو، خەڵكی ڕێزی دەگرن، هەروەها ئەو كەسەی چاكەكار بێت بە چاك ڕووبەڕوو دەبێتەوەو خەڵكی چاكەی لەگەڵ دەكەن، وە كەسێك دوو لێوەكەی كان بن بۆ چاكەو ونەی خێرو ڕێز بەخشین، بەڕاستی چۆن بێ بەش دەبێت لە تام و چێژیان؟



Scanned by CamScanner

## دروێنەکانی زمان

ئەی زمانم! تۆی ئەوەی دەوڵەمەندو بێ باکم دەکەیت، وە هەر تۆی ئەوەی کە تیاما دەبەیت و لەناوم دەبەیت، تۆی ئەوەی بەختەوەرم دەکەیت، وە هەر تۆی ئەوەی بەدبەخت و چارە ڕەشم دەکەیت. ئەگەر بە چاک بەرم هێنابیت ئەوە تۆ دروێنەکاری، خۆ ئەگەر لە خراپەشدا بەکارم هێنابیت ئەوە تۆ هەورەتریشقەیەکی تیژو بڕەرو سوتێنەری. ئەی ئەو زمانە سورەی وەک پشکۆی ئاگریت، بەڕاستی خەرمانی منت سوتاندنو گۆڕیت بۆ خۆڵەمێش.

(یونس ئەمرە) بە شیعرێکی جوانی گەشەداری جوانترین وەسفی کردووی:

قسەو وتەیەک هەیە جەنگ دەوەستێنێت
هەروەها قسەو وتەیەک هەیە سەرێک تیا دەبات
قسەو وتەیەکیش هەیە خواردنی خراپ دەگۆڕێت
بۆ کەرەیەک هەنگوینی لەسەر بێت!

## لە خۆر وەرگرە.. ئەگەر ویستت لە مانگ

ڕووناکیت لە خۆر یان لەمانگ وەرگرتبێت وەک یەکە، چونکە بەڕاستی بنەمای ئەو ڕووناکیە لە خۆرەوەیە، هەموو ئەوەی دەدرەوشێتەوە و تیشک دەخات لە بەشەکانی ئاوێنەدا بەو سەرچاوەوە یەک دەگرێت، کەوابە گرنگی بە هۆکارو ناوەندکارەکان مەدەو سەرچاوەکە لەبیر بکەیت. هەموو خێرێکی مەعنەوی و مادیو نەشەیەکی ڕۆحی هەمووی لەیەک سەرچاوەوەیە. کەوابە وای دامەنێ کە ئەوانە دەگەڕێنەوە بۆ فلان و بۆ فلان.. بەبێ ڕێنماکارو ناوەندکار مەمێنەرەوە، بەڵام هەموو شتێک لەو ڕێنمایی و ناوەندکاریەدا قۆرخ مەکەو وابەست مەبە پێوەی.



Scanned by CamScanner

## حەوزی ئاو و بۆری ئاوخواردنەوە

دەسەڵاتدارو فەرمانڕەوا وەک حەوزو تەنکی ئاو وایەو فەرمانبەرانیشی وەک بۆریەکانن، جا بەڕاستی لە بۆریەکانەوە هیچ شتێك نایەت و نارژێتە دەرەوە جگە لەو ئاوەی وا لەناو حەوز یان تەنکیەکەدا، ئیتر پاك و خاوێن بێت یان پیس بێت، کەوایە پاك و پیسی مەدەرە پاڵ بۆریەکان بەڵکو ڕووبەڕووی حەوز و تەنکیەکەی بکەرەوە، لەبەرئەوەی بێگومان بۆریەکان سەر بە حەوزو تەنکیەکەن..

جا هەروەك بۆریەکان شوێن حەوزو تەنکی دەکەون، ئاوەهاش فەرمانبەران وابەستن بە دەسەڵاتداران و فەرمانڕەوایانەوە و شوێن ئەوان دەکەون، بەڕاستی لەبەر ئەوە ئەوەتا دەربارەی ئەو مەڕەی لەسەر ڕۆخی ڕووباری دیجلە کاتێك گورگ ڕاوی دەکات و ملی دەشکێنێت، پرسیار لە عومەری کوڕی خەتاب -خوا لێی ڕازی بێت- دەکرێت نەك لە کارمەندان و فەرمانبەران.

## مەڵێ سبەینێ

دەبینین کە گەمژەی نەفام هەمیشە دەڵێت: دوێنێ واو بەیانی وا، هەموو کارێکی دوادەخات هەتا دوێنێ و سبەینێش لەگەڵ یەك لەدەست دەدات. لە ڕاستیشدا بەڕاستی دوێنێ خەیاڵە، سبەینێیش هێشتا نەهاتووەو وەهمە، بەڵام ئەمڕۆ ئەوە بەڕاستی لەنێوان دەستەکانتایە. کەوایە ئێستا ئەو کارەی دەتەوێت ئەنجامی بدە. ئایا نازانیت کە ئەم دونیایەو تۆش بێ مانەوەیە؟

دەی کێ ئەوەت بۆ دەستەبەر دەکات کە تا سبەینێ بژیت تا پیلانی بۆ دابنێیت؟ کەوایە دەست و برد هەر ئێستا تووەکەت داچێنەو، ئەوەی دەتەوێت بیدووریت بیدورە.



Scanned by CamScanner

## ئەو بلندبوونەوەیەی دادەبەزێت

بێگومان جیاوازی هەیە لەنێوان ئەوی بوونەوەیەک (دابەزین) و ئەوی بوونەوەیەکی تردا. بەڕاستی کەسی وا هەیە لە ئەوی بوونەوەدا دابەزینیدا هەست بە وەزعی خۆی دەکات، بەڵام بەڕاستی ئەوی بوونەوەو دابەزینی ڕاستەقینەیی ئەوەیە، ئەو مرۆڤە هەر کە ئەوی دەبێتەوەو دادەبەزێت بۆ خوارەوە، بەڕاستی وای دادەنێت ئەو هەر بەرەو سەر سەرکەوتووە. بێگومان داپۆشینی تاوان و گوناه لەلایەن گوناهکارو تاوانبارەوە مەردایەتی و گەورەییە، بەڵام بەدبەخت و سەرگەردان بەڕاستی ئەو کەسەیە شانازی بە عەیب و عارو کارە بێ نرخ و خراپەکانیەوە دەکات، ئەچێت خۆی دەنوێنێت و بەهەموو خەڵکی دەڵێت: "بڕوانن و سەرنج بدەن جوانتر لە سەردەمەکانی من نییە!!". بەو شێوەیە بەڕاستی عەیبو ئەنگەکانی خۆی نیشانیان دەدات.

## ئایا وێنە دژایەتی وێنەکێشەکە دەکات؟

هەستانی دروستکراو بە یاخی بوون لە دروستکارەکەیو، هەوڵدانی بۆ گۆڕینی بڕیارو ئەندازەگیریەکەی دەبێت چەند گەوجیەتی و بەفیڕۆدان بێت؟

ئایا وێنە دەتوانێت لەبەردەم وێنەکێشەکەیدا خۆینوێنێت و شانازی بە خۆیەوە بکات؟ ئەی مرۆڤ! تۆش وەک وێنەی لە دەستی وێنەکێشدا، دەی بەڕاستی ئەندازەو سنوری خۆت بە باشی بزانەو هەرگیز ئەوە لەبیر نەکەیت کە تۆ بەدیهێنراویت، هەروەها بە لوتبەرزی و لەخۆبایی بوون بێ توانای و بێدەسەڵاتی خۆت چلکن و پیس مەکە.



Scanned by CamScanner

## نکوڵی کردنت سەلماندنتە

ئەی بێ باوەڕی نکوڵی کەر! تۆ لەو کەسە دەچیت کە دەڵێت: بەو کەسەی لە دەرگای دەدات، کەس نییە لە ماڵدا، دەی خۆنەگەر دەنگت دەبیستێ دڵنیا دەبێت کە تۆ لە ماڵەکەیدای، لەبەرئەوەی دەبینیت بەردەوام دەبێت لەسەر لێدانی دەرگاکە، جا بەڕاستی لەگەڵ ئەوەدا کە تۆ بە قسەکەت نکوڵی دەکەیت، کەچی لەولاوە بە دەنگەکەت دەیسەلمێنیت کە کەسێك لە ماڵەکەدایە. کەوایە باش بیربکەرەوە نکوڵی کردنی تۆ بۆ بوونی بەدیهێنەر (الخالق) لەگەڵ ئەوەدا کە تۆ هەیت چ خۆگەوجاندنێکەو چەند خۆبەفیڕۆدانە. مادام بوونی تۆ دەنگی ئەو بەدیهێنەرەو دیارەی ئەوە بەڕاستی ئیتر تۆ ناتوانیت نکوڵی بەدیهێنەر بکەیت، ئەگینا مەگەر کاتێك بتوانیت کە نکوڵی بوونی خودی خۆت بکەیت.

## وەک گوڵ پێبکەنە

ئەی ئەو کەسەی تەنها بە ڕژانی چەند دڵۆپە خوێنێك لە لوتت ڕەش هەڵدەگەڕێیت و، دەمو چاوت دادەهێنزرێت و، دەست دەکەیت بە ڕەخنە گرتن لە قەدەر!

ئایا بۆ لە گوڵ پەندت وەرنەگرتووە؟

ئەوەتا خۆ ئەگەر گەڵاکانی گەڵا گەڵا لێ دابماڵرێت و لێ بکرێتەوە، ئەو هەر بەردەوام لە پێکەنینندایە. ڕازیبوون بە حاڵ، سوپاسگوزاریە..

ئەوەتا گوڵ بەردەوام لە ئاستی بەرزی سوپاسگوزاریدایە، ئەمجا تۆش باش بزانە: کە ئەو بەربەست و تەنگوچەڵەمانەی کە تۆ تووشی دەبیت، بە بێگومان



Scanned by CamScanner

دەبێتە بەربەستێکی بەهێزو ڕێگە پێنەدەر لە بەردەم تووشهاتنێکی گەورەتر لەوانە. کەوایە ئەی برام با بەردەوام دەم و چاوت پێبکەنێت و دەم بە ڕەردەخەنە بێت.

## ئایا تاوانی تۆیە یان تاوانی پەتەکەیە (الحبل)؟

ئەی ئارەزوومەندی تەمەڵی! ئەوە عەمود و ڕاگرە، ئەوە پەتە (الحبل)! ئەگەر تۆ سەرکەوتنت دەوێت بەڕاستی دەست بە پەتەکەوە بگرەو دەستی لەسەر توندکە. خۆ ئەگەر ئەو جۆرە ویست و هەوڵ و توانایەشت نییە ئیتر بە دوای بیانوگەلێکی بێ مانادا مەگەڕێ، مەڵێ: "پەتەکە بەهێز نییەو، عەمودو ڕاگرەکە ساف و چەورکراوە و دەستی پێوە ناوەستێت".

ڕاستی ئەوەیە کە تۆ دیارە ئارەزوومەندێکی ساختەی، هیچ نیەتێکی بڵندبوونەوەت نییەو، ناتەوێت عارەق لەو ڕێگایەدا بڕێژیت و خۆت هیلاک بکەیت، بۆیە لە بیانوگەلێك دەگەڕێیت. باش بزانە کە هەموو بەرزبوونەوەیەکی مەعنەوی وەك ئەو پەتەیە، جا ئەگەر بەڕاستی دەستت پێوەگرت ئەوە لە ئارەزووی نەفس ڕزگارت دەبێت و بڵند دەبیتەوە، خۆ ئەگەر بەردەوام لە چاڵێکدا بیت و هەوڵی بڵندبوونەوەی نەدەیت، ئیتر بەڕاستی نابێت لۆمەی پەتەکە بکەیت، بەڵکو لۆمەی خودی خۆت بکە.

❀❀❀



Scanned by CamScanner

## ئەگەر تۆ دزیت دەوێت!

ئەی دزی ئەعلەکان! تا کەی ئەمەنت بەفیڕۆ دەدەیت لەم جۆرە کارگەلە بێ نرخ و قێزەونانەدا؟ هەتا کەی نەفسی خۆت و کەسایەتیت بەهەدەر دەدەیت لەم جۆرە ئارەزووگەلە بێ بەهاو سوکانەدا؟ خۆ ئەگەر بتگرن واتە دەستگیرت بکەن ئەوە دڵنیابە لەبەر خاتری تاکە نەعلێك کە دزیوتە دەستت دەبڕینت، یان لە گەردنت دەدرێت. دەی ئەگەر هەر دەبێت دزی بکەیت و بەبێ دزی کردن ئۆقرە ناگریت، بەڕاستی وەرە بەلای کەمەوە پارچە یاقوتێك، (یان پارچە زێڕێك) بدزە، بۆ ئەوەی هیچ نەبێت بەرامبەری سزای دزی کردن بێت. بەسە ئیتر ئارەزوو و تەماعەکانت لە شتگەلێکی بێ نرخدا بە فیڕۆ مەدە کە وەك یاری منداڵانە، بەڵکو وەرە ئەو ئارەزوو و تەماع و هەوڵانەت بەرەو دواڕۆژو (القیامە) ژیانی هەمیشەیی بکەرەوە بۆ ئەوە جوبرانی ئەو تەمەنەت بۆ بکاتەوە کە لەو ڕێگایەدا بە خەرجت داوەو لە دەستت داوە.

## غەم و پەژارە دەرمان دەهێنێت

وای دادەنێیت کە غەم و پەژارە کارێکی خراپە؟ غەم و پەژارە دەرمان رادەکێشێت، غەم و خەفەت و ئێش و ئازارەکان وەك چاڵو ئەوی وان، دەرمانیش بە ڕاستی وەك ئاوە.. جا لە هەرکات و شوێنێکدا خەفەت هەبوو دەرمان بە خێرایی بۆ لای دەچێت، وە لەهەر شوێنێکدا شوێنی ئەوی و چاڵ هەبوو ئەوە ئاو بۆی دەچێت. دەی بە غەم خەفەتەکەت دڵخۆش بەو، باش بزانە ئەوە ڕاکێشەرو هێنەری ڕەحمەتی خودایە، چونکە بەڕاستی بە دەمەوە هاتنی خودایی بەپێی پێویستی و



Scanned by CamScanner

ئاتاجیە. وەرە ئەخۆش بە تا چاکت بکاتەوەو شیفات بدات، هەزار ببە بۆ ئەوەی دەوڵەمەندت بکات.

ئەی نابینی کە مەمکەکانی دایک وشک و بێ شیرن تا منداڵێکی خاوەن دوو لێوی نەرم و نیانی دەبێت. ئەمجا پاش ئەوەی کە منداڵ گەورە دەبێت و گەشە دەکات پێی دەوترێت: "مادام بەڕاستی گەورە بوویت و بەتوانا بوویت، ئیتر فەرموو نان بخۆ".

دە تۆش وەک منداڵ بێ تواناو بێ دەسەڵات بە دەمت بکەوە بۆ زاتی ئەللا -جلّ جلالە-، بە هەموو شێوەیەک تا بەهرەکان بڕێژێت بەسەرتا هەروەک شیر لە مەمەی دایکانەوە.

## کێیە ئەوەی عاشق عەشقی دەبێت؟!

ئەی ئەو کەسەی نانی دەوێت بەبێ دروێنە کردن، وە ئەوەی بەبێ بەخشین وەرگرتنی دەوێت، وە ئەوەی کە دەیەوێت خۆشیان بوێت بەبێ ئەوەی ئەو کەسی خۆش بوێت! باش بزانە کە بەخشین بەدەست خستن و بەئاوات گەشتنە.

لەڕاستیدا تۆ ئەگەر خەڵکت خۆشویست بێگومان ئەوانیش تۆیان خۆش دەوێت. ئەوەتا دەسەڵاتدارو فەرمانڕەوایانیش سوپاسگوزاری دەنوێنن بۆ کەسێک سوپاسگوزاریان بێت و لە خزمەتیانا بێت. لەبەرئەوەی بەڕاستی هەموو مرۆڤێک بە شەرابی خۆی سەرحاڵ و سەرخۆش دەبێت، هەروەها هەموو خۆشەویستێک عاشقی خۆشەویستەکەی دەبێت و هەمیشە ئامادە دەبێت بۆ قوربانی دان لە ڕێگەیدا. تینوەکان ئەوانەن بەوپەڕی ئامەزرۆییەوە هاشاوڵ دەبەن و دەچنە سەر ئاوی سازگار هەروەک بێگومان ئەو جۆرە ئاوەش بۆ ئەو تینوانە دەگەڕێت و ئامەزرۆیانە.



Scanned by CamScanner

## بڕواداران وەک یەک جەستەن..

جەستە یەکێکە، بەڵام ئەندامێکی هەیە، ڕۆحیش ئەوەیە کۆکاری لەنێوان ئەندامەکاندا ئەکات و ئەیانکاتە یەک تاکە جەستە. جا ئەگەر ڕۆح مرد ئەوە بێگومان یەک ئەندام لە ئەندامەکان نامێنێت، بەڵکو هەموویان دەمرن. بڕوادارانیش هەر ئاوەهان، چونکە لەڕاستیدا ئەوانیش وەک ئەندام گەلێکن لەناو جەستەیەکی گەورەدا. لەبەرچی؟ بێگومان لەبەرئەوەی یەک ڕۆحی هاوبەشیان هەیە ئەویش ئیمانە. بەڕاستی چەندەها لە دڵان هەیە ئەگەر گەنجینەکانی سەرزەوی خەرج بکرێت بۆ کۆکردنەوەیان کۆنابنەوە، کەچی ئەوەتا بەڕاستی ئیمان، ئیمانداران کۆدەکاتەوەو بەهۆیەوە دەبنە برا! وە خۆ خوانەخواستە ئەگەر پەیوەندی ئیمانی بپچڕا ئەوە گرێکانی جەستە دەکرێنەوەو وەک ئەندامەکانی جەستە چۆن بە مردنی ڕۆح دەمرن، بڕوادارانیش ئاوەها بە پچڕانی پەیوەندی ئیمانی لە یەک دەترازێن و پرش و بڵاو دەبن و بەها لەدەست دەدەن.

## یەکبوونی زمان یان یەکبوونی دڵەکان؟

یەکبوونی زمان گرنگ نییە، بەڵکو یەکبوونی دڵەکان گرنگە. چونکە ئەوەتا بەڕاستی دەبینیت هیندیەک بە ئاسانی لەگەڵ تورکیەکدا ڕێدەکەوێت و دەگونجێت، کەچی ئەوەتا لەبەرامبەر ئەوەدا دەبینی دوو تورک... یان هەر دوانی دیکە ناتوانن ڕێبکەون و بگونجێن لەنێوان خۆیاندا لەگەڵ ئەوەشدا کە زمانیان یەکە. ئەمجا ئا لێرەدا بەڕاستی دەردەکەوێت کە نزیکی دڵەکان و یەکبوونیان باشترو خێردارترە لە نزیکی و یەکبوونی زمان.



Scanned by CamScanner

## ئەگەر پێڵاو بە پێت تەسک بوو بە پێخاوسی بڕۆ

بێگومان بۆ هەموو پێیەك پێڵاو و بۆ هەموو جەستەیەك بەلای کەمەوە کراسێك پێویستە، بەڵام بەڕاستی ئەگەر پێڵاوەکە تەسك بوو ئەوە چاکتر وایە مرۆڤ بە پێخاوسی ڕێ بەڕێ بکات. ماڵی مرۆڤ و نیشتمانەکەی چاکترە لە غەریبی و ئاوەرەیی، بەڵام جاری وا هەیە نیشتمان ئەکەوێتە بارودۆخێکی وەها وای لێدێت ژیان تیایدا ئەستەم دەبێت و لە توانادا نامێنێت. هەروەك شاعیر وتوویەتی: (غەریبی و ئاوارەیی کاتی وا هەیە دەبێتە نیشتمان و نیشتمان دەبێتە غەریبی و ئاوارەیی).

پێڵاو چییە؟ لە کاتی ئاتاجی و پێویستیدا پێڵاو، هاوڕێ و هاودەم و کەسوکارە. کەوایە با هاوڕێیان و کەسوکار پرسیار بکەن: (ئەبێت من چۆن و چ پێڵاوێك بم؟ ئایا ئەرك و گرنگی من گوشین و ئازاردانە یان پاراستنە؟ ئەمجا ئایا چ ماڵێك ماڵی منەو چۆنیە؟ ئایا ئەو ماڵەم باخی بەهەشتێکە، یان شوێنی ئێشی ئازارانە؟).

ئەی کەسوکارو ئەندامانی خانەوادە، وە ئەی هاوسەرەکان! ئاگادار بن و وریا بن!!





Scanned by CamScanner

## بەڕاستی وادەبێت هاوڕێ زیان دەگەیەنێت؟

ئەی هانابەری هاوارکەر! بەڕاستی ئامانجت لێ تێکچووە، چونکە دۆست لە دوژمن جیاناکەیتەوەو لێت تێکەڵ بوون، لە ڕاستیدا ئەوەی تۆ بە دۆست و هاوڕێی بانگی دەکەیت و پێوەی وابەستی، هەڵەت دەکات و لە ڕێگای ڕاست لات دەدات.. ئیتر چۆن دەبێت ئەوەی دوورت دەخاتەوە لە ڕاستی و لە بەهەشت و جوانی دۆستو هاوڕێت بێت؟! هاوڕێ و دۆستی ڕاستەقینە بۆ تۆ دەرگا دەبێت نەك پەردە.. ئەوەیە دەستت دەگرێت و دەتبات بۆ لای ڕاستی و حەق، نەك ئەوەیە ڕێگات لێ تێکدەدات و بەلاڕێدا دەتبات، جا بەڕاستی ئەوەی دەستت دەگرێت و بەرەو حەق و ڕاستی پەلکێشت دەکات، ئەوە دۆست و هاوڕێیە بۆ تۆ ئەگەر بە نەیارو دوژمنیش بکەوێتە بەرچاوتو دەستیشت لێ ڕابووەشێنێت، چونکە بەڕاستی ئەوەی هۆکار بێت بۆ خێرو چاکە ئەوە خێرو چاکەیە.

## جۆرەکانی بەخشین

بەخشین و دەستە دیاری هەر مرۆڤێك لەسەر ئەندازەی بەخشندەییەتی. ئەوەی شایستەیە بە بەخشندەوە بەخشینیەتی لە ماڵ و سامانی، ئەو بەخشینە لەلایەن کەسانی ترەوە شتێکی چاکەو جێگای ڕێزە، بەڵام لەلای عاشقان پەسەند نییە. لە ڕاستیدا عومەری کوڕی خەتتاب -خوا لێی ڕازی بێت- لە ڕێگای حەقدا زۆر بەخشندە بوو، بەڵام بەخشینی ئەو کاتێك بەرابەر دەکرێت بە بەخشینی ئەبو بەکری صدیق- خوا لێی ڕازی بێت- و دەستکوشادی ئەوەوە دەردەکەوێت کەمە. ئەی بەخشندە! هەر ببەخشیت و سەرف بکەیت بەڕاستی ناتوانیت کە پێش ڕووناکی بکەویت.

هەروەك (فضولي) شاعیر وتوویەتی:



Scanned by CamScanner

تۆ قوربانییەک پێشکەش بە خۆشەویست دەکەیت

کەچی خۆشەویست خودی خۆی بە قوربانی پێشکەش دەکات!

خەڵک هەموو ساڵێک یەک قوربانی پێشکەش دەکەن

کەچی من ئەوەتا هەموو کاتژمێرو هەموو ڕۆژێک نەفسی خۆم پێشکەش دەکەم!

## ئایا بۆن لە گوڵەکەیە یان لەزەیتەکەیەتی؟

زەیتی گوڵ شاراوەیە لە گوڵەکەدا، بوونی بە گوشینو شیلانی گوڵەکە دەردەکەوێت، کەوایە ئەو بۆنە لە کوێوە دێت؟

ئایا لە گوڵەکەوەیە یان لە زەیتەکەوەیە؟ خۆ ئەگەر تۆ ئەو بۆنە لە گوڵەکە بکەیت یان لە زەیتی گوڵەکە هەردوو کارەکە وەک یەکن و یەکسانن، وە نازانرێت گرنگی گوڵەکە لە کوێوە دەست پێدەکات-- وە گرنگی زەیتەکەش.

بەڕاستی بوونی هەندێک لە یەک ساتەوەختدا لە گوڵ و زەیتی گوڵ دەچێت. چونکە لە ڕاستیدا چەندان لە خوداناسانی ڕاستەقینەو شارەزایانی تەواو (العارفین) هەن، خۆیان تواندۆتەوە لە زاتی دەسەڵاتداری گوڵەکاندا، جا ئەوەی وای کردووە هەناسەکانیان بە بۆنی ئەو گوڵە بڵاو و پەخش دەبێتەوە. هەروەها هەمیشە لەوانە بووەتە دەرکەوتەیەک بۆ ئەم وتارە خودایییە (وە کە خۆشمویست من دەبمە ئەو گوێیەی پێی دەبیستێت، وە بەو چاوەی پێی دەبینێتو، بەو دەستەی دەستی پێدەوەشێنێ، وە بەو قاچەی لەسەری دەڕوات بە ڕێدا) (رواه البخاري).

❁❁❁



Scanned by CamScanner

## کەم ببەخشەو زۆر وەرگرە

ئەی گەمژەی وابەستبوو بە لەش و لارو جەستەوەو خۆهەڵواس پێوەی! لە بەلقیس پەند وەرگرەو، ئەو موڵك و سامانە لە سەر ڕێگای سلێمانداﷺ ڕابخەو لێی بێ خەم بە، چونکە بەڕاستی ناگونجێت و بەپێی ژیری نابێت کە کەسایەتیەکی وەك سلێمان ﷺ بەبێ بەرامبەر واز لە تۆ بهێنێت و پشتگوێت بخات، ماڵ و سامانی تۆ لە چاو هی ئەو لە کوێیە! تۆ گڵی دەدەیتێ کەچی ئەو بەڕاستی لوئلوئو مەرجانت دەداتێ! بەڵام لێرەدا ئەوەت لەبیر نەچێت کە بەڕاستی لەوێدا (سلێمانێك) لەسەرو ئەو سلێمانەوە ﷺ هەیە، پێغەمبەر سلێمان هیچ شتێك نییە جگە لە بەندەیەکی بێ دەسەڵات لە بەردەم قاپیەکەیدا، تۆو سلێمانو ئەوەی تۆ گومان دەبەیت کە ئەو ماڵ و سامانە هی تۆیە، بەڕاستی ئەوە هەمووی موڵکی ئەوە، جا کەوایە جەستەو پێست و ڕۆحت بکە بە گڵ و تەپوتۆز لە ڕێگایدا، وە سەرت لەبەردەم قاپیەکەیدا دابنێ بۆ ئەوەی جەستەو سەرێکی نەمرت پێ ببەخشێت.

## ئایا ڕووبار خراپترە لە قاپ؟

ئایا دەکرێت قاپێك ئاوی تێدا بێت ئەو ئاوە لە ڕووباردا نەبێت؟ وە ئایا دەگونجێت شتێك لە ماڵ دا بێت بەبێ ئەوەی لە شاردا بێت؟ قاپەکە دونیایەو ڕووبارەکەش دڵە. جا دونیا بەڕاستی ژوورێکی تەنگەڵانە، بەڵام دڵت بەڕاستی ئەوە شارێکی لێوانلێوە بە شت گەلێکی هەمە جۆرەی سەرسوڕهێنەر. تۆ تینویت بۆ ئاوێکی گەرمی شێلاو لە قاپەکەدا، کەچی لەولاوە ئاوێکی سازگاری زیاد لە پێویست لە ڕووباری دڵتایە، ئەو شت گەلە جوانانەی هەن لە ماڵەکەدا لەلایەن هونەر پیشانی شارەکەوە دروست کراون. فەرموو بڕۆ بۆ بازاڕ تا شتگەلێکی زۆر



Scanned by CamScanner

جوانتر لەوانە ببینیت. جا پوختەی قسە ئەوەیە هەر شتێکی بەتام و چاک هەبێت لە دەرەوە، بەتامترو چاکتر لەوە لەدڵدا هەیە، دەی وەرە ئینوییەتی لێوەکانت لە ئاوی سازگاری ڕوبار بشکێنە نەک لە ئاوە گەرم و شێواوەکەی قاپەکە. هەروەها لەو ژوورە تەنگەڵانەدا ڕامەبوێرە و کات بەسەر مەبە، بەڵکو لەو شارە فراوانەدا سەیران و گەشت بکە کە ئەسەرەتاو کۆتایی نیە

## ڕۆژ لە شەودا شاراوەیە

حاڵی دونیا هەمیشە لەسەر گەڕیدە (الدوران) ڕاوەستاوە، لەڕاستیدا لەنێو لاپەڕەو کاتەکانی بێ ئومێدیدا هیواکان خۆیان حەشارداوە. هەروەها لەنێو ئامێزەکانی شەواندا خۆرەکان خۆیان حەشار داوە.

وە هەموو سەرەتایەک کۆتاییە، هەموو کۆتاییەک سەرەتایەکی نوێیە.

ڕۆژەکان و شەوەکان و ڕووداوەکان بە سەرجەمیانەوە تۆپێکن لە دەستی قەدەری خوداییدا، جارێک لێیان دەپێسێت و، جارێکی دیکە ڕیسەکانی دەکاتەوە بە خوری. ئەوەی بەڕاستی لای من و تۆ لەوەیە بکرێت یان هەر نەکرێت، لای خودای باڵادەست ئەوە وانیە.

وای دامەنێ و هەرگیز وای بۆ نەچیت کە ئەگەر کەمێک خوێن لە لوتت تکا ئیتر ئەمریت، یان ئەگەر خۆرئاوا بوو ئیتر بێگومان قیامەت هەڵدەسێت. بەڕاستی مردن و بەرپابوونی قیامەت پەیوەندی بە ڕۆژو شەوان و هۆکارەکانەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بە خاوەنەکانیانەوە، بۆ ئەوەی تۆ هەمیشە بە هیواوە بژیت و هەرگیز بێ ئومێد نەبیت و هیوا بڕاو نەبیت.



Scanned by CamScanner

## لوتفت جوانەو خەشمیشت هەر جوانە

ئەی ئەو کەسەی پشتگوێ خستنی جەفای جوانترە لە بەختەوەری، هەروەها سزادان و تۆڵەسەندنی خۆشترە لە گیان (النفس). من بەڕاستی عاشقی لوتف و خەشمی تۆم، دەی ئایا عاشق بوونی دوو شتی ئاوا دژ بەیەک لە یەک کاتدا لە سەرسوڕهێنەرەکان و نامۆکان نییە؟! بەڵێ، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو سەرسوڕهێنەر و نامۆیە تەنها لە ڕواڵەتدایە، ئەوەش بێگومان لەبەرئەوەی جەنابت جوانیت لە جوانیشەوە تەنها جوانی دەردەکەوێت و دەردەچێت. دەی ئیتر بەڕاستی ئەو دابەشکردن و جیاکردنەوەی لەلایەنی جەنابتەوە دێت، بەوەی کە ئەوە خێرو چاکەیەو ئەوەش شەڕو خراپەیە، هیچ شتێک نییە جگە لە خێلی نەبێت لە چاوەکاندا.

## ئەوە دەدوورێتەوە کە دەیچێنێت

هەموو مرۆڤێک لەم دونیایەدا ئەوە دەدورێتەوە کە دەیچێنێت، جا بەڕاستی ئەگەر خێرو چاکەت ئەنجام دابێت ئەوە خێرو چاکەت بینیوەتەوە. وە بە بێگومان سەرئەنجامی ئەنجامدانی شەڕو خراپەش هەر شەڕو خراپەیە. هەر بەڕاستی ئایا دەکرێت ئەگەر تۆ گەنمت چاندبێ جۆ دەربێت؟

وە ئایا ئەسپێکت بینیوە کەرێ بوو بێت؟ کەوایە لێرەو لەوێ لە ڕاستیدا لە بیانوهێنانەوە مەگەڕێ و بیانوو مەهێنەرەوە، چونکە دڵنیابە تۆ تەنها ئەوە دەدوورێتەوە کە چاندوتە. جا ئەگەر دەتەوێت دڵەکان بەلای خۆتدا ڕابکێشیت ئەوە بەڕاستی تۆوی خۆشەویستی بچێنە. هەروەها ئەگەر بەدەست خستنی بەهەشت و شادبوونتە بە ڕەزامەندی پەروەردگارت ویست، دڕک و داڵ لە ڕێگادا مەڕوێنە.



Scanned by CamScanner

## کێیە ئەوەی دەتپارێزێت

وا گومان دەبەیت ئەوانەی ماڵ و سامان و ڕۆح و گیانت لە شەڕو خراپەی درەکان دەپارێزن پاسەوانان و پۆلیسەکانی لە کۆڵانەکاندا؟ نەخێر وانییە، بەڵکو لە ڕاستیدا ئەمن و ئاسایشی تۆ دەگەڕێتەوە بۆ دادپەروەری دەسەڵاتدار، لەبەرئەوەی بێگومان ئەو سەرەو ئەوانەش دەست و قاچەکانن، دادپەروەریش بە ڕاستی لە سەرەوە دەست پێدەکات نەک لە پەل و پۆوە! بەڕاستی ئەو حەوزە و ئەوانەشی بۆریەکانی ئاون. بێگومانیش ئەوەی لە بۆریەکانەوە دەڕوات ئەوەیە کە لە حەوزو تەنکیەکەدایە. جا بەڕاستی دەسەڵاتدار ئەوەیە شایستەی خۆشەویستی و ترسی ڕاستەقینەیە، نەک پۆلیس و پاسەوانەکان. کەوایە باش بزانە کە خێرو شەڕ لەلایەن دەسەڵاتداری دەسەڵاتدارەکانەوەیە، دەی بەڕاستی پاڵبدە پێوەی و پشت بەو ببەستە.

## شەڕ بە نیسبەت کێوە

نەخێرو نەشەڕی ڕەها لە هیچ شوێنێک نییە، چونکە خێرو شەڕ -چاکەو خراپە- دوو شتی نیسبین. ئەوەتا لە ڕاستیدا ئەوەی وا دەردەکەوێت بۆ تۆ شەڕو خراپەیە، بۆ کەسێکی دیکە دەبینیت خێرو چاکە دەبێت. دەبینیت ژەهر مەرگە بۆ تۆ کەچی بۆ مار ژیانە. کشتیار (فلاح) چاوەڕێ و ئاواتەخوازی بارانە، کەچی خشت بڕی قوڕ خوا خوایەتی باران نەبارێت گەرمی خۆر بە تین بێت! بەدیهێنەری بوونەوەریش (الكون) هەموو شتێکی بەدانایی دروست کردووەو هاوکێشەشی لەنێوان دژەکاندا داناوە. بە بوونی بێ باوەڕ لەبەهاو نرخی باوەڕدار زیاد دەکات، هەروەها بە بوونی ناشرین جوانی جوان زیاد دەبێت. کەوایە ڕەخنە لە دانایی دانا مەگرە، وە باش بزانە کە بەڕاستی هیچ شتێک نییە بە هەوانتە بەدیهێنرابێت.



Scanned by CamScanner

## عیشق چییە؟

یەکێك پرسیاری لێ کردم: "عیشق چییەو کامەیە؟"

منیش وتم: "ببە بە من (واتە وەك من) ئەوجا دەزانیت لە کوێیە زانینی عیشق بۆتۆ؟"

ڕاستی ئەوەیە کە بێگومان ناتوانرێت لە ڕێگای خوێندنەوەو نووسین و تیانووسەوە فێری ببیت. چونکە بەڕاستی بینینی پشکۆکان لە ئاگرداندا و هەنگوین لە شوشەدا زانست نییە، لەبەرئەوەی کە لە ڕاستیدا ئەو زانستە زانستی تامکردنە جگە لەو کەسەی تامی دەکات کەسی تر نایزانێ، وە هەرکەسیش ڕای بگەیەنێت کە بەڕاستی ئەو دەیزانێت، بەڕاستی زانینەکەی تەنها گومانەو هیچی تر. جا مادام کار ئاوەهایە تۆ فێری کەوتنە ناو عیشق ببە وەك ئەوەی تێی کەوتووە، وە فێری هەڵقرچان ببە وەك ئەو عاشقەی هەڵدەقرچێت، وە بۆنی عیشق هەڵبمژە لە هەناسەکانی عاشقی بێ پەرواوە.. ئەمجا لەو ئامۆژانەوە گەشتەکەت دەست پێ بکەو عاشق ببە ئەگەر زانینی عشقت دەوێت.

## خۆشەویست بەهەشتە..

ئەگەر تۆ عاشقیت باش بزانە کە بڵندبوون و نەوی بوون، هەروەها گرانی و هەرزانی بەپێی خۆشەویستە. ئەگەر تۆ لە چاڵێکی قوڵدا بیت بەڵام نزیك لە خۆشەویست بیت دڵنیابە گرنگ نییەو کێشە نییە، لەبەرئەوەی بەڕاستی ئەو کاتە تۆ لە بەرزایی ئاسماندای. بەڵام ئەگەر بەبێ خۆشەویست لە ئاسمان بیت، ئەوە دڵنیابە تۆ لە نزمترینی نزمەکانیدای (أسفل السافلین)، لەبەرچی؟ لە ڕاستیدا لەبەرئەوەی ئەوەی خۆشەویست ببینێت کەسی تر نابینێت. خۆشەویست



Scanned by CamScanner

بەهەشتە، بەهەشتیش ئەو شوێنەیە خۆشەویستی تێدا بێت. بەهەشت بەبێ خۆشەویست دۆزەخە. بۆیە بەڕاستی ئەوەی لەلای خۆشەویست بێت سکاڵای هیچ ناتەواوییەك ناكات، بەلام بەبێ خۆشەویست بەڕاستی هەموو سامانێك وەهم و خەیاڵە. کەوایە گرنگی مەدە بە پلەوپایەو سامان، بەلکو کۆشش بکە خۆشەویست بۆ لای خۆت بهێنێت و بیکەیتە هاودەمت.

## پەژارە حەلواو شیرینی عاشقە

پەژارەو خەفەت، خۆشیو شادی، بەپێی خاوەنەکەیەتی. بەڕاستی ڕێگای عشق لێوانلێوە بە بەلاو شەکەتی و دڕك و داڵ. کەچی هەموو ئەوانە لەلای عاشق ئاساییو ئاسانە، لە ڕاستیدا لەبەرئەوەی قاچەکانی ڕاهاتوون لەسەر برینداربوون بەسەر دڕك و داڵدا!

بەلام کەسی بێ ئاگا لە عشق، ئەوە هەر عاشقی خودی خۆیەتی.

لەڕاستیدا دەستەکانی و قاچەکانی لەلای گرنگترن لە خۆشەویست، لەبەر ئەوە ناتوانێت لەسەر بەلاو ناڕەحەتی و کەدەرەکانی عشق خۆڕابگرێتو بەئارام بێت، بەلام عاشق بەڕاستی لە خۆشەویستەکەیەوە عاشقی هەموو شتێك دەبێت. بۆیە ئەگەر ئەوەی لەلایەن خۆشەویستەکەیەوە بۆی دێت ژەهریش بێت، بەڕاستی ئەوە لە ڕوانگەی ئەوەوە ئاوی حەیات و خۆرەوەی بەهەشتە، هەروەها ئەوەی لە ئێش و ئازارەکان توشی دەبێت ئەوە بێگومان لە لای ئەو خودی دەرمانە.



Scanned by CamScanner

## بەچاوی عاشق سەیر بکە

جوانی لە ڕوانین و چاودایە نەک لە شتەکەدا. چونکە بەڕاستی ئەوەی شتێک جوان دەکات لەبەرچاودا ئەوە ئارەزوومەندی و عیشقە. ئەوەتا هەر جوانییەو لە ڕوانگەی کەسێکی غەمباری بێتاقەتەوە ناشرین دەردەکەوێت. لەبەر ئەوە تۆ لەیلا بەشێوەیەک دەبینیت و مەجنونیش بەشێوەیەکی تر دەیبینێت. کەوایە بە ڕوانینێکی خاڵی لە عشق و ئامەزرۆیی مەڕوانە بۆجوان، بەڵکو بەو چاوە ئامەزرۆیەی مەجنونەوە بۆی بڕوانە.

## ببە بە گڵ تا گوڵ بڕوێنیت!

ئایا بەرد ئەگەر هەزار بەهاریشی بەسەردا تێپەڕێت هیچ دەڕوێنێت؟ عەیبەکە لە بەهاردا نییە؟ بەڵکو لە دڵە ڕەقەکەی تۆدایە کە بە خۆزلزانین و باخی بوون و شانازی بەخۆکردن وەک بەرد ڕەق بووە. هەوڵو کۆششی خۆت بخەرەکار تا وەک گڵ نەرم و نیان و بێ هەواو دەمار بیت، ئەو جا بەڕاستی دەبینیت چەند جۆر گوڵی ڕەنگاو ڕەنگ لەو گڵە دەڕوێت، وەرزی بەهاریش دێت.

❁❁❁

سوپاس بۆ خودای باڵادەست لە ڕۆژی شەممە ٢٠١٥/١٢/٧ز، ٢٥/محرم/١٤٣٧ک، ١٦/گەلاڕێزان/٢٧١٥ کوردی- کاتژمێر ٢ی دوانیوەڕۆ لە ئامادەکردنی ئەم پەڕاوە تەواو بووم.

م.حسێن ملا قادر پێنجوێنی

سلێمانی/ باڵەکەی خەبات



Scanned by CamScanner





Scanned by CamScanner

# پێرست


پێشەکی ..... ٥
دەستپێک ..... ٧

## بەشی یەکەم

## ژیانی مەولانا جەلالەدینی ڕۆمی ..... ١١

ڕەچەڵەکی جەلالەدینی ڕۆمی ..... ١٣
شوێن و کاتی لەدایکبوونی ..... ١٤
نیشتەجێ بوونی ڕۆمی لە شاری قونیە ..... ١٦
شەمسی تەبریزی و بەیەکگەیشتنی لەگەڵ جەلالەدینی ڕۆمی دا ..... ٢٠
ڕۆمی لە دوای شەمس ..... ٢٤
ژینگەی کۆمەڵایەتی و رامیاری ..... ٢٨
شێوەو ڕواڵەتی ڕۆمی ..... ٣١
ڕەوشتی ڕۆمی و جیهانی ناخی ناوەوەی ..... ٣٣
مەولەوی لە دوای ڕۆمی ..... ٤٢
داتراوەکانی ڕۆمی ..... ٤٣

## بەشی دووەم

## گوزەرێکی کورت لەجیهانی بیری ڕۆمی ..... ٤٥

گوزەرێکی کورت لە جیهانی بیری ڕۆمیدا ..... ٤٧
ناشیرینی وێنە (ڕواڵەت)و ناشرینی گیان (ڕۆح) ..... ٥٧
پلەکانی مرۆڤ ..... ٦٠
موسا پێغەمبەرو مەڕە گوم بووەکەی ..... ٦٤




Scanned by CamScanner

مالّی دونیا ........................ ٦٦
ئاسکێك کەوتۆتە ناو تەویلەی گوێدرێژان ! ........................ ٦٨
ئایا شەکر باشترە یان کلۆ گلّ؟ ........................ ٧٢
دونیا نەویست (الزاهد) کێیە؟ ........................ ٧٣
دونیا دزی قوماشی تەمەنە ........................ ٧٤
ژیریو زانست و زانیاری و چەشنەکانی ........................ ٨٠
زانای نەحو و کەشتیەوان ........................ ٨١
ئەو نەفامەی ویستی فێری زمانی ئاژەلّن ببێت ! ........................ ٨٣
کوێرێك دورر دەبینێت کەرێك باش دەبیستێت، ڕوتێك تەنورەی درێژ لەبەر دەکات! ........................ ٨٦
زانست و زانیاری ئەمیرێکی نەفام! ........................ ٨٨
ئەو توتکەیەی لە سکی دایکیدا دەوەڕێت ! ........................ ٩٠
گرنگی و ئەرکت لەم مالّەدا پێویستە خۆت خاوێن کەیتەوەو ببیتە مرۆڤێکی پێگەیشتوو! ........................ ٩٢
ناتوانرێت لە خودی خۆت هەلّبێیت ........................ ٩٣
بەڕاستی نوێژەکەت بەتالّ بوویەوە ........................ ٩٤
زنجیەك لە ئاوێنەیەك تورە دەبێت ! ........................ ٩٦
بەرصیصا (برصصا) ........................ ٩٨
وای دادەنێیت کە تۆ بەڕاستی سولّتانیت؟ ........................ ١٠١
دڕکەکان هەلّدەکەنم ........................ ١٠٣
چیرۆکی (عەظیم) ........................ ١٠٤
لەبەرچی پێستە خۆشکەر لەسەرخۆی دەچێت؟ ........................ ١٠٥
باوەڕو بنەماکانی ........................ ١٠٩
تەندروستی پیشان بدە! ........................ ١٠٩
بوونی خودای بالآدەستم سەلماند ! ........................ ١١٢




Scanned by CamScanner

گورگ و ڕێوی و شێر ..... ١١٤

ڕازی بوون سوپاسگوزاریە ..... ١١٦

لەمان بەختەوەرتر نییە! ..... ١١٧

ئەو ئامۆژگاری کارەی نزا بۆ خراپەکان دەکات! ..... ١٢٣

پەرستشیەتی و دەسەلاتداریەتی چۆن دەبێت؟ ..... ١٢٦

لە پێویستی و مەرجە گرنگەکان بۆ باوەڕ باوەڕ بە قەدەر. ڕۆمی چۆن لە قەدەرتێدەگات؟ ..... ١٢٨

لالانەوە(تضرُّع) ..... ١٣٢

ئومێدو ترس ..... ١٣٣

ئایا بیرۆکەکانی ڕۆمی لەسەرو دینەکانەوەیە؟ ..... ١٣٨

یووراش ..... ١٤٠

خوداپەرستی (العبادە) ..... ١٤٢

ڕۆمی دان لەسەر چ خوداپەرستیەك دادەگرێت؟ ..... ١٤٨

تێڕوانینی ڕۆمی بۆ ڕۆژوو ..... ١٥٢

کرێی خوداپەرستی و گوزە! ..... ١٥٦

ئایا نزاکان هەژمار دەکرێن بە چەشنێك لە خوداپەرستی؟ ..... ١٦٠

نزای زارێك گوناه و تاوانی ئەنجام نەدابێت ..... ١٦٠

گەڕانەوە بۆ هاوڕێ ..... ١٦١

لەبەرچی زاتی ئەللا -جل جلالە- دەمرێنێت؟ ..... ١٦٢

مەرگ لە ڕوانگەی حەمزەوە ـ خوا لێی ڕازی بێت- ..... ١٦٤

بە ئاختەوە وەرە بۆ لام ..... ١٦٥

ئاوێنەیەکم بۆ هێنایت ..... ١٦٧

ئێمە هاتین ..... ١٦٩




Scanned by CamScanner

## بەشی سێیەم


چەند داستانێکی هەڵبژێراو لە مەسنەوی ١٧١

زەرەنگەرو دراوسێکەی ١٧٣

ئایا دەکرێت چەقەڵ ببێتە تاوس؟ ١٧٤

سەردانی موقەللەدی (المقلد) کەر بۆ لای نەخۆشێک ١٧٥

کار دوا مەخە بۆ سبەینێ ١٧٧

بەران و حوشترو گا ١٧٩

سێ ئامۆژگاری باڵندەیەک ١٨٠

زانایەک و دەشتەکییەک ١٨١

فیل چییە؟ ١٨٣

ئەگەر ئەمە پشیلەکە بێت ئەی گۆشتەکە لەکوێیە؟ ١٨٤

چیرۆکی ئەو پیاوەی خاڵی دەوێت و بەرگەی ئازارەکەی ناگرێت! ١٨٥

باشترین و خراپترینی دوو شت ١٨٧

لوت بەرزێکی لەخۆبایی ١٨٧

بۆ کەسانی تر مەگری، بەڵکو بۆ حاڵی خۆت بگری ١٨٨

ئەو بازەی کەوتە ماڵی پیرەژنێک ١٩٠

موساو شوانێک ١٩١

مێشوولەو حاڵی با ١٩٢

ئایا درک کونجی بەرهەم دەهێنێت؟ ١٩٣

تۆ مەیە ئەگەر من نەبووم ١٩٤

فەرمان بە با بکە ١٩٥

دزو خاوەنی باخەکە ١٩٦




Scanned by CamScanner

## بەشی چوارەم


**چەند پەندو ئامۆژگارییەکی هەڵبژاردە لە مەسنەوی ١٩٧**

تۆ وشتریت و ژیری ڕێنماکارە! ٢٠٠

ئایا وێنەی ماسی ئاو دەخواتەوە؟ ٢٠١

ئایا شەکر دەبێت بە نان؟ ٢٠٢

ئەوەی بە هەرزان بکڕێت بە هەرزانیش دەفرۆشرێت ! ٢٠٤

ئایا مۆم لە ڕۆژدا دادەگیرسێت؟ ٢٠٥

لەسەر سفرەی شێر برسی نابیت ٢٠٨

پۆشاک بەپێی لەش و لارە ٢١١

ژیری بە تەمەن نییە بەڵکو بەپێگەیشتنە ٢١٣

بیسەرێکی باشبە زمانت دەکرێتەوە ! ٢١٥

سامان سەر پێچی سەری کەچەڵە ٢١٨

ئەی ڕاوچی سێبەر ٢٢٣

ئاویش تینووی دەبێت ! ٢٢٥

ئایا وێنە دژایەتی وێنەکێشەکە دەکات؟ ٢٢٨

کێیە ئەوەی عاشق عەشقی دەبێت ؟! ٢٣٢

ئەگەر پێڵاو بە پێت تەسک بوو بە پێخاوسی بڕۆ ٢٣٤

ئایا بۆن لە گوڵەکەیە یان لەزەیتەکەیەتی؟ ٢٣٦

عیشق چییە؟ ٢٤١

پەژارە حەڵواو شیرینی عاشقە ٢٤٢

پێڕست ٢٤٤




Scanned by CamScanner

## بەرهەمەکانی پرۆژەی گەشە:

١- ئەی پێغەمبەری خودا کێشەم هەیە، نوسینی: مامۆستا فاتیح مەلا رسول شارستێنی، چاپی یەکەم، ٢٠١٤.

٢- لەخوا غافلْ مەبە، بەرگی یەکەمو دووهەم، نوسینی: مامۆستا فاتیح مەلا رسول شارستێنی، چاپی یەکەم، ٢٠١٥

٣- ٢٥ هەڵە لەپەروەردەکردنی منداڵ، هۆکاروچارەسەر، نوسینی: د. یاسر نصر، وەرگێڕانی: محمد حەمە میرزا، چاپی یەکەم، ٢٠١٥

٤- وتەو پەندو ئامۆژگاری هاوەڵانی پێغەمبەر، نوسینی: سیدعبدالله، وەرگێڕانی: عفان صدیق سەرگەتی، چاپی یەکەم، ٢٠١٥

٥- وتەو پەندو ئامۆژگاری عومەری کوڕی عبدالعزیز، نوسینی: سیدعبدالله، وەرگێڕانی: حسێن مەلا قادر پێنجوێنی، چاپی یەکەم، ٢٠١٥

٦- ژیانی ئیمامی بوخاری، نوسینی: م. مجید حمید، چاپی یەکەم، ٢٠١٦.

٧- ژیانی ئیمامی ئەحمەد، نوسینی: م. مجید حمید، چاپی یەکەم، ٢٠١٦

٨- فێربوونی بەردەوام لەئیسلامدا، نوسینی خالید محمد غەریب، ٢٠١٦

**بەرهەمەکانی داهاتوو:**

١- بنیادنانی کەسایەتی چۆن دەبێتو بەرز ڕادەگیرێ، نوسینی: مامۆستا فاتیح مەلا رەسول شارستێنی.

٢- هاوسەرگیری، نوسینی: مامۆستا فاتیح مەلا رەسول شارستێنی

٣- وتەو پەندو ئامۆژگاری حەسەنی بەصری، نوسینی: سید عبدالله.

٤- وتەو پەندو ئامۆژگاری ئیبن قەیمی جەوزی، نوسینی: سید عبدالله.

٥- وتەو پەندو ئامۆژگاری ئیمامی غەزالی، نوسینی: سید عبدالله.

٦- کتێبی (فیه مافیه) مولانای ڕۆمی بەکوردی.

٧- ٤٠ فەرمودەی ئاسانکراو بۆ لاوان، وەرگێڕانی: م. عفان صدیق سەرگەتی.


















**پرۆژەی گەشە**
**بۆ پەرەپێدان وتێگەیشتن**
٠٧٥٠١٢١٤٧٧٣
٠٧٤٨١٢٣٩٩٣٣

ISBN-10: 1236748298
9 781236 748294

نرخ: ٧٠٠٠

Scanned by CamScanner